ڕێگای ڕووناکی

بەرچاوڕوونییەک بۆ ژیانێکی قورئانی

نوسینی:
قاسم محسن عولا



2026زایینی
1447کۆچی



پێشەکی :

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد الله نحمدة و نستعينه و نستغفره ، و نعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا ، من يهدة الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له ، و أشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له ، و أشهد أن محمد عبده و رسوله .

قال تعالى: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾[آل عِمۡرَان : ١٠٢]

قال تعالى: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾[النِّسَاء : ١]

قال تعالى: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾[الأَحۡزَاب : ٧٠ - ٧١]

أما بعد : فإن أصدق الحديث كتاب الله و خير الهدي هدي محمد ﷺ و شر الأمر محدثاتها ، وكل محدثة بدعة وكل ضلالة في النار .

السلام عليكم ورحمة الله تعالى وبركاته.. الحمد لله حمدًا كثيرًا طيبًا مباركًا فيه، الحمد لله الذي علم بالقلم علم الإنسان ما لم يعلم، وأفضل الصلوات وأتم التسليم على سيدنا وحبيبنا محمد خير البرية وخاتم الأنبياء والمرسلين والذي أنقذ برسالته عباد الله من ظلمات الجهل وأهداهم بفضل الله إلى طريق الحق ...

سلاو رحمه ت و بەرکەتی خوای گەورە تان لەسەر بیت , سوپاس وستایشی زۆر بۆ خوای بەرز پیرۆز ، سوپاس بۆ ئەوە خوایەی کە بە پینووس یان قەلە م فیری کردووین ، کە مرۆڤ فیر بوو پیشتر هەر گیز نەیدازانی ، باشترین دروودوو سلاو وە تەواو ملکەچی بۆ پیغەمبەری پیشەوایی مرۆڤایەتی کە گەورە سەرو وەر قائید و خوشەویستمان کە چاکترین مرۆڤی سەر زەوی ، کە لە دواین پیغەمبەران بووە ، وە پە یامەکەی بۆ بەندە کانی (خوای گەورە) رزگار کەر بوو ، بۆ تاریکی و نەزانی و نەفامی ، وە رینموویی کردووین بە فەزل و نازونیعمەتی خوای گەورە بۆ ریگای راست و درووست حەق ...

بێ گومان شوێنکەوتنی سوننەت و بەرگری کردن لە فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ ، ئەرکی هەموو موسلمانێکە بەرگری لە فەرموودە بکات و بە گوفتار و کرداری خۆشی بوێت ، هەروەها پێویستە ڕقی لە هەر کەس و لایەن و دولەتێك بێت کە سووکایەتی پێ دەکەن ، یان بە ناڕاستەوخۆ بەوە ڕازین و نکۆلی ناکەن ، وە دەبێت خۆشەویستیمان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ بە شوێنکەوتنی سوونەت و بەرگری کردن لە فەرموودەکانی بێت ، هەروەها بە باسکردنی کە سایەتییەکەی ، وە بە دەرخستنی شکۆ مەزنییەکەی و بڵاوکردنەوەی سیرە و ژیانامەکەی بسەلمێنین ، وە نزمترین ئاستی خۆشەویتیش بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەیە لە دڵەوە پێمان ناخۆش بێت قسەی پێ بکرێت و ڕقمان لە هەر کەسێك بێت کە ناحەز و دوژمنی ئەوە ، وە دەبێت خۆشەویستیمان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ بسەلمێنین بەم شێوە بێت :

-دەست گرتن بە سوننەت فەرموودەکان و شوێنەوارەکانی .

-بەرگریکردن لە خۆی و لە تەواو ژیانامەو سیرە و سونەتەکەی و بەرپەرچدانەوەی نەیارەکانی .

-لە هەموو کاروبارەکانی ژیاندا بیکەینە بە پێشەنگ و پێشەوای خۆمان .

-زیندوو کردنەوەی فەرموودەکان بە ووتنەوەی لە ناو کۆمەڵگای موسلمانان دا .

-دەرس و وانە ووتنەوەی فەرموودەکان بۆ بانگەوازی کردنی فەرموودە پیرۆزەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ .

هەروەها ئەگەر بە ووردی سەرنج بدەین لە گێڕانەوەی فەرموودەکان لە هەموو گێڕانەوە مێژووییەکان تری گەلانی پێشوو جیاوازە بووە ، لە هەموویان باشتر و وورد تر و بەهێزتر بووە ، چونکە خاوەنی (سەنەد) بووە ، هەروەها (سەنەد) بە مانایی زنجیرەی ئەو کەسانەی کە فەرموودەکەیان یان ڕووداوو گوفتارە کەیان گێڕاوەتەوە لە یەکترەوە ، واتە : زانراوە کێ ئەم فەرموودەیەی گێڕاوەتەوە ، وە شاهیدەکان دیار بوون ، خاوەنی متمانە بوونە ، زیرەك هۆشیار و هۆشمەند بوونە ، ئەمین و ڕاستگۆ و دەست پاك بوونە ، وە خیانەتکارو دزو چەواشەکار نەبوونە ، هەروەها ئەگەر سەنجێکیش بدەین بە گێڕانەوەکانی مێژوو ، گێڕەرەوەکان جگە لە نووسەری کتێبەکە هیچی تر دیار نین ، جاری وا هەبووە مێژوو نووسێك بەسەر هاتێکی وای گێڕاوەتەوە کە هی چەندین سەدە پێش خۆی بووە ، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی بەوە نەکردووە لە کێوە ئەم ڕووداوەی گێڕاوەتەوە ، تەنها بەم شێوازە ڕووداوەکان دەگێڕنەوە کە هیچ مۆری ڕاستی پێوە دیارنیە کە بەم شێوەیە : (دەڵێن ، ووتراوە ، یان مێژوو نووسان دەڵێت ، یان لێکۆڵەرەوان ووتیانە ، یان دەڵێن مێژوونووسان لەو بڕوایەدان ...هتد)

دەربارەی قورئانی پیرۆز

قورئانی پیرۆز ووتە و کلامی خوایە لە لایەن هاتۆتەوە خوارەوە ، هە ر بۆ لای ئەویش دەگەرێتەوە ، پەروەردگار خۆی بە حەقیقەت قسەی پێکردووە ، هەلبەتە قورئانی پیرۆز دروست کراو نیە ، بەڵکو ووتە و کلامی خۆیەتی ، ووتە و کلامیش سیفەتێکە لە سیفەتەکانی (خوای گەورە) ، هەروەها پەروەردگارمان بە فریشتەیەك لە فریشتەکانی خۆی کە ناوی (جبریل) — علیه السلام- دابەزاندووە گەیاندوویەتی بە پێغەمەبەری ئاخر زەمان **محمد** ﷺ ، ئەم قورئانە بە زمانی عەرەبی دابەزیوە ، ئەو وەحی ونیگایە لە سەرەتا لە نێو سینەی پێغەمبەر ﷺ دابووە ئەویش گەیاندوویەتی بە هاوەلە بەرێزەکانی لە نێو سینەی هاوەلەکانیش دابووە ، پاشان قورئانی پیرۆز نووسراوەتەوە لە سەر پێستە و پەلکی دار ، دواتریش نووسراوەتەوە بە شێوەی (مصحف) ، هەروەها سنەدەکەشی بە تواتر هاتووە واتە : بە شێوەیەکی پوخت و دورست و نەپچراو یەك لە دوای یەك هاولآن لە پێغەمبەری خوا ﷺ وەریان گرتووە ، ئەوانیش گەیاندوویانە بە شوێن کەوتووان ، شوێن کەوتووانیش گەیاندوویانە بە شوێن کەوتووی شوێن کەوتووان و ئەونیش گەیاندوویانە بە ئەوانەی دوایی خۆیان لە زانایانی ئۆممەت ، تاکوو ئەمرۆ سەنەدی قورئانی پیرۆز گەیشتووەتە دەستمان بە بێ پچران بەرێگەیەکی ئاشکراو بە ناوبانگ، بە سورەتی (الفاتحە) دەست پێ دەکات بە سورەتی (الناس) کۆتایی دێت …

بێ گومان هەموو موسلمانێکی ئیماندار دەزانێ کە (خوای گەورە) پێغەمبەر **محمد** ﷺ هەلبژاردووە ، وە کردوویەتی بە پێغەمبەری ئاخر زەمان ، وە پەیامێکی بۆ ڕەوانە کردووە ئەویش کتێبەکەی (قورئانی پیرۆزە) بۆی دابەزاندووە ، وە تیایدا فەرمانی پێ کردووە کە ئەم قورئانە ڕوون بکاتەوە بۆ ئۆممەتەکەی ، کە (خوای گەورە) لە قورئانەکەی دا دەفەرموێت: قال تعالی: ﴿بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلزُّبُرِۗ وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلذِّكۡرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ وَلَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ٤٤﴾ [النَّحل : ٤٤] واتە : سوننەت ڕوونکەرەوەی قورئانە} [بِالْبَيِّنَاتِ وَالزُّبُرِ] پێغەمبەرانمان ناردووە بە بەڵگەی ڕوون و ئاشکراو زەبور، واتە: بە کتێب [وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ] ئەی محمد - صلی الله علیه وسلم - ئەم قورئانەشمان بۆ دابەزاندوویت [لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ] تا تۆ خۆت بە وتەو کردەوەو سوننەتەکانت ئەو قورئانەی کە بۆت دابەزیوە بۆیان ڕوون بکەیتەوە، (سوننەتی پێغەمبەر - صلی الله علیه وسلم - ڕوونکەرەوەو ڕاڤەکاری قورئانی پیرۆزە، وە بەبێ سوننەت ناتوانین لە قورئان تێبگەین و عیبادەتی خوای گەورە بکەین بە ڕاست و دروستی) [وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ (٤٤)] وە بەڵکو بیر بکەنەوەو پەندو ئامۆژگاری وەربگرن..!!

وەکو باسمان کرد (قورئانی پیرۆز) فەرموودە و کلامی (خوای گەورە) ، هەروەها (خوای گەورە) بە گوفتار و فەرموودەی خۆی ناوی بردووە کە دەفەرمووێت : قال تعالی: ﴿وَإِنۡ أَحَدٞ مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ٱسۡتَجَارَكَ فَأَجِرۡهُ حَتَّىٰ يَسۡمَعَ كَلَٰمَ ٱللَّهِ ثُمَّ أَبۡلِغۡهُ مَأۡمَنَهُۥۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَعۡلَمُونَ ٦﴾ [التَّوبَة : ٦] واتە : {قورئان فەرموودەو فەرمایشتی خوای گەورەیەو دروستکراو نیە} [وَإِنْ أَحَدٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ] ئەی محمد - صلی الله علیه وسلم - ئەگەر یەکێك لە موشریکان پەنای بۆ هێنایت ئەوا تۆ پەنای بدە [حَتَّى يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ] تا کەلامی خوای گەورە ئەبیستێ، واتە: قورئانی پیرۆز، (ئەم ئایەتە بەڵگەیەکی ڕاشکاوە لەسەر ئەوەی کە قورئان کەلام و فەرموودەی خوای گەورەیەو دروستکراو نیە) [ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ] دوای ئەوەی کە کەلامی خوای گەورەی بیست (قورئانی پیرۆز) بیگەیەنەوە بە شوێنی ئەمینی خۆی [ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَا يَعْلَمُونَ (٦)] لەبەر ئەوەی ئەمانە کەسانێکن کە زانیاریەکی باشیان نیە کە خێرو شەڕیان بۆ لێك جیا بکاتەوە..!!

هەڵبەتە لەم ئایەتە پیرۆزەدا مەبەست لە گوفتاری یان فەرموودەی (خوای گەورە) (قورئانی پیرۆزە) جبریل — علیه السلام — لە هێنانی قورئاندا هیچ دەست و توانایەکی نەبووە جگە لە گواستنەوەی لە ئاسمانی دونیا ، کە پێ دووترێت (**بیت العزة**) بۆ سەر زەوی ئەویش گەیاندوویەتی بۆ لای پێغەمبەر **محمد** ﷺ ، هیچ دەسەڵاتیکی لە قورئان دا نەبووە جگە لە گەیاندنی بۆ خەڵکی سەر زەوی ، هەر وەك جۆن جبریل — علیه السلام — گەیەنەری قورئانی پیرۆزە ، ئەویش گیاندوویەتی بە پێغەمبەری خوا ﷺ ، پاشان ئەویش گەیاندوویەتی بە ئۆممەتەکەی خۆی ، هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ ڕوون کەورەوەشی بە گوفتار و کردار لە ئەستۆ بووە ، تاکو بە قورئانی پیرۆز خەڵکی ڕێگای ڕاست بدۆزنەوە …

(قورئانی پیرۆز) یەکەم جار لە (**لوح محفوظ**) دا نووسراوە تۆمارکراوە ئەم نووسینەوەیەش بە فەرمانی (خوای گەورە) بووە ، بەڵام کەی ..؟؟! چۆن..؟؟! مەگەر (خوای گەورە) بزانێ ئەمە غەیبە ..؟؟! بەلێ ئەم قورئانە قسەو ڕاسپاردەکانی (خوای گەورە) یە بۆ هەموو مرۆڤەکان هەروەکو دەفەرمووێت : قال تعالی: ﴿وَلَوۡ أَنَّ قُرۡءَانٗا سُيِّرَتۡ بِهِ ٱلۡجِبَالُ أَوۡ قُطِّعَتۡ بِهِ ٱلۡأَرۡضُ أَوۡ كُلِّمَ بِهِ ٱلۡمَوۡتَىٰۗ بَل لِّلَّهِ ٱلۡأَمۡرُ جَمِيعًاۗ أَفَلَمۡ يَاْيۡـَٔسِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن لَّوۡ يَشَآءُ ٱللَّهُ لَهَدَى ٱلنَّاسَ جَمِيعٗاۗ وَلَا يَزَالُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ تُصِيبُهُم بِمَا صَنَعُواْ قَارِعَةٌ أَوۡ تَحُلُّ قَرِيبٗا مِّن دَارِهِمۡ حَتَّىٰ يَأۡتِيَ وَعۡدُ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُخۡلِفُ ٱلۡمِيعَادَ ٣١﴾ [الرَّعد : ٣١] واتە : [وَلَوْ أَنَّ قُرْآنًا سُيِّرَتْ بِهِ الْجِبَالُ أَوْ قُطِّعَتْ بِهِ الْأَرْضُ أَوْ كُلِّمَ بِهِ الْمَوْتَى] کافران وتیان: ئەی محمد - صلی الله علیه وسلم - شاخەکانی مەککەمان لە شوێنی خۆی بۆ دەربکە تا زەوی فراوان بێتەوەو بیکێڵین، یان وەکو سولەیمان - صلی الله علیه وسلم - زەویمان بۆ بەش بەش بکە کە ئەو بە با دەیکرد، یان وەکو عیسی - صلی الله علیه وسلم - مردوومان بۆ زیندوو بکەوە، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: ئەگەر لە کتابە ئاسمانیەکانی پێشتریش کتابێك هەبوایە بەم شێوازە بووایە ئەوا قورئانی پیرۆز دەبوو چونکە پڕە لە موعجیزە بەڵام شتی وانەبووە، یاخود ئەمە قورئانێکە خوای گەورە ویستی لێ نیە ئەگەر ویستی لێ بێت بۆ شاخەکان بخوێندرێتەوە لە جێی خۆیان دەرئەچن و ئەکەونە ڕێ ئەوەندە کاریگەرە، وە بۆ زەوی بخوێنرێتەوە ئەوا پارچە پارچە ئەبوو، وە بۆ مردووەکان بخوێنرایەتەوە ئەوانیش لێی تێ ئەگەیشتن وەکو زیندوو تێئەگات بەڵام خوای گەورە ویستی لەوە نیە [بَلْ لِلَّهِ الْأَمْرُ جَمِيعًا] بەڵکو فەرمان هەمووی بەدەست خوای گەورەیە ئەگەر ویستی لێ بوایە وای ئەکرد [أَفَلَمْ يَيْأَسِ الَّذِينَ آمَنُوا أَنْ لَوْ يَشَاءُ اللَّهُ لَهَدَى النَّاسَ جَمِيعًا] ئایا باوەڕداران نەگەیشتوونە بە یەقین و بۆیان ڕوون نەبۆتەوە کە ئەگەر خوای گەورە ویستی لێ بوایە هیدایەتی هەموو خەڵکی ئەدا [وَلَا يَزَالُ الَّذِينَ كَفَرُوا تُصِيبُهُمْ بِمَا صَنَعُوا قَارِعَةٌ] وە بە بەردەوامیش کافران تووشی سزای خوای گەورە، یان بەڵاو موسیبەت ئەبن بەدەست موسڵمانان بەکوشتن و گرتن [أَوْ تَحُلُّ قَرِيبًا مِنْ دَارِهِمْ] یاخود بەڵاو موسیبەتەکە لە نزیك شاری خۆیان ڕووئەدات تا زیاتر بترسێن و پەند وەربگرن [حَتَّى يَأْتِيَ وَعْدُ اللَّهِ] تا بەڵێنی خوای گەورە دێت کە فەتحی مەککەیە، یان مردنە یان قیامەتە [إِنَّ اللَّهَ لَا يُخْلِفُ الْمِيعَادَ (٣١)] بەدڵنیایی خوای گەورە بەڵێنی خۆی ئەباتە سەرو وەعدە خیلاف ناکات..!!

زانیاری تەواو لەسەر قورئانی پیرۆز

قورئانی پیرۆز (١١٤) سورەتە و (٦٢٣٦)ئایەتە ، هەروەها بەسەر (٣٠) جوزودا دابەشبوون ، هەر جوزئێکیش دابەش دەبێت بەسەر چواربەش کە پێیان دەووترێت : (الحزب) ، هەر بەمەش قورئانی پیرۆز دەبێتە (١٢٠) حزب ، وە ژمارەی خاڵەکانی یان (**النقطة**) کە دەکاتە (١٠١٥٠٣٠) ، وە ژمارەی پیتەکانیشی (الحروف) دەکاتە (٣٢٣٦٧٠) ، وە ژمارەی ووشەکانیشی (**الكلمة**) دەکاتە (٧٧٩٤٣) بە هەموویانەوە قورئانی پیرۆز پێك دێنن ..!!

هەروەها تەواوی سورەتەکانی قورئانی پیرۆز دابەش دەبن بەسەر مەککی (**المكية**) کە ژمارەی سورتەکانی مەککی دەکاتە (٨٧) سورەت ، وە ئەوانیش تریش سورەتی مەدەنی (المدنی) کە ژمارەی سورەتە کانی دەکاتە (٢٧) سورەت ، هەروەها تەواوی سورەتەکان (**بسم الله الرحمن الرحيم**) ی تێدایە جگە لە سورەتی (التوبە) نەبێت ، وە سورەتی (النمل) دوو (بسم الله الرحمن الرحيم)ی تێدایە ، لە بارەی ناوەکانی سورەتەکانی قورئانی پیرۆز (٧) سورەتیان بە ناوی پێغەمبەران – علیه السلام – ناونراوە ، وەکو سورەتی (**محمد**) ، (هود) ، (یونس) ، (یوسف) ، (إبراهیم) ، (نوح) ، (**لوط**) ، هەروەها لە ڕووی درێژی و کورتی سورەتەکانی قورئانی پیرۆز سورەتی (البقرە) درێژترینە کە ئایەتەکانی (٢٨٦) ، وە کورترین سورەتیش سورەتی (**الكوثر) كە** (٣) ئایەتە ، لە قورئانی پیرۆز ناوی (خوای گەورە) (٢٧٧٠)جار هاتووە ، ووشەی (**وليتلطف**) دەکەوێتە ناوەڕاستی قورئانی پیرۆز ، هەروەها ئەگەر سەرنج بدەینە پیتی (**تأ**) دەکەوێتە ناوەڕاستی ووشەکە ئەمەش بە یەکێك لە موعجیزەکانی قورئانی پیرۆز دادەنرێت ، بێ گومان تەواوی سورەتەکانی قورئانی پیرۆز ناوی تایبەتی خۆیان هەیە و هەندێك لە سورەتەکانیش زیاتر لە ناوێکی هەیە ، بۆ نموونە سورەتی (الفاتحە) ناوەکانی (**الكتاب**) ، (**السبع المثاني**) ، (**الكنز**) ، (**الوافية**) ، (**الكافية**) ، (**الشافية**) وە چەندین ناوی تریشی هەیە ، هەروەها (٧) سورەتی قورئانی پیرۆز بە (تسبیحات) (خوای گەورە) دەست پێ دەکەن لەوانە: سورەتەکانی (**الإسراء**) ، (**الأعلى**) ، (**التغابن**) ، (**الجمعة**) ، (**الصف**) ، (**الحشر**) ، (**الحديد**) ، هەروەها (٢) سورەت بە ﴿ **يا أيها النبي**) دەست پێ دەکەن ، وەکو سورەتەکانی (**المزمل**) ، (**المدثر**) ، هەروەها چەندین سورەتیش بە ﴿ **يا أيها الذين أمنوا** ﴾ دەست پێ دەکەن لەوانە :وەکو سورەتی (**المائدة**) ، (**الحجرات**) ، (**الممتحنة**) ، وە چەندین سورەتی تریش بە ﴿ **قل**﴾ دەست پێ دەکەن وەکو سورەتی (الجن) ، (**الكافرون**) ، (**الاخلاص**) ، (**الفلق**) ، (**الناس**) ، هەروەها چەندین سورەتیش بە ﴿ **يا إيها الناس** ﴾ دەست پێ دەکەن لەوانە: (**النسأ**) ، (**الحج**) ، هەروەها ئەو سورەتانەی کە بە ڕاناوی من یان ﴿أنا﴾ دەست پێ دەکەن لەوانە : (**الفتح**) ، (**نوح**) ، (**القدر**) ، (**الكوثر**) ، وە لە لایەکی ترەوە (١٥) سورەت لە قورئانی پیرۆز بە سوێند یان ﴿ **القسم** ﴾ دەست پێ دەکەن کە (خوای گەورە) سوێند بە چەندین شت لە دروستکراوەکانی خۆی ئەخوات ئەوانیش سورەتەکانی (**الذاريات**) ، (**الطور**) ، (**النجم**) ، (**المرسلات**) ، (**النازعات**) ، (**البروج**) ، (**الطارق**) ، (**الشمس**) ، (**الليل**) ، (**الضحى**) ، (**التين**) ، (**العاديات**) ، (**العصر**) ، (**الصافات**) ، هەروەها یەکێك لە بابەت گرنگەکانی قورئانی پیرۆز بریتیە لە سوجدەکان ئەو سورەتانەی سوجدەیان تێدایە ژمارەیان (١٥) سورەتە لەوانە : (**فصلت**) ، (**حم**) ، (**السجدة**) ، (**النجم**) ، (**العلق**) ، (**الأعراف**) ، (**النحل**) ، (**مريم**) ، (**الحج**) ، (**النمل**) ، (**الإنشقاق**) ، (**الرعد**) ، (**الإسراء**) ، (**الفرقان**) ، (**ص**) ...

بێ گومان قورئانی پیرۆز باس لە چەندین بواری جیاواز لە یەکتری دەکات نەك تەنها باس لە ئەرکە ئاینییەکان بکات ، بەڵکو باس لە تواو جومەگەکانی ژیان دەکات ، چونکە بەرنامەی (خوای گەورە) یە بۆ بە ختەوەری مرۆڤەکان دابەزیوە لە هەر دوو دونیادا ، هەر لەبەر ئەمە قورئانی پیرزۆ لە بوارەکانی ژیاندا بەم شێوەیە دابەش کراوە :

-دەربارەی بیروباورە (**العقائد**) واتە ئەو ئایەتانەی هاتوون لە قورئانی پیرۆ دا ژمارەیان (١٤٤٣) ئایەتن .

-دەربارەی یەکتاپەرستی (**التوحيد**) واتە ئەو ئایەتانەی هاتوون لە قورئانی پیرۆزدا ژمارەیان (١١٠٢)ئایەتن .

-دەربارەی پەرستن (**العبادات**) واتە ئەو ئایەتانەی هاتوون لە قورئانی پیرۆز دا ژمارەیان (٤١١٠)ئایەتن .

-دەربارەی ئەو ئایەتانەی کەپەیوەندیان بە (تەورات) واتە کتابی ئایینی یهودی یان پەیامەکەی (موسی) – علیه السلام – ژمارەی ئایەتەکان هاتووە (١٠٢٥) ئایەتن .

-دەربارەی یاسای ڕێکخستنی کۆمەلایەتی پیوەندی تاکە کانی کۆمەلگا (**النظام لاجتماعي**) ژمارەی ئایەتەکانی (٨٤٨)ئایەتن .

-دەربارەی ئایین (الدین) بە شێوەی گشتی هاتووە ژمارەی ئایەتەکانی لە قورئانی پیرزۆدا (٨٢٦) ئایەتن .

-دەربارەی ڕەوشت بەرزی خۆڕەوشتی جوانی مرۆڤ هەڵسوکەوت کردنی ژمارەی ئایەتەکانی (٨٠٣) ئایەتن .

-دەربارەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو ئایەتانەی کە هاتوون ژمارەی ئایەتەکانی (٤٠٥) ئایەتن .

-دەربارەی ئەو ئایەتانەی کە پەیوەندیان بە گەیاندن (التبلیغ) هەیە پەیامی (خوای گەورە) بە گوێچکەی خەلکی دا ژمارەی ئایەتەکانی (٤٠٠) یایەتن .

-دەربارەی ئەو ئایەتانەی کە پەیوەندیان بە خودی قورئانەوە هەیە کە ژمارەی ئایەتەکانی (٣٩٠) ئایەتن .

-دەربارەی ئەو ئایەتانەی کەباس لە سروشت دەکات (**ماورأ الطبيعة**) واتە : سروشت بە گشتی ژمارەی ئایەتەکانی (٢١٩) ئایەتن .

-دەربارەی نەوەی جوولەکە (**بني إسرائيل**) ژمارەی ئایەتەکانی (١١٠) ئایەتن .

-دەربارەی گاورەکان (النصاری) ژمارەی ئایەتەکانی (١٦١) ئایەتن .

-دەربارەی سەرکەوتن (النصر) ژمارەی ئایەتەکانی (٧١) .

-دەربارەی ئەو ئایەتانەی بە شێوەیەکی گشتی باس لە شەریعەت دەکات ژمارەی ئایەتەکانی (٢٩) ئایەتن .

-دەربارەی ئەو ئایەتانەی کە باس لە مێژوو دەکات ژمارەی ئایەتەکانی (٢٧) .

تایبەتمەندیەکانی قورئانی پیرۆز

١-قورئانی پیرۆز ووتەی (خوای گەورە) دابەزێنراوەتە سەر ڕۆشنایی چاومان پێغەمبەر ﷺ ، وە لە ڕێگەی جبریل – علیه السلام – وەکو وەحی یان نیگا دابەزیوە بۆ پێغەمبەر ﷺ .

٢-دەربڕین و مانای لە لایەن (خوای گەورە)یە ، بەلاّم فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ پێیان ناووترێت قورئان ، بەڵکو فەرموودە گوفتارو کرداری پێغەمبەری خوان ﷺ .

٣-ئەم قورئانە هەمووی عەرەبیە واتە : بە زمانی عەرەبی دابەزیوە ، هەر وەکو (خوای گەورە) دەفەرموویّت : قال تعالى: ﴿كِتَٰبٌ فُصِّلَتۡ ءَايَٰتُهُۥ قُرۡءَانًا عَرَبِيّٗا لِّقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ٣﴾ [فُصِّلَت : ٣] واتە : [كِتَابٌ فُصِّلَتْ آيَاتُهُ] ئەم قورئانە پیرۆزە ئایەتەکانی هەمووی ڕوون کراوەتەوەو حەلاّل و حەرامی دیاریکراوە [قُرْآنًا عَرَبِيًّا] وە قورئانێکە بە زمانی عەرەبی هاتۆتە خوارەوە [لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ (٣)] بۆ کەسانێك کە بزانن یان یەقینیان هەبێ کە ئەمە لەلایەن خوای گەورەوە دابەزیوە...

هەروەها (خوای گەورە)دەفەرموویّت : قال تعالى: ﴿وَهَٰذَا لِسَانٌ عَرَبِيّٞ مُّبِينٌ ١٠٣﴾ [النَّحل : ١٠٣] واتە : وە ئەم قورئانەش بە زمانێکی عەرەبی ئاشکرا دابەزیوە پڕە لە ڕەوانبێژی و بەلاغەت و فەصاحەت...

٤-بەشێوەیەکی ڕاست و دروست گەیشتۆتە پێمان ، **(قطعي الورود إلينا)** واتە : بێ کەم و کوڕی وەك خۆی هەر چۆن لە لایەن (خوای گەورە) وە هاتووە ، هەر وەکو (خوای گەورە) دەفەرموویّت : قال تعالى: ﴿وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانُ لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَ﴾ [الأَنْعَام : ١٩] واتە : وە من ئەو قورئانە پیرۆزەم بەوەحی بۆ هاتووە تا ئینزاری ئێوەو هەموو ئەو کەسانە بکەم کە ئەم قورئانەیان پێ ئەگات بەهەموو نەتەوەو میللەتەکانەوە...

٥-قورئانی پیرۆز لە هەموو زیاد کردن و کەم کردنێك پارێزراوە ، هەر وەکو (خوای گەورە) دەفەرموویّت : قال تعالى: ﴿إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ٩﴾ [الحِجۡر : ٩] واتە : { خوای گەورە خۆی قورئان دەپارێزێت} [إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ] خوای گەورە ئەفەرمووێ: ئێمە خۆمان قورئانی پیرۆزمان دابەزاندووە لە ڕێگای جبریلەوە (کە سوننەتیش دەگرێتەوە) [وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ (٩)] وە هەر ئێمە خۆیشمان ئەیپارێزین و کەس ناتوانێ دەستکاری بکات و زیادو کەمی لێ بکات یان گۆڕانکاری لێ بکات تا ڕۆژی قیامەت...

٦-خودی قورئانی پیرۆز خۆی موعجیزەیە ، وە ئەمە تایبەتمەندیەکی قورئانی پیرۆزە ، چونکە هیچ ووتە و کلامێك ناتوانێت هاوشان و هاوشێوەی بێ ، وە هیچ کەسێك ناتوانێت نە سورەتێك وەیان زیاترو کەمتر بهێنێ وەکو ئەم قورئانە ..؟! هەر وەکو (خوای گەورە) دەفەرموویّت : قال تعالى: ﴿قُل لَّئِنِ ٱجۡتَمَعَتِ ٱلۡإِنسُ وَٱلۡجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأۡتُواْ بِمِثۡلِ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ لَا يَأۡتُونَ بِمِثۡلِهِۦ وَلَوۡ كَانَ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٖ ظَهِيرٗا ٨٨﴾ [الإِسۡرَاء : ٨٨] واتە : {قورئان تەحەددای مرۆڤ و جن دەکات} [قُلْ لَئِنِ اجْتَمَعَتِ الْإِنْسُ وَالْجِنُّ عَلَى أَنْ يَأْتُوا بِمِثْلِ هَذَا الْقُرْآنِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - پێیان بڵێ: ئەگەر مرۆڤەکان و جنیەکان هەر هەموویان کۆببنەوە بۆ ئەوەی هاوشێوەی ئەم قورئانە بێنن ناتوانن هاوشێوەی قورئان بێنن [وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا (٨٨)] ئەگەر هەندێکیان پشتیوان و سەرخەری هەندێکی تریان بن و یارمەتی هەندێکی تریان بدەن (چونکە قورئان کەلامی خوایەو چۆن قسەی مرۆڤ وەکو قسەی خوای گەورە دەبێت؟!) ...

٧-ئەم قورئانە تایبەتمەندیەکی تریش ئەوەیە کە تەزوو دەهێنێت بە گیان و پێستی ئەو کە سانە دا کە ترسی پەروەردگاریان لە دلّ و دەروونداً هەیە ، هەر وەکو (خوای گەورە) دەفەرموویّت : قال تعالى: ﴿ٱللَّهُ نَزَّلَ أَحۡسَنَ ٱلۡحَدِيثِ كِتَٰبٗا مُّتَشَٰبِهٗا مَّثَانِيَ تَقۡشَعِرُّ مِنۡهُ جُلُودُ ٱلَّذِينَ يَخۡشَوۡنَ رَبَّهُمۡ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمۡ وَقُلُوبُهُمۡ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهۡدِي بِهِۦ مَن يَشَآءُۚ وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنۡ هَادٍ ٢٣﴾ [الزُّمَر : ٢٣] واتە : [اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ] خوای گەورە ئەو خوایەیە کە باشترین فەرموودەی دابەزاندووە کە قورئانە، (ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە قورئانی پیرۆز قسەو فەرموودەی خوای گەورەیەو دروستکراو نیە) [كِتَابًا مُتَشَابِهًا] کە ئەو قورئانە پیرۆزە ئایەتەکانی هەمووی موتەشابیهە واتە: لە جوانی و ڕێکی و تەواوی و بەهێزیدا هەمووی لە یەکتری ئەچێت [مَثَانِيَ] وە ئەحکام و چیرۆکەکانی، یان خوێندنەوەی دووبارە ئەبێتەوە [تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ] لە کاتی بیستنی قورئانی پیرۆزدا ئەو کەسانەی کە لە خوای گەورە ئەترسێن بە زانستەوە پێستیان گرژ ئەبێتەوە لە ترسی خوای گەورەدا [ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ] پاشان کە گوێیان لە قورئان دەبێت و بە ئومێدی ڕەحمەتی خوای گەورە دەبن پێست و دڵیان نەرم ئەبێ بۆ زیکرو یادی خوای گەورە کاتێك کە زیکری خوای گەورە ئەبیستن، (باوەڕداران بە بیستنی قورئان دڵخۆش و دڵئارام دەبن و تام و چێژ وەردەگرن، بەڵام خراپەکاران بە بیستنی قورئان دڵتەنگ و بێزار دەبن و بەگومانی خۆیان بە بیستنی گۆرانی و موسیقاو سەمفۆنیا چێژ وەردەگرن!!!) [ذَلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَنْ يَشَاءُ] ئەم قورئانە هیدایەتی خوای گەورەیەو هیدایەتی هەر کەسێکی پێ ئەدات بە فەزڵی خۆی کە ویستی لێ بێت و شایەنی هیدایەت بێ [وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ (٢٣)] وە هەر کەسێکیش کە خوای گەورە گومڕای بکات بە دادپەروەری خۆی و شایەنی گومڕایی بێ ئەوە هیچ کەسێك ناتوانێ هیدایەتی بدات...

٨-هیچ کەس ناتوانێت حوکمێك بهێنێ وەکو حوکمی ئەم قورئانە پیرۆز ، هەر وەکو (خوای گەورە) دەفەرموویّت : قال تعالى: ﴿صِبۡغَةَ ٱللَّهِ وَمَنۡ أَحۡسَنُ مِنَ ٱللَّهِ صِبۡغَةٗۖ وَنَحۡنُ لَهُۥ عَٰبِدُونَ ١٣٨﴾ [البَقَرَة : ١٣٨] واتە : [صِبْغَةَ اللَّهِ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ صِبْغَةً] خۆتان داپۆشن و دەست بگرن و پەیوەست بن بە دینی خوای گەورەوە، وە دینی کێ باشترە لە دینی خوای گەورە [وَنَحْنُ لَهُ عَابِدُونَ (١٣٨)] وە ئێمەش هەموومان عەبدی خوای گەورەین و عیبادەت بۆ خوای گەورە ئەکەین...

٩-ئەم قورئانە پیرۆزە حەق و ڕاستیە ، وە هیچ گومان و هەڵە و نارەوایەتی تیدا نیە ، وەیان هیچ گومانێك هەڵناگرێ ، هەر وەکو (خوای گەورە) دەفەرموویّت : قال تعالى: ﴿ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ ٢﴾ [البَقَرَة : ٢]واتە : [ذَلِكَ الْكِتَابُ لَا رَيْبَ فِيهِ] ئەم پەرتووکە کە قورئانی پیرۆزە هیچ گومانێکی تیادا نیە کە لەلایەن خوای گەورەوە دابەزیووە [هُدًى لِلْمُتَّقِينَ (٢)] هیدایەت و ڕووناکی و ڕێنماییە بۆ ئەو کەسانەی کە تەقوای خوای گەورە ئەکەن و خۆیان لە تاوان ئەپارێزن...

١٠-ئەم قورئانە جیاکەرەوەی نێوان حەق باتڵە ، هەر وەکو (خوای گەورە) دەفەرموویّت : قال تعالى: ﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِي نَزَّلَ ٱلۡفُرۡقَانَ عَلَىٰ عَبۡدِهِۦ لِيَكُونَ لِلۡعَٰلَمِينَ نَذِيرًا ١﴾ [الفُرْقَان : ١] واتە : [تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَى عَبْدِهِ] قورئانی پیرۆز پێی ئەووترێ: فورقان لەبەر ئەوەی فەرق و جیاوازی خستە نێوان حەق و باتڵ و حەلاّل و حەرام و هیدایەت و گومڕایی و ڕێگای ڕاست و ڕێگای چەوتەوە، ئەو خوایەی کە ئەو فورقانەی دابەزاندووە بۆ سەر بەندەکەی خۆی کە محمدە - صلى الله عليه وسلم - خێرو بەرەکەتی یەکجار زۆرو بەردەوام و جێگیرو گەورەیە [نَزَّلَ] واتە: قورئانی پیرۆزی بە بەش بەش و ئایەت ئایەت و سوورەت سوورەت دابەزاندووە نەك وەکو کتێبە ئاسمانیەکانی تر کە بە یەکجار دایبەزاندوون [لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيرًا (١)] بۆ ئەوەی ئەو قورئانە یان پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - ئاگادارکەرەوە بێت بۆ هەموو جیهان بە جن و مرۆڤەوە...

دابەزینەکانی قورئانی پیرۆز

بەو پێیەی کە قورئانی پیرۆز فەرموودە و ووتەی خوایە (کلام الله) یە ، هەر بۆیە زانایان بیریان لەوە کردوەتەوە ئەم ووتەی خوایە یان (کلام الله) یە ، چۆن بووەتە قورئان دابەزیوەتە سەر پێغەمبەری خوا ﷺ ..؟!

هەر بۆیە قورئانی پیرۆز سێ دابەزینی بەخۆوە بینیوە :

١-لە زاتی خواوە دابەزیوەتە سەر **(لوح المحفوظ)** کە پێرست و تەرجەمەی هەموو بوونی یان هەموو کەونی تێدایەو ، کە (خوای گەورە) بەرنامەی تەواوی بوونەوەری تێدا تۆمار کردووە ، تەشبیهـ نەبێت وەکو (هاردێك) وایە لە **(لوح المحفوظ)** تایبەتە بە شتێکەوە .

٢-لە یەکێك لەو (هاردانەوە) قورئانی پیرۆز کۆپیەکی لێوەرگیراوە و هێنراوەتە ئاسمانی یەکەمی دونیا کە پێ ئەوترێت **(بیت العزة)** وادیارە مەڵبەندێکی زانیاری بێت لەو ئاسمانەدا و ئیشی پاراستنی زانیارییە کانی (خوای گەورە) یە .

٣-لەو مەڵبەندە پارێزراوەیشەوە بە پێی پێویست هەر جارێ کۆپییەکی چەند ئایەت یان چەند سورەتی لێ گوازراوەتەوە بۆ سەر زەوی گەیاندراوەتە پێغەمبەری خوا ﷺ ، ئیتر ئەوە لە توانای عەقڵ و ژیری ئێمەدا نییە و بەبێ زانیاری ڕاست بە دوای ئەوەدا بگەڕێن ئایا ئەو دابەزینانە بە (پیت و دەنگە) بووە یان هەر یەکێکیان بووە ، ئەوە جێگەی باسی ئێمە نییە ، ئەگەر ووتە (کلام) ببێتە پەرتووك یان (کتاب) چی ڕوودەدات ، چونکە ئەوانە غەیبین و لە شتە پەنهانیەکانە ، هەر بۆیە (تأمل) و فەلسەفە تاتوانێ پەی بە حەقیقەتیان بەرێت و بە سە بۆ ئێمە کە (خوای گەورە) دەفەرموویێت: قال تعالى: ﴿وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ٱسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّىٰ يَسْمَعَ كَلَـٰمَ ٱللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُۥ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْلَمُونَ ۝٦﴾ [التوبة : ٦] واتە : {قورئان فەرموودەو فەرمایشتی خوای گەورەیەو دروستکراو نیە} [وَإِنْ أَحَدٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - ئەگەر یەکێك لە موشریکان پەنای بۆ هێنایت ئەوا تۆ پەنای بدە [حَتَّى يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ] تا کەلامی خوای گەورە ئەبیستێ، واتە: قورئانی پیرۆز، (ئەم ئایەتە بەڵگەیەکی ڕاشکاوە لەسەر ئەوەی کە قورئان کەلام و فەرموودەی خوای گەورەیەو دروستکراو نیە) [ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ] دوای ئەوەی کە کەلامی خوای گەورەی بیست (قورئانی پیرۆز) بیگەیەنەوە بە شوێنی ئەمینی خۆی [ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَا يَعْلَمُونَ (٦)] لەبەر ئەوەی ئەمانە کەسانێکن کە زانیاریەکی باشیان نیە کە خێرو شەڕیان بۆ لێك جیا بکاتەوە...

کەواتە قورئانی پیرۆز سێ جۆرە دابەزینی بە خۆیەوە بینیوە :

١- لە زاتی (خوای گەورە) وە بۆ (**لوح محفوظ**).

٢–لەوێشەوە بۆ ئاسمانی یەکەمی دونیا **(بیت العزة)**.

٣–لەوێشەوە بە بەش بەش دابەزیوە سەر دڵ ی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕەوانە کراوە .

-ئیمامی (حاکم) لە (کوری عباس) – خوا لێ ڕازی بێت – ئەگێڕێتەوە فەرموویەتی : **(فصل القرآن من الذكر فوضع في بيت العزة من السماء الدنيا، فجعل جبريل فينزل به على النبي ﷺ)**.
واتە: قورئان لە **"ذکر" واتە : (لوح محفوظ)** جیاکرایەوە و لە **(بیت العزة)** دانراوە ، کە لە ئاسمانی دونیادایە ، لەوێشەوە جبریل (بەش بەش) گەیاندوویەتی بۆ سەر پێغەمبەری خوا ﷺ .

هەروەها (خوای گەورە) بۆ یەکەم دابەزینی دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿بَلْ هُوَ قُرْءَانٌ مَّجِيدٌ ۝٢١ فِى لَوْحٍ مَّحْفُوظٍۭ ۝٢٢﴾ [البروج : ٢١ - ٢٢] واتە: [بَلْ هُوَ قُرْآنٌ مَجِيدٌ (٢١)] بەڵکو ئەم قورئانە قورئانێکی پیرۆزو بەڕێزە..!![فِي لَوْحٍ مَحْفُوظٍ (٢٢)] نووسراوەتەوە لە (لوح المحفوظ) لەوێ لای خوای گەورە پارێزراوە کەس ناتوانێ دەستکاری بکات و زیادو کەمی تێ بکات و گۆڕانکاری لێ بکات، یاخود شەیتانەکان ناتوانن پێی بگەن بەڵکو پارێزراوەو خوای گەورە پاراستوویەتی، والله أعلم...

هەروەها **(لوح محفوظ)** خۆشی شتێکی پەنهانیە یان غەیبیە و لە ڕێگەی عەقڵ و بیرکردنەوەو ناتوانین شتێکی وای دەربارەی کۆبکەینەوە و دووربێت لە دوو دڵی ، بەڵێ زانایان زانستی (کلام) ئەڵێن : **(اللوح شيء يلوح للملائكة فيقرؤنه) . التفسير المنير ، وهبة زحيلي** (٥٤٥/١٥). واتە: (لوح شتێکە لە فریشتەوە دەردەکەوێت و دەست بە خوێندنەوەی ئەکەن .

-(کوری عباس) – خوا لێ ڕازی بێت – دەفەرموویێت : **(أول شيء كتبه الله في اللوح المحفوظ " أني أنا الله لا إله إلا أنا ... محمد رسولي ، من أستسلم لقضائي و صبر على بلائي ، ولم يشكر نعماني ، فليتخذ الها سوايي ").تفسير الامام القرطبي** (٢٩٨/١٩) **واتە** : یەکەمین شتێك (خوای گەورە) لە ناو **(لوح محفوظ)** دا نووسی ئەمە بوو : " بە دڵنیاییەوە من (الله) م و جگە لە من هیچ خوایەکی تر ڕاست نییە ، موحەمەدیش پێغەمبەری منە ، هەر کەس ملکەچی بڕیارەکانی من ببێت و ئارام بگرێ لە سەر بەڵاو تاقیکردنەوەکان من و سوپاسی من بکات لە سەر ئەو هەموو نازو نیعمەتەی داومەتێ ئەو ناوی بە ڕاستگۆ ئەنووسم و لە ڕیزی ڕاستگۆیەکانیشدا زیندووی ئەکەمەوە و هەر کەسیش مل بۆ بڕیارەکانی من نادات و لە سەر تاقیکردنەوەو بەڵای مە ئارام ناگرێ و سوپاسی ئەو هەمووە نازو نیعمەتە نەکات کە ڕشتوومە بە سەریدا ، با بڕوات خوایەکی تر بۆ خۆی پەیدا بکات .

لە (عبداللە کوری عباس) – خوا لێ ڕازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((إنَّ اللَّهَ خلقَ لَوحًا محفوظًا من درَّةٍ بيضاءَ صفحاتُها ياقوتةٌ حمراءُ قلمُهُ نورٌ وَكتابُهُ نورٌ للَّهِ فيهِ كلَّ يومٍ ستُّونَ وثلاثمائةِ لحظةٍ يخلقُ ويرزقُ ويميتُ ويحيي ويعزُّ ويذلُّ ويفعلُ ما يشاؤُهُ)). **تفسير الطبراني** (٤٠/٢٣). واتە : (خوای گەورە) لەوحێکی پارێزراوی دروست کردووە لە مرواری سپی ، پەرەکانی لە یاقوتێکی سور دروستکراوە ، قەڵەمەکانی نوورەو روناکییە ، (خوای گەورە) هەموو ڕۆژی "سێ سەد و شەست "جار سەری ئەو لەوحە ئەکات ، خولقاو بڕیاری سەرکز کردن ئەدات و ، ئەوەی بیەوێ وەکو ڕزق ڕۆزی و ژیان و مردن و زەلیل و شکۆمەندی ئەدات ، وە هەر شتێك بیەوێ ئەنجامی دەدات ...

قوناغەکانی کۆکردنەوەو نووسینەوەی قورئانی پیرۆز

بەڵێ زانایان کە باسی کۆکردنەوەو نووسینەوەی قورئانی پیرۆز ئەکەن دوو مە بە ستیان هەیە :

یەکەمیان : کۆکردنەوە بە مانای (لەبەر کردن و پاراستنی) دێت ، یان دەوترێت : (جامع القران) واتە: ئەو کە سانەی کە قورئانیان لە سنگیاندا کۆکردووەتەوە لەبەریان کردووە ، هەر وەکو (خوای گەورە) دەفەرموێت : قال تعالى: ﴿إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُۥ وَقُرْءَانَهُۥ ۝١٧ فَإِذَا قَرَأْنَٰهُ فَٱتَّبِعْ قُرْءَانَهُۥ ۝١٨ ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُۥ ۝١٩﴾ [القِيَامَة : ١٧ - ١٩] واتە : {کۆکردنەوەی قورئان و رونکردنەوەی لەسەر خوای گەورەیە} [إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُ وَقُرْآنَهُ (١٧)] بە دڵنیایی کۆکردنەوەی قورئان لە سینگتدا، وە دواتریش خوێندنەوەی لەسەر ئێمەیەو ئێمە فێرت ئەکەین..!! [فَإِذَا قَرَأْنَاهُ فَاتَّبِعْ قُرْآنَهُ (١٨)] کاتێك کە جبریل بۆت ئەخوێنێتەوە تۆ تەنها شوێن خوێندنەوەکەی ئەو بکەوەو گوێ بگرەو دواتر لە دڵتدا کۆی ئەکەینەوەو بە دەمیش ئەتوانی بیڵێی..!! [ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُ (١٩)] پاشان بە دڵنیایی ڕوون کردنەوەو تەفسیرو راڤەکەیشی هەر لەسەر ئێمەیە هەمووبت پێ ئەڵێین، لە دوای ئەوە کە جبریل وەحی بهێنایە پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - تەنها گوێی ئەگرت، وە لە دوای ئەوەی جبریل دەڕۆیشت هەر هەمووی وەکو خۆی ئەوتەوەو پەلەی نەئەکرد لە وتنەوەیدا...

لە (عبداللە کوری عباس) — خوا لێ رازی بێت — دەربارەی ئەم ئایەتە :

(({لَا تُحَرِّكْ به لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بهِ}، قالَ: كانَ رَسولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلَّمَ إذَا نَزَلَ جِبْرِيلُ بالوَحْيِ، وكانَ ممَّا يُحَرِّكُ به لِسَانَهُ وشَفَتَيْهِ فَيَشْتَدُّ عليه، وكانَ يُعْرَفُ منه، فأنْزَلَ اللَّهُ الآيَةَ الَّتي فِي: [لا أُقْسِمُ بيَومِ القِيَامَةِ]: {لَا تُحَرِّكْ به لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ به، إنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُ وقُرْآنَهُ} قالَ: عَلَيْنَا أنْ نَجْمعهُ في صَدْرِكَ، { فَإِذَا قَرَأْنَاهُ فَاتَّبِعْ قُرْآنَهُ} : فَإِذَا أنْزَلْنَاهُ فَاسْتَمِعْ، {ثُمَّ إنَّ عَلَيْنَا بيَانَهُ} : عَلَيْنَا أنْ نُبَيِّنَهُ بلِسَانِكَ، قالَ: فَكانَ إذَا أتَاهُ جِبْرِيلُ أطْرَقَ، فَإِذَا ذَهَبَ قَرَأَهُ كما وعَدَهُ اللَّهُ عزَّ وجلَّ. {أَوْلَى لكَ فأوْلَى} : تَوَعُّدٌ)) . صحيح البخارى برقم (٤٩٢٩).

واتە : {لَا تُحَرِّكْ به لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بهِ} للقيامة: دەڵێت : پێغەمبەری خوا کاتێ جبریل — عليه السلام — نیگای بۆ دابەزاندایە ، پێغەمبەر ﷺ هەمیشە بە ﴿ خوێندنەوەی ﴾ نیگاکە یان وەحیەکە زمان و هەر دوو لێوی دەجوڵاند ، ئینجا ئەو (نیگایە یان وەحیە) بۆ هاتنی قورس بوو لە سەری ، وە پێوەی دیار بوو هەستی پێ دەکرد ، ئەنجا (خوای گەورە) ئەو ئایەتەی لە سورەتی القیامە دایە دابەزاند [لا أُقْسِمُ بيَومِ القِيَامَةِ] القيامة: {لَا تُحَرِّكْ به لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ به، إنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُ وقُرْآنَهُ} القيامة : فەرمووی : لە سەر ئێمە پێویستە لە سنگتدا قورئان کۆبکەینەوە لە گەڵ خوێندنەوەشیدا { فَإِذَا قَرَأْنَاهُ فَاتَّبِعْ قُرْآنَهُ} القيامە : جا ئەگەر دامان بە زاند تۆ گوێ بگرە . [ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُ (١٩)] القيامة : لە سەر ئێمەیە لە سەر زمانی تۆ ڕوونی بکەینەوە ، (کوری عباس) دەڵێ : جا ئیتر کە جبریل — عليه السلام — بهاتایە بۆ لای (نیگا یان وەحی) بۆ بهێنایە سەری دادەخست و بێ دەنگ دەبوو ، جا کە جبریل — عليه السلام — دەڕۆیشت قورئانەکەی دەخوێندەوە بەو شێوەی (خوای گەورە) بەڵێنی پێدا بوو . وە {أَوْلَى لكَ فأوْلَى} القيامة : ئەوە هەڕەشە لێ کردنە .

هەندێ لە زانایان ئە فەرموون : (خوای گەورە) سروشێکی بە سنگی پێغەمبەر ﷺ ئەبەخشی لە کاتێکدا کە قورئانی بە سەردا ئەخوێنرایەوە ، قورئانەکەی تێدا نەخش ئەبوو ، بۆیە پێ ئەڵێن : (جمعه لك صدرك) یەکێکە لە ریوایەتەکانی (کوری عباس) و (صدر) مەرفوعە لەبەر فاعیلەکە . واتە : سنگت قورئانەکەت بۆ کۆئەکاتەوە ، ئەوەش شتێکی سروشییە (خوای گەورە) بیکات بۆ پێغەمبەر ﷺ و بروا کردن بە شتی لەو بابەتە لەم ڕۆژی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتە دا سانایە کە لە سەنتەرێکی گەورەی زانیارییەوە بە (فلاشێك) کام زانیاری وردت هەیە ئەیگوازیتەوە و ئەیخەیتە سەر (هاردێکی کۆمپیوتەر) ێکی تر ئەگەر خواش سروشی کومپیوتەرێك بداتە سنگی پێغەمبەر ﷺ ، یان دڵی ، یان عەقڵی و ئەو زانیارییەی بۆ بگوزاێتەوە لە شتی سادە سادەتر ئەبێت و بروا کردنی پێی گران نیە ..!! بۆیە مەبەستی زانایان بە کۆکردنەوە بریتییە لە (لەبەر کردن) لەو زۆرێك لە ریوایەتانەدا کە زانایان باسیان کردووە وەك :

(عبداللە کوری عمر) — خوا لێ رازی بێت — دەڵێت :

(جمعت القرآن ، فقرآت به كل ليلة ، فبلغ النبي ، فقال : اقرأه في الشهر) . **مباحث في علوم القرآن ، القطان ، ص**(١١٦). واتە : قورئانم لەبەرکردو هەموو شەوێك جارێك خەتم ئەکرد ، کە ئەمە گەیشتە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : مانگی جارێك خەتمی بکە . وەیان دەفەرمووی : **(لم يجمع القرآن غير أربعة)** . واتە : تەنیا چوار کەس هەموو قورئانیان لەبەر بوو .

دووەمیان : کۆکردنەوەی قورئان بە مانای (نووسین و تۆمارکردن) دێت ، کە زیاتر هزور زەینی مرۆڤ بۆ ئەمەشیان دەچێت ، لە کاتێکدا باس لە کۆکردنەوەی قورئان ئەکرێت ، ئەم کۆکردنەوەو نووسینەوەی قورئان بەم مانایە بە چوار قۆناغدا تێپەریووە :

١-قۆناغی سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ .

٢-قۆناغی سەردەمی (ئەبو بكر صدیق) خوا لێ رازی بێت .

٣-قۆناغی سەردەمی (عوسمانی کوری عەفان) خوا لێ رازی بێت .

٤-قۆناغی سەردەمەکانی دوای (عوسمانی کوری عەفان) خوا لێ رازی بێت .



یەکەم : قۆناغی سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ :

شتێکی بەڵگە نەویست و سەلماوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ هەر لە ژیانی خۆیدا (٦٠)کەسی دانابوو بۆ نووسینەوەی قورئان ، هەر جارێك (وەحی) بهاتایە سەری ، ئەینار بە شوێن یەکێك یان زیاتر لەو (٦٠) کەسەداو ئەو ئایەتانەی بۆ ئەخوێندەوە کە بۆی هاتبوو، بە وانیشی ئەفەرموو : لە فلانە شوێن و لە لای فلانە ئایەت و سورەتدا بینووسنەوە ، پاشان کە ئەیان نووسی پێی ئەخوێندنەوەو ئەگەر هەڵەیەکیان کردبایە بۆی ڕاست ئەکردنەوە …

لە (**البراء کوری عازب**) — خوا لێ رازی بێت — دەڵێت : ((لَمَّا نَزَلَتْ: {لَا يَسْتَوِي} القَاعِدُونَ مِنَ المُؤْمِنِينَ {وَالمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ}، قالَ النبيُّ صلى الله عليه وسلَّمَ: ادْعُ لي زَيْدًا ولْيَجِئْ باللَّوْحِ والدَّوَاةِ والكَتِفِ - أوِ الكَتِفِ والدَّوَاةِ - ثُمَّ قالَ: اكْتُبْ {لَا يَسْتَوِي القَاعِدُونَ} وخَلْفَ ظَهْرِ النبيِّ صلى الله عليه وسلَّمَ عَمْرُو بنُ أُمِّ مَكْتُومٍ الأعْمَى، قالَ: يا رَسولَ اللَّهِ فَما تَأْمُرُنِي، فإنِّي رَجُلٌ ضَرِيرُ البَصَرِ؟ فَنَزَلَتْ مَكَانَهَا: {لَا يَسْتَوِي القَاعِدُونَ مِنَ المُؤْمِنِينَ} {وَالمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ} {غَيْرُ أُولِي الضَّرَرِ})). صحيح البخاري برقم (٤٩٩٠).

واتە : کاتێ ئەم ئایەتە دازەی (دانیشتوان لە جیهادی رێی خوا) لە باوەرداران یەکسان نین لە گەڵ تێکۆشەرانی رێگەی خودا) پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : (زید) م بۆ بانگ بکەن با ئێسك و مەرەکەبدان ئێسکی دەفەر شانەکەش — یان ئێسکی دەفەشان و مەرکەبدانەکە لە گەل خۆی بهێنێت ، لە پاشان فەرمووی : بنووسە : (دانیشتوان لە جیهاد لە رێی خواد یەکسان نین) لەو کاتەدا (عمری کوری ئومم مکتومی نابیناش لە پشت پێغەمبەرەوە ﷺ بوو ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا چ فەرمانێکم پێ دەکەیت ..؟! چونکە بەڕاستی من پیاوێکی نابینام ناتوانم جیهاد بکەم ، جا هەر لە شوێنی ئایەتەکە (پێشویدا) ئەم ئایەتە دابەزی : (دانیشتوان لە جیهادی رێی خودا) (لە باوەرداران جگە لە خاوەن عوزرەکان ، یەکسان نین لە گەڵ تێکۆشەران)…

(**ابن کثیر**) گەورە زانای تەفسیری قورئانی پیرۆز ، لە پەرتووکی (البدایه والنهایه) دا ناوی یەك بەکەی نووسەرانی (وەحی) یان قورئانی پیرۆز کە لە بەردەستی پێغەمبەردا ﷺ (وەحی) یان نووسیوەتەوە ، ئەهێنێتەوە لە ژێر ناو نیشانی (**فصل ، أما كتاب الوحي وغيره بين يديه صلوات الله وسلامه عليه ورضي الله عنهم أجمعين**) یەك یەك ناوو ژیاننامەیان باس ئەکات و بۆ نموونە ئەفەرمووێ :

" فمنهم الخلفاء الأربعة : أبكو بكر و عمر وعثمان و على ، .. ومنهم أبان بن سعد بن العاص بن أمية .. منهم أبي بن كعب .. ومنهم حنظلة بن ربيع .. ومنهم أرقم بن أبي الأرقم .. ومنهم ثابت بن قيس بن شماس الأنصاري .. ومنهم حنظلة بن ربيع.. ومنهم خالد بن سعد بن العاص .. ومنهم خالد بن الوليد .. ومنهم الزبير بن العوام .. ومنهم زيد بن ثابت بن الضحاك .. ومنهم عبدالله بن أبي سرح .. ومنهم عامر بن فهيرة .. ومنهم معاوية بن أبي سفيان .. ومنهم مغيرة بن شعبة الثقفي ..). ابن كثير (البداية والنهاية) (٣٦٤/٥).

بەڵێ (**ابن کثیر**) بە نزیکەی (٣٠) کەس لەوێدا باس ئەکات کە لە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ دا ، کاری ئەوە بووە کە (وەحی) بنووسنەوەو لە سەر ئەو پێست و تەنکە بەرد و پەلکی دار و یان ئەو پەلکی دار خورمایانەی لەو سەردەمەدا هەبوون ، هەندێ لە زانایان لێکۆڵینەوەیان لێ کردووە ژمارەی نووسەرانی (وەحی) شەست کە بوون . تفسیر المنیر (**وهبة الزحیلي**) (٢٢/١).

لە سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ بە سێ شێوە قورئانی پیرۆز ئەپارێزرا :

١-لە سینگیان ئەویش بە لەبەر کردن .. ٢-بە نووسینەوەی لە لایەن نووسەرانی (وەحی)یەوە ئەوانەی کە ئەماژەمان پێدا .. ٣- بە نووسینەوەی لەلایەن خەلکی ترەوە ، جگە لە نووسەرانی (وەحی).

شێوەی یەکەم : بەلێ پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی کە قورئانی بۆ ئەهات وەك نەخشی سەر بەرد لە سنگیدا نەخش ئەبوو ، ئەیخوێندەوە بۆ هاوەڵانی و ئەوانیش هەر یەکەو بە پێی توانای خۆی لێی لەبەر ئەکرد یان ئەینووسییەوە بۆ خۆی ، (ابو عبیدەی کوری سەلامی ئەزدی خوزاعیی) کە یەکێکە لە گەورە پیاوانی (فەرمووده) و (زمانی عەرەبی) کە خاونی کتێبی (الاموال) لە سالی (٢٢٤)کۆچی مردووە، لە زانستی (**قراءات**) لە کتێبەکەیدا بە هەمان ناوەوە ، هەندێ لەو هاوەڵانەی ئەژمێرێ کە هەموو قورئانیان لەبەر کردوەو لەوانە : (چوار خەلیفەکانی راشدین .. تەلحەی کوری عوبەیدەڵلا .. سعدی کوری ئەبی وەقاص .. عبداللە کوری مسعود .. حوزەیفەی کوری یەمان .. سالمی کوری مەعقەل .. ئەبو هریرە .. عبداللە کوری سائیب .. عبداللە کوری عمر.. عبداللە کوری عباس .. عبداللە کوری عمرو .. عبداللە کوری زوبەیر .. دایکی ئیمانداران عائیشە .. دایکی ئیمانداران حەفصە .. دایکی ئیمانداران ئوم سەلمە) ئەوانەی کە ئاماژەمان پێدا هەمووی لە کۆچکەران یان بوون …هەروەها لە پشتیوانیان یان ئەنصارەکانیش ئەژمێرێ لەوانە : (عوبادەی کوری صامت .. موعازی کوری جبل .. موجەممەعی کوری جاریە .. فەسالەی کوری عوبەید .. مەسەلەمەی کور موخەلە د).وە گرنگترین ئەو هاوەڵانەی کە حافزی قورئان بوونە کە بریتین لە : (عوسمانی کوری عەفان .. علی کوری ئەبی تالیب .. ئوبەی کوری کعب .. ئەبو داردا .. موعازی کوری جبل .. زیدی کوری سابت .. عبداللە کوری معسود .. ئەبو موسای ئەشعەری).

پێغەمبەری خوا ﷺ هەموو سالێك لە رەمەزاندا لە گەڵ جبریل — علیه السلام — مامۆستایدا جارێك دەوری قورئانی ئەکردەوە و ئەم قورئانەکەی بۆ ئەخوێندەوە و جبریلیش گوێی بۆ ئەگرت ، هەروەها ئەم سالەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی دوایی کرد ، دوو جار لە رەمەزاندا دەوری قورئانی کردەوە لە گەلیدا . مختصر صحیح البخاری ص ١٠ رقم (٦) .

بەلێ ئا بەم شێوەیە پێغەمبەری خوا ﷺ قورئانیشی بە سە هاوەڵانی دا ئەخوێندەوە و ئەوانیش لەبەر ئەوەی بەوە بەناوبانگ بوون کە هێزی لەبەر کردنیان زۆر بووە ، چونکە لەسەر دەمی جاهیلی عەرەب بەوە بەناوبانگ بووە قصیدەی زۆریان لەبەر کردووە ، هەروەها لە سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ واتا لە سەردەمی هاتنی ئیسلامیش هەر بەوە بەناوبانگ بوون کە هێزی لەبەر کردنیان زۆر بووە ، هەروەها هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ قورئانەکەیان لەبەر دەکرد بە خۆیان و مال منداڵیشیان …

شێوەی دووەمیش : ئەو ژمارەی رۆزی نووسەرانی (وەحی) کە هەر یەکەیان لە لای خۆیەوە ئەوەی بۆی رێکەوتبێت لە قورئان لە سەر ئەو شتانە نووسیویەتییەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ئەخوێندووەتەوە ، کە هەندێکیان توانییان هەموو قورئان بنووسنەوە و لە پارچە شتێك وەکو باسمان کرد پێستە و بەردی تەنك و پەلکی دارخورما یان پەلکی دار ، ئیتر لە لای خۆیان هەلی بگرن ، یان هەشیان بوو ئەوەی کە لەبەری بوو بۆ پێغەمبەری خوای ﷺ خوێندوەتەوە ، هەروەها زانایان دەلێن : (زیدی کوری سابت) ئەوەی لەلای بووە لە قورئان بۆ کۆتا جار لەو سالەدا کە پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی دوایی کردووە ، - صوحوفیەکانی — خۆی نیشانی پێغەمبەری خوا ﷺ داوە ، پێغەمبەریش ﷺ نزای سەرکەوتنی بۆ کردووە ، جگە لە (زید) هەر یەك لە (علی کوری تالیب) ، (عبداللە کوری مسعود) ، (ئوبەی کوری کعب) ، ئەمانەش صوحوفی زۆریان هەبووە لە قورئان .. تێبینی : - صوحوفی — کۆی (صحیفە) یە بە مانای چەند لاپەرەو پارچەیەك لە قورئان دێت ، ووشەی (مصحف) بە شوێنی ئەو صوحوفانە ئەوترێ پاشان بە قورئان ووترا : (المصحف الشریف) ئەلێن : (ئەبو بکر صدیق) — خوا لێ رازی بێت — پاش نووسینەوەی قورئان راوێژی بە هاوەڵە بەرزێزەکان کردووە ناوی بنێین چی ..؟! ڕایان وابوە ناوی نێن (مصحف) ئەویش ئەو ناوەی لێ ناوە. تفسیر المنیر وهبە الزخیلی (١٦/١).

شێوەی سێیەم : خەلکانێکی تری ناو هاوەڵانیش هەبووە کە بۆ خۆیان قورئانیان نووسیوەتەوە ماڵ و مندال و خەڵکی تریان فێری قورئان کردووە ، چ لە مککەدا پێش کۆچکردن بۆ مەدینە و چە لە مەدینە دا ، ئەوەتا لە چیرۆکی موسلمانبوونی (عمری کوری خەتاب) — خوا لێ رازی بێت — باسی ئەوە ئەکرێت کە (عمر) پارچەیەك لە قورئانی بە دەستی خوشکەکەیەوە بینی کە سورەتی (**طه**) تێدا نووسرابوو ، کە خوێندییەوە کاری تێکردو چوو بۆ خومەتی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ئەوەی موسلمانیتی خۆی رابگەیەنێت .. بەلێ لە ژیانی پێغەمبەری ﷺ قورئان لە یەك (مصحف) دا بە کۆیی نەنووسرایەوە — هەرچەند هەمووی بە نووسراوی بەرش بلاوی هەبوو لای هاوەڵە بەرێزەکان — چونکە لەم سەردەمەدا بەردەوام قورئان ئەهاتە خوارەوە ، هەر جارەیٰ لە شوێنێکەوە و بە جیا لەسەر تەختە بەردێك ، یان پارچە پێستێك ئەنووسرایەوە ، ئەگەر وانەبوایە ئەبوو بە بەردەوان خەریکی سڕینەوە گۆرینی ئایەتەکانی بوونایە ، لاپەرەو ئایەتەکانی بوونایە ، بەلاَم ئەو کاتەش لەلایەك پشت ب لە بەر کردنی ئەو هەمووە هاوەڵانی بەرێز ئەبەسترا و لەلایەکی تریشەوە پشت بە و (صوحوفانە) ئەبەسترا کە بەردەوام ئەنووسرایەوە ، بۆیە پێویستی بە بوونی یەك (مصحف) نەبوو …؟؟!!!

دووەم : قوناغی سەردەمی (ئەبو بکر صدیق) — خوا لیٚ رازی بیٚت —

بەلیٚ پاش ئەوەی پیٚغەمبەری خوا ﷺ کۆچی دوایی کرد و زۆریٚك لە " ألاعرابیە" دەشتە کیەکان ، لە ئاین هەلگەرانەوەو پیٚشەوا (ئەبو بکر) یش جیهادی راگەیاند دژی هەموو هەلگەراوەکان ئەوانە بوون : ١- ئەوانەی کە وازیان لە ئاین هەمووی هیٚنابوون . ٢- ئەوانەی وازیان لە بەشیٚکی ئاین هیٚنابوو بۆنموونە وەك زەکات نەدان . ٣-ئەوانەش دەستیان دایە ئایینی تازە پیٚغەمبەرایەتی درۆییانە..

بەلیٚ ئەوە بوو پیٚشەوای ئیمانداران (ئەبو بکر) جیهادی ژی خەلٚکی یەمامە بەر پاکرد ، ئەوە بوو ئەم جەنگە لە گەلٚ (سوپای موسیلەمەی درۆزت) روویدا ، لەو جەنگانەدا بە نزیکەی هەزارو دوو سەد هاوەلی بەریٚز شەهید بوون ، کە (٣٩) کەسیان وەیان لە ریوایەتیٚکی تر دا ئەلیٚن : (٧٠) هاوەل لەو کەسانە بوون کە هەموو قورئانی پیرۆزیان لەبەربوو ، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە پیٚشەوا (عمری کوری خەتاب) بچیٚتە لای پیٚشەوا (ئەبو بکر صدیق) پیٚشنیاری ئەوە بکات کە با قورئانی پیرۆز لە یەك (مصحف) دا بنووسریٚتەوە لیژنەی شارەزای بۆ دابنریٚت نەوەك ئەم جیهادە هەموو حافزەکانی قورئانی پیرۆز لە ناوبەریٚت و بەشیٚك لە قورئانی پیرۆز نەمیٚنی ...

لە **(زید کوری ثابت)** — خوا لیٚ رازی بیٚت — دەگیٚریٚتەوە دەلیٚت :

((أَرْسَلَ إلَيَّ أبو بَكْرٍ مَقْتَلَ أهْلِ اليَمَامَةِ، فَإِذَا عُمَرُ بنُ الخَطَّابِ عِنْدَهُ، قالَ أبو بَكْرٍ رَضِيَ اللَّهُ عنْه: إنَّ عُمَرَ أتَانِي فَقالَ: إنَّ القَتْلَ قَدِ اسْتَحَرَّ يَومَ اليَمَامَةِ بقُرَّاءِ القُرْآنِ، وإنِّي أخْشَى أنْ يَسْتَحِرَّ القَتْلُ بالقُرَّاءِ بالمَوَاطِنِ، فَيَذْهَبَ كَثِيرٌ مِنَ القُرْآنِ، وإنِّي أرَى أنْ تَأْمُرَ بجَمْعِ القُرْآنِ، قُلتُ لِعُمَرَ: كيفَ تَفْعَلُ شيئًا لَمْ يَفْعَلْهُ رَسولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلَّمَ؟ قالَ عُمَرُ: هذا واللَّهِ خَيْرٌ، فَلَمْ يَزَلْ عُمَرُ يُرَاجِعُنِي حتَّى شَرَحَ اللَّهُ صَدْرِي لذلكَ، ورَأَيْتُ في ذلكَ الذي رَأَى عُمَرُ، قالَ زَيْدٌ: قالَ أبو بَكْرٍ: إنَّكَ رَجُلٌ شَابٌّ عَاقِلٌ لا نَتَّهِمُكَ، وقدْ كُنْتَ تَكْتُبُ الوَحْيَ لِرَسولِ اللَّهِ صلى الله عليه وسلَّمَ، فَتَتَبَّعِ القُرْآنَ فاجْمَعْهُ، فَوَاللَّهِ لو كَلَّفُونِي نَقْلَ جَبَلٍ مِنَ الجِبَالِ ما كانَ أثْقَلَ عَلَيَّ ممَّا أمَرَنِي به مِن جَمْعِ القُرْآنِ، قُلتُ: كيفَ تَفْعَلُونَ شيئًا لَمْ يَفْعَلْهُ رَسولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلَّمَ؟، قالَ: هو واللَّهِ خَيْرٌ، فَلَمْ يَزَلْ أبو بَكْرٍ يُرَاجِعُنِي حتَّى شَرَحَ اللَّهُ صَدْرِي لِلَّذِي شَرَحَ له صَدْرَ أبِي بَكْرٍ وعُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عنْهمَا، فَتَتَبَّعْتُ القُرْآنَ أجْمَعُهُ مِنَ العُسُبِ واللِّخَافِ، وصُدُورِ الرِّجَالِ، حتَّى وجَدْتُ آخِرَ سُورَةِ التَّوْبَةِ مع أبِي خُزَيْمَةَ الأنْصَارِيِّ لَمْ أجِدْهَا مع أحَدٍ غيرِهِ، {لَقَدْ جَاءَكُمْ رَسولٌ مِن أنْفُسِكُمْ عَزِيزٌ عليه ما عَنِتُّمْ} حتَّى خَاتِمَةِ بَرَاءَةَ، فَكَانَتِ الصُّحُفُ عِنْدَ أبِي بَكْرٍ حتَّى تَوَفَّاهُ اللَّهُ، ثُمَّ عِنْدَ عُمَرَ حَيَاتَهُ، ثُمَّ عِنْدَ حَفْصَةَ بنْتِ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عنْه)) . **صحيح البخاري برقم ٤٩٨٦.**

واتە : (ئەبو بکر) لەو رۆژانەی خەلٚکی لە یەمامە کوژان ناردی بە شویٚنم دا و رۆشتم ، جا دەبینم (عمری کوری خەتاب) ی لایە ، (ئەبو بکر) فەرمووی : لە ڕاستیدا (عمر) هاتووە بۆلام و دەلیٚ : بەڕاستی لە رۆژی یەمامەدا کوشتار زۆر بووە لە ناو قورئان خویٚناندا ، وە من دەترسم لە شویٚنەکانی تری جەنگدا کوشتن زۆر ببیٚ لە ناو قورئان خویٚناندا ، بەو هۆیە زۆریٚك لە قورئان بەفەوتیٚت وە نەمیٚنیٚ ، بۆیە من ڕام وایە فەرمان بکەیت بە کۆکردنەوەی قورئان ، منیش بە (عمر)م ووت : چۆن شتیٚك دەکەیت کە پیٚغەمبەر ﷺ نەیکردووە ..؟! (عمر)یش فەرمووی : وەللاهی ئەو (کۆکۆدنەوەیە) کاریٚکی چاکە ، جا بەردەوام (عمر) لەو بارەیەوە پیٚی دەوتمەوە ، تاخوا دلٚمی بۆ ئەو کار والاٚ کرد و پیٚی ڕازی بووم ، منیش ڕا و بۆچوونم وە (عمر) لیٚهات ، (زید) ووتی : (ئەبو بکر) فەرمووی : بەڕاستی تۆ کەسیٚکی گەنج و ژیری گومانمان لیٚت نییە (واتە کە درۆ بکەیت یان شتت لە بیر بچیٚت کە زیان بە قورئانەکە بگەیەنیٚت) ، پیٚشتر (وەحی) یان نیگات بۆ پیٚغەمبەری خوا ﷺ دەنووسیەوە ، کەواتە بگەریٚ بە شویٚت (ئایەت و سورەتەکانی) قورئاندا و کۆی بکەرەوە ، (زید) ووتی : سا سویٚند بە خوا ئەگەر داوای گواستنەوەی شاخیٚك لە شاخەکانیان لیٚ بکردمایە ، لەو فەرمانی پیٚکردم قورستر نەبوو بەلامەوە لە کۆکردنەوەی قورئان ، (زید) دەلیٚ ووتم : چۆن هەر دووکتان شتیٚك دەکەن کە پیٚغەمبەری خوا ﷺ نەیکردووە ..؟! (ئەبو بکر) ووتی : وللاهی ئەوە کاریٚکی چاکە جا بەردەوام لەو بارەیەوە پیٚی دەوتمەوە ، تا خوا دلٚمی بۆ ئەو کارە والاٚ کرد و پیٚی ڕازی بووم ، کە دلٚی (ئەبو بکر) و دلٚی (عمر) بۆ ویلاٚ کردبوو ، ئیتر منیش هەستام و گەڕام بە شویٚن (سورەت وئایەتەکانی) قورئاندا و کۆم دەرکردەوە لە پەلی دارخورما (لقی دار خورما کە گەلاٚکانی لیٚ کرابیٚتەوە و تەنك و ریٚکیان کردووە لەسەریان دەنووسیوە) و تەنك بەرد و سولٚەت و سنگی کەسەکان (قورئانیان لەبەر کردووە لە سنگیاندا) ، گەڕام تاکۆتایی سورەتی تەوبەم لای (حوزەیمەی ئەنصاری) دۆزیەوە جگە لە لای کەسی تر ئەو کۆتاییەی سورەتی تەوبەم نەدی : ({لَقَدْ جَاءَكُمْ رَسولٌ مِن أنْفُسِكُمْ عَزِيزٌ عليه ما عَنِتُّمْ} واتە : سویٚند بەخوا بەڕاستی پیٚغەمبەریٚکتان لە خۆتان بۆ هاتووە نارەحەتی و ناخۆشی ئیٚوە قورس و گرانە بەلایەوە ، وە زۆر سورە لەسەر باوەرهیٚنانتان) تاکۆتایی سورەتی بەرائەت ، وە ئەو پیست و شتانەی کە قورئانیان تیادا کۆکرابۆوە لای (ئەبو بکر) بوو تا وەفاتی کرد ، لە پاشان لای (عمر) بوو تا وەفاتی کرد لە پاشان لای (حەفصە کچی عمر) بوو — خوا لیٚیان رازی بیٚت - .

لەریوایەتەی **(زیدی کوری ثابت)** هەندیٚ شتی ورد هەیە جیٚگەی خۆیەتی ئاماژەیان پیٚ بدەین :

١ -بڕیاری کۆکردنەوەی قورئان لە ئەنجامی ئەوەوە هات کە قورئان خویٚن و حافزەکانی قورئان بە زۆری بەشداری جەنگیان ئەکردو لە ریٚزی یەکەمی جیهاد کردن دابوون ، مەترسی ئەوە دروست بوو بە نەمانی ئەوان هەندیٚ لە قورئان لە ناوبچیٚ ، ئەوەش وانەیەکە بۆ زانایان و رۆشنبیرانی نووسەرانی ئایینی ئیسلام و موسلمانان کە بەرزکردنەوەی ئالاٚی ئەم ئایینەیە کاری هەموو لایەکەو نابیٚ ئەوان خۆیانی لیٚ بدزنەوە ، بەلٚکو دەبیٚت بە هەموو تواناو هیٚزو عەقل و هزریٚکەوە بەرگری لەم پەیامە پیرۆزەی (خوای گەورە) بکەن لە دژی ناحەزانی یان دوژمنانی ئەم ئایینە پیرۆزە ..!!

٢ -بڕیاری کۆکردنەوەی قورئان با کاریٚك بیٚت پیٚغەمبەری خوا ﷺ نەشی کردبیٚ ، بەلاٚم مادام بەژەوەندییەکی تیٚدایە ئەو هاوەلٚە گەورانە پیٚی هەستان و ئەوە بووە داویش هەموو موسلمانان بەشدارییان کرد لەو کارە خیٚرەداو وەك سەروەیەك باسی دەکەن بۆ (عمر) وەکو پیٚشنیارەکەی بۆ (ئەبو بکر) وەکو بڕیاردەرەکەی بۆ (زید) وەکو دەست بەکارەکەی یان هەلٚسوریٚنەرو ، وە هاوەلاٚنی پیٚغەمبەری خوا ﷺ وەکو خەلٚکی تریش بەشدار لە کارە گەورەیە دا ..!!

٣ -بەلیٚ بیٚ گومان ئەم ریوایەتە ئەوە دەردەخات کە هاوەلاٚنی پیٚغەمبەری خوا ﷺ جیلیٚکی ناوازە و هەستیارو هۆشیار بوون ، لە لایەکەوە زۆر بە ترسەوە کە بڕیار لە کۆکردنەوەی قورئان ئەدەن و لە لایەکەوە خەمی فەوتانی قورئانیان هەیە ، کە سەرچاوەکەی وەرگرتنی بیرو ڕاو ڕەوشت و هەموو پرنسیپەکانی ژیانە لە لایەکی تریشەوە ئەو کارە ئەوەندە گەورەیە لایان گواستنەوەی کیٚویٚك ئاسانترە لەو کارە ، کەچی ناوی خوای لیٚدیٚنن و بڕیاری لەسەر ئەدەن ..!!

٤ -لەریوایەتەکەوە کە وادیارە ژینگەی خۆشەویستی و برایەتی و موسلمانیٚتی بە ئاشکرا دەردەکەویٚت کە کەس رای خۆی ناسەپیٚنیٚ بە سەر کەسدا و لە ریٚگەی گفتوگۆ بڕیار لە سەر مەسەلە چارەنووسەکاندا ئەدەن ، وە کە ڕاشیان دیٚتە سەر کارەکە هەموو بە دلٚ و بە گیان کاری بۆ دەکەن وەك ئەوەی هەر لە سەرتادا رایان لەسەر بوو بیٚت ..!!

٥ -لە ریوایەتەکە دەردەکەویٚت هەلبژاردنی (زید) بۆ ئەو کارە لە بەر زۆر هۆی گرنگ بووە ..!!

هۆکاری هەڵبژاردنی (زیدی کوری ثابت) بۆ کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز چەند هۆکارێکە لەوانە :

أ-چونکە (زید) پیاوێکی گەنج لاو بووە ، هەروەها بە هێزو بە تاقەت بووە و لە تەمەنی وزەو ووزەدا بووە ، هەر بۆیە تەمەنی (زید) ئەو کاتە (٢١) ساڵان بووە .

ب-(زید) کەسێکی شیاو بووە بۆ ئەو کارە ، چونکە خاوەنی ژیریەکی ناوازە بووە و توانای لەبەر کردن و بە دواداچوونی زۆر بووە ، تەنانەت کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەچێتە شاری (مەدینە) دوای لێ دەکات کە (زید) خۆی زمانی جوولەکە یان یهودی بکات ، (واتە : زمانی عبیری فێر ببێت) ، هەروەها (زید) هزو توانایەکی رادە بەدەری هەبووە توانیویەتی بە نزیکە (١٥رۆژ) فێری زمانی عیبری ببێت ..!! (زید) خۆی دەگێرێتەوە دەڵێت : کە پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە شاری (مەدینە) بردمیان بۆ خزمەتی زۆر سەری لێم سوڕما ..!! عەرزیان کرد : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمە یەکێکە لە کوڕانی (نەوەی نجار) بە نزیکەی (١٩) سورەتی قورئانی لەبەر کردووە تا ئێستا ..! پێغەمبەر ﷺ ئەوە سەرنجی راکێشاو فەرمووی : **"یا زید تعلم لي کتاب یهود فأني والله ما آمن یهود علی کتابي "**

واتە : (زید خۆت فێری نووسینی جوولەکە بکە بۆم ، چونکە سوێند بە خوا جوولەکە بە دەست پاك نازانم بۆ نامەکانم)، (زید) ئەڵێ : پازدە شەو تێنەپەری زۆر بە چاکی فێری نووسینی زمانەکەیان بووم ، هەر نامەیەکی ئەوان بهاتایە ئەم خوێندەوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ و هەر نامەیەکیشی ببوایە بۆ ئەوان بۆ دەنووسی . **ابن کثیر (البدایة والنهایة)** (٥/٢٧٠).

ج-**(زید)** پیاوێك بووە جێگای متمانە بووە و کەس قسەی لەسەر نەبووە و پەسەندی پێغەمبەری خوا ﷺ بووە ، بۆ کاریٚ واش هەر ئەو جۆرە پیاوانە ئەبێت تەرخان بکرێ بۆ دڵنیایی زیاتری هەڵك .

د-(زید) خاوەن ئەزموونێکیش بووە لەو مەیدانەدا یەکێك بووە لە نووسەرەکانی (وەحی) ، نەك هەر ئەوە ، بەڵکو (زید) بە (کاتب الوحی) یان (کاتب الرسول ﷺ) ئەناسرا لە ناو هاوەڵان لە سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ .

ه- لەسەرووی ئەوانەشەوە (زید) لە لایەکەوە هەموو قورئانی پیرۆزی لەبەر بوو ، لە لایەکی تریشەوە (مصحف) ێکی خۆی هەبوو ، کە زانایان ئەڵێن : بۆ کۆتا جار پێشانی پێغەمبەری خوا ﷺ داوە لەو ساڵەدا کە کۆچی دوایی کردووە . **إرشاد الساري** (٧/٤٤٩).

دروست کردنی لیژنەیەك لە لایەن (ئەبو بکر صدیق) بۆ کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز :

ئەوەبوو (ئەبو بکر) هەستا بە دروست کردنی لیژنەیەك لە پێشەوا (عمر کوری خەتاب) و **(زیدی کوري ثابت)** بۆ ئەم کارە بەرنامەیەکی وردی بۆ دانان دەربارەی چۆنێتی کارەکەیان : پیٚ فەرموون : لەبەردەم دەرگای مەزگەوتدا دابنیشن و هەر کەس هە ر قورئانێکی یان (مصحف)ێکی لابوو بە دوو مەرج لیٚ وەربگرن ، دوو مەرجەکەش ئەمانەی خوارەوەن :

یەکەم : بە نووسین هەبێت لای یەکێك .

دووەم : یەکێك لە بەری بێت .

(ئەبو داود) ی فەرمووده زان دەڵێت : "(عمر) –خوا لیٚ رازی بێت – رایگەیاند هەر کەسێك شتێکی لە قورئان لا هەیە و لە پێغەمبەری خوای ﷺ وەرگرتووە با بیهێنیٚ بۆ مان " **إرشاد الساري** (٧/٤٤٧). وە ژمارەیەك لە هاوەڵان دانران بۆ نووسینەوەی ئەو قورئانانە یان ئەو (موصحەفان) ، وە (ئوبەی کوری کعب) بۆی دەخوێندنەوە ئەوانیش ئەیانووسی . **إرشاد الساري** (٧/٤٤٩).

هەر (ئەبو داود) ی فەرمووده زان دەڵێت : **" و کان لا یقبل مت إحد شیئا حتی یشهد شاهیدان "** واتە : هیچیان لە کەس وەرنە دەگرت ئەگەر دوو شایەتی پێنەبوایە ..!!

(ئیبن ماجە) دەڵێت : **" المراد بالشاهدین : الحفظ والکتابة " . مباحث في علوم القران ، مناع القطان ص١٢٢. واتە** : مەبەست بە دوو شایەت ئەوەیە : ئەبێت لەبەری بێت بە نووسراوی لای هەبێت و تەنیا یەکێکیان بەس نییە ..!!

(زیدی کوری ثابت) – خوا لیٚ راز بێت – دەڵێت : " کۆتا ئایەتی سورەتی (التوبە) م تەنیا لای (ئەبی خوزیمە) دەست کەوت (واتە ك نووسراوی) . **إرشاد الساري** (٧/٤٤٧).

بەڵیٚ ئەم لیژنەیە بە نزیکەی دوو ساڵ خەریکی کۆکردنەوەی هەموو (مصحف)ە کان بوون کە لای خەڵکی هەبوون و گشتیان لە یەك (مصحف) دا کۆکردنەوەی قورئانە لەگەڵ سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ چەند شتێکە جیاوازە :

-لەسەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ ، هەر پارچەی لای یەکێك بووە و لە یەك (مصحف) دا کۆنەکراوەتەوە ..!!

-لەسەردەمی (ئەبو بکر صدیق) – خوا لیٚ رازی بێت – ، هەموو قورئان لە یەك (مصحف) دا کۆکراوەتەوە ..!!

-لە سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ ، قورئان بە ش بەش و پرش و بڵاوی هەبوو، واتە : هەبووە لە سورەتێك چەند ئایەتێکی لابووە ، یان لە قورئان چەند سورەتێکی لابووە کە ڕیزبەندی تێدا نەبوو ..!!

-لە سەردەمی (ئەبو بکر صدیق) = خوا لیٚ رازی بێت - ، هەمووی ڕیزبەندی کراوە و بەو شێوەیەی کە لە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ دا وەریانگرتووە نووسیویانەوە ، چونکە نووسینەوەو دانانی سورەتەکان و ئایەتەکان کارێکی تایبەتە بە پێغەمبەر ﷺ ئەویش بەو شێوەیە گەیاندوویەتی و دایناوە کە (خوای گەورە) فەرموویەتی . **عثمان بن عفان ، الصلابي ص٢٤٩.**

-جگە لە ئەمانەش ئەم کۆکردنەوەیە تەنیا قورئان تێدا نووسراوەتەوەو هیچ جۆرە تەفسیرێك لانەبووە ، کە لە سەردەمی پێغەمبەر دا ﷺ هەبووە لە گەل قورئاندا ، تەفسیریان نووسیوە بۆ زیاد تێگەیشتنی خۆی ..!!

-ئەم کۆکردنەوەیە ئەو پەری وردەکاری و مەرج و ئیحتیاتی تێدا کراوە و بە شێوەیەکی زانستی نووسراوەتەوە ، بەڵام ئەم حاڵەتە لە سەردەمی پێغەمبەر دا ﷺ بەو ووردییە نەبووە ..!!

-ئەم نووسنەوە تەنیا ئەو ئایەت و سورەتانەی تێدا نووسراوەتەوە کە (نەسخ) نەکراون ، کەلە سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەش رەچاو نەکراوە ..!!

-ئەم کۆکردنەوە (ئیجماعی ئوممەتی ئیسلامی) لە سەر دروست بوو ، بە پێچەوانەی ئەوانەی سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ کە زۆرتر کاری تاکە کەسی بووە ..!!

بەڵیٚ ئابەم شێوەیە قورئانی پیرۆز کۆکرایەوە لە سەردەمی (ئەبو بکر صدیق) – خوا لیٚ رازی بێت – لە سورەتی (الفاتحه) تاکو سورەتی (الناس) کۆکرایەوە هەمووی خرایە نێوان دوو بەرگەوە و تەسلیم بە (ئەبو بکر صدیق) کراو لای ئەو مایەوە تا کۆچی دوایی کرد و پاشان لای (عمری کوری خەتاب)- خوا لیٚ رازی بێت – مایەوە تاکو ئەویش کۆچی دوایی کرد و پاشان خرایە لای (حەفصەی کچی عمری کوری خەتاب) دایکی ئیمانداران – خوا لیٚ رازی بێت – ، بەڵیٚ ئەو پێشەوا بەرێزانە لە دڵە خرپەی فەوتانی قورئان کەوتن و هاوەڵانیش هەستیان ئەکرد قورئان یە گشتی و بە نووسراوی تەواوی هەیە بەو شێوەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە خواوە بۆی هاتووە ، بیٚ خەم بوون و ئاسوودەییدا ئەژیان ...

سێ یەم قوناغی سەردەمی (عوسمانی کوڕی عەففان) — خوا لێ رازی بێت —

بەلێ سەردەمی پێشەوا (عوسمان) دەست پێ دەکات بە کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆ ، بەڵام لە سەردەمی پێشەوا (ئەبو بکر صدیق) هیچ ترسێکی لەسەر نەمابوو بە کۆکردنەوەی لە لایەن (ئەبو بکر) ، هەروەها پێشەوا (عمری کوری خەتاب) یاسایەکی دەرهێنابوو کە کورتەکەی ئەمەیە " رێگە بە هیچ گەورە هاوەڵانی کۆچەکەر نادرێ کە شاری (مەدینە) بجێبهێلێ بچێتە ولاتێکی تر بە پرس و راوێژ نەبێت و بۆ کاتێکی دریار کراویش نەبێ " پاش ئەوەی پێشەوا (عمری کوری خەتاب) کۆچی دوایی کرد و فتوحاتی سوپای ئیسلام تا دەهات زیادی ئەکرد ، لەو کاتەدا پێویست بوو گەورە هاوەڵان بچن بۆ ئەو ولاٌتانەی کە فتوحاتی سوپای ئیسلامی گەیشت بووێ بۆ فێرکردن و پەروەردەکردنی خەڵك ، ئەوە بوو هەر هاوەڵێك کەوتنە ولاتێك و خەڵکی ئەو ولاٌتانە بە پێی شێوازی ئەو هاوەڵانە قورئانیان ئە خوێند و خوێندنەوەکانیش لە هەندێ شوێندا جیاوازی هەبوو ، ئەوە بوو شاری (دیمەشق) بە پێی خوێندنەوەی (میقدادی کوڕی ئەسود) ، وە هەروەها شاری (کوفە) بە پێی خوێندنەوەی (عبداللەی کوڕی مسعود) ، وە شاری (بەصرە) بەپێی خوێندنەوەی (ئەبو موسی ئەشعەری) ، وە زۆرێك لە خەڵکی (شامیش) بە پێی خوێندنەوەی (ئوبەی کوری کعب) قورئانیان ئە خوێندەوەو ، هەر لە بەر ئەمە قورئانیش بە حەوت جۆر خوێندنەوە دەتوانرا بخوێنرێتەوە جیاوازییەکی زۆر کەوتە ناو موسڵمانان و بووە هۆی کێشەیەکی گەورە بۆ نموونە :

- ❖ -بە پێی (ئیعراب) کلمە یان ووشەیەك جارێ بە (مرفوع) جارێ بە (منصوب) ئەخوێنرایەوە قال تعالی: ﴿فَتَلَقَّىٰٓ ءَادَمُ مِن رَّبِّهِۦ كَلِمَـٰتٍ﴾[البَقَرَة: ٣٧] ووشەی ﴿ءَادَمُ﴾ لە یەکەمدا (فاعلە) و لە دووەمدا (مغفول بە) یە .
- ❖ - بە پێی پێش و پاش خستنی هەندێ ووشە بۆ نموونە : **(فیقتلون ویقتلون)** بە هەردوو شێوە ئەخوێندرێنرایەوە و ئەمیان پێش ئەویان ئەخراو ئەویان پێش ئەمیان ئەخراو بەو شێوەیەش دوو مانای دروست ئەبوو ، بۆ نموونە : (وُيقْتلُون فَيَقْتُلُون) واتە : کە خۆیان ئەکوژرێن و راستەخۆ ئەبنە هۆی کوشتنی خەڵکی ماناکەی تریان (فَيَقْتُلُون ويُقتلُون) **واتە** : خەڵك ئەکوژن و خۆشیان ئەکوژرێن .
- ❖ - بەپێی صیغەکانی (تاك) و (جووت) و (کۆ) ئەخوێنرێتەوە بۆنموونە : (أمانتهم) **کە بە** (أماناتهم) **یش** ئەخوێنرێتەوە .

بەپێی ریوایەتەکان دوو رووداو زیاتر فشاری خستە سەر موسڵمانان کە چارەسەرێك بۆ کێشەی خوێندنەوەکان بدۆزرێتەوە :

رووداوی یەکەم : **ئیمامي (طبري)** — رەحمەتی خوای لێ بێت — دەلێت : " لە کاتی خیلافەتی (عوسمان) دا مامۆستایەك بە پێی خوێندنەوەی یەکێك قوتابیەکانی فێر دەکردو مامۆستایەکی تر بە پێی خوێندنەوەی یەکێکی تر ، کە ئەم قوتابییانە ئەگەیشتنە یەکتری بەبووە گفتو وگۆ و موناقەشەیان و ئەم موناقەشەیەش بەرز ئەبوویەوە بۆ مامۆستاکان ، (ئەیوب) یەکێکە لە راویەکانی ئەم ریوایەتە دەلێت : وام بیستووە کە هەندێکیان نکوڵییان لە خوێندنەوەی ئەوی تر ئەکرد ..هەندێ کەسی نیاز خراپ هەیە .. ئەلێن : " هەندێ ئەوی تریان بە کافر ئەزانی " ریوایەتەکە وا نالێ ، بە ڵکو ئەلێ : " **حتی کفر بعضهم بقراءة البعض** " واتە : نکوڵی کردن لە خوێندنەوەی ئەو وحساب ئەکردن بۆی ، ئیتر کوا بلێ : **(کفر بعضهم بعضا)** بۆ نموونە .. ئەم کێشانە گەیشتە پێشەوای ئیمانداران (عوسمانی کوڕی عەفان) ئەویش چووە سەر مێنبەر وتارێکی دا بۆ موسڵمانان و فەرمووی : " ئێوە لەم خزم و نزیکانەی مندا وا جیاوازن و هەریەکەی بە شێوەیەك قورئان دەخوێنن ، ئەی ئەبێ ئەو خەڵکە دوورە دەستە چەندێك جیاوازییان زۆرو توند بێت ، ئەی هاوەڵەکانی پێغەمبەری خوا ❐ تکایە کۆببنەوەو با (پێشەوا) یەك بۆ هەموو خەڵکی بنووسین " . تفسیری **(طبری)** (١/٦١–٦٢).

رووداوی دووەم : (ئەنسی کوڕی مالك) — خوا لێ رازی بێت — دەڵێت : " (حوزەیفەی کوڕی یەمان) کە بەشداری فتح کردنی (ئەرمینیا) کرد کە هەردوو وسوپای عێراق و شام تێیدا بە شدار بوون ، (حوزەیفە) قورئان خوێندنەوەی هەر دوو لا ترساندی و خۆی گەیاندە (عوسمان) عەرزی کرد ، ئەی ئەمیری ئیمانداران ..!! فریای ئەم ئوممەتە بکەوە تا وەك " یهود و نصاری " جیاوازییان لە پەیامەکەی (خوای گەورە) دار بۆ دروست نەبووە ، (عوسمان)یش خێرا ناردی بۆ لای (حەفصە) و داوای کرد (مصحف)ە ی کە لایەتی بۆ می بنێرێ یان چەند (مصحف) ێکی تری لەبەر بگرینەوەو پاشان ئەینێرینەوە بۆی ، (حەفصە)ش ناردی بۆیان و (عوسمان)یش فەرمانی کرد بە **(زید کوری ثابت)** و **(عبداللە کوری زبیر)** و **(سعدی کوری وقاص)** و **(عبدالرحمانی کوری حارث کوری هشام)** دەست پە نووسینەوە بکەن و پێی فەرموون : لە هەر ئایەتێکدا جیاوازی کەوتە نێوانتان لە سەر چۆنیەتی نووسینەکە ئەوە بڕیار بدەن بە زمانی قورەیش بینووسنەوە ، چونکە ئەم قورئانە بە زمانی ئەوان دابەزیوە ، ئەوانیش وایان کرد " . **مباحث في علوم القرآن ، مناع القطان ص** ١٢٥.

هەروەها بە پێی ریوایەتەکان دوای ئەم دوو رووداوە پێشەوای ئیمانداران (عوسمان) راوێژ بە هاوەلە بەرێزەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکات ، لە هەموو توێژەکان وەکو کۆچکەران و ئەنصارەکان و کۆمەلێك لە گەورە پیاوانی هاوەلان لە سەرووی هەموویانەوە (علی کوری ئەبی تالیب) — خوا لێ رازی بێت ، بەلێ (عوسمان) ئەم کێشەیە ئەخاتە بەردەم نوخبەی ئەم ئوممەتە ئیسلامیەو ئەوانیش ئەویش رای ئەمیان بۆ دەرئەکەوێت ، ئەوە بوو (عوسمان) ڕای ئەوە دەدات کە (مصحف)ێکی ئیمام بۆ خەڵکی بنووسرێ پاش ئەم راوێژە ئەوان رازیبوونی بۆ ڕاکە دەرئەبڕن و ئەلێن : **(نعم ما رأيت) واتە** : ئەمە باشترین ڕایە .. عوسمان بن عفان الصلابی (٢٥١-٢٥٢).

بەلێ دوای ئەوە پێشەوای ئیمانداران (عوسمان) لیژنەیەکی (١٢) کەسی دانا بۆ ئەم کارە کە چوار قورئان خوێنە ناودارەکەی تێدا بوو لەوانە : **(زیدی کوری ثابت)** و **(عبداللە کوری زوبیر)** و**(سعدی کوری وقاص)** و**(عبدالرحمان کوری حارث کوری هشام)** .

بەڵام لە ریوایەتەکە ئەلێ : ئەم هاوەلانەشی تێدا بووە لە لیژنەکە لەوانە : (ئوبەی کوری کعب) و (موصعەبی کوری سعد) و (مالك کوری ئەبی عامیر) و **(کثیري کوری مفلح)** و **(ئە نسی کوری مالك)** و **(عبداللە کوری عباس)** لەم لیژنەکە دابووە . إرشاد الساری (٧/٤٤٩) .

لە ریوایەتێکی تر دا هاتووە پێشەوا (عوسمان) لە درێژەی راوێژەکانیدا پرسی : کێ لە هەموو کەس نووسەرترە ..؟! ووتیان : **(زیدی کوری ثابت)** نووسەرەکەی پێغەمبەریخوا ❐ ، دواتر پرسی : کێ زۆر عەرەبیزانە ..؟! ووتیان : (سعدی کوری عاص) ئینجا (عوسمان) فەرمووی : دەی با (سعد) قورئانەکە بخوێنێتەوە و (زید)یش بینووسێت . إرشاد الساری (٧/٤٤٩) .

لە (جامع البیان) دا هاتووە (ابو سعید) (هانئی دیمەشقی مەولای (عوسمانی کوڕی عەففان)بوو ئەلێت : **" کنت عند عثمان وهم يعرضون المصاحف ، فأرسلني بكتف شاة إلى أبي ابن كعب فيها (لم يسنّ) و (فأمهل الكافرين) و (لا تبديل للحق) قال : بداوة فما احدی اللامين وكتب (لا تبديل لخق الله) ومحا (فأمهل) وكتب (فمهل الكافرين) وكتب (لم يتسنه ألحق فيها الهاء) . جامع البيان ، الطبري** (٣/٣٨). بە پێی ئەم ریوایەتە بێت ئیمانی (عوسمان) ئەم (ابو سعید)ی بۆ ئەوە داناوە لە نێوان خۆی و لیژنەکەدا تا رێنووسی قورەیش لە نووسینەوەی قورئاندا رە چاو بکەن بۆ هەر ووشەیەك کە یەك ڕا نین لە نووسینەکەیدا ...



له ریوایەتی ئیمامی (البخاری) داهاتوو (ئەنسی کوری مالك) — خوا لیّ رازی بیّت — دەگیّریّتەوە دەلیّت :

((أَنَّ حُذَيْفَةَ بنَ اليَمَانِ قَدِمَ علَى عُثْمَانَ، وكانَ يُغَازِي أهْلَ الشَّأْمِ في فَتْحِ أرْمِينِيَةَ وأَذْرَبِيجَانَ مع أهْلِ العِرَاقِ، فأفْزَعَ حُذَيْفَةَ اخْتِلَافُهُمْ في القِرَاءَةِ، فَقالَ حُذَيْفَةُ لِعُثْمَانَ: يا أمِيرَ المُؤْمِنِينَ، أدْرِكْ هذِه الأُمَّةَ قَبْلَ أنْ يَخْتَلِفُوا في الكِتَابِ اخْتِلَافَ اليَهُودِ والنَّصَارَى، فأرْسَلَ عُثْمَانُ إلى حَفْصَةَ: أنْ أرْسِلِي إلَيْنَا بالصُّحُفِ نَنْسَخُهَا في المَصَاحِفِ، ثُمَّ نَرُدُّهَا إلَيْكِ، فأرْسَلَتْ بهَا حَفْصَةُ إلى عُثْمَانَ، فأمَرَ زَيْدَ بنَ ثَابِتٍ، وعَبْدَ اللَّهِ بنَ الزُّبَيْرِ، وسَعِيدَ بنَ العَاصِ، وعَبْدَ الرَّحْمَنِ بنَ الحَارِثِ بنِ هِشَامٍ، فَنَسَخُوهَا في المَصَاحِفِ، وقالَ عُثْمَانُ لِلرَّهْطِ القُرَشِيِّينَ الثَّلَاثَةِ: إذَا اخْتَلَفْتُمْ أنتُمْ وزَيْدُ بنُ ثَابِتٍ في شَيءٍ مِنَ القُرْآنِ، فَاكْتُبُوهُ بلِسَانِ قُرَيْشٍ؛ فإنَّما نَزَلَ بلِسَانِهِمْ. فَفَعَلُوا، حتَّى إذَا نَسَخُوا الصُّحُفَ في المَصَاحِفِ، رَدَّ عُثْمَانُ الصُّحُفَ إلى حَفْصَةَ، وأَرْسَلَ إلى كُلِّ أُفُقٍ بمُصْحَفٍ ممَّا نَسَخُوا، وأَمَرَ بما سِوَاهُ مِنَ القُرْآنِ في كُلِّ صَحِيفَةٍ أوْ مُصْحَفٍ أنْ يُحْرَقَ)). صحيح البخارى برقم (٤٩٨٧).

واته : (حوزەیفەی کوڕی یەمان) هات بۆ لای (عوسمان) — خوا لیّ رازی بیّت — وە (حوزەیفە) خەڵکی شامی ئامادە دەکر کە (کۆببنەوە) لە گە ڵ خەڵکی عیّراقدا بۆ فتح کردنی (ئیرمینیا) و (ئەزەربیجان) ئینجا (حوزەیفە) زۆر ترسا لە جیاوازیان ، لە قورئان خویّندندا ، بۆیە (حوزەیفە) — خوا لیّ رازی بیّت - بە (عوسمانی) ووت : ئەی پیّشەوای ئیمانداران فریای ئەم ئوممەتە بکەوە پیّش ئەوەی لە قورئاندا جیاوازییان تیّبکەویّت ، وە جیاوازی جوولەکە و گاورەکان ، جا (عوسمان) ناردی بۆ لای (حەفصە) — خوا لیّ رازی بیّت - ، ئەو (مصحف) قورئانەمان بۆ بنیّرە چەند قورئانیّکی لەبەر دەنووسینەوە لە پاشان (مصحف) کەت بۆ دەگیّرینەوە ، (حەفصە)ش (مصحف) ە کەی نارد بۆ (عوسمان) ، ئینجا (عوسمان) فەرمانی کرد بە **(زید کوری ثابت)** و **(عبدالله کوری زبیر) و (سعدی کوری وقاص)** و **(عبدالرحمانی کوری حارث کوری هشام)** ئەوانیش چەند قورئانیّکیان لەبەر نووسیەوە یان کۆپی کرد ، وە (عوسمان) ووتی : بە سیّ کەسە قورەیشی یەکە : ئەگەر ئیّوە و **(زید کوری ثابت)** لە هەر شتیّکی قورئاندا ڕاتان جیابووە ، ئەوە ووشە جیاوازە بە زمانی قەرەیش بنووسن ، چونکە بیّگومان (قورئان) بە زمانی ئەوان (قورەیش) دابەزیوە ، ئەوانیش (نووسەرەکان) بەو جۆرەیان کرد کە (عوسمان) فەرمانی کرد (عوسمان) (مصحف)ە کەی گیّرایەوە بۆ (حەفصە) — خوا لیّ رازی بیّت - ، لەو قورئانەنەی نووسیانەوە بۆ هەر لا و شاریّك قورئانیّکی نارد ، وە فەرمانی کرد بە هەرچی قورئانی تر هەیە لە (مصحف) ە کانی تردا بوو کە بسوتیّنریّت ...

بەلیّ زانایان بۆ ژمارەی ئەو قورئانانەی یان ئەو (مصحفانەی) کە (عوسمان) لە (مصحف)ە کەی (حەفصە) — خوا لیّ رازی بیّت — گرتییەوە یان نوسیەوە ویان نسخەی لیّ کۆپی کرد وە چەند ڕایەکیان هەیە : هەندیّ دەلیّن : چوار قورئانی لەبەر گرتەوە ویان کۆپی کردووە ، ئەمەیان ڕای زۆربەی زانایانی لەسەرە ، هەندیّ دەلیّن : پیّنچ قورئان ، هەندیّ دەلیّن : شەش قورئان ، هەندیّ دەلیّن : حەوت ،هەندیّ دەلیّن : هەشت قورئانی لیّ گرتووە یان نسخەی لیّ کۆپی کردووە .. بەلاّم ئەو ڕایەی کە زۆر بەهیّزە چوار قورئانەکەیە ویان (مصحف)ە کە ، دەلیّن : یەکیّکیان لە شاری (مەدینە) گل دایەوە ، یەکیّکی تر نارد بۆ ولاتی (شام) یەکیّکی تریش نارد بۆ ولاتی عیّراق شاری (کوفە) و (بەصرە) ، یەکیّکی تریش بۆ شاری (مککە) ، هەروەها بۆ ئەوانەی کە باسکران هەشت نسخەی لیّ وەرگیراوە ریوایەتەکان باسیان کردووە ، ئەلیّن : بۆ هەر وەلاتیّك (مصحفە) یان قورئانیّکی رەوانە کردووە ، بۆ ئەم ولاتانە وەکو (بەحرین) و (یەمەن) ، هەلّبەت بۆ هەر شویّنیّك قورئانیّکی ئەنارد کەسیّکی شارەزای یان مامۆستایەکی لە گەلّدا ئەنارد بۆ خەڵکەی بۆ ئەوی فیّری چۆنیّتی خویّندنەوەکەی بکات و بۆیان روون بکاتەوە چەند گریمانە هەلّدەگریّ بۆ خویّندنەوە ..

بەلیّ (خوای گەورە) قورئانەکەی ناردووە بۆ پیّغەمبەری خوا ﷺ هەر خۆشی ئەی پاریّزیت هەروەکو دەفەرموویّت : قال تعالى: ﴿إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ٩﴾ [الحِجر: ٩] واته : { خوای گەورە خۆی قورئان دەپاریّزیّت} [إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ] خوای گەورە ئەفەرمووێ: ئێمە خۆمان قورئانی پیرۆزمان دابەزاندووە لە ڕێگای جبریلەوە (کە سوننەتیش دەگرێتەوە) [وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ (٩)] وە هەر ئێمە خۆیشمان ئەیپارێزین و کەس ناتوانێ دەستکاری بکات و زیادو کەمی لێ بکات یان گۆڕانکاری لێ بکات تا ڕۆژی قیامەت...

بە ئیجتهاد و کۆشش کردن بۆ ئەوەی هەرچی ئاوازی جوان هەیە بیخەت خزمەتی قورئان تا هەمیشە لە سەر زمانی خەڵکی بیّت ، ئەوە تا عیّراقییەکان بە ئاوازیّك دەخویّنن میصرییەکان بە ئاوازیّك و سعودییەکان بە ئاوازیّك و ولاّتانی ڕۆژئاوای عەرەبی وەکو جیزائیر و تونس و مەغریب بە ئاوازیّك ، وە ولاّتانی پشتی رووبارەکە وەکو خۆرەسان بە ئاوازیّك ، وە هەتا دونیا دونیایە قورئان بەردەوام لە دلّ و میّشك و سنگەکاندا دەمیّنیّ حزوری هیە و مایە شانازی و پشووی دەرونیشە و لە چاپخانە و بەردەستی نووسەرانیش بە هەمان شیّوە حزوری هەیە خزمەتی دیّرو لاپەڕەو ڕازاندنەوەی پەڕەکانی ئەکریّت ، کە ئەوانە هەموویان هیدایەتیّکی خواییە و هیچی تر ...

بەلیّ بیّ گومان (خوای گەورە) کتیّبەکانی تری ئاسمانی جگە لە قورئانی پیرۆز ، وەکو (تەورات و ئینجیل و زەبور) بە پیّغەمبەرانی پیّشووی سپارد بە خەڵکەکە خۆی وە بە تایبەتی زاناکانیان ، ئەوەبوو ئەوان نەیاتوانی بیپاریّزن و خەلکی لە بەر هۆکاری کەم ئاییبنی و یان لە بەر نەفامی و وەیان لەبەر دونیا ویستیان نەیانتوانی کتیّبەکانیان بپاریّزن و پریان کرد لە ئەفسانە و قسەی نارەواو لادان و ویست ئارەزووەکانی خۆیان وەکو (خوای گەورە) دەفەرموویّت : قال تعالى: ﴿ ۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ لَا يَحۡزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡكُفۡرِ مِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَلَمۡ تُؤۡمِن قُلُوبُهُمۡۛ وَمِنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْۛ سَمَّٰعُونَ لِلۡكَذِبِ سَمَّٰعُونَ لِقَوۡمٍ ءَاخَرِينَ لَمۡ يَأۡتُوكَۖ يُحَرِّفُونَ ٱلۡكَلِمَ مِنۢ بَعۡدِ مَوَاضِعِهِۦۖ يَقُولُونَ إِنۡ أُوتِيتُمۡ هَٰذَا فَخُذُوهُ وَإِن لَّمۡ تُؤۡتَوۡهُ فَٱحۡذَرُواْۚ وَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ فِتۡنَتَهُۥ فَلَن تَمۡلِكَ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ شَيۡـًٔاۚ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَمۡ يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمۡۚ لَهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا خِزۡيٞۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٞ ٤١ سَمَّٰعُونَ لِلۡكَذِبِ أَكَّٰلُونَ لِلسُّحۡتِۚ فَإِن جَآءُوكَ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُمۡ أَوۡ أَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡۖ وَإِن تُعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ فَلَن يَضُرُّوكَ شَيۡـٔٗاۖ وَإِنۡ حَكَمۡتَ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِٱلۡقِسۡطِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ ٤٢﴾ [المَائِدَة: ٤١-٤٢] واته : { گوێ نەگرتن لە درۆ} [يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ لَا يَحْزُنْكَ الَّذِينَ يُسَارِعُونَ فِي الْكُفْرِ مِنَ الَّذِينَ قَالُوا آمَنَّا بِأَفْوَاهِهِمْ وَلَمْ تُؤْمِنْ قُلُوبُهُمْ] ئەی پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - خەفەت لەو کەسانە نەخۆی کە پەلە ئەکەن لە کافر بوون و کافر ئەبنەوە لەوانەی کە بەدەم وتیان: ئێمە ئیمانمان هێناوە بەڵام بەدڵ ئیمانیان نەهێنا بوو کە مونافیقان بوون [وَمِنَ الَّذِينَ هَادُوا سَمَّاعُونَ لِلْكَذِبِ] وە خەفەت لە جوولەکەکانیش نەخۆی کە گوێ بۆ درۆی گەورەکانیان ئەگرن ئەوانەی کە دەستکاری تەورات ئەکەن [سَمَّاعُونَ لِقَوْمٍ آخَرِينَ لَمْ يَأْتُوكَ] وە گوێ لە کەسانێکی تریش ئەگرن ئەوانەی کە خۆیان نایەن لە مەجلیسی تۆدا دانیشن لە تەکەبورو لووتبەرزیدا [يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ مِنْ بَعْدِ مَوَاضِعِهِ] دەستکاری تەورات ئەکەن کە وتە و فەرموودەی خوای گەورەیە، وە لە شوێنەکانی خۆی ئەیگۆڕن وەکو ئایەتی ڕەجم کە دەستکاریان کردبوو [يَقُولُونَ إِنْ أُوتِيتُمْ هَذَا فَخُذُوهُ] ئەم ئایەتە لەسەر ئەو دوو جولەکەیە دابەزی کە زینایان کرد بوو ئەیانووت: ئەگەر هاتوو محمد- صلى الله عليه وسلم - بڕیاری دا بە سەد جەڵدە ئەوە وەری بگرن وە ئیشی پێ بکەن [وَإِنْ لَمْ تُؤْتَوْهُ فَاحْذَرُوا] وە ئەگەر وانەبوو وە بڕیاری ڕەجم کردنی دا ئەوە وەری مەگرن و کاری پێ مەکەن، پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: لە تەوراتدا چی باسکراوە؟ وتیان ئابڕویان دەبەین و جەڵدەیان لێ دەدەین، (عبدالله¬ی کوڕی سەلام) فەرمووی: درۆتان کرد بەڵکو ڕەجم کردنە، تەورات بێنن، هێنایان وخوێندیانەوە یەکێکیان دەستی خستبووە سەر ئایەتی ڕەجمەکە پێش و پاشیان خوێندەوە، (عبدالله) فەرمووی دەستت لاببە، دەستی لابرد ئایەتی ڕەجمەکە دەرکەوت وتیان ڕاستتکرد ئەی محمد دەبێت ڕەجم بکرێن و پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - بڕیاری دا ڕەجم کران [وَمَنْ يُرِدِ اللَّهُ فِتْنَتَهُ] وە هەر کەسێك خوای گەورە بیەوێ گومڕای بکات کە شایەنی هیدایەت نەبێ [فَلَنْ تَمْلِكَ لَهُ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا] ئەوا تۆ موڵکی هیچ شتێکت نیە لای خوای گەورەو ناتوانی هیچ شتێکی بۆ بکەیت، یان سزای خوای گەورەی لەسەر بگەڕێنیتەوە [أُولَئِكَ الَّذِينَ لَمْ يُرِدِ اللَّهُ أَنْ يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمْ] ئەمانە خوای گەورە نەیوویست دڵیان پاك بکاتەوە لە کوفرو شیرك و نیفاق هەروەکو چۆن دڵی صەحابە باوەڕدارەکانی پاك کردەوە [لَهُمْ فِي الدُّنْيَا خِزْيٌ] ئەمانە لە دونیادا خوای گەورە سەرشۆڕیان ئەکات [وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ (٤١)] لە ڕۆژی قیامەتیش خوای گەورە سزایەکی زۆر گەورەی بۆ داناون..!! [سَمَّاعُونَ لِلْكَذِبِ] ئەمانە دیسان گوێ ئەگرن لە درۆی گەورەکانیان [أَكَّالُونَ لِلسُّحْتِ] وە ماڵی حەرام ئەخۆن ئەوەی کە بە ڕەشوەو بەرتیل بێ یان هەر جۆرە حەرامێك بێت لێی ناگەڕێنەوە [فَإِنْ جَاءُوكَ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ] ئەگەر ئەمانە ئەهلی کتاب هاتن بۆ لات ئەی پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - ئەوا تۆ حوکم و بڕیار بدە لە نێوانیاندا بە قورئانی پیرۆز [أَوْ أَعْرِضْ عَنْهُمْ] یان پشتیان تێبکەو خۆت سەرپشکی ئایا بڕیار دەدەی لە نێوانیاندا یاخود ئەیانگەڕێنیتەوە [وَإِنْ تُعْرِضْ عَنْهُمْ فَلَنْ يَضُرُّوكَ شَيْئًا] وە ئەگەر پشتیان تێ بکەی ئەوان هیچ زیانێك بەتۆ ناگەیەنن...

(ابن عباس) دەفەرمێت: ئەم ئایەتە مەنسوخەو خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - كردووە كە حوكم و بڕیار لەنێوانیاندا بدات بە قورئانی پیرۆز [وَإِنْ حَكَمْتَ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِالْقِسْطِ] ئەگەر پیاوێك لە بەنی قورەیزە پیاوێكی لە (بەنی نەزیر) بكوشتایە ئەوا دەیانكوشتەوە، بەڵام پیاوێك لە (بەنی نەزیر) پیاوێكی بكوشتایە لە (بەنی قورەیزە) ئەوا بە (سەد وەسق، كە دەكاتە شەش سەد صاع) خورما ئازادیان دەكردو لێی خۆش دەبوون، كاتێك كە خوای گەورە پێغەمبەری- صلى الله عليه وسلم - نارد پیاوێك لە بەنی نەزیر پیاوێكی لە بەنی قورەیزە كوشت وتیان بماندەنێ دەیكوژینەوە، ئەوانیش وتیان با پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - بڕیار بدات لە نێوانماندا، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: ئەگەر حوكمت لە نێوانیاندا كرد ئەوە بە دادپەروەری حوكم بكە لە نێوانیاندا بەو قورئانەی كە خوای گەورە دایبەزاندووە بۆت (دادپەروەری ئەوەیە كە دەبێت بكوژرێتەوە) [إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ (٤٢)] بە دڵنیایی خوای گەورە ئەو كەسانەی خۆش ئەوێ كە دادپەروەرن [وَكَيْفَ يُحَكِّمُونَكَ وَعِنْدَهُمُ التَّوْرَاةُ فِيهَا حُكْمُ اللَّهِ] ئەی محمد- صلى الله عليه وسلم - چۆن ئەوان تۆ ئەكەنە حەكەم و دادوەرو حوكم بۆ لای تۆ دێنن لە كاتێكدا خۆیان تەوراتیان بۆ هاتووە كە تەوراتیش حوكمی خوای گەورەی تیایە، واتە: لە تەوراتیشدا هەمان حوكمە كە ئەگەر ژن و پیاو لە دوای زەواجێكی شەرعی زینایان كرد ڕەجم دەكرێن...

هەروەها (خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿وَكَيْفَ يُحَكِّمُونَكَ وَعِندَهُمُ ٱلتَّوْرَىٰةُ فِيهَا حُكْمُ ٱللَّهِ ثُمَّ يَتَوَلَّوْنَ مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ ۚ وَمَآ أُو۟لَـٰٓئِكَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٤٣﴾ إِنَّآ أَنزَلْنَا ٱلتَّوْرَىٰةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ ۚ يَحْكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسْلَمُوا۟ لِلَّذِينَ هَادُوا۟ وَٱلرَّبَّـٰنِيُّونَ وَٱلْأَحْبَارُ بِمَا ٱسْتُحْفِظُوا۟ مِن كِتَـٰبِ ٱللَّهِ وَكَانُوا۟ عَلَيْهِ شُهَدَآءَ ۚ فَلَا تَخْشَوُا۟ ٱلنَّاسَ وَٱخْشَوْنِ وَلَا تَشْتَرُوا۟ بِـَٔايَـٰتِى ثَمَنًا قَلِيلًا ۚ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَـٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾﴾[المائدة : ٤٣ - ٤٤] واتە : [ثُمَّ يَتَوَلَّوْنَ مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ] لە دوای ئەوە پشت هەڵئەكەن لە حوكمەكەی خوای گەورەو ئەیگۆڕن [وَمَا أُولَئِكَ بِالْمُؤْمِنِينَ (٤٣)] ئەوان بەڕاستی ئیماندار نین..!! [إِنَّا أَنْزَلْنَا التَّوْرَاةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ] ئێمە تەوراتمان دابەزاندووە كە هیدایەت و نوورو ڕووناكی تیا بووە پێش ئەوەی كە قورئان دابەزێ، وە موژدەی هاتنی تیا بووە بە پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - وە پێویستە شوێنی بكەون [يَحْكُمُ بِهَا النَّبِيُّونَ الَّذِينَ أَسْلَمُوا] كۆمەڵێك پێغەمبەر لە دوای موسا هاتن حوكمیان بە تەورات ئەكردو لەسەر ئەو شەریعەتە ئەڕۆیشتن ئەو پێغەمبەرانەی كە موسڵمان بوونەو خۆیان تەسلیمی خوای گەورە كردووە كە ئەمیش لووتشكاندنی جوولەكەی تیایە كە پێغەمبەرانی ئەوانیش لەسەر دینی ئیسلام بوونە جوولەكە و گاور نەبوونە بەڵكو هەموویان موسڵمان بوونە [لِلَّذِينَ هَادُوا وَالرَّبَّانِيُّونَ وَالْأَحْبَارُ] وە پێغەمبەری ئەو كەسانە بوونە كە یەهودی بوونە وە ئەوانەی كە ڕەبانی بوونە واتە: زاناخواپەرست و كاركەرو فێركارەكان، وە زانا گەورەكان كە خەڵكی شوێنیان دەكەون [بِمَا اسْتُحْفِظُوا مِنْ كِتَابِ اللَّهِ] كە فەرمانیان پێكرابوو لەلایەن پێغەمبەرانیانەوە كە كتابی خوای گەورە بپارێزن و ئاشكرای بكەن و نەیشارنەوەو كاری پێبكەن و خەڵكی فێر بكەن وە دەستكاری نەكەن و نەیگۆڕن [وَكَانُوا عَلَيْهِ شُهَدَاءَ] وە ئەوانیش شایەت و چاودێر بوون بەسەر ئەو كتێبانەوە بۆ ئەوەی كە نەگۆڕدرێ و دەستكاری نەكرێت [فَلَا تَخْشَوُا النَّاسَ وَاخْشَوْنِ] ئەی زانایان ئێوە لە خەڵكی مەترسێن و بەتاك و تەنها لە من بترسێن [وَلَا تَشْتَرُوا بِآيَاتِي ثَمَنًا قَلِيلًا] وە ئایەتەكانی من مەگۆڕنەوە بەنرخێكی كەم بە دونیایەك كە كەمە كە حوكم بە كتابی خوای گەورە نەكەن لەبەر دونیاو بەرژەوندی و ڕەشوەو بەرتیل [وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ] وەهەر كەسێك حوكم بەو قورئانە پیرۆزە نەكات كە خوای گەورە دایبەزاندووە [فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ (٤٤)] ئا ئەو كەسانە كافرن، ئەمە لەسەر جوولەكە دابەزیووە بەڵام موسڵمانیش ئەگرێتەوە كە حوكم بەقورئانی پیرۆز نەكەن، (ابن عباس) دەفەرمووێ: هەر كەسێك ئینكاری حوكمی خوای گەورە بكات ئەوە كافر ئەبێ بەڵام دانی پیادا بنێ و حوكمی پێ نەكات ئەوە زاڵمەو فاسقە، وە لە ڕیوایەتێكی تر ئەفەرمووێ: ئەمە كوفرێك نیە كە لە دینی ئیسلام دەرتان بكات بەڵكو كوفری بچووكە (كُفْرٌ دُونَ كُفْرٍ)، وە دەفەرمێت: ئەمە ئەو كوفرە نیە كە ئێوە بۆی دەچن، (طاوس) دەفەرمێت: كوفرێك نیە لە ئیسلام دەرت بكات، ئەگەر كەسێك سووكایەتی بە حوكمی خوای گەورە كرد، یاخود بەحەڵاڵی زانی كە حوكم بەغەیری قورئان بكات، یان ئینكاری حوكمی خوای گەورەی كرد، یان بەكۆنەپەرستی ناوی برد، یاخود ئەگەر وتی: حوكمی خواو حوكمی غەیری خوا یەكسانەو وەكو یەك وایەو جیاوازی نیە، یان وتی: حوكمی خوا باشترەو دروستە كار بە غەیری قورئانیش بكەی، ئەمانە هەمووی كافر ئەبێ، بەڵام ئەگەر دانی بە حوكمی خوای گەورەدا نا بەڵام ئیشی پێ نەكرد ئەوكاتە كافر نابێ و زاڵم و فاسقە...

بەلێ (خوای گەورە) فەرمانیان بە پێغەمبەرەكانیان دەكات كە ئەوانیش فەرمان بە گەورە زاناكانی یهود نصاری بكەن كە كتێبە پیرۆزەكەیان بپارێزن ، هەر وەك دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَا ٱلتَّوْرَىٰةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ ۚ يَحْكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسْلَمُوا۟ لِلَّذِينَ هَادُوا۟ وَٱلرَّبَّـٰنِيُّونَ وَٱلْأَحْبَارُ بِمَا ٱسْتُحْفِظُوا۟ مِن كِتَـٰبِ ٱللَّهِ﴾[المائدة : ٤٤]واتە : [إِنَّا أَنْزَلْنَا التَّوْرَاةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ] ئێمە تەوراتمان دابەزاندووە كە هیدایەت و نوورو ڕووناكی تیا بووە پێش ئەوەی كە قورئان دابەزێ، وە موژدەی هاتنی تیا بووە بە پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - وە پێویستە شوێنی بكەون [يَحْكُمُ بِهَا النَّبِيُّونَ الَّذِينَ أَسْلَمُوا] كۆمەڵێك پێغەمبەر لە دوای موسا هاتن حوكمیان بە تەورات ئەكردو لەسەر ئەو شەریعەتە ئەڕۆیشتن ئەو پێغەمبەرانەی كە موسڵمان بوونەو خۆیان تەسلیمی خوای گەورە كردووە كە ئەمیش لووتشكاندنی جوولەكەی تیایە كە پێغەمبەرانی ئەوانیش لەسەر دینی ئیسلام بوونە جوولەكە و گاور نەبوونە بەڵكو هەموویان موسڵمان بوونە [لِلَّذِينَ هَادُوا وَالرَّبَّانِيُّونَ وَالْأَحْبَارُ] وە پێغەمبەری ئەو كەسانە بوونە كە یەهودی بوونە وە ئەوانەی كە ڕەبانی بوونە واتە: زاناخواپەرست و كاركەرو فێركارەكان، وە زانا گەورەكان كە خەڵكی شوێنیان دەكەون [بِمَا اسْتُحْفِظُوا مِنْ كِتَابِ اللَّهِ] كە فەرمانیان پێكرابوو لەلایەن پێغەمبەرانیانەوە كە كتابی خوای گەورە بپارێزن و ئاشكرای بكەن و نەیشارنەوەو كاری پێبكەن و خەڵكی فێر بكەن وە دەستكاری نەكەن و نەیگۆڕن [وَكَانُوا عَلَيْهِ شُهَدَاءَ] وە ئەوانیش شایەت و چاودێر بوون بەسەر ئەو كتێبانەوە بۆ ئەوەی كە نەگۆڕدرێ و دەستكاری نەكرێت ...

لە كاتێكدا ووشەی (اسْتُحْفِظُوا) كە ماناكەی ئەوەیە داوایان لێ كراوە خۆیان كتێبەكەیان بپارێزن ..!! كەچی ئەوان نەیاتوانی بیپارێزن و پڕ بوو لە (لادان) و (قسەی خولقاو) ... بەڵام (خوای گەورە) ئەركی پاراستنی (قورئان) ی نەخستۆتە سەر شانی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، یان جگە لەوان ، بەڵكو ئەفەرمووێ : (ئێمە خۆمان ئەیپارێزین) ، كە (خوای گەورە)ش وادەی وا بدات ئیتر سروشتییە هەرچی كەرەسە هەیە بۆی فەراهەم بهێنێ ..

لە پێش دا چەند شتێكمان باسكرد بە كورتی باسی دەكەینەوە :

- (خوای گەورە) سنگی پێغەمبەری ﷺ سازو ئامادەكرد كە ئەم قورئانەی تێدا نەخش ببێت وەك نەخش لە سەر بەردێكی پیرۆز.
- (خوای گەورە) بەردەوام جبریل — عليه السلام — ئەنارد بۆ ئەوەی (مودارەسە) قورئان بكات لە گە ڵ پێغەمبەر ﷺ دا .
- پێغەمبەریش ﷺ بە سەر هاوەڵانی دا قورئانی دەخوێندەوە و پێی لە بەر ئەكردن و لە سنگیاندا و بە دوا داچوونی ئەكردو زۆر هانی ئەدان كە زۆر زۆر ئەم قورئانە بخوێنن .
- لە سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ هەموو قورئان لەبەر كراو هەمووشی نووسرایەوە ، بەڵام بە پەرش و بڵاوی و هەر یەكە ی ئەوەندەی توانای لەبەر كردنی هەبوو لە لای بوو .
- وەكو باسی ئەوە شمان كرد كە عەرەبەكانی نیمچە دوورگە ، بەمە بە ناوبانگ بوون كە لە بواری ئەدەب رەوانبێژی توانایەكی لە ڕادە بەدەریان هەبوو بە تایبەتی لە شعرداو وە لە شت لەبەركردن بوون و قەسیدەی هەزار بەیتیان لەبەر كردووە ، بۆیە ئاسانبووە هەموو قورئان لەبەر بكەن وەك ئێستا ئاسانە ئەوەش وەعدی خوایەو ئەفەرمووێ : قال تعالى: ﴿وَلَقَدْ يَسَّرْنَا ٱلْقُرْءَانَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ ﴿١٧﴾﴾[القمر : ١٧] واتە: [قورئانی پیرۆز ئاسانكراوە} [وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ] وە بە دڵنیایی ئێمە قورئانمان ئاسان كردووە بۆ زیكرو یادكردن و پەندو ئامۆژگاری وەرگرتن، لەفزو ماناو خوێندنەوەو لەبەركردنیمان ئاسان كردووە بۆ ئەوەی كە پەندو ئامۆژگاری لێ وەرگرن، ئەگەر خوای گەورە ئاسانی نەكردایە كەس نەیدەتوانی قسەو فەرموودەی خوای گەورە بخوێنێتەوە [فَهَلْ مِنْ مُدَّكِرٍ (١٧)] ئایا كەس هەیە پەندو ئامۆژگاری لێ وەربگرێ و لە تاوان خۆی پێ بپارێزێت...
- هاوەڵانی پێغەمبەری خوا بگرە بە چەندان هەموو قورئانیان لەبەر بووە ، هەر بۆیە بیریان لای ئەوە نەبووە كە قورئان بنووسنەوە ، بەڵام ڕووداوێك ڕوویدا لە سەردەمی (ئەبو بكر) ئەویش هاوڵان زۆر شەهید بوون ، پاشان بیریان كردەوە كە قورئان كۆ بكرێتەوە ...
- هەروەها (ئەبو بكر) و (عمر)یش — خوا لێیان رازی بێت — كۆكردنەوەی قورئانیان بە نهێنی ئەنجام نەدا بەڵكو بە راوێژ بە هەموو موسڵمانان ئەنجامیاندا لە ڕووی مەنهەجی زانستی زۆر وورد ...



بەڵێ گفتوگۆ مناقەشەیەکی زۆر کراوە لە لایەن (ئە بو بکر) و (عمر) وە چەند جار پێداچوونەوە و موراجەعەو دووبارە کراوەتەوە و لەو ترساون کە ئەو کارەیان (بیدعە) بێت بۆیە (ئەبو بکر) ئە فەرمووێت : " **کیف تفعل شیئا لم یفعله رسول الله** " **واتە** : چۆن ئەو کارە بکەین کە پێغەمبەری خوا ﷺ نەی کردووە ، (عمر)یش ئەیفەرموو : " **هذا والله خیر** " **واتە** : سوێند بە خوا خێرە ، وە لە ریوایەتێکی تر دا ئەفەرمووێ : " **أنه والله خیر ومصلحة للمسلمین** " **واتە** : ئەو کارە سوێند بە خوا خێرەو بەرژەوەندی موسڵمانانی تێدایە . **عثمان بن عفان ، للصلابي ، ص ٢٤٧**.

ئەو لێژنەیەی کە قورئانیان کۆدەکردەوە یان ئەوانەی کە قورئانیان لەبەر بوو ، وەیان ئەوانە کە (مصحف) یان هەبووە لێیان وەردەگرتن بەڵام بە مەرج بوو لەوانە :

-دەبێت دوو شایەت هەبێت بۆ هەر (مصحف) ێك کە دێتە بەردەستی لێژنەکە :

١ -ئەبێ یەکێك هەبێت لەبەری بێت .

٢ -ئەبێ یەکێك بە نووسراوی لای هەبێت .

-ئەم پرۆسەی نووسینەوەی قورئانە کە بە بڕیاری (جەماعی) بە لیژنەو بە ووردەکاری و لێکۆڵینەوە و دراسەکردن بە نزیکەی دوو ساڵ زیاتری خەیاند .

-لە لایەکی تریشەو کێ هەیە گومانی بۆ ئەوە بچێت کە هاوەڵە کانی پێغەمبەری خوا ﷺ یان فلان هاوەڵ بە ئارەزووی خۆی ئایەت و سورەتی دانابێت ..؟! ، هاوەڵێك کە ئەم فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ وەرگرتبێ چۆن قورئان بە ئارەزووی خۆی دەنووسێتەوە ..؟!

لە (عبدالله کوڕی عمرو) — خوا لێ ڕازی بێت — دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((بَلِّغُوا عَنِّي ولو آيَةً، وَحَدِّثُوا عن بَنِي إِسْرَائِيلَ وَلَا حَرَجَ، وَمَن كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا، فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ)) . **صحيح البخاری برقم (٣٤٦١).**

واتە: ئەوەی لە منی وەردەگرن ڕادەگەیەنن با یەك ئایەتی (قورئانیش) بێت وە لە نەوەی جوولەکە شت و بەسەر هات و قسە بگێرنەوە زیانی نییە ، هەر کەسێکیش بە ناوی منەوە درۆ بکات ، بە ئەنقەست ، ئەوە با جێگای خۆی لە دۆزەخدا ئامادە بکات ..!!

-پرسیارێکی مەنتق ئەوەی بە ناوی پێغەمبەری خوا ﷺ درۆ بکات لە فەرموودەکە دیارە جێگای ئاگری دۆزەخە ، ئەی ئەوەی بە ناوی ئایەتەکانی (خوای بەزو بڵند) درۆ بکات پەنا بە خوا ئەبێ سزای جی بێت ..؟!

-باشە هەر ئەو هاوەڵانە نەبوون کە بە دڵ و بەگیان خۆیان فیدای ئەم قورئانە کرد ، باشە هەموویان بەشدار نەبوون لەم کارە پڕ شانازییەدا ، هەموو کەسێك لای خۆیەوە ئەم خەمەی هەڵنەگرت و پێکەوە پرۆسەکەیان نەگەیاندە ئەم ئەنجامە کە ئێستا بە نزیکە دوو ملیار موسڵمان لەسەر زەوی کار بەم قورئانە دەکەن و بەرگری لەم قورئانە دەکەن ..؟!

-باشە خۆ هەر ووشە و ڕستەو هۆنینەوەکانی ئەم قورئانە خۆی لە خۆیدا شایەتن کە هیچ کەس دەستی نەبردووە بۆ ئەم قورئانە و ئەم کتێبە هەر ئەو کتێبەیە کە (خوای بەرز بڵند و باڵادەست) تحدی هەموو مرۆڤەکانی پێ ئەکات ..؟! باشە خۆ ئەم قورئانە کە ئێستا هەیەو لەبەردەستی موسڵماناندایە ، ئەگەر قسەی خەڵکە بۆ کەس ناتوانێ وەك ئەم قورئانە ئەو بڵێ ..؟!

-ئەی بۆ هەموو دونیا لەبەردم ئەم قورئانە سەری ڕێز دائەنوێنێ و هەریەکەی لە گۆشەیەکەوە سەرسوڕمانی خۆی بۆی دەرئەبڕێت و بە شانازییەوە باسی ئەکات و ئەیسەلمێنێ کە ئەم قورئانە موعجیزەیە..؟!

-سەبارەت بەم گومانەی کە ئەڵێن : (علی کوڕی ئەبی تالیب) — خوا لێ ڕازی بێت — وە (عبدالله کوڕی مسعود) — خوا لێ ڕازی بێت — ئەم دووانە ڕەخنەیان بووە لە کۆکردنەوەی ئەم قورئانە ..؟!

-وەیان دەڵێن : ئەم دووانە بە خۆیان خاوەنی (مصحف)ی خۆیان بوون ، بێ گومان ئەمە درۆیەکی شاخداری جوولەکە و گاورەکان مولحیدەکان و عەلمانیەکانە ..؟!

وەڵام / ڕاستە زۆرێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ (مصحف)ی تایبەتی خۆی هەبووە و چەندێك بۆی ڕێکەوتبێ قورئانی نووسیوەتەوە و هەبووە زۆری نووسیوەتەوە وەکو باسمان کرد کە هاوەڵی بەرێز (**زیدی کوری ثابت**) — خوا لێ ڕازی بێت — کە نووسەری پێغەمبەر ﷺ بووە ، هەروەها (ئوبەی کوڕی کعب) و (علی کوڕی ئەبی تالیب) و (عبدالله کوڕی مسعود) — خوا لێیان ڕازی بێت — ، وە جگە لەوانیش هاوەڵانی تریش (مصحف) یان هەبووە جا (مصحف)ە کان کەم تر بووە یان چەند لاپەڕەیەك بوونە ئیتر کەم و کەمترو بەوشێوەیە ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ مان دەگێڕیتەوە کە ...

لە (ابو سعید الخدری) — خوا لێ ڕازی بێت — دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((«لا تَكْتُبوا عَنِّي شَيْئًا سِوَى القُرآنِ، مَنْ كَتَبَ عَنِّي شَيئًا سِوى القُرآنِ فَلْيَمْحُهُ ...)) . **صحيح المسلم برقم (٣٠٠٤).**

واتە : هیچ شتێك لە منەوە مەنووسەوە ، هەر کەسێك شتێك بنوسێت لە منەوە بێجگە لە قورئان با بسرێتەوە ...

بۆیە ئەم قورئانە (ناسخ و منسوخیان) تێدابووە ، شەرحی تێدابووە ، وە مانای هەندی ووشەی تێدابووە ، هەر لە بەر ئەمە قورئان بە حەوت خوێندنەوە خوێنراوەتەوە و کارێکی ڕێگە پێدراو بووە ، چونکە کە س نکوڵی لەوە نەکردووە کابرا چەند (مصحف)ی خۆی هەبێت و بە یەکێکیش لەو خوێندنەوانە بیخوێنێتەوە ، بەڵام کە بڕیاری هاوەڵان هاتە سەر ئەوە کە هەموو قورئانەکان لەیەك (مصحف) دا کۆبکرێتەوە ، چ (مصحف)ی (علی) و چ (مصحف)ی (عبدالله کوڕی مسعود) ، وە چ غیری ئەوانیش کە هاوڵان (مصحف)یان هەبووە دایانە پاڵ ئەم کارە پیرۆزە ...

وە ئیمامی (علی کوڕی ئەبو تالیب) — خوا لێ ڕازی بێت — خۆشی دەربارەی کارەکەی (ئەبو بکر) وە کارەکەی (عوسمان)یش — خوا لێیان ڕازی بێت — لە قسەی جوان پاڵ پشتی کردن و هیچی تری نە ووتوە ..؟! هەروەکو لە ریوایەت دا هاتووە ئیمامی (علی) دەفەرمووێت : (يا أيها الناس ! لا تغلوا في عثمان ، و لا تقولوا له إلا خيرا ، فوالله مافعل الذي فعل – أي في المصاحف – إلا عن ملأ منا ، جميعا (أي : الصحابة) .. والله لو وليت ، لفعلت مثل الذي فعل). **فتح الباري العسقلاني (١٨/٩).** واتە : ئەی خەڵکینە ! ڕۆمەچن لە مەسەلەی عوسماندا لە خێر بەو لاوە شتێکی تر مەڵێن ، سوێند بە خوا ئەوەی ئەو کردی — یانی دەربارەی مەصحەفەکان — بە دیار چاوی ئێمەوە کردی (هاوەڵان) .. سوێند بە خوا ئەگەر منیش کاربەدەست بوومایە هەمان کاری ئەوەم ئەکرد ..

هەروەها ئیمامی (عی کوڕی ئەبو تالیب) — خوا لێ ڕازی بێت — دەربارەی (ئە بو بکر)یش ئەفەرمووێت : (أعظم الناس أجرا في المصاحف أبو بكر ، رحمة الله علي أبي بكر ، هو أول من جمع كلام الله) .مباحث في علوم القران ، مناع القطان ، ص ١٣٢. واتە : گەورەترین پاداشت دەستی (ئەبو بکر) کەوتووە سەبارەت بە (مەصحەفەکان) -ڕەحمەتی خوا لە (ئەبو بکر) یەکەم کەسێك بوو قسەی خوای کۆکردەوە ..

بەڵێ سەبارەت بە (عبدالله کوڕی مسعود) — خوا لێ رازی بێت — گوایە نارەزایی دەربریوە لە کارەکەی (عوسمان) کە ریزبەندی سورەتەکانی ئەو (مصحف)ە ی دەلێت: **(معوذتین)** قورئان نیە !

بەڵام زانایانی پێشینە چاکەکان وەڵامی ئەو گومانەیان داوەتەوە بەم شێوەیە :

١-ئیمامی (نەوەوی) — رەحمەتی خوای لێ بێت — دەلێت : "هەموو موسڵمانان لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە **(معوذتین)** و **(الفاتحه)** بە شێکن لە قورئانی پیرۆز ، وە ئەوەشی نەکۆڵی لە شتێکی بکات کافر ئەبێت ،وە ئەوەش ئەوەشی (کوڕی مسعود) دەگێرنەوە هەمووی پووچ و درۆ و ناراستە .. قسەکەی (ئیبن حەزم)یش ئەوە درۆیە بە دەم (کوڕی مسعود) ئەکرێت و بوختانە بۆی هەڵدەبەستن " . مباحث في علوم القران ، مناع القطان ، ص ١٣٢.

٢-(**ابن کثر**) —رەحمەتی خوای لێ بێت — لە (البدایه والنهایه) دەلێت : (کوڕی مسعود) کە (مصحف)ە کەی خۆیان لێ سەند و سوتاندیان گلەیی و گازاندەی لێ کردن و پێ ناخۆش بوو ، (عوسمان)یش — خوا لێ رازی بێت — نامەیەکی نووسی و تێیدا بانگی ئەکات بۆ ئەوەی بە شوێن هاوەڵان دا بڕوات ، چونکە هەموویان یەکدەنگن لە سەر ئەو کارە کە بەرژەوەندییان تێدا بەدی دەکرێت بۆ گەشت موسڵمانان ، داوا ئەکات ئەویش یەك قسە بێت و جیاوازی دروست نەکات ئەویش یەکسەر تەوبە ئەکات و بریار ئەدات وەکو هاوەڵان بکات و واز لە جیاوازی و واز لە جود خوازی بهێنێت .. (عبدالله کوڕی مسعود) ئەلێت : " (خوای گەورە سەیری دڵ ی هەموو بەندەکانی خۆی کرد ، بینی دڵ ی **محمد** ﷺ چاکترین دڵە لە ناو بەندەکانیدا بۆیە تایبەتی کرد بە خۆیە وە و پەیامی خۆی پێدا ناردو پاش ئەوە سەیری دڵ ی هەموو بەندەکانی کر دوای دڵ ی **محمد** ، بینی دڵ ی هاوەلەکانی چاکترین دڵن ، بۆیە کردنییە وەزیری پێغەمبەرەکەی ﷺ ، لەسەر ئاین شەڕیان ئەکرد ، ئەوەی موسڵمانان بە چاکی ئەبینن لای خواش چاکە ، ئەوەشی ئەوان بە خراپی بزانن لای خواش خراپە . **شرح عیقیدة الحطاویة ، إبن أبي العز الحنفي ، ص**٦٩٦.

چوارەم : قۆناغەکانی دوای سەردەمی ئیمامی (عوسمان) — خوا لیّ رازی بێت —

بەلیّ وەکو باسمان کرد ئیمامی (عوسمان) لە سەر قورئانەکەی پێشەوا (ئەبو بکر) — خوا لیّ رازی بێت — چەند قورئانێکی لیّ وەرگرتوە یان نوسیەوە و ناردی بە ولاّتاندا بۆ ئەوەی جیاوازی لە خوێندنەوەدا نەهێلیّ ، هەموو موسڵمانان لە هەر ولاّتێکدا ئەم قورئانە پێشەوایان بێت ، هەر بۆیە ئەلێن : ئەو قورئانانە ناونراوە : (**المصاحف الأئمة**) واتە : قورئانە پێشەواکان ، نووسینەوەی ئەم موصحەفانە وەك لە گێرانەوەکان هاتووە بە خەتێکی (جوان و درێژ کراوە) و نووسراون ..

ئیمامی البخاری لە کتێبی (**التأريخ الصغير**) (٩٤/١) دەلێت : " **وقد أدرك مصعب بن سعد صابة النبي حين مشق عثمان** (**رضي الله عنه**) **المصاحف فرآهم قد أعجبوا بهذا الفعل** .. زانایانی زمانەوانی ئەلێن (**مشق الكتابة**) .. **مد حروفها وأسرع فيها** ، **ويقال : في قدة مشق : أي طول مع رقه** " . **واتە** : لە نووسینەکەدا مەشقی کرد ، یانی پیتەکانی درێژ کردەوەو خێراش ئەینووسی ، دەوترێ : (**في قدة مشق**) واتە : باڵای مشقی تێدایە ، یانی بەرزەو باریکە ، کەواتە مانای ریوایەتەکە بریتییە لە : (موصعەبی کوڕی سەعد) ئەو کاتەی کە (عوسمان) بە خەتێکی درێژ و جوان موصحەفەکانی خێرا نوسییەوە ، گەیشتە خزمەتی هاوەڵە بەرێزەکان بینی هەموو سەرسامن بە و کارە "

ئیتر ئەوەبوو دوای ئەوە لە هەر شوێنێکدا قورئان بووسرایەتەوە لەبەر ئەو قورئانە ئەنووسرایەوە ، وە کەس قورئانی تری لانەما، چونکە پێشەوای موسڵمانان فەرمانی دراندنی یان سوتاندن)ی هەموو موصحەفێکی تری دەرکرد بوو ، ئەوە بوو هەموو ئومەتیش فەرمانەکەیان جیّ بەجیّ کرد ، هەندیّ گێرانەوەکان ئەلێن : لە کاتی جەنگی (صفين) دا خەڵکی شام پێنچ سەد قورئانیان بەرز کردەوە بۆ ئەوەی جەنگە کە ڕابگیرێت ..!! ماوەی نێوان نووسینەی قورئان و جەنگی (صفين) نزیکەی حەوت ساڵ بوو ، ئیتر داوی ئەوە لەبەر ئەو قورئانە پێشەنگانە قورئانی تر ئەنووسرایەوە ڕەنووسەکانی زیادی دەکرد ، راستە قورئانەکانی سەردەمی پێشەوای ئیمانداران (عوسمان) جوان نووسرانەتەوەو ڕۆشن بووە ، بەلاّم لەبەر ئەوەی کە خاڵبەندی و سەرو بۆری نە بووە ، هەندیّ کەسی عەرەبی نەزان کەوتوونەتە هەڵەوە لە کاتی قورئان خوێندندا بۆیە بیر لەوە کراوەتەوە کە خاڵ وە یان (**نقطه**) بۆ پیتەکان یان (الحروف) دابنرێ .. لە کاتی پێشەوا (عوسمان) قورئانەکەی یان (مصحف)ە کەی بەم شێوەیە نوقتا زیاد لە خوێندنەوەیەك هەڵبگریّ بۆ نموونە : " **وانطر الى العظام كيف ننسرها ثم نكسوها لحما** " هەڵی گرتووە بە " ننشزها " بخوێنرێتەوەو هەڵی گرتووە بە " ننشرها" بخوێنرێتەوە ، یان " **أن حاءكم فاسق بنبا فتبينوا** " هەڵی گرتووە بە " فتبينوا " بخوێنرێتەوە ، هەلیشی گرتووە بە " **فتثبتوا** " بخوێنرێتەوە کە ماناکانیان لەیەکەوە نزیکە .. ئەم جۆرە نووسینانە لای عەرەب زەحمەت نەبوو ، خوێندنەوەکەشی شتێکی زەحمەت قورس نەبوو لای ئەوان ، بەلاّم بۆ جگە لە عەرەب زەحمەت قورس بوو ، زۆر جار ئەکەوتنە هەڵەوە ، بۆیە موسڵمانان بیریان لەوە کردەوە کە ئەو کێشە یە چارەسەر بکەن ، و خاڵ و سەروبۆر بۆ قورئان بکەن بۆ ئەوەی هەموو کەس بتوانیّ قورئان بخوێنێتەوە بەبیّ هەڵە ، زانایان چەند ڕاو بۆچوونیان هەیە دەربارەی ئەوەی ئائا یەکەم کەس کیّ بوو بیری لەمە کردوە..

زۆربەی زانایان ڕا بۆچوونیان وایە کە یەکەمین کەس بیری لەم کارە کردوەتەوە ، وە بە کارە هەڵساوە (ابو أسود دولی) یە کە پیاوێکی عەرەب ی زان و زۆر خوێندەوار بووەو هەر ئەم (ابو اسود) بە فەرمانی (علی کوری ئەبی تالیب) بنەما ویاسا و ڕێساکانی زمانی عەرەبی داناوە ، دەگێرنەوە دەڵێن : (زیاد) کە والی شاری (بصره) بوو داوای لە (ابو اسود دولی) کرد کەخزمەتێك بە قورئان بکات و سەروبۆر بۆ یان زمەم فتحه کسرەی داناوە یان خاڵ بۆ قورئان دابنیّ تا خەڵکی لە خوێندنەوەدا هەڵە نەکەن ، ئەویش هەر دوای ئەخات و کارەکە ناکات ، تا ڕۆژێك گوێی لە کابرایەك ئەبێت ئەم ئایەتە ئەخوێنێتەوە ئەلێت : (**أن الله بريء من المشركين ورسوله**) مانای ئایەتە وای لێدێ : "خوا و پێغەمبەری خوا (بەرین) لە موشریکەکان " (**رسوله**) لە ئایەتەکدا مرفوعه و فتحەی هەیە کەچی کابرا (رسوله) ی بە مجرور خوێندەوەو ژێری کەسرەیە دای بە (لامه) کە مانای ئایەتەکە هەڵەیەکی گەورەی تێکەوت ، چونکە ئەوکاتە ماناکەی وای لیّ دەی " خوا (رییه) لە موشریکەکان و لە پێغەمبەرەکەشی ..!! ئینجا (ابو اسود دولی) — ڕەحمەتی خوای لیّ بێت - ئەلێن : ڕاچڵەکی و فەرمووی : " بێگەردی بۆ خوا لەوەی خۆی بەری بکات لە پێغەمبەرەکەی و بەپەلە خۆی گەیاندە (زیاد) و پێی ووت : ئە کارەی خستوتە سەرشانم رای دەپەرێنم ، هەستا دەستی کردە خاڵبەندی بۆ قورئان ، بۆ (سەر = فتح) خاڵێکی لەسەر پێتەکە داناوە بۆ بۆر (بۆر = ضم) خاڵێکی لە ناوەڕاستی پیتەکەدا دائەنا بۆ (ژێر = کسر) خاڵێکی لە ژێر پیتەکەوە دائەناو بۆ (زەنە = سکون) دوو خاڵی لەسەر پیتەکە دائەنا ..

ئیمامی (السيوطي) — ڕەحمەتی خوا لیّ بێت — دەلێت : یەکەمین کەس کە ئەم کارەی کرد (ابو اسود دولی) بوو بە فەرمانی خەلیفە (عبدالملك کوری مروان) نەك (زیاد) ، چونکە نزیکەی چڵ ئەوەندە ساڵ خەڵك هەر لەبەر (مصحف)ە کەی (عوسمان) دا قورئانیان ئەخوێند تا هەڵە و خوێندنەوەی نادروست لە عێراقدا پەرەی سەندو کار بەدستان بیریان لە خاڵ و شێوەی نووسین کردەوە ..!!

بەلیّ نووسینەوەی قورئانی پیرۆز سەردەم لە دوای سەردەم جوانکاری و ئاسانکاری زیاتری بە خۆیەوە ئەبینی و وای لیّ هات چەند ڕەنگێك بۆ نووسینی پیتەکان بەکاردەهێنرا ، هەر پیتێك بە ڕەنگی سوور بنووسرایە بەڵگەی ئەوە بوو کە لە کاتی خوێندنەوەدا ناخوێنرێتەوە ، وە پیتە شەمسییەکان ، پاشان پیاوێکی وەکو (خليل بن أحمد الفراهيدى) — زانای گەورەی عەرەبی زان ، دانەری زانستی (کێش و سەراوو بەحرەکانی عروز)، وە زانای عەرەبی زان بەناوی (سیبویە) لە ساڵی (٧٠) کۆچی دا لە شاری (بەصرە) وەفاتی کردووە ، هەستا بە دانانی (سەر، بۆر ، زەنەو ژێر) واتە : - فتح ، کسر ، **ضم** ، **سكون** — بە شێوازێکی تری نویّ یان تازە ...

پاشان سەردەمی سێیەمی کۆچی هاتە پێشەوە و نیشانەی **(مدّ) و (شدّه) و (همزه ی وصل)** دامەزران و پاش ئەوەش پلە پلە خەڵکی ناوی سورەتەکان و (مکی) و (مدنی)یان لە سەرەتای سورەتەکاند بە زەخرەفە و جوانکارییەوە ئەنووسی و نیشانەکانی (وقف) و وەستان لە سەر ئایەتەکانیان دانا لە رووی ماناو ئەو ریوایەتانەی لەسەریان هەبوو ، دوای ئەوەش (جوزەکان) و (حیزبەکان) وە نیشانەی (سجده) و (سکته) و هەموو ئەوانەیان دانا ...

دەربارەی (ناسخ) (مەنسوخ)

بەلێ هەندێ لە زانایان (ناسخ) و (مەنسوخ) و (عام) و (خاص) بە یەك شت ئەزانن و بڕوایان وایە مەبەست بە (ناسخ) و (مەنسوخ) هەر (عام) و (خاص)ە کەیە و لە قورئاندا هیچ ئایەتێك (نەسخ) نەکراوەتەوە ، بەڵکو (تخصیص)یان کراوە و (خوای گەورە) ئایەتی خۆی (نەسخ) ناکاتەوە ، بەڵام لەبەر بەرژەوەندی بەندەکانی (تخصیص) یان ئەکات ، وەکو (خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٨٣ أَيَّامٗا مَّعۡدُودَٰتٖۚ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٖ فَعِدَّةٞ مِّنۡ أَيَّامٍ أُخَرَۚ وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدۡيَةٞ طَعَامُ مِسۡكِينٖ﴾[البَقَرَة : ١٨٣ - ١٨٤] هەندێ ئەڵێن : ﴿وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدۡيَةٞ﴾[البَقَرَة : ١٨٤] (مەنسوخە) بە ئایەتی (فمن شهد منك الشهر فليصمه) نەسخکراوەتەوە ، بەڵام ئەو زانایانەی تر ئەڵێن : نەخێر ئەوە نەسخنەکراوەتەوە و حوکمەکەی هەر ماوە ، وەك (ابن عباس) — خوا لێ رازی بێت — دەڵێت : (**ليست بمنسوخة ، هي للشيخ الكبير و المرآة الكبيرة لايستطيعان ان يوصوما فيطعمان كل يوم مسكينا**) . **مباحث في علوم القران / القطان** ، ص٢٣٦.

ئەم زانایانەی کە بڕوایان بە (نەسخ) نیە بەڵام بڕوایان وایە کە (نەسخ) لە عەقڵدا مومکینە ، بەڵام ڕوودانی لە شەرعدا مەحاڵە و ئەستەمە ، ئەو زانایانەی کە بڕوایان بە (نەسخ) نیە لە قورئاندا :

(ابو مسلم الاصفهانی) یەکێکە لە زاناکانی پێشینە چاکەکان ، وە لە ساڵی (٣٢٢) کۆچی وەفاتی کردووە ، لە زاناکانی سەردەمیش وەك (مەلا **مصطفی زلمي**) کتێبێکی گەورەی هەیە کە هەموو ئە بڕیارانە ڕەت ئەکاتەوە کە دەوترێ فلانە ئایەت و فیسارە ئایەت (مەنسوخ) و ئایەت ئایەت باسی هەموویان دەکات و ئەیسەلمێنێ کە ئەو ئایەتانەیان ئیمکانی (**جمع و توفيق**)هەیە لە نێوانیاندا ، یان باسی دوو شتی جیا لە یەکتر ئەکەن و هیچ جۆرە (**تعارض**) و (**تناقض**)ێك نیە لە نێوانیاندا . (**بيان في رفع غموض النسخ في القران**) .

بەلێ لەبەر ئەوەی بابەتی (نەسخ) لە قورئاندا جێگەی مشت و مڕی زانایان و ئەوانەش کە ڕایان وایە (نەسخ) لە قورئاندا نیە ، بەلگە کانیان بەهێزو زانستیە ، ئێمەش لێرە دا زۆر ناچینە ناو ئەو باسانەی ، تەنیا ئەڵێن : هەر کەسێك ئەیەوێت لە ڕاستی و درێژەی ئەم باسە بگات با کتێبی (**بيان في رفع غموض النسخ في القران**) ، چونکە ئەم بابەتەی چارەسەر کردووە ...

ئەوانەی کە ڕۆچوون لە (نەسخ)ی قورئاندا کەوتوونەتە چەند هەڵەی گەورە بۆ نموونە :

أ-"تدرج" یان لە قورئاندا لێ بووە بە (نەسخ) وەك قۆناغەکانی حەرامکردنی عارەق یان مەی ، چونکە (خوای گەورە) لە هیچ ئایەتێکدا حوکمی ئەوەی نەداوە کە عارەق یان مەی حەڵاڵە ، دەی بزانین (نەسخ) بوون لە کوێی دا هەیە ..؟!

ب-هەندێ وا حاڵی بوون کە هەر حوکمێك لەبەر هۆیەك درابێت و پاشان هۆکە نەمابێ و حوکمەکە گۆڕا بێت ناویان ناوە (نەسخ) ، وەك ئەو هەموو ئایەتەی کە باسی ئارامگرتن و دەستنەکردنە ئەکات لە کافران و ستەمکاران ، لەبەر کەمی و بێدەسەڵاتی موسڵمانان گوایە هەمووی بە ئایەتی (سەیف نەسخ) بوونەتەوە ،لە کاتێکدا ئەوە نە (نەسخ)ە و نەحوکمیشیان ئیلغا بووەتەوە ، بەڵکو هەرکات ئەو هەلومەرجانە دروست بوونەوە هەمان ڕێنمایی و داواکاریی ئەکرێتەوە ل ئیمانداران و بۆ کەس نییە نەسخیان بکات ..؟!

ج-وا ئەزانن کە قورئان یان ئیسلام ، نەریتێکی خراپی ناو خەڵکی لابردبێت — وەك یاسای بە کوڕ کردن یان تبنی — یان مارەکردنی باوەژن بۆ نموونە ، ئەوە ئیسلام (نەسخ)ی کردۆتەوە ، لە کاتێکدا لە پێشدا هیچ ئایەتێك نەهاتووە ئەو حوکمە دابەزرێنێ ..؟! تا ئایەتەکانی تر کرێنە (نەسخ) بە هەڵە بخرینە نا بابەتی (ناسخ و مەنسوخ) ..؟!

د-لەوەدا بە هەڵەدا چوون کە هەستیان کردووە (**تناقض**) دژایەتی لە نێوان فلان ئایەت و فیسار ئایەتی تردا هەیە ، چونکە هیچ جۆرە دژایەتی لە نێوانیاندا نیە و ئەوانە تووشی وەهم و خەیاڵات بوونە ، هەر ئایەتەی باسی بابەتێك ئەکات جیا لە بابەتی ئەویتریان ..؟!

ه-ئەوکەسان وائەزانن ئایەتێك کە (تخصیص) ی ئایەتێکی تری کرد ئەوە ئیتر یایەتی پێشووی (نەسخ) کردووەتەوە ..؟! بەڵکو بە هەڵەدا چوون ، وە ئایەتی (میرات) بۆ ئایەتی (وصیەت) بۆ نموونە ، لە کاتێکدا ئەوە (تخصیص)ە وە (نەسخ) نیە ..؟!

بەلێ لە ڕاستی دا (نەسخ) لە قورئاندا ڕووی نەداوە ، بەڵام لە فەرموودەی دا (نەسخ) زۆر ڕوویداوەوە لەوەدا کێشەیەك نیە ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ دیاریکردنی باری بەرژەوەندی خەڵکە بە پێی توانای خۆی هەولیداوە و سروشتییە لە پاشاندا بۆی دەرکەوتبێ کە بەرژەوەندی خەڵك لە بارێکی تردایە ، بۆ نموونە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرمووێ : (**ألا أني نهيتكم عن زياره القبور ، ألا فزوروها فانها تذكركم الآخرة**) .**راوه الحاكم** ، بەڵام (خوای گەورە) وانیە کە نەزانێ لە داهاتوودا چی ڕوودەدات و سەرنجامی ئەو بڕیارە سەری لە چی دەرئەچێت ، بەڵکو (خوای گەورە) زاناو دانایە لێزانە بە (ڕابردوو ، ئێستا ، داهاتوو).

کەواتە (**دکتور طه جابر العلواني**) **لە کتێبی (دراسات قرآنية أزمة الانسان و دور القرآن الكريم في الخلاص منها**) چەند ڕستەیەکی جوان و مەنتق دەربارەی (ناسخ و مەنسوخ) باس دەکات لە کتێبەکەی دا " ئەگەر بمانەوێ قورئان بدەین بە گوێی هەموو جیهاندا و تەحدای هەموو خەڵکی پێبکەین پێویستە دووبارە خوێندنەوەیەکی تازە بکەینەوە بۆ ئەو هەموو کەلە پوورەی دەربارەی زانستەکانی قورئان نووسراوە و بە ترازووی قورئان بێ کێشین تا قورئان خۆی بڕیاری ڕاستی و ناڕاستی بدات تیایاندا ، هەندێ لەو زانستانە کە دراونەتە پاڵ قورئان بوونەتە بار بەسەر قورئانەوەو زۆر جار ناحەزانی قورئان ئەیکەنە مایەی ئاژاوەیەکی گەورە لە ناو موسڵماناندا کە زۆربەی موسڵمانان زانیاری تەواویان نیە لەسەر ئەو زانستانە بۆ نموونە وەك : مەسەلەکانی (ناسخ و مەنسوخ) هەموو ئەو باسانە پێویستە بچنە ناو (مەسەلە ئەکادیمییەکان) و سەر لە نوێ خوێندنەوەیان بۆ بکرێت و هەڵیەنگێڕێن و بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێت وەك چۆن زانایانی کۆن هەڵسەنگاندنیان کردووە ، چونکە ئەو باس و بابەتانە بوونەتە (فیتنە و ئاشووب) بۆ نەوەکانی سەردەم ، وە بۆ ناحەزانیش ئیسلامیش بووە گۆمان دروست کردن لە سەر قورئانی پیرۆز بە هەموو جۆرێك بە کاری دەهێنن و پێویستە ئەو درگایانە هەروا بە کراوەیی نەمێنن لەبەردەم ناحەزانی قورئانی پیرۆز دا " . (**دکتور طه جابر العلواني**) **لە کتێبی (دراسات قرآنية أزمة الانسان و دور القرآن الكريم في الخلاص منها**)(ص١١٣).

دەبارەی (عام و خاص)

یەکێکە لە زانستەکانی قورئانی پیرۆز ، بریتیە لە زانینی (عام و خاص) لە قورئاندا .

(عام) واتە : ئەو ووشەیەی کە هەموو ئەو شتانە بگرێتەوە کە ناوەی بەسەردا ئەبرێت . وە (خاص) واتە : ئەو ووشەیە کە تەنیان چەند شتێکی تایبەت ئەگرێتەوە .

ووشەی (عام) ئەو شتانە ئەگرێتەوە . بۆنموونە: ووشەی (**شيء**) **یان** (**إنسان**) **یان** (**ظلم**) ئەمانە ووشەی (عام)ن .

-زانایان دەلێن : (صیغەکانی عموم ، یان عام) چەند جۆرێکن :

١-ووشەی (**کل جمع**) و (**کافة**) و (**معاشر**) و (**قاطبة**) ئەمانەی مانای "عام) ئەگەیەنن ، بۆ نموونە : قال تعالی: ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ﴾[آل عِمْرَان : ١٨٥]

٢-ئەو ووشانەی " ئەل" ی تعریفی لەسەرە و بۆ (جنس) بەکاردێ بۆ نموونە : قال تعالی: ﴿وَٱلْعَصْرِ ① إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَفِى خُسْرٍ ②﴾[العَصْر : ١ - ٢]

٣-هەموو " نکر " یەك ئەگەر دوای "ل " نفی بێت ، بۆ نموونە : قال تعالی: ﴿فَلَا رَفَثَ وَلَا فُسُوقَ وَلَا جِدَالَ فِى ٱلْحَجِّ﴾[البَقَرَة : ١٩٧]

٤-یان لە دوای (**شرط**) **یان** مەرج بێت بۆ نموونە : قال تعالی: ﴿إِنْ أَحَدٌ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ٱسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ﴾[التَّوْبَة : ٦]

٥-هەموو (أسما موصول) ووشەی (عام)ن بۆ نموونە : (**الذي** ، **الذين** ، **التي** ...**هتد**) ، قال تعالی: ﴿وَٱلَّذِى قَالَ لِوَٰلِدَيْهِ أُفٍّ لَّكُمَآ﴾[الأَحْقَاف : ١٧]

٦-هەموو (**أسماء شرط**) **مانای** (عام) ن ، بۆن نموونە قال تعالی: ﴿إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِ ۖ فَمَنْ حَجَّ ٱلْبَيْتَ أَوِ ٱعْتَمَرَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَا﴾[البَقَرَة : ١٥٨]

٧-هەموو ناوێك كە بۆ رەگەزێك بە كار بێت و بدرێتە پاڵ (معریفه) یەك بۆ نموونە : قال تعالی: ﴿فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ﴾[النُّور : ٦٣]

٨-(**أسماء استفهام**) هەموو مانای (عموم)ی تێدایە بۆ نموونە : قال تعالی: ﴿مَّن ذَا ٱلَّذِى يُقْرِضُ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا﴾[البَقَرَة : ٢٤٥]

٩-هەموو ناوێکی کۆ (جمع) کە **أضافه** بکرێت ، بۆ نموونە : قال تعالی: ﴿يُوصِيكُمُ ٱللَّهُ فِىٓ أَوْلَٰدِكُمْ ۖ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ ٱلْأُنثَيَيْنِ﴾[النِّسَاء : ١١] قال تعالی: ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَٰتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَٰتُكُمْ وَعَمَّٰتُكُمْ وَخَٰلَٰتُكُمْ﴾[النِّسَاء : ٢٣]

١٠-(نکر)ی وەصفکراو مانای (عموم)ی تێدایە ، بۆ نموونە : قال تعالی: ﴿وَلَعَبْدٌ مُّؤْمِنٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكٍ وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ﴾[البَقَرَة : ٢٢١]

جۆرەکان و بەشەکانی (عام) زانایان ئەفەرموون : ووشەکانی (عام) سێ جۆر مانایان لێوەر دەگیرێ :

١-(عام) بە مانای (عام).

٢-(عام) بە مانای (خاص) .

٣-(عام) بە مانای (مخصوص).

١-(عا) بەمانای (عام) واتە : بە هیچ جۆرێك (تخصیص) ڕووی تێ نەکردووە و حوکمەکەی هەر بە (عموم) ماوەتەوە ، بۆ نموونە : قال تعالی: ﴿وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌۢ ⑰⑥﴾[النِّسَاء : ١٧٦] قال تعالی: ﴿وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا ④⑨﴾[الكَهْف : ٤٩] قال تعالی: ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَٰتُكُمْ﴾[النِّسَاء : ٢٣] ئەمانە هەموو لە سەر مانای (عام) کەی خۆی ماوەنەتەوە (تخصیص) ڕووی تێ نەکردوون .

٢-(عام) بە مانای (خاص) ، واتە : با ووشەکە بۆ (عام) بە کار بێ ، بەڵام مەبەست پێی کەسێکی تایبەتە یان شتێکی تایبەتە بۆ نموونە : قال تعالی: ﴿ٱلَّذِينَ قَالَ لَهُمُ ٱلنَّاسُ إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدْ جَمَعُوا۟ لَكُمْ﴾[آل عِمْرَان : ١٧٣] ئێستا لەم ئایەتەدا چەند ووشەیەکی (عموم) بە کار هاتووە ، بەڵام مەبەست پێیان (خاص) :

﴿ٱلَّذِينَ﴾ یەکێکە لە (أسما موصول) ئەبێ (عام) بێت ، کە چی لێرەدا مەبەست پێی هاوەڵەکانی پێغەمبەرە ﷺ ئەمەش (خاص) تایبەتە .

﴿ٱلنَّاسُ﴾ ی یەکەم لە فزێکی (عام) و کەچی مەبەست پێی (نعیمی کوڕی مەسعود)ە و مەبەست بە ﴿ٱلنَّاسَ﴾ دووەمیش (ئەبو سفیان کوڕ حەرب)ە .

٣-(عام) بەمانای (مخصوص) واتە : بە لەفزەکە (عام) ە ، بەڵام ماناکەی تایبەتکراوە و لە (عام)دا نەماوە و تایبەت (مخصوص) بووە بۆ نموونە : قال تعالی: ﴿وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلْبَيْتِ مَنِ ٱسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا﴾[آل عِمْرَان : ٩٧]

زانایان باسی شێوازی پێنچ جۆرە (تخصیص) ئەکەن لەم شێوازی (تخصیص) کردنەدا :

یەکەم : بەرێگەی (**إستثناء**) بۆ نموونە : قال تعالی: ﴿وَٱلَّذِينَ يَرْمُونَ ٱلْمُحْصَنَٰتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا۟ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَآءَ فَٱجْلِدُوهُمْ ثَمَٰنِينَ جَلْدَةً وَلَا تَقْبَلُوا۟ لَهُمْ شَهَٰدَةً أَبَدًا ۚ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ④ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟ مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ وَأَصْلَحُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ⑤﴾[النُّور : ٤ - ٥]

دووەم : بەرێگەی (صفه) بۆ نموونە : قال تعالی: ﴿وَرَبَٰٓئِبُكُمُ ٱلَّٰتِى فِى حُجُورِكُم مِّن نِّسَآئِكُمُ ٱلَّٰتِى دَخَلْتُم بِهِنَّ﴾[النِّسَاء : ٢٣]

سێیەم : بەرێگەی (**شرط**) بۆ نموونە : قال تعالی: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ إِن تَرَكَ خَيْرًا ٱلْوَصِيَّةُ﴾[البَقَرَة : ١٨٠]

چوارەم : بەرێگەی (غایه) بۆ نموونە : قال تعالی: ﴿وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ﴾[البَقَرَة : ٢٢٢]

پێنچەم : بەرێگەی (**بدل البعض عن الکل**) بۆ نموونە : قال تعالی: ﴿وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلْبَيْتِ مَنِ ٱسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا﴾[آل عِمْرَان : ٩٧]

کەواتە هەریەك لەمانە وەك : (**إلا الذين تابوا**) و (**دخلتم بهن**) و (**إن ترك خير**) و (**حتى يطهرن**) و (**من استطاع إليه سبيلا**) پێیان ئەوترێت (مخصوص) بەبێ ناو بڕ (فاصل یان فصل) کاری (تخصیص)یان کردووە ...



دەربارەی (موحکەم و موتەشابە)

قورئانی پیرۆز لە ئایەتێکی سورەتی (ال عمران) دا ئایەتەکانی قورئان ئەکاتە دوو بەشەوە بە شێکیان ناوی ئەنێ " محکما" و بەشەکەی تریان ناوی ئەنێ " متشابهات" هەروەکو (خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿هُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ مِنۡهُ ءَايَٰتٞ مُّحۡكَمَٰتٌ هُنَّ أُمُّ ٱلۡكِتَٰبِ وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَٰتٞۖ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمۡ زَيۡغٞ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنۡهُ ٱبۡتِغَآءَ ٱلۡفِتۡنَةِ وَٱبۡتِغَآءَ تَأۡوِيلِهِۦۖ وَمَا يَعۡلَمُ تَأۡوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُۗ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلّٞ مِّنۡ عِندِ رَبِّنَاۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ٧﴾ [آل عِمۡرَان : ٧] واتە : {ئایەتی موحکەمو موتەشابیهـ} [هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - خوای گەورە ئەو خوایەیە کە ئەم قورئانە پیرۆزەی بۆ سەر تۆ دابەزاندووە [مِنْهُ آيَاتٌ مُحْكَمَاتٌ] کە هەیە لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز موحکەمن واتە: یەك تەفسیرو یەك لێکدانەوەی هەیە زیاتر لە مانایەك هەڵناگرێ و ماناکانی ئاشکراو ڕوونە [هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ] کە ئەمانە ئەسڵ و بنچینەی قورئانی پیرۆزن [وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ] وە هەندێك ئایەتی تریش هەیە موتەشابیهن کە زیاتر لە ماناو تەفسیرێك هەڵئەگرێ و هەموو کەس ماناکانی نازانێ [فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ] جا ئێمە ئەمرمان پێ کراوە شوێن ئایەتی موحکەم بکەوین و ئیشی پێ بکەین، وە ئیمان بە ئایەتی موتەشابیهـ بێنین، بەڵام ئەو کەسانەی کە زەیغ و لادان لە حەق لە دڵیاندا هەیەو دڵیان لەسەر حەق لایداوە [فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِ] ئەمانە ئەچن شوێن ئایەتە موتەشابیهەکان ئەکەون بۆ ئەوەی گومان بۆ موسڵمانان دروست بکەن وە مەبەستیان ئەوەیە کە فیتنە و ئاشووب بۆ خەڵکی موسڵمان بنێنەوەو دینەکەیان لێ تێکبدەن وە ئەیانەوێ تەئویلیشی بکەن و لێکی بدەنەوە بەو شێوازەی کە گونجاو بێ لەگەڵ بیروبۆچوونی خراپی خۆیان [وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ] لە کاتێکدا ئەو ئایەتە موتەشابیهانە هیچ کەسێك تەفسیرو لێکدانەوەی نازانێ تەنها زاتی پیرۆزی الله نەبێ [وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا] جا هەیە لە زاناکان لێرە ڕائەوەستێ، واتە: تەنها خوا ئەزانێ و ئەوانەی لە زانست و زانیاری چەسپاو و دامەزراون ئەڵێن: ئیمانمان پێی هێناوە، وە هەیشە ئەفەرمووێ: تەنها خوای گەورەو زانا دامەزراوەکانیش مانای ئەو ئایەتە موتەشابیهانە ئەزانن وەکو ابن عباس ئەفەرمووێ: منیش یەکێکم لەو کەسانەی کە لێکدانەوەی ئەو ئایەتانە ئەزانم، وە زانایان ئەڵێن: ئێمە ئیمانمان بەهەمووی هەیە بە موحکم و بە موتەشابیهەوە چونکە هەمووی لەلایەن خوای گەورەوە هاتووە [وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ (٧)] وە هیچ کەسێك بیر ناکاتەوە مەگەر ئەوانەی کە خاوەن عەقڵ و تێگەیشتن ...

پێناسەی (موحکەم) :

-ئەوەیە مانا و مەبەستەکەی دیارە و ئەزانرێت .

-ئەوەیە کە تەنیا یەك مانا هەڵدەگرێت .

-ئەوەیە سەربەخۆ مانا ئەدات و پێویستی بەوە نییە ووشەیەکی تر ڕۆشنی بکاتەوە .

پێناسەی (متشابهات) :

-ئەوەیە تەنیا خوا ئەزانێ یان چی .

-ئەو ووشەیە کە چەند مانا هەڵدەگرێت .

-ئەوەیە سەربەخۆ مانان نادات بە دەستەوە و پێویستی بەوە هەیە لە ژێر مانای ووشەیەکی تردا ماناکەی بکەی .

بەڵێ زانایان هەر چۆن لەسەر پێناسەی (محکما متشابهان) ڕای جیاوازیان هەیە ئەواش لەسەر دیاری کردنی جۆری ئایەتەکان لە (محکمات و متشابهات) ڕای جیاوازیان هەیە ..!!

یەکێك لە زانایان وەك (**ابن حزم ظاهري**) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت : " متشابهات " لە قورئاندا بریتیە لە سوێندەکان کە لە سورەتەکاندا هەیە بۆ نموونە : قال تعالى: ﴿وَٱلضُّحَىٰ ١ وَٱلَّيۡلِ إِذَا سَجَىٰ ٢﴾ [الضُّحَى : ١ - ٢] ﴿وَٱلۡفَجۡرِ ١ وَلَيَالٍ عَشۡرٖ ٢﴾ [الفَجۡر : ١ - ٢] هەروەها پیتە تاك و جووتە کان کە لەسەرەتایی سورەتەکاندا هاتوون بۆنموونە : ﴿الٓمٓ ١﴾ [البَقَرَة : ١] ﴿الٓمٓصٓ ١﴾ [الأَعۡرَاف : ١] ﴿الٓرۚ﴾ [يُونُس : ١] ﴿الٓمٓرۚ﴾ [الرَّعۡد : ١] ﴿كٓهيعٓصٓ ١﴾ [مَرۡيَم : ١] ﴿طسٓمٓ ١﴾ [الشُّعَرَاء : ١] ﴿طسٓۚ﴾ [النَّمۡل : ١] ﴿الٓمٓ ١﴾ [الرُّوم : ١] ﴿يسٓ ١﴾ [يس : ١] ﴿صٓۚ﴾ [ص : ١] ﴿حمٓ ١﴾ [غَافِر : ١] ﴿قٓۚ﴾ [ق : ١] ﴿نٓۚ﴾ [القَلَم : ١] ﴿عَمَّ﴾ [النَّبَإِ : ١] جگە لەمانە هەموو ئایەتەکان (**محکما**)ن ..!!

لێرەدا بە هەندێ ڕوونکردنەوە بدەین لەم بابەتەدا تا خوێنەری بەرێزی کورد بە گشتی ، هیچ نەبێ لە باسەکە نزیك ببنەوە و ئەگەر لە ڕاستی بابەتەکەش بە تەواوەتی نەگەن :

یەکەم : هۆی ئەوەی کە زانایان ڕای جیاجیان هەیە لە " **محکما** " و " متشابهات " ئەوەیە ئایەتەکەی سورەتی (ال عمران) بە دوو شێوە ئە خوێنرێتەوە ..؟!

١-لە سەر ووشەی (الله) – لە ئایەتی ﴿وَمَا يَعۡلَمُ تَأۡوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُ﴾ [آل عِمۡرَان : ٧] – واجبە بوەستی و خوێندنەوەکە ڕابگری ..!!

٢-وەستان لەوێدا بوەستی .. بەم پێیە بێت مانای ئایەتەکە لە (باری یەکەم) دا واتە: تەنیا و تەنیا هەر خوا مانای ئایەتە " متشابهات " کان ئەزانێت ، مانای ئایەتەکە لە (باری دووەم) دا واتە : (خوای گەورە) و زانایان و پیاوچاکە ڕیشدارەکان مانای ئایەتە "متشابهات" کان ئەزانن ، جا ئەوانەی لە سەر خوێندنەوەی (شێوەی یەکەمن) ئەڵێن : ئایەتە "متشابهات " کان بریتین لە شتانەی پەیوندیان نییە ە (یاسا) و (حوکمە تەکلیفییە کانەوە) ، چونکە عەقڵ نایبرێ کە (خوای گەورە) تەکلیفی شتێك بکات لە خەڵکی نەزانن مانای چییە ..؟! لەبەر ئەوە ئایەتە "متشابهات"کان سنووردار ئەکەن لە :

-پیتە تاك و چووتەکانی سەرەتای سورەتەکانداوە وەك ﴿الٓمٓ ١﴾ [البَقَرَة : ١] ﴿الٓمٓصٓ ١﴾ [الأَعۡرَاف : ١] ﴿الٓرۚ﴾ [يُونُس : ١] ﴿الٓمٓرۚ﴾ [الرَّعۡد : ١] ﴿كٓهيعٓصٓ ١﴾ [مَرۡيَم : ١] ﴿طسٓمٓ ١﴾ [الشُّعَرَاء : ١] ﴿طسٓۚ﴾ [النَّمۡل : ١] ﴿الٓمٓ ١﴾ [الرُّوم : ١] ﴿يسٓ ١﴾ [يس : ١] ﴿صٓۚ﴾ [ص : ١] ﴿حمٓ ١﴾ [غَافِر : ١] ﴿قٓۚ﴾ [ق : ١] ﴿نٓۚ﴾ [القَلَم : ١] ﴿عَمَّ﴾ [النَّبَإِ : ١]

-ئایەتەکانی (صفات) کە باسی (دەست) و (ڕوو) و (چاو) و (نزیکی) و (حازر) .. (خوای گەورە) ئەکات .

-(هاتن) و (دابەزین) و (خێر وەرگرتن بەدەستی ڕاست) ... هتد ی (خوای گەورە) ئەکات .

-سوێندەکانی قورئان و کاتی هاتنی قیامەت و بینینی (خوای گەورە) لە بەهەشتدا .. هتد .

ئەوانەش لەسەر خوێندنەوەی (شێوەی دووەم) ئەڵێن : ئایەتە " متشابهان "کان لە قورئاندا هەموو ئەو ئایەتانەن کە دوو مانا و زیاتر هەڵدەگرن و زانینی مانا و مەبەستە کانیان لای (خوای گەوە) و لای ئەو زانایانەن کە کە داناو زانان پیاو چاکەن لە زانستی شەرعدا ..!!

(ابن قتيبه) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : " من لەوانە نیم کە ئەلێن زانا و پیاو چاکان لە زانستی شەرعیدا مانای " متشابهات" نازانن ..؟! ئەوە هەڵەیە بەدەم (زمان = اللغە) بەدەم (مانا) وە ئەکرێت ، چونکە (خوای گەورە) شتێکی لەم قورئانە دا نەفەرمووە کەڵکی نەبێت بۆ بەندەکانی ، یان فێری مانا و مەبەستێکی خوایان نەکات و یان لێ تێ نەگات ..؟! هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ دوعا بۆ (کوڕی عباس) دەکات دەفەرمووی : **(اللهم علّمه التأوبل وفقهه في الدين)** . **(ابن قتيبه) ص** ٩٩.

(مجاهد) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – لە تەفسیری ئایەتەکەدا ئەلێ : زانایان ماناکانی ئەزانن و ئەلێن : **(آمنا به كل من عند ربنا)** جا ئەگەر زانا پیاوچاکەکانی زانستی شەرعیدا ، بە ش و هەلوێستیان هەر ئەوەندە بێت بلێن : **(آمنا به كل من عند ربنا)** ئیتر چ فەزلێکیان هەیە بەسەر خوێنەوارەکانی تردا ، یان بەسە عەوام و نەخوێندەوارە کانیشدا، چونکە خۆ هەموو هەر ئەلێن : **(آمنا به كل من عند ربنا) .تأويل مشكل القران ص** ١٠٠.

(ابن قتيبه) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : پاش ئەمانە ، باشە خۆ ئێمە تەفسیر زانێك شك نابەین لە ماناکردنی ئایەتێکدا وەستابێت و تەفسیری نەکردبێت ..؟! یان بلێ ئەمە " متشابهات" تەنها (خوای گەورە) نەبێت کەس ماناکەی نازانێ ..؟! بەڵکو زانایانی تەفسیر ، تەفسیری هەموو ئایەتەکانی قورئانیان کردووە و تەنانەت تەفسیری پیتە تاك و چوتەکانیشیان کردووە کە لە سەرەتای سورەتەکاندا هاتووە وەکو ئەمانە ﴿الٓمٓ ١﴾ [البَقَرَةِ : ١]﴿الٓمٓصٓ ١﴾ [الأَعۡرَاف : ١]﴿الٓر﴾ [يُونُس : ١]﴿الٓمٓر﴾ [الرَّعۡد : ١]﴿كٓهيعٓصٓ ١﴾ [مَرۡيَم : ١]﴿طسٓمٓ ١﴾ [الشُّعَرَاء : ١]﴿طسٓ﴾ [النَّمۡل : ١]﴿الٓمٓ ١﴾ [الرُّوم : ١]﴿يسٓ ١﴾ [يس : ١]﴿صٓ﴾ [ص : ١]﴿حمٓ ١﴾ [غَافِر : ١]﴿قٓ﴾ [ق : ١]﴿نٓ﴾ [القَلَم : ١]﴿عَمَّ﴾ [النَّبَإِ : ١] .

دووەم : (خوای گەورە) کە ئایەتەکانی قورئانی کردووە بە دوو بەشەوە " محكماو متشابهات" مەبەستی ئەوەیە کە خەڵکی بزانن ئایەتە (محكما) کان هەموو ئەو ئایەتانە کە بناغەو گۆریچەی هەموو مەسەلە گەورەکانیان لەسەر ڕاوەستاوە وەك " بنەماکانی ئایین و بنەماکانی دەستوور " هەروەها "متشابهات" کانیش بریتین لەو ئایەتانەی کە زیاتر لە تایبەتمەندییەکانی زانایانن و ئەوان ئەتوانن بیانهێننەوە بۆ ژێر " محكما"ەکان و لە ژێر تیشکی ئەو (موحکەمانەدا) تەفسیری تەواویان بۆ بکەن ..!!

بەلێ (موحکەم و موتەشابە) بریتیە لەو دوو جۆرە ئایەتانەی کە یەکەمیان یەك مانای ڕوون و سادە و جێگیر ئەدات و (قرينه) چ ووشەکە خۆی بێت ، یان (قرينه)ی دەرەکی یەیبرێتەوە ، بەڵام " متشابهات" ئەو ووشانەیە کە مانای سادە و جێگیریان نییە و بە (قرينه) ی ئایەتی تر ، یان گیانی شەریعەت یان عەقڵ و زیرەکی و هۆشمەندی و سەلیقەی مانایەکی تایبەت و تەواو پێ ئەبەخشرێ و دوای ئەوە ئیتر دەرگا لە مانا زۆرو زەبەندەکانی تر دائەخەیت کە ئەوانە لێی دەردەهێنن کە (خوای گەورە) دەربارەیان ئەفەرموویت : قال تعالى: ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمۡ زَيۡغٞ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنۡهُ ٱبۡتِغَآءَ ٱلۡفِتۡنَةِ وَٱبۡتِغَآءَ تَأۡوِيلِهِۦ﴾ [آل عِمۡرَان : ٧]

پرسیارێك لە پرسیارە کانی ئەوانەی کە گومان دەگرن کە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز دەلێن : ئایا بۆ چی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز هەمووی (موحکەم نییە و موتەشابیهیشی تێدایە ..؟!

زانایان زۆر لەوە کۆلیونەتەوە کە بۆچی ئایەتە قورئان هەمووی " موحکەم " نیین و بەو پێیە هەموویان مانای ڕوون و ئاشکرایان هەبێت و کە بواری ئەوەی بۆ خۆش نەبێت مانای نادروست لە ئایەتەکان دەربهێنێ ، (خوای گەورە) بۆ ڕێگەی لەو کەسانە نە گرتووە کە دڵیان لادانی تێدایە و ئایەتی (متشابهات)ی لە قورئاندا نەفەرموایەو بەو شێوەیەش کەس بە دوای مانای نادروست و نە گونجاودا نە ئەگەڕا..؟!

وەڵام / زانایان ئەفەرموون : **(ولو كان القرآن كله ظاهر مكشوفا حتى يستوي في معرفته العالم والجاهل ، لبطل التفاضل بين الناس وسقطت المحنة وماتت الخواطر)** . **ابن قيبة ،تأويل مشكل القرآن ص** ٨٦. **واته** : ئەگەر قورئان هەمووی ڕوون و ئاشکرا بوایە و زانا و نەفام و نەزان ، هەر دووکیان وەك یەك ماناکانیان بزانیبا، ئەو کاتە جیاوازی لە نێوان خەڵکدا نەئەما (ئەم زانا و ئەو نەزان و نەفام) تاقیکردنەوە کۆتای دەهات و خۆپە و داهێنان بە تەواوی ئەمرد ..؟!

زانایان ئەفەرموون : **(مع الحاجة تقع الفكرة والحيلة و مع الكفاية يقع العجز والبلادة) واته** : لە گە ڵ بوونی پێویستیدا بیرۆکە و هەوڵ و کۆشش لە دایکئەبێت و لەگەڵ تێری بوونیشدا دەسەوسانی تەمەڵی لە دایك ئەبێت ..!!

ئەگێرنەوە دەلێن : لە یەکێکیان پرسی بۆ چی خۆزگە بەوەنا خوازێت بگەیتە سنووری کیفایەت و تێری ..؟! ئەویش ووتی : حەزم لە خوو ئەخلاقی تەمەڵ و دەسەوسانەکان نییە ..!!

زانایان ئەفەرموو: " هەر چی زانیاری هەیە چ زانیاییە ئایینەکان و چ زانیارییە مرۆییەکان بەشێکیان زانیاری سەرەتایین و بەشێکیان زانیاری وردو قورس و گرانن ، قوتابی لە زانیارییە سەرەتاییەکانەوە هەنگاو بە هەنگاو سەر ئەخرێت بەرەو زانیارییە وردو قورس گرانەکان ، وە ئەوەش وا ئەکات مامۆستاکان فەزلیان ببێت بە سەر قوتابییە کانیاندا " **ابن قيبة ،تأويل مشكل القرآن ص** ٨٦.

هەر زانایان ئەفەرموون : **(ولو كان كل فن العلوم شيئا واحد لم يكن عالم ولا متكلم ولا خفي ولا جلي ، لأن فضائل الأشياء تعرف بأضدادها)** . **ابن قيبة ،تأويل مشكل القرآن ص** ٨٦.

واته : ئەگەر هەموو جۆرەکانی زانست و زانیاری یەك شت بوونایە ، ئەو کاتە مامۆستا و قوتابێتی نە ئەماو نادیار و دیار لەو زانستانە دا ئەمانە ، چونکە گەورەیی هەموو شتێك لە پێچەوانەکەیدا دەرئەکەوێت .. واتە فلان کەس لە شتە وردو قورسەکانی فلانە زانستدا ئاگادارە گەورەیی زیاتر دەرئەکەوێ لەو کەسانەی تر کە تەنیا شتە گەورەو ئاسانەکانی ئەو زانستە ئەزانن ..!!

بێ گومان لە لایەکی تریشەوە بوونی "متشابهات" لە قورئاندا دەرگایی لێکۆلینەوە لە زانایان و خەڵکی هۆشیار ئەکاتەوە و یارمەتی عەقڵە کان ئەدات هۆشیان بجوولێن بخەنە گەر ئیجتیهاد کۆشش بکەن ، هەر ئەو لێکۆڵینەوە و ئیجتیهاد کردنەیە وای کردووە لە ناو کەلە پور و داب نەریتی شەریعەتی ئیسلامییدا مەسەلەیەك نەمێنێ زانایان شەریعەت ئیسلامی بە ڕێگەیەك یان زیاتر قسە باسیان لێی نەکردبێ ، خۆ ئەگەر قورئان هەمووی (موحکەم) و ووشەی سادە بوایە وەك " (ابن قتيبه) فەرموویەتی : (ئەوە عەقلەکان ئەوەستان و بواری جوولەو گەشەکردنیان کەم ئەبویەوە و گەورە بچووکی ئوممەتی ئیسلام لە یەك ئاست و یەك پلەدا ئەمانەوە دونیا لە ناو خۆیاندا گرۆمڵەی ئەکردن و لە گۆشەیەکی تەسك و تایبەتدا قەتیسی ئەکردن ..؟!



بیرکردنەوە و تێوەڕامان لە قورئانی پیرۆزدا

پێناسەی (تفکر) بیرکرنەوە :

ووشەی (تفکر) کە (خوای گەورە) لە قورئاندا بەکاری هێناوە ، لەسەر کێش یان (وزن)ی (تفعل) واتە: جووڵاندنی فیکر .، فیکریش بەر هەمی عەقڵە ، چونکە (خوای گەورە) عەقڵی بە مرۆڤ داوە کە بریتیە لە هێزێك کە مرۆڤ شتێ پێ درك دەکات ، جا جولاندنی عەقڵ و ئیش پێ کردنی پێی دەووترێت (فکر) وە ئەصلی پرۆسەکەش پێی دەوترێ : (تفکر) یان (تعقل) ، هەڵبەتە (تعقل) ئەوەیە کە تۆ عەقڵی خۆت بەکار بێنی یان بخەیە گەڕ لە زانینی شتەکاندا ، لە ئەنجامی بە کارهێنانی عەقڵیشدا شتێك بەرهەم دێ کە پێی دەووترێیت : (فیکر) ، وە کردارەکەش پێی دەووترێت : (تعقل) یات (تفکر) کەواتە (تفکر) واتە : بەکارهێنانی عەقڵ ، دیارە کە پێی دەڵێن : (تفکر) لە قورئاندا ، واتە بەکارهێنانی (عەقڵ) بۆ لێ تێگەیشتنی قورئانی پیرۆز ..!!

پێناسەی (تدبر) تێوەڕامان یان وورد بوونەوە :

(تدبر) هەر بە مانای لێورد بوونەوە تێوەڕامان دێ ، بەڵام بە ئیعتیباری ئەنجامی کۆتایی ،واتە ئایەتێك لێی ورد دەبیەوە داخۆ ماناکەی ، ئەنجامەکەی چیە ..؟! چونکە (تدبر) واتە : بیرکردنەوە لە شت بۆ ئەوەی ئەنجامەکەی بزانی ، دیارە هەر بیرکردنەوەیەکیش بۆ ئەوەی کە ئەنجامێکت دەست بکەوێ بۆ نموونە : قال تعالى: ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١﴾ [الإخلاص : ١] ، ئەم ڕستەیە کە ئایەتێکە لە ئایەتەکانی سورەتی (الإخلاص) مەبەست پێی چییە ..؟! دیارە ئەگەر لێی ورد نەبیەوە و پێیدا قوڵ نەبیەوە ، نازانی مەبەستەکەی چییە ..؟! واتە ئامانجێکت دەست ناکەوێ ..!! کەواتە هەر دوو ووشەی (تفکر) و (تدبر) ، مەبەست پێیا بەکارهێنانی عەقڵ و وەکار خشتنیەتی ، بۆ ئەوەی کە وردبیەوە لە ئایەتەکانی خوا ، دخۆ (خوای گەورە) مەبەستی پێیان چییە ..؟! کە ئەنجامەکەشی بریتیە لە (فقە)ی قورئان ، واتە : تێگەیشتنێکی ورد و قووڵ ..؟! بەڵام لە زمانی عەرەبیدا ووشەی (فهم) مان هەیە ، هەروەها ووشەی (فقە) یشمان هەیە ، (خوای گەورە) لە قورئاندا ووشەی (فقە) ی لە جیاتی (فهم) بەکارهێناوە ، دیارە (فهم)یش بریتیە لە تێگەیشتن ، بەڵام (فقە) بریتیە لە ورد تێگەیشتن ..!! جا (تفکر) و (تدبر) لە قورئاندا ئەنجامەکەی بریتیە لە (فقە)ی قورئان ، واتە : چاك لێ تێگەیشتنی و ورد تێگەیشتنی ، جا با سەری ئەو ئایەتانە بکەین کە (خوای گەورە) باسی ئەوانەی هەموو تێدا کردوون :

١ -(خوای گەورە) دەفەرمووێ : قال تعالى: ﴿بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلزُّبُرِۗ وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلذِّكۡرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ وَلَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ۝٤٤﴾ [النَّحۡل : ٤٤] واتە : {سوننەت ڕوونکەرەوەی قورئانە} [بِالْبَيِّنَاتِ وَالزُّبُرِ] پێغەمبەرانمان ناردووە بە بەڵگەی ڕوون و ئاشکراو زەبور، واتە: بە کتێب [وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - ئەم قورئانەشمان بۆ دابەزاندوویت [لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ] تا تۆ خۆت بە وتەو کردەوەو سوننەتەکانت ئەو قورئانەی کە بۆت دابەزیوە بۆیان ڕوون بکەیتەوە، (سوننەتی پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - ڕوونکەرەوەو ڕاڤەکاری قورئانی پیرۆزە، وە بەبێ سوننەت ناتوانین لە قورئان تێبگەین و عیبادەتی خوای گەورە بکەین بە راست و دروستی) [وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ (٤٤)] وە بەڵکو بیر بکەنەوەو پەندو ئامۆژگاری وەربگرن...

کەواتە : لە ئایەتە پیرۆزەدا (خوای گەورە) دەفەرمووێ : وە زیکرمان بۆ لای تۆ ناردۆتە خوارەوە تاکو ئەوەی بۆ خەڵکی نێردراوەتە خوار بۆیان ڕوون بکەیەوە ، وە بەڵکو بیر بکەنەوە و لە قورئان وردبنەوە ، ووشەی **(ذکر)** یەکێکە لە ناوەکانی قورئان ، (خوای گەورە) چوار ناوی بۆ قورئان بەکارهێناون : (القران) ، (کتاب) ، (فرقان) ، **(ذکر)** ، جا (خوای گەورە) ئەفەرمووێ : ئێمە زیکرمان بۆ تۆ ناردۆتە خوار ، بۆ چی خوای بێ هاوڵ قورئان ناوە **(ذکر) ..؟!** چونکە قورئان ڕاستییەکان بیری مرۆڤ یان ئینسان دەخاتەوە ، خوای تاك و پاکی بیر دەخاتەوە ، سەرەنجامی خۆی بیر دەخاتەوە ، حەقیقەتی خۆی بیر دەخاتەوە ، حەقیقەتی شتەکان و ژیانی دونیای بیر دەخاتەوە ، ئەو حەقیقەتانەی کە خوا لە فیترەتی دا دایناون ..؟! جا (خوای گەورە) دەفەرمووێ : زیکر مان بۆ تۆ ناردووە [لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ] بۆ ئەوەی بۆ خەڵکی ڕوون بکەیەوە ئەوەی کە بۆیان نێرراوەتە خوار ..!! ئەرکی پێغەمبەر ﷺ بریتی بووە لە ڕوونکردنەوە (تبيين) ی قورئان ، جاوەکو جاری دیکەو لە شوێنی دیکەدا باسمان کردووە ، ڕوونکردنەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ قورئان دوو شێوەی هەن : ڕوونکردنەوە بە فەرموودەکانی خۆی ، وە ڕوونکردنەوە بە کردەوە و هەڵوێستەکانی ..!!

بەڵێ پێغەمبەری خوا ﷺ هەم بە فەرمایشتە کانی خۆی و هەم بە کردەوەکانی و کتێبی (خوای گەورە) کە قورئانی پیرۆزە بۆمانی ڕوون کردۆتەوە ، کە ئایا مەبەست لە فلاَن ئایەت چییە ..؟! وە مەبەست لە فلاَن حەقیقەت چییە ..؟! کە (خوای گەورە) فەرموویەتی : وە چۆن جێ بەجێ دەکرێ ..؟! وە چۆن دەبێ مامەڵەی لە گەڵدا بکرێ ..؟!

دوای (خوای گەورە) دە فەرمووێ : [وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ] وە بۆ ئەوە قورئانمان ناردووە بۆ لای تۆ ئەی **محمد** ﷺ بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە ، ئەرکی پێغەمبەر ﷺ بریتیە لە ڕوونکردنەوەی قورئان ، بە قسەو بە کردەوەی خۆی بۆ ئوممەتەکەی ڕوون بکاتەوە ، قورئان چی دەوەێ ..؟! ئەو یاسایانەی کە قورئان هێناونی چی و چین و چۆنن ..؟! ڕاستییە کانی قورئان کامانەن ..؟! وەئایا قورئان چۆن پیادە دەکرێ ..؟! ئەرکی تومەتیش ئەوەیە بیر بکەنەوە ، بیر کردنەوە هەم لە خودی قورئان ، هەم ئەو شەرح و و تەفسیرەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە سەر قورئانی کردووە ، ڕستەی [وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ] هەر دووکیان دەگرێتەوە ، واتە دەبێ هەم بیر لە خودی قورئان بکەنەوە و بۆ خۆیان عەقڵی خۆیان بەکار بهێنن ، هەم لەو شەرح و بەیان و تەفسیرەش کە پێغەمبەری خوا ﷺ کردوویەتی لە چوارچێوەی سوننەتی خۆیدا سوننەتیش بریتیە لە (قول و عمل) واتە : گوفتار و کرداری ، و بیر لێ بکەنەوە ، کەواتە ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ کردوویەتی بۆ ڕوونکردنەوەی قورئان بە تەنیا بەسن نیە بۆ ئەوەی کە ئێمە ئیش بە قورئان بکەین ، ئەگەر بیر کردنەوەی خۆشمانی نەخەینە پاڵ ، بەڵکو ئەگەر بیر کردنەوەی خۆمانی نە خەینە پاڵ ، هەر لەوەی پێغەمبەریش حاڵی نابین ، یان لەوانەیە بە هەڵە لێی حالی ببین..؟!

٢ -هەروەها (خوای گەورە) دەفەرمووێ : قال تعالى: ﴿كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ إِلَيۡكَ مُبَٰرَكٞ لِّيَدَّبَّرُوٓاْ ءَايَٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ۝٢٩﴾ [ص : ٢٩] واتە : [كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - ئەم قورئانە پیرۆزو پڕ خێرو بەرەکەتە کتابێکە بۆ تۆمان دابەزاندووە [لِيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ] بۆ ئەوەی لە ئایەتەکانی تێبگەن و تێبفکرن و بیربکەنەوە [وَلِيَتَذَكَّرَ أُولُو الْأَلْبَابِ (٢٩)] وە ئەوانەیشی کە خاوەن عەقڵ و ژیرن تا یادبکەنەوەو پەندو ئامۆژگاری وەربگرن...

لێرەدا شارەزایانی زمانی عەرەبی دەڵێن : (کتاب) لێرە (خبر)ی (متدأ)ی (محذوف)ە **واتە : (هذا کتاب)** ، کەواتە ماناکەی ئایەتەکە ئاوایە : ئەم قورئانە کتێبێکە نار دوومانە بۆ لای تۆ — ئەی **محمد** ﷺ - پر بەرەکەت و بە پیزە بۆ ئەوەی لە ئایەتەکانی ورد ببنەوە و دیققەتی بدەنێ ، وە بۆ ئەوەش کە ئەوانەی هۆشمەندو عاقڵمەندن پەندی لێ وەرگرن ..!! کەواتە تێوەڕامانی قورئان و بیر لێ کردنەوەی بە کێ دەکرێ بە کەسانی هۆشمەندو عەقڵمەندان دەکرێ ، مرۆڤ هەتا عەقڵی زیاتر بێ ، زیاتر دەتوانێ لە قورئان ورد بێتەوە لێی تێبگات و پەندی لێ وەرگرێ و ئەو زانیاری و حەقیقەتانەی کە تێیدان ، وەریان بگرێ ..؟! ئێنجا ئەنجامی (تفکر) و (تدبر)یش بریتیە لە (فقە)ی قورئان و لێ تێگەیشتنی وەك (خوای گەورە) لەو بارەوە فەرموویەتی : قال تعالى: ﴿قَدۡ فَصَّلۡنَا ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَفۡقَهُونَ ۝٩٨﴾ [الأَنۡعَام : ٩٨] واتە : ئایەتەکانی خۆمان درێژە پێداوە بۆ کەسانێك کە تێ بگەن ..!! وەیان ئایەتەکانی خۆمان ڕوونکردۆتەوە بۆ کەسانێك کە لێی تێبگەن ..!! ووشەی (تفصیل) لە بەرانبەری (إجمال) واتە : گوتنی شتێك و باسکردنی بە کورتی ، (تفصیل) ئەوەیە کە بە ڕوونیی بە درێژیی بێ ، جا (خوای گەورە) دەفەرمووێ : ئایەتەکانی خۆمانمان (تفصیل) داوە ، بۆ کەسانێك کە لێیان تێبگەن ، ئێنجا ئایا لە ئەنجامی چی دا مرۆڤ تێ دەگا ..؟! لە ئەنجامی بیرکردنەوەو ڕاماندا مرۆڤ دەتوانێ لە کتێبی خوا تێبگات ، لێ تێگەیشتنێکی ورد و قووڵ ..؟!

چونیەتی بیر کردنەوە و تێڕامان لە قورئان پیرۆز

بەلێ چۆنیەتی بیرلێ کردنەوە و تێڕامان لە قورئان لە کاتێکدا کە بەندەی موسڵمان یان دەی خوێنێتەوە ، وە یان گوێی لێ دەگرێ ، ئەوە کە مرۆڤ بیر لە پیتەکان و ووشە و ڕستە و ئایەتەکان بکاتەوە بە وردی لێی تێڕامێ ، چونکە هیچ پیتێك و هیچ ووشەیەك و هیچ ڕستەیەك وەیان ئایەتێك بەبێ هۆ و حیکمەت دانەنراوە ..؟! وەیان بیرکردنەوە و تێڕامان لە سیاق ڕستەکان و ڕێزبەندی ئایەتەکان بکاتەوە، ئەو هەمووە تەرتیب و ڕێزبەندیە کە هەیە ، وە هیچ پیتێك لە قورئاندا بەخۆرایی دانەنراوە ..؟! چونکە حیکمەتی تێدایە ، دیارە لێرەدا بوار نیە ئیعجازی زانستی زمانەوانی وئیعجازی زانستی رەوان بێژی و ئیعجازی زانستی ژمارەیی و ئیعجازی زانستی گەردوون ناسی ... هتد بە نموونەی زۆر بخەینە روو بەلاّم یەك نموونە دەهێنینەوە :

(خوای گەورە) دەفەرموویت : قال تعالی: ﴿وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ ٱلَّذِيٓ ءَاتَيۡنَٰهُ ءَايَٰتِنَا فَٱنسَلَخَ مِنۡهَا فَأَتۡبَعَهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ فَكَانَ مِنَ ٱلۡغَاوِينَ ١٧٥﴾ [الأَعۡرَاف : ١٧٥] واتە : {بەسەرهاتی (بەلعام)} [وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ الَّذِي آتَيْنَاهُ آيَاتِنَا] وە ئەی محمد - صلی الله علیه وسلم - بەسەرهاتێکی تریش بۆ بەنی ئیسرائیل باس بکە ئەو کەسەی کە ئایەتی خۆمانمان پێ بەخشی کە پیاوێك بوو ناوی (بەلعام) بووە لە شاری دەسەڵاتدارەکاندا (جەببارین) بوو ئەوەی کە موسی - صلی الله علیه وسلم - بە قەومەکەی وت: بڕۆنە ژوورەوە، وتیان: ناچین، ئەو خراپەکارانە بەو پیاوەیان وت: -کەسێك بووە کە خوای گەورە دوعای قبووڵ کردووە- وەرە دوعا لە موسی - صلی الله علیه وسلم - بکە خوا بیگەڕێنێتەوەو لە کۆڵمانی بکاتەوە چونکە ئەگەر زاڵ بێت بەسەرماندا لە ناومان دەبات، ئەویش وتوویەتی: ئەگەر دوعا لە موسی - صلی الله علیه وسلم - بکەم ئەوە خوای گەورە لەناوم ئەدات و دونیاو قیامەتم ئەفەوتێ، قەناعەتیان پێی کردو دوعای لە موسی - صلی الله علیه وسلم - کردووە ئەویش [فَانْسَلَخَ مِنْهَا] ئیتر چۆن ئاژەڵ لە پێستەکەی دەرئەکرێ ئاوا لەو پیاوچاکیە دەرچوو کە خوای گەورە پێی بەخشیبوو [فَأَتْبَعَهُ الشَّيْطَانُ] وە شەیتان شوێنی کەوت و بوو بە هاوەڵی [فَكَانَ مِنَ الْغَاوِينَ (١٧٥)] وە بووە کەسێك لەوانەی کە سەرکەش و سەرلێشێواون وە کافرو مورتەد بوو، وە ئەم ئایەتە لەسەر (ئومەییە) یش دابەزی...

بەلێ واتە : هەواڵی ئەو کەسەیان بەسەردا بخوێنەوە کە ئایەتەکانی خۆمانما پێدا بوو ، بەلاّم ئەو لە خۆی داپڕنین و یەکسەر شەیتان شوێنی کەوت و گرتی و چووە ڕێزی سەرگەردانانەوە ..!! ئایا لێرەدا بۆ چی (خوای گەورە) فەرموویەتی : ﴿فَأَتۡبَعَهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ﴾ وە بۆ چی نەی فەرمووە : (فَتَبِعَهُ الشَيْطان) وە یان (فاتَّبَعَهُ الشيطان) ..؟! چونکە ووشەی (أتْبَعَ) ئەوەیە کە کەسێك بە دوای شتێك بکەوێت و بشگەرێ ، واتە ئەو کەسەی کە ئایەتەکانی (خوای گەورە) لە پشت گوێ دەخات و پشتی تێدەکات وەیان لە خۆی دادەڕنێ و کاریان پێ ناکات ، شەیتان یان (ئیبلیس) شوێنی دەکەوێ و ئەشی گرێ ، واتە : لێرەدا بۆیە ووشەی (أتبع) بەکارهێنراوە لە جیاتی ووشەیەکی دیکە چونکە: ﴿فَأَتۡبَعَهُ﴾ واتە : بەدوای کەوت و گرتیشی ، کەواتە : کەسێك بیەوێ لە ڕاز و نهێنییەکانی قورئان تێ بگات ، پێویستە بیر لە هەموو حرکەکان و وەیان پیت و ووشە و بڕگەو ڕستەکانی بکاتەوە و سەرنجی وردیان لێ بدات ..؟!

وە پێویستە خوێنەری قورئان پیرۆز بیر بکاتەوە لە ڕێزبەندی سیاقی ئایەتەکانیش ، ئەو ئایەتە بۆ چی بەدوای ئەو ئایەتە دا هاتووە ..؟! بۆچی ئەو ئایەتە لە پێش ئەو ئایەتەوە هاتووە ..؟! دیارە هەمووی نهێنی و حیکمەتی تێدایە ..؟!

بەلێ بەرێزان ..!! دەبێ بیرلێ کردنەوەکە ئاوابێ ..؟! دەبێ بیر لە پیتەکانی قورئان بکەینەوە و بیر لە یەك بەیەکی ووشەکان بکەینەوە ، بیر لە ڕستەکان بکەینەوە ، وە سەرئەنجام بیر لە هۆکاری هاتنە خوارەوەشی بکەینەوە ..!! ئینجا بێ گومان لە ئەنجامی هەموو ئەو جۆرە بیرکردنەوە و ڕامانانەدا ورد تر لە قورئان حاڵی دەبین و نهێنیو حیکەتی زۆرت دەست دەکەوێ .. چەند نموونەیەك :

نموونەی یەکەم :

یەکێك لە بنچینەکانی (أصول الفقه) ئەوەیە کە زانایان دەڵێن : دواندنەکان (**خِطابات**)ی قورئان ، بۆ وێنە کە (خوای گەورە و کاربەجێ) دەفەرموویت : قال تعالی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ [البَقَرَة: ١٥٣] واتە : ئەوانەی ئیمانتان هێناوە ..!! مەبەستی پیێی ئافرەتانیشە ، بەلاّم ئایا بۆ چی ئاوا هاتووە ..؟!

وەلاّم / چونکە لە زمانی عەرەبی یاسایەك هەیە کە هەر کاتێك کۆمەڵێك پیاو ئافرەت پێکەوە دوێنران ، بۆ ئاسانکاری قسەکان ، قسەکە بە صیغەی نێرینە (**مذكر**) بەکار دەهێنرێ یان دەوترێ ، بەلاّم مەبەستی پیێی هەر دووکیانە ..!! ئەم یاسایەکە کە لە زمانی عەرەبی تێ دەوترێت (**تغليب الذكور على الإناث**) واتە : زاڵ کردنی نێرینە بەسەر مێینەدا ..!!

نموونەی دووەم : بەلێ زۆرجاران بۆ سەڵماندنی ئەوەی کە موسڵمانان لە سەریان پێویستە چاو لە پێغەمبەری خوا ﷺ بکەن و بۆ هەموو شتێك بیکەنە سەرمەشقیان ، ئەم ئایەتە بە بەڵگەو دەلیل دەهێنێرێتەوە کە (خوای گەورە) دەفەرموویت : قال تعالی: ﴿قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٣١﴾ [آل عِمۡرَان : ٣١] واتە : {شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا - صلی الله علیه وسلم - نیشانەی خۆشویستنی خوایە} [قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ] ئەی محمد - صلی الله علیه وسلم - پێیان بفەرمە: ئەگەر ئێوە ڕاست ئەکەن خوای گەورەتان خۆش ئەوێ ئەوە شوێن من بکەون ئەوە ئەو کاتەش خوای گەورە ئێوەی خۆش ئەوێ وە لە تاوانەکانتان خۆش ئەبێ، کەسانێك بانگەشەی خۆشەویستی خوایان کرد خوای گەورە بەم ئایەتە تاقیکردنەوە، کەواتە هەرکەسێك شوێن پێغەمبەری خوا - صلی الله علیه وسلم - نەکەوێت و بیدعە بکات ئەوە راستگۆ نیە لە خۆشەویستی بۆ خوای گەورە، وە شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا - صلی الله علیه وسلم - بەڵگەیە لەسەر خۆشەویستی خوای گەورەو هۆکارە بۆ دەستخستنی خۆشەویستی خوای گەورەو لێخۆشبوونی تاوانەکان [وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ (٣١)] وە خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو و بەڕەحم و بەزەییە ...

هەروەها ئەم ئایەتەش بە بەڵگە دەهێنرێتەوە کە (خوای گەورە) دەفەرموویت : قال تعالی: ﴿لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ لِّمَن كَانَ يَرۡجُواْ ٱللَّهَ وَٱلۡيَوۡمَ ٱلۡأٓخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرٗا ٢١﴾ [الأَحۡزَاب : ٢١] واتە : {پێغەمبەری خوا - صلی الله علیه وسلم - پێشەواو مامۆستای چاکی ئێوەیە} [لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا (٢١)] بەدڵنیایی لە پێغەمبەری خوادا - صلی الله علیه وسلم - بۆ ئێوە پێشەوایەتییەکی زۆر جوان هەیەو پێشەواو مامۆستای چاکی ئێوەیەو چاو لە پێغەمبەری خوا - صلی الله علیه وسلم - بکەن و شوێنی بکەون بەلاّم بۆ کەسێك کە بە ئومێدی خواو ڕۆژی دوایی و پاداشتی خوای گەورە هەبێت، وە زیکری خوای گەورەی زۆر کردبێت...

بەلێ زۆرجار ئەم دوو ئایەتە بە بەڵگە دێنینەوە ، لەسەر ئەوەی کە موسڵمانان لە سەریان پێویستە بەدوای پێغەمبەری خوا ﷺ بکەوێ و بیکاتە سەرمەشق و پێشەوای خۆی لە هەموو کارو بارێکی ژیانی دا ، ئێ خۆ بە دڵنیاییەوە هەر واشە دەبێت شوێنی پێغەمبەرەکەمان بکەوین لە هەموو کارو بارێکی ژیاندا ، بەلاّم شوێن کەوتنی پێغەمبەری خوا زۆر جار خەڵکی بە تێگەیشتنێکی شەخصیی و ئەخلاقی لێی حاڵی بووە ، بەلاّم ئەگەر سەرنجی هەر کام لە دوو ئایەتە بدەین و سیاقی تەماشاك بکەین ، شتی دیکەمان دەست دەکەوێ ..!! بۆ وێنە (خوای گەورە) دەفەرموویت : قال تعالی: ﴿لَّا يَتَّخِذِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلۡكَٰفِرِينَ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ فَلَيۡسَ مِنَ ٱللَّهِ فِي شَيۡءٍ إِلَّآ أَن تَتَّقُواْ مِنۡهُمۡ تُقَىٰةٗۗ وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفۡسَهُۥۗ وَإِلَى ٱللَّهِ ٱلۡمَصِيرُ ٢٨ قُلۡ إِن تُخۡفُواْ مَا فِي صُدُورِكُمۡ أَوۡ تُبۡدُوهُ يَعۡلَمۡهُ ٱللَّهُۗ وَيَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ٢٩ يَوۡمَ تَجِدُ كُلُّ نَفۡسٖ مَّا عَمِلَتۡ مِنۡ خَيۡرٖ مُّحۡضَرٗا وَمَا عَمِلَتۡ مِن سُوٓءٖ تَوَدُّ لَوۡ أَنَّ بَيۡنَهَا وَبَيۡنَهُۥٓ أَمَدَۢا بَعِيدٗاۗ وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفۡسَهُۥۗ وَٱللَّهُ رَءُوفُۢ بِٱلۡعِبَادِ ٣٠﴾ [آل عِمۡرَان : ٢٨ - ٣٠] واتە : [لَا يَتَّخِذِ الْمُؤْمِنُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ الْمُؤْمِنِينَ] نابێ باوەڕداران کافران بکەن بە دۆست و خۆشەویست و سەرخەرو پشتیوانی خۆیان و خۆشیانیان بوێ لە جگە لە ئیمانداران [وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ فَلَيْسَ مِنَ اللَّهِ فِي شَيْءٍ] وە هەر کەسێك وابکات ئەوا خوای گەورە بەریە لەو کەسەو شتێکی لای خوای گەورە نامێنێ [إِلَّا أَنْ تَتَّقُوا مِنْهُمْ تُقَاةً] ئیلا ئەگەر هاتوو ترسان بتانکوژن ئەوکاتە دروستە بە ئاشکرا وەلائی خۆتانیان بۆ دەربڕن بەلاّم دڵتان پڕ بێت لە باوەڕ [وَيُحَذِّرُكُمُ اللَّهُ نَفْسَهُ] وە خوای گەورە ئەتانترسێنێ و ئاگادارتان ئەکاتەوە بە نەفسی پیرۆزی خۆی نەکەن کافران بکەنە وەلی و دۆست و خۆشەویستی خۆتان چونکە سزای سەختتان دەدات [وَإِلَى اللَّهِ الْمَصِيرُ (٢٨)] وە سەرەنجامی گەڕانەوەشتان هەر بۆ لای خوای گەورەیە..!! [قُلْ إِنْ تُخْفُوا مَا فِي صُدُورِكُمْ أَوْ تُبْدُوهُ يَعْلَمْهُ اللَّهُ] ئەی محمد - صلی الله علیه وسلم - پێیان بڵێ: هەر شتێك لە سینگتاندا لە دڵتاندا بشارنەوە یان ئاشکرای بکەن خوای گەورە عیلم و زانیاری پێیە وە ئاگای لێیە [وَيَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ] وە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی هەیە خوای گەورە



زانیاری بە هەمووی هەیە [وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٢٩)] وە خوای گەورە تواناو دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە..!! [يَوْمَ تَجِدُ كُلُّ نَفْسٍ مَا عَمِلَتْ مِنْ خَيْرٍ مُحْضَرًا وَمَا عَمِلَتْ مِنْ سُوءٍ] لە ڕۆژی قیامەتدا هەموو کەسێك هەر کردەوەیەکی کردبێت لە چاکە یان خراپە ئەبینێ کە ئامادەیەو نیشانی ئەدرێ [تَوَدُّ لَوْ أَنَّ بَيْنَهَا وَبَيْنَهُ أَمَدًا بَعِيدًا] ئەگەر خراپەی کردبێ ئاواتەخوازە کە ماوەو مەسافەیەکی یەکجار زۆر لە نێوان ئەم و خراپەکانیدا بێت و هەر نەیبینێ [وَيُحَذِّرُكُمُ اللَّهُ نَفْسَهُ] وە خوای گەورە دیسان ئەتانترسێنێ بەنەفسی پیرۆزی خۆی لە خوای گەورەو سزاکەی بترسێن [وَاللَّهُ رَءُوفٌ بِالْعِبَادِ (٣٠)] وە خوای گەورە زۆر بە ڕەئفەت و ڕەحمەتە بە بەندەکانی..!!

بەڵێ ئینجا پاش ئەو چەند ئایەتەی سورەتی (ال عمران) کە ئایەتەکانی (٢٨- ٢٩-٣٠) پاش ئەمانە ئیجا ئایەتی (٣١) دێت کە (خوای گەورە) دەفەرمووێت : دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ۝٣١﴾ [آل عِمْرَان : ٣١] جا ئەو ئایەتانە کە بەیەکەوە تەماشایان دەکەین بۆمان دەردەکەوێ کە بەڵێ موسڵمان دەبێ شوێنی یان دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ بکەوێ ..!! بەڵام ئایا ئەوە لە چ سیاقێکدا هاتووە ..؟! وە خستمانە ڕوو لە سیاقی باسی دۆستایەتی کردن **(الموالاة) کە واتە :** دەبێ لە دۆستایەتی کردن و دوژمنایەتی کردندا شوێنی یان دوایی پێغەمبەر ﷺ بکەوین ، چونکە سیاقی ئایەتەکان ئەوەیە ، وەکو ئایەتەکە ئەوەیە ئاوادە ست پێ دەکات کە ، (خوای گەورە) دەفەرمووێت : با ئیمانداران کافرو بێ باوەڕان لە جیاتی ئیمانداران بە دۆست نەگرن ..؟! واتە " پشتیان پی نە بەستن و پەیوەندیی و خۆشەویستیی تایبەتییان لە گەڵیان نەبێ " وە هەر کەس دۆستیایەتی بگرێ لەگەڵ ئەهلی کوفردا لە جیاتی ئەهلی ئیمان ، وە هیچ پەیوەندی بە (خوای پەروەردگارەوە) نیە ..؟!

پاشان (خوای گەورە) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ﴾ [آل عِمْرَان : ٣١] واتە : لە دۆستایەتی کردندا تەنیا ئەهلی ئیمان بە دۆستی خۆتان بزانن ، ئا ئەوە شوێنکەوتنی پێغەمبەرە ﷺ ..!! مەبەستمان ئەوەی ئێستا هەر یەکێك لە دەستە حیزب کۆمەڵێك لە موسڵمانان بە ئارەزووی خۆیان لە ڕووی سیاسیەوە یان دۆستایەتی کردن خۆگونجاندن لەگەڵ کەش و هەوا سیاسیەکەی خۆی کە دەگونجێ بە ئارەزووی خۆی دۆستایەتی بێ باوەڕان دەکەن ، ئەوان وا بیر دەکەنەوە وەیان وا تێڕاماون لە ئایەتەکە کە گوایە سیاقەکەی بەم شێوەیە دەبێت شوێن کەوتنی پێغەمبەری خوا ﷺ لە بیدعە داهێنان لە دین وەکو ئاهەنگی لە دایك بوونی پێغەمبەری خوا صلى ، وەیان یاد کردنەوەی مولود هەندێك لە بیدعەو داهێنانەکان لە دین لەوە خۆیان دەبیننەوە ، بە پێچەوانەوە سیاقی ئایەتەکە مەبەستی ئەوانەی کە باسمان کردن نیە ، بەڵکو شوێن کەوتنی سوننەت بە شێك لە شوێن کەوتن دواکەوتنی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمانیش هەر شوێنکەوتنە ، بۆیە سەرچەم موسڵمانان لە هەموو وەڵاتە موسڵمانەکان شوێنی بێ باوەڕان و کافران دەکەون دۆستایەتیان لە گەل دەکەن ، کەچی دوا جاریش بە زەرەی خۆیان تەواو دەبێ ئینجا دەێن ڕەخنە لە ئیسلام و موسڵمان دەگرن ، کەچی ئەوا دۆستایەتیان لەگەل دوژمنانی خوا و پێغەمبەرەکەی کردووە ، چوونە سیاقی ئایەتەکەیان وا لێکداوەتەوە یان وا بیریان لێ کردۆتەوە تەنها دەبێت شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا لە نوێژە سوننەتەکان و سیواك کەچی ئەوانەش شوێنکەوتنە ، بەڵام لە ئایەتەدا شوێن کەوتن بەم مەبەستە نایەت بەڵکو مەبەستی شوێن کەوتن و دۆستایەتی خوا و پێغەمبەرەکەی باشتر لە جیاتی دۆستایەتی کردنی لە دوژمنانی خوا و پێغەمبەرەکەی وەیان لە دۆستایەتی کردنی پێ باوەڕان و کافران و مونافیقەکان و مولحیدەکان عەلمانیەکان و شوعیە مارکسیەکان و ئەوانەی بانگەشەی درۆ دەکەن بەناوی مافی مرۆڤ مافی ئازادی تاکە کەسی ، وەیان مافی ئافرەت ، مافی منداڵ ، دورگەی شەیتان لە ئەمریکا کە بەناوی کەسێك ناسراوە (ئێپستین) کە سەر شۆری ریسوایی دەرندایەتی بوو هەموو جیهانی شۆك کرد بە کارە قیزەونانەی کردیان ، زۆر بەسەر کردەکانی بێ باوەڕان و کافران بوون سەرووی هەموویان سەرکردەکانی ئەمریکا لە ناویشیان (دۆلاند ترمپ) کە ئێستا سەرۆکی شەیانەکانی هەموو جیهانە ، ئەوە بۆ چەندین جار کوردی ستەم لێکراوی فرۆشت بە دوژمنانی ، بەڵام سیاقی ئایەتەکە ئاوایە کە (خوای کاربەجێ) کە باسی شوێن کەوتنی پێغەمبەر صلى دەکات وای باس دەکات کە ئەو لە گەڵ کێ دۆست بووە ، تۆش ئەی بەندەی ئیماندار لە گەڵ ئەو دۆست بە ، وە دوژمنایەتی کێ کردووە تۆ ئەی بەندەی ئیماندار دوژمنایەتی بکەی ..؟!

ئیدی لێرەوە کە لە ئایەتی (٩) دەست پێ دەکات کە باسی جەنگی (خەندەك) وەیان (الاحزاب) دەکات ، (خوای گەورە) باسی دەیهێنێ و هەمووی باسی جەنگ و جیهادە و باسی هەڵوێستی مونافیقەکان دەکات .. لە دوای ئەم ئایەتانە ئینجا ئایەتی (٢١)سورەتی (الاحزاب) دێت ، ئایەتەکانی پێش ئایەتی (٢١) ئەمانەن کە (خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَةَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَآءَتْكُمْ جُنُودٌ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا وَجُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا ۝٩ إِذْ جَآءُوكُم مِّن فَوْقِكُمْ وَمِنْ أَسْفَلَ مِنكُمْ وَإِذْ زَاغَتِ ٱلْأَبْصَٰرُ وَبَلَغَتِ ٱلْقُلُوبُ ٱلْحَنَاجِرَ وَتَظُنُّونَ بِٱللَّهِ ٱلظُّنُونَا۠ ۝١٠ هُنَالِكَ ٱبْتُلِىَ ٱلْمُؤْمِنُونَ وَزُلْزِلُوا۟ زِلْزَالًا شَدِيدًا ۝١١ وَإِذْ يَقُولُ ٱلْمُنَٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ مَّا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ إِلَّا غُرُورًا ۝١٢ وَإِذْ قَالَت طَّآئِفَةٌ مِّنْهُمْ يَٰٓأَهْلَ يَثْرِبَ لَا مُقَامَ لَكُمْ فَٱرْجِعُوا۟ ۚ وَيَسْتَـْٔذِنُ فَرِيقٌ مِّنْهُمُ ٱلنَّبِىَّ يَقُولُونَ إِنَّ بُيُوتَنَا عَوْرَةٌ وَمَا هِىَ بِعَوْرَةٍ ۖ إِن يُرِيدُونَ إِلَّا فِرَارًا ۝١٣ وَلَوْ دُخِلَتْ عَلَيْهِم مِّنْ أَقْطَارِهَا ثُمَّ سُئِلُوا۟ ٱلْفِتْنَةَ لَءَاتَوْهَا وَمَا تَلَبَّثُوا۟ بِهَآ إِلَّا يَسِيرًا ۝١٤ وَلَقَدْ كَانُوا۟ عَٰهَدُوا۟ ٱللَّهَ مِن قَبْلُ لَا يُوَلُّونَ ٱلْأَدْبَٰرَ ۚ وَكَانَ عَهْدُ ٱللَّهِ مَسْـُٔولًا ۝١٥ قُل لَّن يَنفَعَكُمُ ٱلْفِرَارُ إِن فَرَرْتُم مِّنَ ٱلْمَوْتِ أَوِ ٱلْقَتْلِ وَإِذًا لَّا تُمَتَّعُونَ إِلَّا قَلِيلًا ۝١٦ قُلْ مَن ذَا ٱلَّذِى يَعْصِمُكُم مِّنَ ٱللَّهِ إِنْ أَرَادَ بِكُمْ سُوٓءًا أَوْ أَرَادَ بِكُمْ رَحْمَةً ۚ وَلَا يَجِدُونَ لَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ۝١٧ ۞ قَدْ يَعْلَمُ ٱللَّهُ ٱلْمُعَوِّقِينَ مِنكُمْ وَٱلْقَآئِلِينَ لِإِخْوَٰنِهِمْ هَلُمَّ إِلَيْنَا ۖ وَلَا يَأْتُونَ ٱلْبَأْسَ إِلَّا قَلِيلًا ۝١٨ أَشِحَّةً عَلَيْكُمْ ۖ فَإِذَا جَآءَ ٱلْخَوْفُ رَأَيْتَهُمْ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ تَدُورُ أَعْيُنُهُمْ كَٱلَّذِى يُغْشَىٰ عَلَيْهِ مِنَ ٱلْمَوْتِ ۖ فَإِذَا ذَهَبَ ٱلْخَوْفُ سَلَقُوكُم بِأَلْسِنَةٍ حِدَادٍ أَشِحَّةً عَلَى ٱلْخَيْرِ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ لَمْ يُؤْمِنُوا۟ فَأَحْبَطَ ٱللَّهُ أَعْمَٰلَهُمْ ۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرًا ۝١٩ يَحْسَبُونَ ٱلْأَحْزَابَ لَمْ يَذْهَبُوا۟ ۖ وَإِن يَأْتِ ٱلْأَحْزَابُ يَوَدُّوا۟ لَوْ أَنَّهُم بَادُونَ فِى ٱلْأَعْرَابِ يَسْـَٔلُونَ عَنْ أَنۢبَآئِكُمْ ۖ وَلَوْ كَانُوا۟ فِيكُم مَّا قَٰتَلُوٓا۟ إِلَّا قَلِيلًا ۝٢٠ لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِى رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلْيَوْمَ ٱلْءَاخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرًا ۝٢١﴾ [الأَحْزَاب : ٩ - ٢١] هەروەکو باسان کرد سیاقی پێش ئایەتی (٢١) باس لە هەمووباس لە جەنگ و جیهادو مونافیقەکان دەکات ، هەروەها سیاقی دوایی ئایەتی (٢١) ئەویش باسی جەنگ و جیهاد دەکات ، هەروەکو دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿ وَلَمَّا رَءَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلْأَحْزَابَ قَالُوا۟ هَٰذَا مَا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَصَدَقَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ ۚ وَمَا زَادَهُمْ إِلَّآ إِيمَٰنًا وَتَسْلِيمًا ۝٢٢ مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا۟ مَا عَٰهَدُوا۟ ٱللَّهَ عَلَيْهِ ۖ فَمِنْهُم مَّن قَضَىٰ نَحْبَهُۥ وَمِنْهُم مَّن يَنتَظِرُ ۖ وَمَا بَدَّلُوا۟ تَبْدِيلًا ۝٢٣﴾ [الأَحْزَاب : ٢٢ - ٢٣] کەواتە تەماشا دەکەین سیاقەکە هەموو باسی جەنگ و جیهاد ، کەواتە لێرەد شوێن پێ هەڵگرتنی پێغەمبەر ﷺ لە بەرگری کردن لە ئایینی خوا دا ، لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەینە ئایەتەکە ئەوە مەبەستی هەرە گەورەیە ، بەڵام تەماشا دەکەی ڕەنگە زۆر کەس ئەو ئایەتە بخوێنێتەوە هەر ئەصلەن ئەوەی بە بیر دا نەیەت کە مەبەست پێی کاتی جەنگ و جیهادە و بەرگری کردن لە ئایینی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ وە ڕاوەستان لە مەیدانی جەنگ بەرانبەر ئەهلی کوفرو پێرو تاقمە کافرەکان..؟! ئەوانەی کاتی خۆی ویستویانە و ئێستاش دەیانەوێ گەلە کۆمەکی لە ئیسلام بکەن ..!! ئا لەوەدا دەبێ بەدوای پێغەمبەر ﷺ بکەوێ ..!! ئینجا ئایا ئەو تێگەیشتنەت چۆن چۆنی دەست دەکەوێ ..؟! بێ گومان وادیارە بۆ تێگەیشتن و تێڕامان لە ئایەتەکە دەبێت پێش ئایەتەکە و دوایی ئایەتەکە بەیەکەوە ببەستیەوە ئینجا بیر لێ بکەینەوە بۆ تێگەیشتن مەبەست لە ئایەتە کا باسی چی دەکات ، چونکە ئەگەر بەیەکەوە گرێ نەدەین تەنیا تێگەیشت تەنها ئەم ئایەتە بێنی ، (خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِى رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ﴾ [الأَحْزَاب : ٢١] . ئینجا ئەو کەسەی کە دەخوێنێتەوە وا دەزانێ مەبەست پێی تەنها لە ڕووی ریش هێشتنەوە و سیواك کردن و چەندین سوننەتی تر بەڵام ئەوانەش هەر عیبادەتن چاو لێکردن شوێن کەوتنی فەخرو شانازیە ، کەچی وازیان لە شوێن کەوتن لە بەرگری کردن و جیهاد لە پێناوی خوا و پێغەمبەرکەی هێناوە ، چونکە مەبەستی سەرەکی لەم ئایەتەکە سوننەکان وەکو ریش و سیواك و نیە ، بەڵکو بەرگری کردنە لە ئایینی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ دەبێ لەوەدا وەکو پێغەمبەری خوا ﴿لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِى رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ﴾ چونکە لە بنچینەدا ئەصل وایە دەبێت چۆك دانەدەین لە بەرانبەر ئەهلی کوفردا ، بەڵکو سەنگەر چۆڵ نەکردن ، لەوەدا دەبێ وەکو پێغەمبەر ﷺ جیهادو تێکۆشان لە پێناوی ئایینی خوا وە بە رگری کردن بۆ سەر خستنی ئایینەکەی نەوەکو خەڵکانێك هەن ئێستا لەم سەردەمە دا بە رگری کردن و شوێن کەوتنی پێغەمبەریان لە بیر کردووە شوێنی یهود و نصاری کەوتن تەنها دلی ئەوان رازی بکەن ، کەچی لەم لاوەش بەناوی شوێن کەوتنی پێغەمبەری خوا ﷺ دێن داهێنان لە ئاینی ئیسلام دەکەن بە بیدعەکانیان وەکو

زیندوو کردنەوە لە دایك بوون پێغەمبەر ﷺ بە دین نیان داناوە ، وەیان سەردانی کردنی شێخ پیاو چاکان چەندی داهێنان و بیدعە لە دین دا ، کەچی خۆیان دوور کردوە لە بەرگری کردن لە ئایینی خوا ئایینی پاکی ئیسلام کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە بەرانبەر ئەهلی کوفرو مونافیقەکان لە مەیدانی جەنگدا بەرگری دەکرد بۆ سەرکەوتنی ئایینەکەی ...

هەڵبەتە هەر بۆیەش کە (خوای گەورە) و کاربەجێ هێندە بە جەختکردنەوە فەرمانی کردووە بە تێفکرین و لێوردبوونەوەو سەرنج دانی قورئان ، چونکە بە ڕاستی تەنیا لە ئەنجامی سەرنج دان و تێفکرینی قووڵ دا بە شێوەیەکی ڕاست و دروست لە کتێبی (خوای گەورە) ، ئەگەر نا هەر قسەیەك بێنە با چاکترین و ڕاسترین مەبەستیشی گرتبێتە خۆی ، کاتێك کە هەر بە پلەیی تەماشای دەکەی ولێی ورد نابینە وە ، یاخود لە جیاتی پێکەوە بەستنەوە بڕگەکانی لە یەکیان دەپچڕێنی ، ئەوە تەنانەت کەلامی ڕاست و بێ وێنەی (خوای گەورە)ش بێ مانا و مەبەستێکی هەڵە بەدەستەوە دەدات،

بۆ نموونە هەروەك (خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالی: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمۡ سُكَـٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعۡلَمُواْ مَا تَقُولُونَ﴾ [النِّسَاء : ٤٣] واتە: { قۆناغی دووەمی حەرام کردنی مەی} [يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَقْرَبُوا الصَّلاةَ وَأَنْتُمْ سُكَارَى حَتَّى تَعْلَمُوا مَا تَقُولُونَ] (ئیمامی عەلی) دەفەرمێت: لە ماڵی (عبدالرحمنی کوڕی عەوف) دەعوەت بووین پێش ئەوەی مەی خواردنەوە حەرام بکرێت نانمان خواردو مەی زۆرمان خواردەوەو کاتی نوێژ هات و یەکێکمان پێشنوێژیمان کردو سورەتی (کافرون) مان خوێندو لێمان تێکچوو تێکەڵمان کردو بەهەڵە خوێندمانەوە، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: ئەی باوەڕداران ئێوە نزیکی نوێژ مەکەونەوە کاتێك کە حاڵتان وایە مەیتان خواردۆتەوەو سەرخۆشن تا بزانن لە نوێژەکەدا چی ئەڵێن، خوای گەورە لەکاتی نوێژ کردندا مەی خواردنەوەی لێ قەدەغە کردن، کە ئەمە قۆناغی دووم بوو لە قۆناغەکانەی حەرام کردنی مەی خواردنەوە کە دواتر بەیەکجاری حەرام کرا...

بەلێ ئێستا ئەم ڕستە قورئانییە کە بەسەر یەکەوە باشترین مەبەست دەگەیەنێ ، وەرە تۆ لێکی بپچڕێنە ، کە دەفەرمووێ : ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ وە بلێ و ڕستەی ﴿وَأَنتُمۡ سُكَـٰرَىٰ﴾ ی لێ قود بکە یان بقرتێنە ماناکەی هەڵە دەردەچێ ، وە یان (خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالی: ﴿فَوَيۡلٌ لِّلۡمُصَلِّينَ ۝٤ ٱلَّذِينَ هُمۡ عَن صَلَاتِهِمۡ سَاهُونَ ۝٥﴾ [المَاعُون : ٤ - ٥] واتە : [فَوَيْلٌ لِلْمُصَلِّينَ (٤) الَّذِينَ هُمْ عَنْ صَلاتِهِمْ سَاهُونَ (٥)] هەڕەشەی قورس و سەخت و ئاگری دۆزەخ بۆ ئەو نوێژخوێنانەی کە لە نوێژەکانیاندا بێ ئاگان، وە گوێی پێ نادەن هەر کاتێك بیکەن کاتی ڕۆیشتبێ و بەسەرچووبێ، یان کە بیشیکەن بۆ ڕیا ئەیکەن و چاوەڕێی پاداشت نین لە خوای گەورە، وە ئەگەر نەیشیکەن لە سزای خوای گەورە ناترسێن، واتە: پەیوەست نین بە نوێژەکانیانەوە، جا هەر نەیکەن ئەوە هەڕەشەکە ئەیانگرێتەوە، وە ئەوانەیشی کە ئەیکەن بەڵام دوای ئەخەن تا کاتەکەی تەواو ئەبێ، یان کەموکوڕی ئەکەنە ڕوکنەکانییەوە یان مەرجەکانییەوە یان خشوعی تیادا نابێت یان بۆ ڕیا ئەیکەن و مەبەستیان پێی ڕیایە هەموو ئەم شتانە ئەگرێتەوەو سیفەتی مرۆڤی دووڕووە..!! [فَوَيْلٌ لِلْمُصَلِّينَ (٤) الَّذِينَ هُمْ عَنْ صَلاتِهِمْ سَاهُونَ (٥)] هەڕەشەی قورس و سەخت و ئاگری دۆزەخ بۆ ئەو نوێژخوێنانەی کە لە نوێژەکانیاندا بێ ئاگان، وە گوێی پێ نادەن هەر کاتێك بیکەن کاتی ڕۆیشتبێ و بەسەرچووبێ، یان کە بیشیکەن بۆ ڕیا ئەیکەن و چاوەڕێی پاداشت نین لە خوای گەورە، وە ئەگەر نەیشیکەن لە سزای خوای گەورە ناترسێن، واتە: پەیوەست نین بە نوێژەکانیانەوە، جا هەر نەیکەن ئەوە هەڕەشەکە ئەیانگرێتەوە، وە ئەوانەیشی کە ئەیکەن بەڵام دوای ئەخەن تا کاتەکەی تەواو ئەبێ، یان کەموکوڕی ئەکەنە ڕوکنەکانییەوە یان مەرجەکانییەوە یان خشوعی تیادا نابێت یان بۆ ڕیا ئەیکەن و مەبەستیان پێی ڕیایە هەموو ئەم شتانە ئەگرێتەوەو سیفەتی مرۆڤی دووڕووە..!! {سزای ریابازان} [الَّذِينَ هُمْ يُرَاءُونَ (٦)] ئەو کەسانەی کە ڕیابازن و ئیشەکانیان بۆ ڕووبینی ئەکەن و مەبەستیان ڕەزامەندی خوای گەورە نیەو دڵسۆزی و ئیخڵاصیان لە کردەوەکانیاندا نیە بەتایبەتی لە نوێژەکانیاندا...



گرنگی چەکدرابوونی عەقڵ بە زانیاری و شارەزایی بۆ تێگەیشتنی قورئانی پیرۆز

بەلێ ئەوەش پێویستە بوترێت کە تێگەیشتنی قورئانی پیرۆز پێویستی بە زانست و زانیاری و شارەزایی هەیە تەنها بەوە مەدارمان ساز نابێ عەقڵ بەکار بهێنین ، بەڵکو دەبێت ئەو بیرو هۆش و عەقڵە چەکدار بکەین بە زانست و زانیاری وەیان پڕیان بکەین لە زانراوەکان (المعلومات) و هەتا ئەو عەقڵە دەوڵەمەند تر بێ بە زانیاری و شارەزایی ، زیاتر دەتوانێ لە قورئان ورد بێتەوە ، ئەگەر نا کە سێك کە هیچ شارەزای زمانی عەرەبی نەبێ ، هەزار ساڵ بیر لە قورئان بکاتەوە لێی تێناگا ..؟! چونکە کلیلەکەی بەدەستەوە نیە کە بریتیە لە زمان ، بۆیە دەبێ لە زمانی عەرەبی و هەتا زیاتریش لە زمانی عەرەبی و لە ڕەوانبێژی شارەزا بێ ، چونکە زیاتر لە نهێنیەکانی قورئان تێ دەگات ، بە دڵنیایەوە بۆ حاڵی بوونی قورئان شارەزایی لە زەمان پێویست و گرنگە ، چونکە ئەگەر عەقڵ بە تەنیا بەکاربێنی و بە چەکی شارەزایی لە زمان چەکدار نەبێ ، ئەوە بێگومان بە تەنیا هیچی پێ لەگەڵ قورئان ناکرێ ، ئەوە یەك دووەمیش زانراوەکان (معلومات) ، جا لە هەر ڕوویەکەوە بتەوێ لە قورئان تێبگەی دەبێ شارەزاییت لەو بوارەدا هەبێ ، ئەگەر بتەوێ لە ڕووی فیزیا و گەردووناسییەوە لە قورئان تێبگەی ، دەبێ شتێك دەربارەی فیزیا و گەردووناسیی بزانی ..؟! وە ئەگەر بتەوێ دەربارەی لایەنی پزیشکی لە قورئان تێبگەی ، دەبێ شتێك لە زانستی پزیشکی (علم الطب) بزانی ..؟! وە ئەگەر بتەوێ دەربارەی کۆمەڵناسی و یاساکانی (خوای گەورە) لە ژیانی مرۆڤەکان دا شارەزابی ، دەبێ شارەزای کۆمەڵناسیت هەبێ ..؟! وە ئەگەر بتەوێ دەربارەی ڕاستیەکانی مێژوو لە قورئان تێبگەی ، دەبێ شارەزای مێژووت هەبێ ..؟! وە ئەگەر بتەوێ لە موعجیزەکانی ژمارەی قورئان تێبگەی دەبێ شارەزایی لە بیرکاری هەبێ ... هتد ؟! هەروەها بەندازەی ئەوەی کە مرۆڤ زانیاری و (معلومات)ی فراوانی هەیە ، چاکتر لە قورئان ورد دەبێتەوە قووڵتر لە قورئان تێرادەمێنی زیاتر لێی تێدەگات ، هەر بۆیە (خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالی: ﴿وَتِلْكَ ٱلْأَمْثَـٰلُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ ۖ وَمَا يَعْقِلُهَآ إِلَّا ٱلْعَـٰلِمُونَ ﴿٤٣﴾﴾ [العَنكبُوت : ٤٣] واتە:[وَمَا يَعْقِلُهَا إِلَّا الْعَالِمُونَ (٤٣)] بەڵام هیچ کەسێك لێی تێ ناگات تەنها زانا دامەزراوەکان نەبێت، (عەمری کوڕی موڕڕە) دەفەرمێت: بەسەر هیچ ئایەتێکدا تێنەپەڕیوم کە ماناکەیم نەزانیبێت ئیلا خەفەتم خواردووە، چونکە خوای گەورە دەفەرمێت: تەنها زاناکان لێی تێدەگەن)... بەلێ وادیارە لە ئایەتی پێشتر دا باسی (العنکبوت) یان جاڵجاڵۆکە دەکات کە (خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالی: ﴿مَثَلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوْلِيَآءَ كَمَثَلِ ٱلْعَنكَبُوتِ ٱتَّخَذَتْ بَيْتًا ۖ وَإِنَّ أَوْهَنَ ٱلْبُيُوتِ لَبَيْتُ ٱلْعَنكَبُوتِ ۖ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴿٤١﴾﴾ [العَنكبُوت : ٤١] واتە : {نمونەی ئەو کەسانەی کە جگە لە خوای گەورە دەپەرستن} [مَثَلُ الَّذِينَ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِ اللَّهِ أَوْلِيَاءَ كَمَثَلِ الْعَنْكَبُوتِ] نموونەی ئەو کەسانەی کە جگە لە خوای گەورە ئەپەرستن وەکو نموونەی جاڵجاڵۆکەیەك وایە [اتَّخَذَتْ بَيْتًا] کە خانوویەکی بۆ خۆی دروست کردووە [وَإِنَّ أَوْهَنَ الْبُيُوتِ لَبَيْتُ الْعَنْكَبُوتِ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ (٤١)] بەدڵنیایی لاوازترین ماڵ ماڵی جاڵجاڵۆکەیە ئەگەر بزانن، (ئەوانەیشی کە عیبادەت بۆ جگە لە خوای گەورە ئەکەن عیبادەتەکەیان ئاوا پووچەڵ و بێ بنەمایەو خواکانیان وەکو جاڵجاڵۆکە لاوازو بێدەسەڵاتە، بە پێچەوانەی موسڵمانەوە کە خوای باڵادەستی بەدەسەڵاتی خاوەنی ئەم بوونەوەرە گەورەیە دەپەرستێت)... وە دوا ئەم ئایەتەش کە باسمان کرد ، (خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالی: ﴿وَتِلْكَ ٱلْأَمْثَـٰلُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ ۖ وَمَا يَعْقِلُهَآ إِلَّا ٱلْعَـٰلِمُونَ ﴿٤٣﴾﴾ [العَنكبُوت : ٤٣] واتە:[وَمَا يَعْقِلُهَا إِلَّا الْعَالِمُونَ (٤٣)] بەڵام هیچ کەسێك لێی تێ ناگات تەنها زانا دامەزراوەکان نەبێت، (عەمری کوڕی موڕڕە) دەفەرمێت: بەسەر هیچ ئایەتێکدا تێنەپەڕیوم کە ماناکەیم نەزانیبێت ئیلا خەفەتم خواردووە، چونکە خوای گەورە دەفەرمێت: تەنها زاناکان لێی تێدەگەن)... جا لێرەدا دەرکەوتوە کە ژیانی جاڵجاڵۆکە زۆر جێی پەند و عیبرەتە و (خوای گەورە) و کار بەجێ بۆیە کە کەسێك پەنا دەباتە غەیری خوا ، وە غەیری خوا بە دۆست دەگری ، پێی چوواندووە یان (تشبیهی) کردووە بەو زیندەوەرانەی کە پەنا دەبەن بەر ماڵی پیرەمۆتە ، چونکە وە زانایانی زیندەوەرناس پاش لێکۆڵینەوەیان لە ژیانی جاڵجاڵۆکە دەڵێن : ماڵی جاڵجاڵۆکە کانگایەکی بێرەزای هەراو ، گێژاوێکی سامناکی بێ سەرەوبەریی یە ، چونکە شوێنی سەر تێدا بەفەتارەت چوونە ، نەك تەنیا بۆ ئەو مێش و مەگەزانەی هەڵدەخەڵەتێنن و ڕووی تێ دەکەن ، بگرە بۆ ئەندامانی ماڵی جاڵجاڵۆکە خۆشیان ... هتد کەواتە : ئەم نموونەی قورئان کاتێك لێی تێدەگەی کە بزانی ژیانی جاڵجاڵۆکە چۆنە ..؟! هەر بۆیە (خوای گەورە) زانا و کاربەجێ کە دەفەرموویێت : ئەوەی زانا (عالم) نەبێ و شارەزانەبێ لە (ضرب المثل) ە کانی قورئان ،وە یان لە وێنە هێنانەوەی قورئان تێناگات ..؟! هەروەها (خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالی: ﴿وَيَرَى ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ هُوَ ٱلْحَقَّ وَيَهْدِىٓ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَمِيدِ ﴿٦﴾﴾ [سَبَإ : ٦] واتە : [وَيَرَى الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ الَّذِي أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ هُوَ الْحَقَّ] بەڵام زانا باوەڕدارەکان وا ئەبینن وە باوەڕیان وایە وە ئەزانن کە ئەوەی لەلایەن پەروەردگارەوە بۆت دابەزیوە ئەی محمد - صلی الله علیه وسلم - ئەوە حەقە، وە لەقیامەتیش بە (عین الیقین)دەیبینن، کە لێرە زانایان مەبەست پێی صەحابەیە، یان مەبەست پێی باوەڕدارانی ئەهلی کتابە [وَيَهْدِي إِلَى صِرَاطِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ (٦)] وە ئەزانن کە ئەم قورئانە ڕێنمایی خەڵکی ئەکات بۆ ڕێگای ڕاستی خوای گەورە کە خوایەکی زۆر بە عیزەت و باڵادەستە وە زۆر سوپاسکراوە... بەلێ بە گوێرەی ئەم ئایەتە : کێ دەزانێ کە قورئان حەقە ..؟! ئەوەی کە زاناو شارەزایە ، کەواتە مرۆڤ تا زانیاری زیاتر بێ ، باشتر ڕاستێتی قورئانی بۆ دەردەکەوێت ، واتە بە بێ زانیاری (علم) مرۆڤ لە قورئان تێناگاو لە نهێنیەکانی قورئان حاڵی نابێ ، وە لە حیکمەت و ڕاستییەکانی بەهرەمەند نابێ ..؟!

ئینجا دوو شتی دیکەشمان پێویستە بۆ چاك لێ تێگەیشتنی قورئان وێرای ئەو شتانەی کە پێشتر باسمان کرد ، کە دەتوانین بەم جۆرە دەربڕینی هەموویان بکەین و کۆیان بکەینەوە ، عەقڵێکی چاك و دوڵەمەند بە زانیاری و شارەزا دەربارەی ئەو دەوربەرو واقیعەی کە تێدا دەژی ، چونکە (خوای گەورە) ئەو کتێبەی بۆیە ناردووە تاکو ببێتە بەرنامە بۆ ئەو ژیانە ، بۆ دەوروبەر و کۆمەڵگاو واقیع ، جا دیارە هەتا ئەو واقیعە شارەزارتر بێ هێشتان کەمە ، چونکە چاکتر لە کتێبەکەی (خوای گەورە) وەیان لە ئایەتانە تێدەگەی کە (خوای گەورە) ناردوونی ببنە بەرنامەی ژیان بۆ خەڵکێك کە لەو واقیعە دەژین ، بەلێ جگە ئەوە ، دوو شتی دیکەشمان پێویستە ئەویش بریتیە لە ئیمانێکی دامەزراو ، وە ڕزگار بوونی عەقڵ لە کۆت و بەندی ئەو بیرو بۆچوون وداب و نەریتانەی کە خەڵك گیرۆدەیان بوون ... وەکو باسمان کرد دوو شتی تریشمان پێویستە ئەویش بریتیە لە :

یەکەم : ئیمانێکی باش و دامەزراو بە (خوای گەورە) و پەیوەندییەکی چاك لە گەڵیدا ، کە لە عیبادەت و تەقوا و تەزکیە و ...هتد : دا بەرجەستە دەبێ بۆ چی ..؟!

چونکە : هەتا مرۆڤ لە کەسێك نزیکتر بێ ، چاکتر لە قسەی تێدەگا ، واتە جگە لە فەرمایشتی (خوای گەورە) کەسێك ئەگەر زۆر شارەزای بێ وا لێی نزیك بی و تێکەڵاوی ژیانی بی ، چاکتر لە قسە تێدەگەی ، لە کە سێ کە نایناسی و پێی ئاشنا نی ، چونکە ئەوەی دەیناسی پێکەوە ڕاهاتوون و کۆمەڵێك زاراوەتان بەکارهێناوە ، یان لە سروشتی یەکدی شارەزاترن و لەوانەیە هەر لە ئاماژەیەکی یەکدی خاڵی بن ..!!

کەواتە (والله المثل الأعلی) کاتێك مرۆڤ تا لە (خوای گەورە) نزیکتر بێ ، چاکتر لە فەرمایشتەکەی تێدەگات ، جا ئایا چۆن مرۆڤ لە خوا نزیك دەبێتەوە ..؟! ، خۆ (خوای گەورە) هیچ نەسەی و پەیوەندییەکی لەگەڵ خەڵکی نیە ..؟! جگە لەوە کە بەندایەتی بۆ بکەن ، ئەگەر نا خەڵك هەمووی بۆ (خوای گەورە) وەکو یەکە و هەمووی دروستکراوی خۆیەتی ، وە کێ بەندەی چاکتر بێت بۆ (خوای گەورە) ئەوا ئەو کەسە زیاتر لە (خوای گەورە) نزیکترە ، هەروەك دەفەرموویێت : قال تعالی: ﴿إِنْ أَوْلِيَآؤُهُۥٓ إِلَّا ٱلْمُتَّقُونَ﴾ [الأَنفَال : ٣٤] واتە : ئەوەی کە دۆست و خۆشەویستی خوای گەورە بێ تەنها ئەو کەسانەن کە تەقوای خوای گەورە ئەکەن و خۆیان لە شیرك و تاوان ئەپارێزن... بێ گومان زیاتر پابەندبێ بە شەریعەتی (خوای گەورە) بنچینەی پارێز و عیبادەتیش بریتیە لە ئیمان دامەزراوی بە (خوای گەورە) ، وە عیبادەت و تەقوا لە ڕاستی دا هەر دووکیان بەرهەمی ئیمانن ..!! کەواتە ئەگەر مرۆڤ بیەوێ باش لە قورئان تێ بگا ، بەڕاستی دەبێ هەوڵدا ئیمانێکی بتەو باشی هەبێ ، بە واتایەکی دی پەیوەندەیەکی توندو تۆڵ و گەرم و گوڕی لەگەل (خوای گەورە) هەبێ ، هەتا پەیوەندییمان لەگەڵ خوا قایم تر بێ ، پەیوەندی بەندایەتی لەگەڵ خوا ، ئیمان بە خوا ، تەقوا بۆ خوا ، تەزکیەی نەفس ، بۆ خوا سوڵحان ، ئەوا بێ گومان چاکتر لە کەلامی (خوای پەروەردگار) تێدەگەین ...



لێرەدا دەمەوێ پێتان بڵێم ئێوە وا تێنەگەن ئەو هاوەڵە بەرێزانەی پێغەمبەری خوا ﷺ ، ئەوانیش هەر بەقەدەر ئێمە لە قورئان تێگەیشتوون ، چونکە مرۆڤ جاری وا هەیە حاڵەتێکی ڕووحی وای هەی کە سورەتی (الفاتحە) دەخوێنێ ، هێندەی زانیاری (معلومات) و نهێنی و ڕووناکی دێنە عەقڵ و دڵەوە ، پێی سەیرە ، کە پێشتر هەر بە فیکری دا نەهاتووە ،جا دەبێ ئەو هاوەڵانە ، کە ئیمانێکی زۆر چاکیان هەبووە ، تەقوای زۆر چاك و عبیادەتی زۆر چاك و دڵسۆزی نیەت پاکی و ئیخلاصی زۆر چاك ، وە زۆر خاوەنی نەفسی تەزکییە کراو بوون ، چەند قووڵترو ڕاستر لە قورئان تێگەیشتبن ..!!

هەروەها (خوای گەورە) زۆر بە ڕوونی بەیانی کردووە ، کە مرۆڤ هەتاکو زیاتر ئەهلی تەقوا بێ و زیاتر ئەهلی ئیمان بێ ، زیاتر لە تێگەیشتنی قورئان بەهرەمەند دەبێ ، هەروەك (خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ ۝٢﴾ [البَقَرَةِ : ٢] واتە : [ذَلِكَ الْكِتَابُ لَا رَيْبَ فِيهِ] ئەم پەرتووکە کە قورئانی پیرۆزە هیچ گومانێکی تیادا نیە کە لەلایەن خوای گەورەوە دابەزیووە [هُدًى لِلْمُتَّقِينَ (٢)] هیدایەت و ڕووناکی و ڕێنماییە بۆ ئەو کەسانەی کە تەقوای خوای گەورە ئەکەن و خۆیان لە تاوان ئەپارێزن... هەروەها دیارە قورئان بۆ هەموو مرۆڤایەتیە کە ، (خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ لِّلۡعَٰلَمِينَ ۝١٠٤﴾ [يُوسُف : ١٠٤] واتە : ئەم قورئانە هیچ شتێك نیە تەنها زیکرو یاد کردنەوەیەکە بۆ هەموو جیهان. بەڵام لێرەدا هیدایەتەکەی تایبەت کردووە بە ئەهلی تەقواوە ، واتە تەنها ئەهلی تەقوا ڕێی پی دەردەکەن و بەرپێی خۆیانی پێ دەبینن ، بۆ چی ..؟! چونکە مرۆڤ بەبێ تەقواو پارێز وەکو پێویست لە قورئان بەهرەمەند نابێ ، ڕواڵەتەکەی دەبینی بەڵام بێیدا قووڵ نابیەوە ..!! هەروەها لە سورەتی یونس لە ئایەتی (٥٧) (خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدۡ جَآءَتۡكُم مَّوۡعِظَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَشِفَآءٞ لِّمَا فِي ٱلصُّدُورِ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ ۝٥٧﴾ [يُونُس : ٥٧] واتە : {قورئان شیفاو هیدایەتو ڕەحمەتە} [يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَتْكُمْ مَوْعِظَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ] ئەی خەڵکی بەدڵنیایی لەلایەن پەروەردگارەوە پەندو ئامۆژگاریتان بۆ هاتووە کە قورئانی پیرۆزە [وَشِفَاءٌ لِمَا فِي الصُّدُورِ] وە شیفایە بۆ ئەو دڵەی کە لەناو سینگەکانە بۆ هەر دوودڵی و گومانێك کە ڕووبەڕووتان بێتەوە قورئان شیفایە بۆی [وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ (٥٧)] وە هیدایەت و ڕێنمایی و ڕەحمەتە بۆ باوەڕداران...

دووەم : بریتیە لە ڕزگاربوونی عەقڵ و ڕزگاربوونی عاتیفەمان ، عەقڵ و دڵمان لە کۆت و بەندی ئەو بیرو بۆ چوون و داب نەریتانەی کە خەڵك گیرۆدەیان بوون :

چونکە زۆر جاران ئەو عادەت و بیرو بۆچوون و فیکرانەی دەبنە باوو ، ڕواج پەیدا دەکەن لە نێو خەڵکدا ، دەبنە پەردەیەك لە نێوان تۆو تێگەیشتنی قورئاندا ، بۆ وێنە قورئان باسی (عالم) دەکات ، ئەگەر لە مێشکی خۆتدا وا حاڵی بووبی کە (عالم) یانی (مەلا- مامۆستا) ، ئەوەی کە مەندیلێکی سپی لەسەر بێ و کەواو سەڵتەیەکی لە بەربێ ئایا زانایا یان (عالم) لە شەریعەت و تێگەیشتیە لە قورئان ..؟! بێ گومان نەخێر ..!! چونکە زانا یان (عالم) بە زانستەکەیەوە دەبێتە زانا یان (عالم) ، هەروەکو لە ئایەتی پێشتر (خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿وَتِلۡكَ ٱلۡأَمۡثَٰلُ نَضۡرِبُهَا لِلنَّاسِۖ وَمَا يَعۡقِلُهَآ إِلَّا ٱلۡعَٰلِمُونَ ۝٤٣﴾ [العَنكَبُوت : ٤٣] واتە:[وَمَا يَعْقِلُهَا إِلَّا الْعَالِمُونَ (٤٣)] بەڵام هیچ کەسێك لێی تێ ناگات تەنها زانا دامەزراوەکان نەبێت، (عەمری کوڕی مورڕە) دەفەرمێت: بەسەر هیچ ئایەتێکدا تێنەپەڕیوم کە ماناکەیم نەزانیبێت ئیلا خەفەتم خواردووە، چونکە خوای گەورە دەفەرمێت: تەنها زاناکان لێی تێدەگەن)...

بێ گومان مانای وایە کە تەنها (مەلا — مامۆستا) یان زانا و (عالم) لە قورئان تێگەیشتنە ..؟! ئەو نموونە قورئان وا وێنای دەکرێت ، بەڵام ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە چونکە (خوای پەروەدگار) باسی (مەلا- مامۆستا)ی نەکردووە باسی زانای یان (عالم)ی کردووە ئەوانەی شارەزایی قورئانیان زۆر ورد دەبنەوە لێکۆڵینەوە یان و ئەزموونیان زۆرە لە خوێندنەوە تێرامان تێفکری کردن لە قورئان ، نەکو هەموو زانایان (عالم) مان بگرێتەوە لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا ، چونکە (عالم) لێرەدا بەمانای شارەزا بەو شتەی کە قسەی لە بارەوە دەکرێ ..؟! چونکە ووشەی (علم) لە قورئاندا بە پێی شوێنەکەی مانای دەگۆڕێ و ، دەزانرێ مەبەست پێی چ جۆرە زانایەکە ، بۆ وێنە : لە سورەتی (فاطر) ئایەتی (٢٨) ، مەبەست پێی عالمێکە کە شارەزایە بە بوونەوەرو نیشانەکانی خواو دروستکراوەکانی ، بۆچی ..؟! چونکە ئەم ڕستە قورئانییە : (خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿إِنَّمَا يَخۡشَى ٱللَّهَ مِنۡ عِبَادِهِ ٱلۡعُلَمَٰٓؤُاْ﴾ [فَاطِر : ٢٨] واتە : تەنها بەندە زاناکان ئەوان بە زانیاریەوە لە خوای گەورە ئەترسێن، (ابن عباس) دەفەرمێت: (زانا ئەو کەسەیە کە شەریك بۆ خوا دانەنێت و حەڵاڵی بە حەڵاڵ بزانێت و حەرامی بە حەرام بزانێت و ئامۆژگارییەکانی خوای گەورە بپارێزێت و جێبەجێی بکات و دڵنیا بێت کە دەگاتە خوای گەورەو لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات)، (سەعیدی کوڕی جوبەیر) دەفەرمێت: (ترسان لە خوا ئەوەیە کە لە تاوان بتگەڕێنێتەوە)...

سەرنجێك ئەگەر ئایەتی پێشتر تەماشاکەین کە ئایەتی (٢٧) سورەتی (فاطر) دەبارەی بوونەوەرو دروستکراوەکانی (خوای گەروە) یە کە باس دەکات ، هەروەکو (خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَخۡرَجۡنَا بِهِۦ ثَمَرَٰتٖ مُّخۡتَلِفًا أَلۡوَٰنُهَاۚ وَمِنَ ٱلۡجِبَالِ جُدَدُۢ بِيضٞ وَحُمۡرٞ مُّخۡتَلِفٌ أَلۡوَٰنُهَا وَغَرَابِيبُ سُودٞ ۝٢٧﴾ [فَاطِر : ٢٧] واتە : [أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً] ئایا نابینی خوای گەورە لە ئاسمانەوە بارانی بۆ دابەزاندووون [فَأَخْرَجْنَا بِهِ ثَمَرَاتٍ مُخْتَلِفًا أَلْوَانُهَا] بەهۆی ئەو بارانەوە جۆرەها بەرووبووم لە زەوی دەرئەکەین کە ڕەنگ و تام و بۆن و قەبارەیان لێك جیاوازە،کە بەیەك بارانیش ئاو دراون ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر تاك و تەنهایی و تواناو دەسەڵات وگەورەیی خوای گەورە [وَمِنَ الْجِبَالِ جُدَدٌ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهَا] وە لە شاخەکانیشدا ڕێگایان تیادایە هەیە ڕێگای سپی و سوور وە ڕەنگەکانیان جیاوازە [وَغَرَابِيبُ سُودٌ (٢٧)] وە هەیشە ڕەنگی ڕەشێکی زۆر تۆخ و سەختە.. ئینجا ئایەتی دواتر دێت کە ئایەتی (٢٨) سورەتی (فاطر)ە کەواتە لێرەدا مەبەست پێی (علما) ئەو کەسانەن (عالم) بە سروشت بوونەوەرە و دورستکراوەکانی خوا و زانیاری هەبی بە چۆنیەتی باران بارین و ڕووانی دارو دەرخت ، شارەزایی هەبی لە بوارەکانی زەویناسی و زیندەوەرزانیی و ... هتد .

کەواتە دەبێ بزانین ووشەی (عالم) یان (علم) بە پێی سیاقی ئەو ئایەتە کە تێیدا هاتووە ، مەبەست پێی چ جۆرە (عالم) ێکە و چ جۆرە (علم)ێکە ..؟! مەبەست ئەوە یە لە فکرو زینی ئێمەدا ووشەی (مەلا) لە گەڵ ووشەی (عالم) پێکەوە بوون بە هاوواتا (مترادف) و ئیدی بە هۆی ئەو هەڵە یەوە ئەو کاتە تۆ دەڵێی : باشە بۆ چی قورئانیش دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿وَمَا يَعۡقِلُهَآ إِلَّا ٱلۡعَٰلِمُونَ ۝٤٣﴾ [العَنكَبُوت : ٤٣] ئەوەتە ئەو (مەلا) یەش (عالم)ە و لێشی تێنەگەیشتووە ..؟! دەبێ (خوای گەورە) بۆ وای فەرمووە ..؟! لێرەدا دەکەویە گومانەوە ..!! بەڵام کە زانیت (عالم) لێرەدا واتە ئەوەی (عالم) بە ژیانی جاڵجاڵۆکە و دەبێ تێبگا کە لە ماڵەکەی دا چ باس یان چ دەگوزەرێ ..؟! کە لێرەدا بوارمان نیە باسی ماڵی جاڵجاڵۆکە بکەین کە چ هەراو فەوزایەکی تێدیە ..!!

پرسیار لێرەدا دێتە ئاراوە ئایا بۆچی کەسێ کە پەنا دەباتە غەیری (خوای گەورە) یان غەیری ئاینی ئیسلام ، نموونەی بە زیندەوەرانی بێ عەقڵ دەهێنێتەوە ..؟! وەڵام / ئەگەر کەسێ لەوە تێبگات لە ماڵی جاڵجاڵۆکە چ باسە ئەوا بە تەواوی لە ئایەتەکە گەیشتووە کە (خوای گەورە) نموونەی پێ هێناوەتەوە ..!! هەر بۆیە دەبێ فکرو زینی خۆمان ڕزگار بکەین لەو زانراوە هەڵانەی کە لە نێو خەڵکی دا باوە ، دیارە ئەویش (خوای گەورە) بەڕاشکاویی و ڕوونی کردۆتەوە کە ، دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿وَإِذَا قَرَأۡتَ ٱلۡقُرۡءَانَ جَعَلۡنَا بَيۡنَكَ وَبَيۡنَ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ حِجَابٗا مَّسۡتُورٗا ۝٤٥ وَجَعَلۡنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ أَكِنَّةً أَن يَفۡقَهُوهُ وَفِيٓ ءَاذَانِهِمۡ وَقۡرٗاۚ وَإِذَا ذَكَرۡتَ رَبَّكَ فِي ٱلۡقُرۡءَانِ وَحۡدَهُۥ وَلَّوۡاْ عَلَىٰٓ أَدۡبَٰرِهِمۡ نُفُورٗا ۝٤٦﴾ [الإِسۡرَاء : ٤٥ - ٤٦]واتە : [وَإِذَا قَرَأْتَ الْقُرْآنَ جَعَلْنَا بَيْنَكَ وَبَيْنَ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ حِجَابًا مَسْتُورًا (٤٥)] وە کاتێك کە قورئانی پیرۆزت خوێندەوە لە نێوان تۆ و ئەو کەسانەی کە ئیمانیان بە قیامەت نیە وە پشت لە قورئان خوێندنی تۆ ئەکەن پەردەیەك دائەنێین کە لێکتان جیا بکاتەوە بۆ ئەوەی کە نەبیستن و نەتبینن لەبەر ئەوەی شایەنی هیدایەت نین، کاتێك کە (تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ) دابەزی (ئوم جەمیل)ی خێزانی (ئەبو لەهەب) هات بۆ لای پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - وە (ئەبو بەکر)یش دانیشتبوو لەوە ترسا کە پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - ببینێت و قسەی پێ بڵێت، وتی ئەی پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - ئەمە ئافرەتێکی جوێنفرۆشە بۆ لێرە نارۆیت، فەرمووی: (نامبینێت و ئەم ئایەتەی خوێندەوە)، ئەویش هات بەڵام نەیبینی و گەڕایەوە پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: (بەردەوام فریشتەیەك بە باڵی داپپۆشیبووم). [وَجَعَلْنَا عَلَى قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَنْ يَفْقَهُوهُ] وە پەردەمان بەسەر دڵیشیاندا داوە بۆ ئەوەی لە قورئان تێ نەگەن [وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا] وە گوێشیانمان کەڕو قورس کردووە بۆ ئەوەی نەبیستن [وَإِذَا ذَكَرْتَ رَبَّكَ فِي الْقُرْآنِ وَحْدَهُ] وە کاتێك تۆ لە قورئانی پیرۆزدا بەتاك و تەنها باسی خوای گەورە ئەکەیت و باسی خوایەکانی ئەوان ناکەیت و دەڵێیت: لا إله إلا الله [وَلَّوْا عَلَى أَدْبَارِهِمْ نُفُورًا (٤٦)] ئەوان پشت هەڵئەکەن و بە پشتدا ئەگەڕێنەوەو ڕائەکەن بۆ ئەوەی گوێیان لە خوێندنەوەی تۆ نەبێ...



(التأدب والتعظيم) ئەدەب نواندن بە گەورەگرتن

بەلێ ئەدەب نواندن و بە گەورەگرتنی قورئانی پیرۆز لە سەر هەمموو باوەردارێك پێویستە ، چونكە (خوای پەروەدگار) لەو ڕۆژەی كە ئادەمی لەسەر زەوی دانا ، بەڵێنی بە ئادەم و وەچەكەی دا ، هەروەها بەڵێنی بە (جن)یش دا ، كە ئەوایش وەچەی ئیبلیسن ، كە لە هیدایەت و بەرنامەی خۆی بەهرەمەندیان بكات و حەواڵەی خۆیانیان نەكات ، بۆ ئەوەی لە تاقیكردنەوەی ژیانی دونیای سەر زەوی دا دەرچن و موژدەی پێدان كە : بەرنامەی خۆمتان بۆ دەنێرم كە دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿فَإِمَّا يَأۡتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدٗى فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَايَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشۡقَىٰ ١٢٣﴾[طه : ١٢٣] واتە : [فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ مِنِّي هُدًى] هەر كاتێك لە لایەن منەوە هیدایەتتان بۆ هات بە ناردنی پێغەمبەران و دابەزینی كتێبەكان [فَمَنِ اتَّبَعَ هُدَايَ فَلاَ يَضِلُّ وَلاَ يَشْقَى (١٢٣)] ئەوا هەر كەسێك شوێن ئەو هیدایەتەی من بكەوێ لە دونیادا گومڕا نابێت و لە قیامەتیش بەدبەخت نابێت، بەڵكو بەختەوەر ئەبێت..!!

جا دوایین كتێبی (خوای گەورە) بۆ مرۆڤایەتی قورئانی پیرۆزە و هەر كەسێك بە ڕاستی ئیمانی بەوە هەبێ كە ئەو قورئانە خوا ناردوویەتی و فەرمایشتی خوایە و خوا بۆ خۆی فەرموویەتی ، وە بێگومان ئەو ئیمان و باوەر و قەناعەتەی پاڵی پێوە دەنێ كە ئەوپەری ئەدەب و ڕێز و بە گەورەگرتنی لە بەرامبەریدا هەبێ، جا بەندەی باوەردار چاك دەزانی كە ئەم قورئانە فەرمایشتی خوایە ، چونكە (خوای گەورە) و كاربەجێ بۆ خۆی ناوی لە قورئان ناوە : (كلام الله) هەر وەكو دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿وَإِنۡ أَحَدٞ مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ٱسۡتَجَارَكَ فَأَجِرۡهُ حَتَّىٰ يَسۡمَعَ كَلَٰمَ ٱللَّهِ ثُمَّ أَبۡلِغۡهُ مَأۡمَنَهُۥۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَعۡلَمُونَ ٦﴾ [التَّوۡبَة : ٦] واتە : {قورئان فەرموودەو فەرمایشتی خوای گەورەیەو دروستكراو نیە} [وَإِنْ أَحَدٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - ئەگەر یەكێك لە موشریكان پەنای بۆ هێنایت ئەوا تۆ پەنای بدە [حَتَّى يَسْمَعَ كَلاَمَ اللَّهِ] تا كەلامی خوای گەورە ئەبیستێ، واتە: قورئانی پیرۆز، (ئەم ئایەتە بەڵگەیەكی ڕاشكاوە لەسەر ئەوەی كە قورئان كەلام و فەرموودەی خوای گەورەیەو دروستكراو نیە) [ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ] دوای ئەوەی كە كەلامی خوای گەورەی بیست (قورئانی پیرۆز) بیگەیەنەوە بە شوێنی ئەمینی خۆی [ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لاَ يَعْلَمُونَ (٦)] لەبەر ئەوەی ئەمانە كەسانێكن كە زانیاریەكی باشیان نیە كە خێرو شەڕیان بۆ لێك جیا بكاتەوە...

بەلێ خوێنەری بەرێز ئەدەب نواندن لە گەڵ فەرمایشتی (خوای گەورە) دا و بەگەورەگرتنی و ڕێز لێ گرتنی ، لە ڕاستی دا بەرهەمی ڕاستەوخۆی ئیمان دامەزراوی پێویستە و كەسێك بە ڕاستی بزانێ ئەم قورئانە فەرمایشتی خوایە و خوا ناردوویەتی و فەرموویەتی ، بێگومان ئەگەر ئیمانی بە خوا هەبێ ز بەوە هەبێ كە قورئان خۆی فەرموویەتی ، ڕێز لێ دەگرێ و بەگەورەی دەگرێ و لە گەڵی دا بە ئەدەب دەبێ ..!! بێ گومان ئینجا ئەدەب نواندنی مرۆڤیش لە بەرانبەر كتێبی (خوای پەروەردگار) دا و ڕێز لێ گرتنی و بە گەورەگرتنی ، بە ئەندازەی ئیمان پێویستی یەتی ، كەواتە كەسێك بیەوێ كتێبی (خوای گەورە) بە گەورە بگرێ كە ئەوە لە سەری فەرزە بەڵكو بریتیە لە كاكڵی ئیمان پێویستی یەتی ، كەسێك ڕێز لە كتێبی خوا ئەگرێ بێ گومان ئیمانی پی نیە بەڵێ كەسێك بیەوێ باش ڕێز لە كتێبی خوا بگرێ و لە گەڵی دا بە ئەدەب بێ و بە بەرزی بگرێ ، دەبێ هەوڵ بدا ئیمانەكەی بە (خوای پەروەردگار) قووڵ بكاتەوە ، چونكە هەتا ئیمانی زیاتربێ ئەدەب بە گەورەگرتنیشی بۆ قورئانی پیرۆز زیاتر دەبێت ، ئەو كەسەی كە ڕێز لە قورئان ناگرێ ، لە ڕاستی دا ڕێز لە خاوەنەكەی ناگرێ ..؟! وە ئیمانی پێی نیە و ، كەسێك ڕێز و تەقدیری قورئان نەزانێ ، ئەوە بەرلەوە ڕێزی لە خاوەنەكەی نەگرتووە و ئیمانی پێی نەهێناوە ، بەڵێ ڕەنگە بزانێ كە خوا فەرموویەتی ، بەڵام ئیمانی پێی نیە ، چونكە ئیمان پێ بوون جیاوازە لە زانین ، هی وا هەیە دەزانێ (خوای پەروەردگار) بوونی هەیە ، بەڵام ئیمانی بە خوا نیە ، بۆ نموونە وەكو موڵحیدەكانی ئەم سەردەمەی ئێستا ، باوەریان بەوە هەیە خوایە هەیە ، بەڵام ئیمانی پێی ناهێنن بە پێ ئەوەی كە ڕەوانەی كردووە ئەویش كتێبەكەیەتی ..!! هەر بۆ ئەم مەبەستەش نموونەیەكی تر ئەویش نموونەی : ئیبلیس دەزانی كە خوا هەیە ، بەڵام ئیمانی بە خوا نیە ، هەروەها نموونەیەكی تریش ئەویش : فیرعەون و دارو دەستەكەی دەیانزانی (موسى) – عليه السلام – پێغەمبەری خوایە و وەحی لە خواوە بۆ دێ ، بەڵام ئیمانیان پێی نەبوو ، وە كو (خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿وَجَحَدُواْ بِهَا وَٱسۡتَيۡقَنَتۡهَآ أَنفُسُهُمۡ ظُلۡمٗا وَعُلُوّٗاۚ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ١٤﴾ [النَّمۡل : ١٤] واتە : {فیرعەون‌و دەسەڵاتداران یەقینیان هەبوو كە موسا - صلى الله عليه وسلم - پێغەمبەری خوایە!} [وَجَحَدُوا بِهَا] وە لە رووكەشیدا ئینكاری و نكوڵیان لێ كرد [وَاسْتَيْقَنَتْهَا أَنْفُسُهُمْ] بەڵام لە نەفسی خۆیاندا یەقینیان هەبوو كە موسا - صلى الله عليه وسلم - ڕاست دەكات و پێغەمبەری خوایەو موعجیزەی پێیە [ظُلْمًا وَعُلُوًّا] بەڵام زوڵمیان لە خۆیان ئەكرد، یان بەهۆی شەریك دانانیان بۆ خوای گەورە، وە بەهۆی لووت بەرزیان ئیمانیان بە موسا - صلى الله عليه وسلم - نەهێنا [فَانْظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ (١٤)] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - تەماشا بكەو بزانە سەرەنجامی ئاشووبگێڕان چۆن بوو چۆن خوای گەورە لەناوی بردن، (واتە: ئەی كافرانی قورەیش ئاگادار بن ئێوەیش ئەگەر ئیمان نەهێنن خوای گەورە وەكو ئەوان لەناوتان دەبات، ئەوان لە ئێوە زۆرترو بەهێزتر بوون، وە پێغەمبەرەكەی ئێوە لەوەی ئەوان باشترو چاكترە)...

بەلێ فیرعەون و دارودەستەكەی یەقینیان هەبوو بە پێغەمبەرایەتی (موسى) – عليه السلام – و بە موعجیزەكانی ، بە پەیامەی كە بۆ فیرعەون و دارو دەستەكەی هێنابووی ، دڵنیابوون كە لە (خوای گەورە) وە یە ، بەڵام دانیان پێدا نەهێناو نەكوڵیان لێ دەكرد بۆ چی ..؟! كە (خوای گەورە) دە فەرمووی : [ظُلْمًا وَعُلُوًّا] لەبەر ئەوەی چاویان لە زوڵم و ستەم بوو ، چاویان لە خۆ بەگەورەگرتن و بە زلگریی بوو ، بۆیە فیرعەون و دارو دەستەكەی مل كەص نەدەبوون بۆ ئەو پەیام و بەرنامەی كە (موسى) – عليه السلام - لە (خوای گەورە) وە هێناویەتی ، چونكە ئەگەر ملكەچ بوونایە بۆ ئایین و پەیامەكەی (موسى) – عليه السلام - دەبووایە واز لە فیرعەونایەتی بێنن ..!! كەواتە جاری وا هەیە كابر دەزانێ خوا قورئانی ناردووە ، بەڵام ئیمانی پێی ناهێنێ ، چونكە بەرژەوەندی خراپەكاریەكانی لە دەست دەدات ، كارە قێزەونەكانی نامێنێ ، ئەو كارانەی كە خۆ بە گەورەزانین و خواردنی ماڵی خەڵك ، بەد ڕەوشتی و داوێن پیسی و زوڵم و ستەم كردن ، كە فیرعەونەكانی ئێستا ئەم سەردەمە بەردەوام دژایەتی قورئان دەكەن ، لەبەر لە دەستدانی كارە قێزەونەكانیان ..؟!

بەلێ ئیمان بەوە كە (خوای گەورە و كاربەجی داناو شارەزا) قورئانی ناردووە ، ئەوەیە وەكو باسمان كرد كە : بە ڕاستی بزانی و بە شێوەیەكی وا هەڵس و كەوتی لە گەڵدا بكەی كە بۆی شایستەیە ، هەر وەكو ئیمان بە خواش (جل شأنه) ئەوەیە كە تۆ بزانی و دڵنیابی كە (خوای گەورە) تاكە بەدیهێنەرو پەروەردگارو پەرستراوە ، وە بە شێوەیەك هەڵس و كەوتی لە گەڵ بكەی كە بۆ خوا شایستەیە : لە هەمموو كەست خۆشتر بوێ ، لە هەمموو كەس زیاتر شەرمی لێ بكەی ، لە هەمموو كەس زیاتر لێی بترسی ، لە هەمموو كەسی زیاتر بە گەورە تر بگری ،لە هەمموو كەس زیاتر بۆی ملكەچ بی ، لە هەمموو كەس زیاتر پشتی پێ ببەستی ، بە بەرنامەكەیەوە پابەند بی ، ئەوە هەمموو دێتە نێو چەمكی هەڵس و كەوت كرنێك لە گەڵ (خوای گەورە) كە بۆی شایستەیە ، ئەگەر نا ئەوەی دەڵێ دەزانم خوا هەیە ، بەڵام ئەو شتانەی تێدا نەبێت كە باسمان كردن ، ئەوە ئیمانی بە خوا نیە ، بۆ چی ..؟! چونكە بە شێوەیەك هەڵس و كەوتی لەگەڵ خوادا نەكردووە كە بۆی شایستەیە ..!! هەروەها كەسێكیش كە دەڵێ دەزانم قورئان (خوای گەورە) ناردوویەتی ، بەڵام پێیەوە پابەند نابێ ..؟! یان گەورەی ناگرێ و بەرامبەری بە ئەدەب نابێ و ... هتد ئەوە لە ڕاستی ئیمانی پێی نیە ...

هەبۆیە ئیمان و باروە هەبوون بە كتێبی (خوای گەورە) و بە ڕاست زانینی ، دەبێتە هۆی ئەدەب نواندن بەرامبەری و بەگەورەگرتنی و بەبەرز و پیرۆز گرتنی ، وە هەتا مرۆڤ ئیمانی زیاتر بە خوا هەبێ ، ئیمانی زیاتر بە قورئان دەبێ ، ئینجا هەتا ئیمانیشی زیاتر بە (خوا سبحانه وتعالى) و كتێبەكەی هەبێ ، وە لەگەڵ كتێبی (خوای گەورە) دا بە ئەدەب تر دەبێ ، وە زیاتر بەرزو گەورەی دەگرێ ..

بەلێ ئینجا مرۆڤ ئەگەر بیربكاتەوە لە قورئان ، كە چۆن (خوای گەروە) ئەو قورئانەی فەرمووەو بەبەرزترین و چاكترین و پاكترین فریشتەی خۆی دا كە (جبريل) – عليه السلام = بۆ گەورەترین پێغەمبەری ئاخر زەمان ﷺ خۆی دابەزاندووە ، وە زیاتر بەرانبەری بە ئەدەب دەبێ و بەرز گەوەری دادەنێ ، چونكە هەمموو زانایان لەسەر ئەوە یەكدەنگن كە هەر وەكو چۆن سەروەری پێغەمبەر **محمد** ﷺ ، وە گەورە كتێبەكەی خوا كە قورئانی پیرۆزە ، وە گەورە فریشتەكانیش كە (جبريل) – عليه السلام ، كە (خوای گەورە) سێ ناوی بۆ بەكار هێناون : (الروح) و (الروح الامين) و(جبريل)...

ئینجا (خوای گەورە) و کاربەجێ لەم بارەیەوە دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٩٢﴾ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلْأَمِينُ ﴿١٩٣﴾ عَلَىٰ قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُنذِرِينَ ﴿١٩٤﴾ بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُّبِينٍ ﴿١٩٥﴾﴾ [الشُّعَرَاء : ١٩٢ - ١٩٥] واتە : [وَإِنَّهُ لَتَنْزِيلُ رَبِّ الْعَالَمِينَ (١٩٢)] وە ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - ئەم قورئانە پیرۆزەش لەلایەن پەروەردگاری هەموو جیهانەوە بۆ تۆ دابەزێندراوە..!! [نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الْأَمِينُ (١٩٣)] کە ئەو روحە ئەمینە دایبەزاندووە کە جبریلە..!! [عَلَى قَلْبِكَ] بۆ سەر دڵی تۆ [لِتَكُونَ مِنَ الْمُنْذِرِينَ (١٩٤)] بۆ ئەوەی تۆش یەکێك بیت لەوانەی کە خەڵکی ئاگادار ئەکەیتەوەو دەیانترسێنیت لە سزای خوای گەورە ئەگەر ئیمان نەهێنن..!! [بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُبِينٍ (١٩٥)] بە زمانێکی عەرەبی ئاشکرا، ئەگەر بە زمانێکی تر بوایە موشریکانی عەرەب دەیانووت: ئێمە لێی تێناگەین...

بەڵێ بێ گومان ئەم قورئانە دابەزێنراوی پەروەدگاری جیهانیانە ، گیانی ئەمینداری (الرو الامين) دابەزێنراوە بۆ سەر دڵی تۆ ، بۆ ئەوەی تۆ لە وریاکەرەوەکان بی ، (خوای پەروەدرگار) ناوی لە پێغەمبەرانی خۆی ناوە ئاگادارکەرەوەکان چونکە هاتوون کە مرۆڤایەتی هۆشیار بکەنەوەو ئاگاداری بکەنەوە کە دونیا شاری بێ خاوەن نیە و ئاگاداری بکەنەوە کە ژیانی دونیا جێگای تاقی کرانەوەیە و مرۆڤ بەرەڵلا نەکراوە ، بەڵکو لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێ و سزاو پاداشتێك چاوەڕێی دەکات ، وە ئەو قورئانە بە زمانێکی عەرەبی و ڕوون ئاشکرایە ، ووشەی (عەرەبی)ش واتە : ڕوون ، وە ووشەی (إعراب) واتە ڕوون کردنەوە ، (أعراب) واتە ڕۆشنی بکەوە...

جا لێردا بە ڕاستی (خوای گەورە)و کاربەجێ بۆیە زمانی عەرەبی هەڵبژاردوە بۆ دوایین کتێبی خۆی کە قورئانی پیرۆزە ، چونکە دیارە کتێبەکانی دیکەش بە زمانەکانی دیکەی مرۆڤایەتی بوون ، هەروەکو دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِۦ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ ۖ فَيُضِلُّ ٱللَّهُ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِى مَن يَشَآءُ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٤﴾﴾ [إِبْرَاهِيم : ٤] واتە: [پێغەمبەران بە زمانی قەومەکانیان نێردراون} [وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ رَسُولٍ إِلاَّ بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ] وە ئێمە هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە ئیلا بە زمانی قەومەکەی خۆی نەبێ بۆ ئەوەی لێی تێ بگەن تا دینەکەی خوای گەورەیان بۆ ڕوون بکەنەوە [فَيُضِلُّ اللَّهُ مَنْ يَشَاءُ وَيَهْدِي مَنْ يَشَاءُ] خوای گەورە بە ویستی خۆی هەر کەسێك گومڕا ئەکات کە شایەنی هیدایەت نەبێت، وە بە ویستی خۆی هیدایەتی هەر کەسێك ئەدات کە شایەنی هیدایەت بێت و ڕێگای هیدایەت بگرێت [وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (٤)] وە خوای گەورە زۆر بە عیززەت و کاربەجێیە...

بەڵێ سەرجەم ئەو کتێبانەی دیکەی (خوای گەورە) بە زمانەکانی دیکەی مرۆڤایەتی بوون ، کە خەڵك قسەیان پێکردوون بە درێژایی مێژوو ، بەڵام دوایین کتێبی خۆی کە گەورترینیانە زمانی عەرەبی بۆ هەڵبژاردووە ، چونکە کۆمەڵێك تایبەتمەندی لە زمانی عەرەبی دا هەن ، کە لە زمانەکانی دیکە دا نییە ..!! کە دیارە ئەوانەی پسۆڕەن و شارەزان لە زمانی عەرەبی چاك لێی دەزانن ، چونکە دەزانن چۆن چەندان وردەکاریی وە لایەنی ڕەوانبێژیی و چاك تەعبیر کردن لە مەبەست ، جا مرۆڤ کاتێك بیر دەکاتەوە کە چۆن (خوای گەورە) لە سەرووی حەوت ئاسمانەوە (جبریل) — عليه السلام- ی بانگ کردووە کە گەورترین فریشتەکانە و ، ئەو فەرمایشتانەی خۆی پێ فەرمووە و قورئانی فێر کردووە ، ئەویش بە (محمد) ﷺ ڕاگەیاندوە بە بێ کەم و زیاد ، چۆن وەریگرتووە ئاوا دایبەزاندۆتە سەر دڵی پاك و پیرۆزی پێغەمبەر ﷺ، چونکە (خوای گەورە) (جبریل)ی بە (الروح الامين) وەسف کردووە ، واتە: (جبریل) — عليه السلام — ئەمیندارە و یەك ووشە و یەك پیتی تێدا زیاد و کەم نەکردووە ..!! بەڵێ کاتێك مرۆڤ بیر لەو مەسەلەیە دەکاتەوە و دەیهێنێتە بەر ئاوێنەی عەقڵ و خەیاڵی خۆی ، ئینجا دەزانێ کە قورئان چەندە بەرزو مەزن و بەرێز و بە پێزە ...

ئینجا پێویستە ئەوەش باس بکرێت کە (جبریل) — عليه السلام — وەك چۆن لە سەرەتاوە بە فەرمانی (خوای گەورە) قورئانی بەرزو پیرۆزی دابەزاندۆتە سەر دڵی پیرۆزی پێغەمبەر ﷺ ، مانگی ڕەمەزانی هەموو ساڵێکیش لەگەڵ پێغەمبەر ﷺدا بە قورئانی دا چۆتەوە و لە گەڵیدا دەور کردۆتەوە ، وەکو (ابو هريره) — خوا لێ ڕازی بێت — لە بارەیەوە دەڵێت :

((كانَ يَعْرِضُ علَى النبيِّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ القُرْآنَ كُلَّ عَامٍ مَرَّةً، فَعَرَضَ عليه مَرَّتَيْنِ في العَامِ الذي قُبِضَ فِيهِ، وكانَ يَعْتَكِفُ كُلَّ عَامٍ عَشْرًا، فَاعْتَكَفَ عِشْرِينَ في العَامِ الذي قُبِضَ فِيهِ)) . **صحيح البخاري برقم (٤٩٩٨)**. واتە : (جبریل) — عليه السلام- هەموو ساڵێك یەك جار قورئانی بۆ پێغەمبەر ﷺ دەخوێندەوە ، بەڵام لەو ساڵەدا کە گیانی کێشرا (وەفاتی کرد) دوو جار هەموو قورئانی بۆ خوێندەوە ، وە پێغەمبەر ﷺ جاران هەموو ساڵێك دە شەو و ڕۆژ ئیعتیکافی دەکرد ، بەڵام لەو ساڵەی کەوەفاتی کرد بیست شەو و ڕۆژ ئیعتیکافی کرد ..!!

بەڵێ بەڵگەش لەسەر ئەوە کە (جبریل) — عليه السلام — لە مانگی ڕەمەزانی هەر ساڵێك دا قوررئانی لە گەڵ پێغەمبەر ﷺ دەور کردۆتەوە ، ئەم قسەیەی (ابن عباس) — خوا لێ ڕازی بێت — دەڵێت : ((كانَ النبيُّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ أجْوَدَ النَّاسِ بالخَيْرِ، وأَجْوَدُ ما يَكونُ في شَهْرِ رَمَضَانَ، لأنَّ جِبْرِيلَ كانَ يَلْقَاهُ في كُلِّ لَيْلَةٍ في شَهْرِ رَمَضَانَ، حتَّى يَنْسَلِخَ يَعْرِضُ عليه رَسولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ القُرْآنَ، فَإِذَا لَقِيَهُ جِبْرِيلُ كانَ أجْوَدَ بالخَيْرِ مِنَ الرِّيحِ المُرْسَلَةِ)) .**صحيح البخاري (٤٩٩٧)**. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ هەمیشە بەخشندەترین کەس بوو بۆ ماڵ بەخشین ، وە لەمانگی ڕەمەزاند بەرزترین بەخشندە چۆنە وابوو ، چونکە لە هەموو شەوێکی ڕەمەزاندا تا ڕەمەزا کۆتایی دەهات ، (جبریل) — عليه السلام — بەخزمەتی دەگەشت ، پێغەمبەری خوا ﷺ قورئانی بۆ دەخوێندەوە جا کە (جبریل) — عليه السلام — پێی دەگەیشت لە بەخشینی ماڵ و ساماندا لە بای توند و بەهێز بەخشندەتر بوو ..!!

ئینجا کە مرۆڤ بیر لەو مەسەلەیە دەکاتەوە ، قسە لێکردن و تەعبیر لێ کردنی ئاسانە ، بەڵام کە دێتە بەرچاوی عەقڵ و خەیاڵ یەکجار شتێکی گەورەو سەرسورهێنەرە ..!! کە (خوای گەورە) بە هەموو گەورەییەی ، کە موڵکەکەی هێندە فراوان و گەورەیە هەر خۆی دەزانێ سنووری لە کوێیە ..؟! وە ئەوەندە وردەکاریی تێدایە کە زانایان هەر کەسە لە بواری خویدا و کامایان زۆر پسپۆرە دەڵێت : ئەو وردەکارییەی کە (خوای پەروەردگار) دایناوە لە دروستکراوەکانی خۆیدا ، سنووری نیە ..!! وە کو (خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿صُنْعَ ٱللَّهِ ٱلَّذِىٓ أَتْقَنَ كُلَّ شَىْءٍ ۚ إِنَّهُۥ خَبِيرٌۢ بِمَا تَفْعَلُونَ ﴿٨٨﴾﴾ [النَّمْل : ٨٨] واتە : [وَتَرَى الْجِبَالَ تَحْسَبُهَا جَامِدَةً] وە شاخەکان ئەبینی لەو ڕۆژەدا وا ئەزانی لە جێی خۆیان ڕاوەستاون و ڕەق و وشك و جێگیرن [وَهِيَ تَمُرُّ مَرَّ السَّحَابِ] بەڵام ئەمان بە ئاسماندا ئەڕۆن وەکو ڕۆیشتنی هەور چۆن هەور ئەڕوا ئەوانیش لە جێی خۆیان هەڵکەندراون وە وەکو صوفیشی شیکراوەیان لێ هاتووە بە ئاسماندا ئەڕۆن [صُنْعَ اللَّهِ الَّذِي أَتْقَنَ كُلَّ شَيْءٍ] کە ئەمە دروستکراوی خوای گەورەیە کە هەموو شتێکی بە ڕێکوپێکی دروست کردووە وە شاخەکانیش ئاوا دەرئەکات [إِنَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَفْعَلُونَ (٨٨)] بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر زانایە بە کردەوەی ئێوەو ئاگاداری نهێنی و ئاشکرایە..!!

هەروەها (خوای گەورە) هەموو شتێکی بە وردەکاری دروستکردووە ، لە دروستکراوەکانی (خوای گەورە) دا هیچ نارێکی نابینی ، هەروەك دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿ٱلَّذِى خَلَقَ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ طِبَاقًا ۖ مَّا تَرَىٰ فِى خَلْقِ ٱلرَّحْمَٰنِ مِن تَفَٰوُتٍ ۖ فَٱرْجِعِ ٱلْبَصَرَ هَلْ تَرَىٰ مِن فُطُورٍ ﴿٣﴾﴾ [المُلْك : ٣] واتە: [الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقًا] ئەو خوایەی کە حەوت ئاسمانی دروست کردووە چین لەسەر چین (کە هەموویان پێکەوە نەلکاون بەڵکو لیك جیاوازن و کەلێن لە نێوانیاندا هەیەو نێوانیان بۆشە وەکو لە فەرموودەی ئیسراو میعراجدا هاتووە) [مَا تَرَى فِي خَلْقِ الرَّحْمَنِ مِنْ تَفَاوُتٍ] نابینی لە دروستکراوی خوای گەورەدا هیچ جیاوازی و کەموکوڕی و نوقستانی و گێڕی و پێچەوانەیەك هەبێ بەڵکو ڕێك و ڕاستن [فَارْجِعِ الْبَصَرَ هَلْ تَرَى مِنْ فُطُورٍ (٣)] وە جار لە دوای جار چاوت بگەڕێنەوە بۆ ئاسمان و تەماشای ئاسمان بکەو تێبڕوانە بزانە ئایا هیچ کون و کەلەبەرو کەلێن و کەموکوڕی و نوقستانیەك ئەبینی، واتە: هیچ شتێك نابینی خوای گەورە لەوپەڕی جوانی و ڕێکی و تەواویدا دروستی کردووە..!!

بەڵێ لێرەدا (خوای پەروەردگار) ستایشی خۆی دەکات کە قورئانی ناردووە ، کەواتە قورئان کتێبێکی زۆر بەرزو گەورەیە ، هەروەکو (خوای گەورە) دەفەرمووێ : ستایش بۆ من کە قورئان ناردۆتە خوارێ ، دیارە گەورەیی و مەزنێتی و بەرزیی قورئانیش ئەوە دەخوازێ کە مرۆڤ لە بەرامبەریدا زۆر بە ئەدەب بێ و بە گەورەیی بگرێ ، وەك بەڵگەیەکی دیکە لە سەر پێویست بوونی بە گەورە گرتن و ڕێزلێگرتنی و قورئان ئەوە کە (خوای گەورە) لە سەرتای سورەتی (الرحمن) کە سەر ژمێری زۆرێك لە چاکە و نیعمەتەکانی تێدا کردووە ، نیعمەتی فێرکردنی قورئانی کردۆتە سەر مەشقی سەرجەم نیعمەت و چاکەکانی و پێش هەموویان خستووە ..؟! وەکو (خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿ٱلرَّحْمَٰنُ ﴿١﴾ عَلَّمَ ٱلْقُرْءَانَ ﴿٢﴾ خَلَقَ ٱلْإِنسَٰنَ ﴿٣﴾ عَلَّمَهُ ٱلْبَيَانَ ﴿٤﴾﴾ [الرَّحْمَٰن : ١ - ٤]

واتە : [الرَّحْمَنُ (١)] الرحمن: ناوێکە لە ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە، واتە: خوای گەورە زۆر بەڕەحم و سۆزو بەزەیی و میهرەبانە، ئەو خوایەی کە..!! [عَلَّمَ الْقُرْآنَ (٢)] فێرە خوێندنەوەی قورئانی کردوون..!! [خَلَقَ الإِنْسَانَ (٣)] وە مرۆڤیشی دروست کردووە..!! [عَلَّمَهُ الْبَيَانَ (٤)] وە مرۆڤی فێری ناوی هەموو شتەکان کردووە، یان فێری هەموو زمانەکانی کردووە، یان فێری هەموو شتێکی کردووە، یان فێری دەربڕینی پیتەکانی کردووەو بۆی ئاسانکردووە..!!

بەلێ (خوای گەورە) پاش خستنە ڕووی ژمارەیەك لە چاکە و نیعمەتەکانی لەسەر مرۆڤ و جن ، بۆ یەکەمجار ڕوویان تێدەکات و دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ۝١٣﴾ [الرَّحْمَن : ١٣] واتە : [فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (١٣)] ئەی گرۆی ئادەمیزادو جن ئێوە چ نیعمەتیك لە نیعمەتەکانی خوای گەورە بەدرۆ ئەزانن و باوەڕتان بە کامیان نیە لەو هەموو نیعمەتە زۆرانەی کە خوای گەورە پێی بەخشیوون، پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - کە ئەم سوورەتەی خوێندەوە بە صەحابەی فەرموو: جنیەکان لە ئێوە وەڵام دانەوەیان باشتر بوو هەر کاتێك بگەیشتمایە بەم ئایەتانە (فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ) ئەوان ئەیانووت: (لا بِشَيْءٍ مِنْ نِعَمِكَ رَبَّنَا نُكَذِّبُ فَلَكَ الْحَمْدُ) (سنن الترمذي: ٣٢٩١ , مستدرك الحاكم: ٣٧٦٦، انظر صَحِيح الْجَامِع: ٥١٣٨، الصَّحِيحَة: ٢١٥٠). ئەیانووت: ئەی پەروەردگار هیچ لە نیعمەتەکانی تۆ بەدرۆ نازانین وە باوەڕمان بەهەمووی هەیەو حەمدو سەناو ستایش بۆ تۆ، بۆیە سوننەتە کاتێك کە ئەم ئایەتەت خوێندەوە: (فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ) بڵێی: (لا بِشَيْءٍ مِنْ نِعَمِكَ رَبَّنَا نُكَذِّبُ فَلَكَ الْحَمْدُ).

جا لێرەدا بۆمان هەیە بپرسین بۆچی (خوای گەورە) فێرکردنی قورئانی لەلایەن خۆیەوە بۆ مرۆڤ و جن ، پێش هەموو نیعمەتەکانی خستووە ..؟! چونکە لە ڕاستی دا بەبێ ئیمان و شارەزایی لە قورئان مرۆڤ و جن لەسەر ئەصڵی دروستکرانی خۆشیان قەرزدار دبنەوە و کەسێك لە نیعمەتی قورئان بەهرەمەند نەبێت لەسەر ئەصڵی بوونەکەیشی ، کە گەورەترین و بنەرەتی ترینی هەموو نیعمەتەکانە ، قەرزدار دەبێتەوە ، چ جای نیعمەتەکانی دی ، وەکو (خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن وَلِيٍّ مِّنۢ بَعْدِهِۦ ۗ وَتَرَى ٱلظَّـٰلِمِينَ لَمَّا رَأَوُا۟ ٱلْعَذَابَ يَقُولُونَ هَلْ إِلَىٰ مَرَدٍّ مِّن سَبِيلٍ ۝٤٤ وَتَرَىٰهُمْ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا خَـٰشِعِينَ مِنَ ٱلذُّلِّ يَنظُرُونَ مِن طَرْفٍ خَفِيٍّ ۗ وَقَالَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِنَّ ٱلْخَـٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۗ أَلَآ إِنَّ ٱلظَّـٰلِمِينَ فِى عَذَابٍ مُّقِيمٍ ۝٤٥﴾ [الشُّورَى : ٤٤ - ٤٥] واتە : [وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ وَلِيٍّ مِنْ بَعْدِهِ] وە هەر کەسێکیش خوای گەورە گومڕای بکات و شایەنی هیدایەت نەبێ لە پاش خوای گەورە کەس نیە کە دۆستی بێت و هیدایەتی بدات [وَتَرَى الظَّالِمِينَ لَمَّا رَأَوُا الْعَذَابَ يَقُولُونَ هَلْ إِلَى مَرَدٍّ مِنْ سَبِيلٍ (٤٤)] وە ئەبینی هاوبەشبڕیاردەران کاتێك کە سزای خوای گەورە ئەبینن لە ڕۆژی قیامەتدا ئەڵێن: ئایا ڕێگایەك هەیە تا بگەڕێینەوە بۆ دونیا تا ئیمان بێنین و کردەوەی چاك بکەین..!! [وَتَرَاهُمْ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا خَاشِعِينَ مِنَ الذُّلِّ] وە ئەبینی ئەوان ئاگری دۆزەخیان نیشان ئەدرێ لە زەلیلی و سەرشۆڕیدا ملکەچن [يَنْظُرُونَ مِنْ طَرْفٍ خَفِيٍّ] لە ترسا لەلاوە بە نهێنی تەماشا ئەکەن [وَقَالَ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ الْخَاسِرِينَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنْفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ] وە باوەڕداران لە ڕۆژی قیامەتدا ئەڵێن: بەڕاستی زەرەرمەندی ڕاستەقینە ئەو کەسانەن کە خۆیان و کەسوکاریان دۆڕاندووە لە ڕۆژی قیامەتدا بەوەی کە چوونەتە ئاگری دۆزەخەوەو لە یەکتری جیا کراونەتەوە [أَلا إِنَّ الظَّالِمِينَ فِي عَذَابٍ مُقِيمٍ (٤٥)] ئاگاداربن بەڕاستی هاوبەشبڕیاردەران لە سزایەکی هەمیشەیی خوای گەورەدان کە کۆتایی نایات...

لێرەدا (خوای گەورە) دیمەنی کافرەکان لە ڕۆژی دوایی دا دەخاتە بەرچاو و دەفەرمووێ : تۆ کافرە ستەمکارەکان دەبینی لە ڕۆژی دواییدا کاتێك کە ئازار و ئەشکەنجەی خوا دەبینن دەڵێن : هیچ ڕێیەك نیە و ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ دونیا و جارێکی تر تاقی کردنەوە بدەین و خوا تاقیمان بکاتەوە ، دخۆ ئەو جارە چ پەندەیەك دەبین و چۆن فەرمانبەری خوا دەبین و پابەند دەبین بە شەریعەتی خواوە، دەبینی کافرەکان کە ڕادەنوێنرێن لە سەر ئاگری دۆزەخ ، زۆر ملکەچ و زەلیل و بێ دەسەڵاتن ، بە سیلە چاوێك سەریر دەکەن ، واتە : بە چاوێکی کز تەماشا دەکەن ، مرۆڤ کە ترسێك دەبینێ ناوێرێ زۆر چاوی تێ ببڕێ بە چاوێکی کز سەیردەکات ، جا لێرەدا شوێنی مەبەست (بیت المقصید) ئەوەیە کە دەفەرمووێ : قال تعالى: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟﴾ واتە : ئەوانەی باوەڕیان هێناوە ، ووتیان : قال تعالى: ﴿إِنَّ ٱلْخَـٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ﴾ واتە : بێ گومان خەسارەت مەندان تەنها ئەو کە سانەن خۆیان و کەس و کاریان لە دەست چووە لە ڕۆژی دواییدا ، چونکە ئەگەر کەس و کارەکەی کافر بن ئەوە دیارە لەیەك دا دەبڕێن و ، ئەگەر موسڵمانیش بن دیسان هەر یەك دادەبڕێن ، ئەگەر کافر بن هەر یەکە لە جێی تایبەتی خۆیدا سجنە و ، کەس لە گەڵ ماڵ و خێزانی خۆی نابێ ، وە ئەگەر کەس کارەکەی موسڵمان بن ئەوە دەچنە بەهەشتەوە و بەیەکجاری لەیەك دادەبڕێن ..؟!

جا (خوای گەورە) دەفەرمووێ : ئەهلی ئیمان و باوەر لەو ڕۆژەدا دەڵێن : خەسارەتمەندانی ڕاستە قینە ئەو کەسانەن کە خۆیان و کەس و کاری خۆیانیان لە دەست داوە لە ڕۆژی دوایی دا ، مەبەستمان ئەوەیە کە (خوای پەروەردگار) بۆیە نیعمەتی فێرکردنی قورئانی پێش هەموو نیعمەتەکانی دیکە خستووە لە سورەتی (الرحمن) کە سورەتی باسکردنی نیعمەتەکانی (خوای گەورە) یە ، چونکە بەبێ بەهرەمەند بوون لە نیعمەتی قورئان کە بە هۆیەوە مرۆڤ لە ئیمان حاڵی دەبێ و ئیمان دێنی و هیدایەت وەردەگرێ ، بەبێ ئەو نیعمەتە مرۆڤ لەسەر هەموو نیعمەتەکانی دیکە قەرزدارە دەبێتەوە ئەگەر ماڵ و سامان بێ ، لەش ساغیی یان تەندروست باشی بێ ، وە یان هێزو دەسەڵات بێ ، وەیان دەوڵەمەندیی بێ ، هەر شتێك بێ ، بەڵکو هەر لەسەر ئەصڵی بوونەکەیشی قەرزدار دەبێتەوە ، واتە هەر نەبووایە باشتر بوو ، بۆیە (خوای گەورە) و کاربەجێ باسی مرۆڤانێ کافر دەکا و دەفەرمووێ : قال تعالى: ﴿وَيَقُولُ ٱلْكَافِرُ يَـٰلَيْتَنِى كُنتُ تُرَٰبًۢا ۝٤٠﴾ [النَّبَإ : ٤٠] واتە : وە لەو ڕۆژەدا کافریش ئەڵێ: خۆزگایا من خۆڵ بوومایە، کاتێك کە ئەبینێ خوای گەورە تۆڵە لە ئاژەڵی شاخدار ئەسەنێ بۆ بێ شاخ، پاشان بە ئاژەڵەکان ئەفەرمووێ: ببن بە خۆڵ، هەموو ئاژەڵەکان ئەبن بە خۆڵ لەو ڕۆژەدا کە کافران ئەبینن ئاژەڵەکان ئەبن بە خۆڵ ئەڵێن: خۆزگە ئێمەیش خۆڵ بووینایە، واتە: خۆزگە ئاژەڵ بووینایەو ئێستا بووینایە بە خۆڵ، واتە: مرۆڤی کافر هەر هەمووی ئاواتە خوازن بە ئاژەڵ و ئەڵێن: خۆزگە ئاژەڵ بووینایە بۆ ئەوەی ببووینایە بە خۆڵ و لێپرسینەوەمان لەگەڵدا نەکرایەو بەرەو دۆزەخ بەڕێ نەکراینایە، والله أعلم .

بەکورتی چەند وەسفێکی گرنگی قورئانی پیرۆ یان کتێبی (خوای پەروەردگار) :

١-یەکێك لەو وەسفانەی کە (خوای گەورە) فەرموویەتی : قال تعالى: ﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَـٰكَ سَبْعًا مِّنَ ٱلْمَثَانِى وَٱلْقُرْءَانَ ٱلْعَظِيمَ ۝٨٧﴾ [الحِجْر : ٨٧] واتە : وە بە دڵنیایی سوورەتی فاتیحەو ئەو قورئانە گەورەیەشمان پێت بەخشیوە (سَبْعًا مِنَ الْمَثَانِي) وتراوە: مەبەست پێی سوورەتی فاتیحەیە کە ژمارەی ئایەتەکانی حەوتە، وە (الْمَثَانِي) لەبەر ئەوەی لە هەموو نوێژێکدا دووبارە ئەبێتەوە، یاخود وتراوە مەبەست پێی حەوت سورەتە درێژەکەی سەرەتای قورئانە (بەقەرەو ئالی عیمران و نساء و مائیدەو ئەنعام و ئەعراف و یونس، یان لە جێی یونس ئەنفال و تەوبە).

٢-وە خوای تاك و پاك قورئانی بە : (کریم) ناوهێناوە : قال تعالى: ﴿إِنَّهُۥ لَقُرْءَانٌ كَرِيمٌ ۝٧٧﴾ [الوَاقِعَة : ٧٧] واتە : وەڵامی سوێند خواردنەکە ئەوەیە کە ئەم قورئانە زۆر بەڕێزە خوای گەورە پیرۆزو بەڕێزی کردووەو فەزڵی داوە بەسەر هەموو کتابەکانی تردا وە هەرچی شتی چاکەیە کردوویەتیە ناو ئەو قورئانە پیرۆزەوە..!!

٣-٤.وە (خوای زانا و توانا) قورئانی خۆی بە بەرزیی و بە حیکمەت وەسفکردووە : قال تعالى: ﴿وَإِنَّهُۥ فِىٓ أُمِّ ٱلْكِتَـٰبِ لَدَيْنَا لَعَلِىٌّ حَكِيمٌ ۝٤﴾ [الزُّخْرُف : ٤] واتە : وە ئەم قورئانە پیرۆزەیش لە (لوح المحفوظ)دا لەلای ئێمە قورئانێکە زۆر پلەو پایە بەرزەو ڕێزی زۆرە وە ئایەتەکانیشی هەمووی موحکەم و ڕێکوپێکەو هیچ کەموکوڕیەکی تیادا نیە، ئێوەیش بە گەورەی بزانن و ڕێزی بگرن.

٥-(خوای پەروەردگار) قورئانی پیرۆزی بە (عزیز) وەسفکردووە : قال تعالى: ﴿وَإِنَّهُۥ لَكِتَـٰبٌ عَزِيزٌ ۝٤١﴾ [فُصِّلَت : ٤١] واتە : کە قورئانی پیرۆزیش کتابێکی بەعیززەت و پارێزراوە لەلایەن خوای گەورەوەو کەس ناتوانێ دەستکاری بکات و هاوشێوەی سوورەتێکی بچوکی بێنێتەوە.



کارتێکردن و پەندوەرگرتن لە قورئانی پیرۆز

بەلێ مەبەست لە کارتێکردن ئەوەیە کە بکەوینە ژێر کاریگەری و تاو تینی ئەو شتانەی کە کتێبی (خوای پەروەردگار) بسیان لیێوە دەکات ، بۆ نموونە : کتێبی خوا باسی گەورەیی خوای سبحانە وتعالی دە کات ، باسی بەدیهێنەرایەتی و دروستکراوەکانی (خوای گەورە) دەکات ، باسی پەروەردگاریێتی خوا دەکات ، باسی پەرستراوێتی خوا دەکات ، مولك و خاوەنداریەتی خوا دەکات ، وە باسی ناو سیفەتە بەرزو جوان بێ وێنەکانی دەکات ، بۆ نموونە وەکو : بەزەیی خوا ، حیکمەتی خوا ، بەخششی خوا ، عیززەتی خوا ، زانیاری خوا ، بیسەری خوا ، بینینی خوا ، توانای خوا ، دەسەلاَتی خوا ، خواست و ویستی خوای پەروەردگار سبحانە وتعالی ، وە هەروەها قورئان باسی کردەوەکانی خوای بالاَدەست دەکات ، وە باسی کاروباری خوای میهرەبان لە بوونەوەردا دەکات ، هەروەکو دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿يَسْـَٔلُهُۥ مَن فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِى شَأْنٍ ۝٢٩﴾ [الرَّحۡمَٰن : ٢٩] واتە : [يَسْأَلُهُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ] هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی هەیە هەموویان داوا لە خوای گەورە ئەکەن و پێویستیان بە خوای گەورەیە، ئەهلی ئاسمانەکان کە فریشتەکانن ڕزقیان ناوێ و خواردن ناخۆن بەڵکو داوای لێخۆشبوون دەکەن بۆ خۆیان و موسڵمانان، وە ئەهلی زەوی داوای ڕزق و لێخۆشبوون لە خوای گەورە ئەکەن [كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِي شَأْنٍ (٢٩)] هەموو ڕۆژێك خوای گەورە لە ئیش و کاری خۆیدایە، کەسانێك ئەژێنێت، کەسانێك ئەمرێنێت، ڕزق و ڕۆزی بە کەسانێك ئەدات، لە کەسانێك خۆش ئەبێ، کەسانێك بەرز ئەکاتەوە، کەسانێك نزم ئەکاتەوە، کەسانێك لەشساغ ئەکات، کەسانێك نەخۆش ئەکات، وەلاَمی کەسانێك دەداتەوە، بە کەسانێك دەبەخشێت، کەسانێك لە ناخۆشی و تەنگوچەڵەمە رزگار دەکات، وە بەو شێوازە...

بەلێ باسی حاکمیەتی خوا دەکات بەسەر هەموو شتێکدا ، وە باسی ئەو سەر ئەنجامە دەکات کە (خوای کاربەجێ) دایناوە بۆ هەموو مرۆڤەکان و جنە کان دا ، کە لە رۆژی دوایی دا چاوەرێیان دەکات و لە بەهەشت و دۆزەخدا خۆی دەبینێتەوە ، دەجا ئەو کەسانەی کە کاریگەری قورئانیان لەسەر تەفاعول لە گەلّ هەموو ئەم ڕاستیانەدا دەکات و کاری تێدەکەن ، بەلێ کارتێکردن بە قورئان چ بخوێنێ و چ بەسەرتدا بخوێندرێ ، ئەوەی کە پێی (منفعل) بێ و کارت تێ بکا ..؟! هەر لەم بارەیەوە (محمد إقبال) ووتەیەکی جوانی هەیە دەلێت : (من بچووك بووم ، بابم ئامۆژگاری کردم و ووتی : رۆڵەگیان ..!! کە قورئان دەخوێنی وا بزانە کە (خوای پەروەردگار) ئەم قورئانەی بەتایبەتی بۆ تۆ ناردۆتە خوارەوە ، کە دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ [البَقَرَةِ : ١٠٤] ، وابزانە بەتایبەتی لە گەلّ تۆ یەتی ..؟! ، ئینجا لە ڕاستی دا هەر واشە ، چونکە تۆ خۆت بە ئیماندار دەزانی ، چونکە (خوای پەروەردگار)یش دەفەرمووێت : (ئەی ئیماندارینە ..!!) تۆش یەکێکی لە ئیمانداران ، کەواتە لە گەلّ تۆیەتی ..!! مادام خۆت بە ئیماندار دەزانی لەگەلّ تۆیەتی ..؟! بەلاَم بێگومان قورئان تایبەت نیە بە بڕوادارانەوە ، بەلکو وێرای بڕواداران لە گەلّ هەموو مرۆڤایەتیشدا دەدوێ ..!! چونکە کە دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ﴾ [البَقَرَةِ : ٢١] واتە: (ئەی خەڵکینە ..!!) تۆش هەر چۆن بێ یەکێکی لە خەڵك ، یان کە دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْإِنسَـٰنُ﴾ [الانفِطَار : ٦] واتە: (ئەی مرۆڤ ..!!) وەیان دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿يَـٰبَنِىٓ ءَادَمَ﴾ [الأَعۡرَاف : ٣٥] واتە : (ئەی کوری ئادەم) وەیان تۆش هەر وەچەی ئادەمی ، کەواتە : هەر چۆن بێ باسی یان خطابي قورئان هەر دەتگرێتەوە ، ئەگەر ئیماندار بی وەکو ئیماندار ، ئەگەر نا وەکو مرۆڤ و خەڵك و کوری ئادەم یان وەچەی ئادەم ..!!

ئینجا بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی چەمك و واتای کارتێکردن و پەند وەرگرتن بە هۆی قورئانەوە دەلێین : بۆ نموونە : کاتێك (خوای گەورە) باسی پەروەردگاریێتی خۆی دەکات ، بیر لێ بکەوە بە عەقلّ و بە دلّ ، بۆ وێنە : دەفەرمووی : قال تعالى: ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ۝٢﴾ [الفَاتِحَةِ : ٢] واتە :حمد وسەناوستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان ، تۆ دەبێ هەموو جیهانەکان ، جیهانی مرۆڤ ، جیهانی جن ، جیهانی فریشتە ، جیهانی ڕووح ، جیهانی ماددە ، جیهانی ڕووەك ، جیهانی گیان داران ، وەیان جیهانی زیندەوران ...هتد ئەو هەوو عالەمانە یان ئەو هەموو جیهانە کە (خوای گەورە) خولّقاندوونی یان دروستی کردوون ، کە هەر بۆ خۆی هەموویان دەزانێ ، دەبێ بیانهێنیە بەرچاوی خۆت ، (خوای گەورە) خاوەنداریەتی هەموو ئەو جیهانیانەیە ..؟! کەواتە : خاوەنی هەموو جیهانیان یان عالەمانە ، بەرنامەی بۆ تۆ ناردووە کە کتێبەکەیەتی ، بۆ ئەوەی بەندایەتی ڕاستەقینە بکەی یان بەندایەتی لەسەر تۆ پێویست کردووە ..؟!

هەروەها بۆ نموونە : وێنەیەکی دیکە کە (خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿فَلِلَّهِ ٱلْحَمْدُ رَبِّ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَرَبِّ ٱلْأَرْضِ رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ۝٣٦﴾ [الجَاثِيَة : ٣٦] واتە : حەمدو سەناو ستایش بۆ پەروەردگاری ئاسمانەکان و پەروەردگاری زەویەکان و پەروەردگاری هەموو جیهان..!! بەلێ لێرەدا (خوای گەورە) سێ جۆرە پەروەردگاریێتی (روبوبیة) خۆی بەیان دەکات ، لە پێشدا ستایش ، حەمد و سەنا ، هەمووی بۆ خوایە ، بەلاَم لێرەدا (الله)ی پێش خستووە و فەرموویەتی :﴿فَلِلَّهِ ٱلْحَمْدُ﴾ واتە : حەمد و ستایش و سەنا تەنها بۆ خوای پەروەردگارە ..!! ئینجا سێ جۆرە لە (روبوبیة) یان پەروەردگاریێتی باس دەکات کە دەفەرمووێت : ﴿فَلِلَّهِ ٱلْحَمْدُ رَبِّ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَرَبِّ ٱلْأَرْضِ رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ۝٣٦﴾ :

١- ﴿رَبِّ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ﴾ پەروەردگار خاوەنی ئاسمانەکان کە بوونەوەری زانراومان بەشێکی بچووك یەتی و تەنیا گۆشەیەکیەتی ..؟!

٢- ﴿وَرَبِّ ٱلْأَرْضِ﴾ خاوەنی مولّکی هەموو زەوی یە ، کە (زەوی) بەشێکی بچووکی بوونەوەرە ، بەلاَم یەکجار گرنگ و بە بەهایە ، چونکە نیشینگەی مرۆڤە و واش پێ دەچێ ژیانی ئاسایی نەنیا لەودا بوونی هەبێ و لە هیچ گۆشە و کەنارێکی دیکەی بوونەوەر و بگرە ئاسمانەکانیش دا بوونی نەبێ ..؟!

٣- ﴿رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ۝٣٦﴾ خاوەن و پەروەردگاری جیهانیانە ، کەوا پێدەچێ لێرەدا بەس ئەو جیهانانە مەبەست بن کە لەسەر زەوین ..!! وە مرۆڤ و جن و فریشتە و گیانداران و ئاژەلّ و زیندەوەران و ڕووەك ...هتد

بەلێ بۆ زیاتر رۆشن کردنەوەی چەمك و تەفاعول کردن لەگەلّ قورئان دا دەلێین : پێویستە کاتێك (خوای پەروەردگار) باسی حەلاَلّ و حەرام دەکا ، چاکی لێ ورد ببینەوە ..؟! کاتێك باسی فەرمان بەچاکە و نەهی لە خراپە دەکا ، دەبی فەرمانەکە جێ بەجی بکەین و نەهیەکەی دەبی خۆتی لێ دوور بکەیتەوە یان خۆتی لێ بپارێزی ، وەکاتێك (خوای گەورە) باسی شەیتان دەکا و باسی پێغەمبەران –علیهم السلام – دەکا ، بۆ نموونە : باسی (موسی) – علیە السلام – و (فیرعەون) دەکا ، تۆ دەبێ ڕقت لە شەیتان بێتەوە بیبوغزێنی ، وە پەند وەر بگری لە بەسەر هاتی (فیرعەن) وە پێغەمبەرانت – علیهم السلام – خۆش بوێت و ڕێزیان لێ بگری ، وە دەبێ کارلێك یان (تفاعل) لە گەل بەسەر هاتەکانیاندا بکەی و لێرەوە پەرۆشی (موسی) بی کە بە دەست (فیرعەون) وە گیری خوارد بوو ، وە پەرۆشی ئیبراهیم بی کە بە دەست نەمردووی ستەمکار گیری خوارد بوو ، وە پەرۆشی (عیسی) بی کە بەدەست جوولەکە رۆمانیەکانەوە گیر خوارد بوو ، وە پەرۆشی (نوح) بی کە لە گەلّ ئیش و ژانەکانی دابی ، ئینجا شایانی باسیشە کە هەمیشە (تأثر) پێش (تذکر) دەکەوێ ، هەروەها کارتێکردنی مرۆڤ بە کتێبی خوا و بەهرە وەرگرتنی لێی ، بە پێی چەندیەتی ئیمانەکەیەتی ، هەیە قورئان بۆ دەخوێنی وا دەزانێ گوێز بۆ دەژمێرێ ..!! یان هەیە قورئان دەخوێنێ هێندە بە خێرایی دەیخوێنێ فریا کارتێکردن یان بیرلێکردنەوەی ناکەوێ ..؟! بۆ نموونە وەکو (کوری مسعود) بە پیاوێکی فەرموو : (هذا کهذ الشعر) واتە : بە خێرایی گوتنی وەك شیعر ..!!



بەلێ خوێنەری برێز : ئێمە هەر کامێکمان لە قەدەر ئیمان و تەقوا و تەزکیە نەفس لە خوا نزیك بوون ئەوەیە کە کەلام و فەرمایشتی (خوای گەورە) یە کە کارمان تێدەکات و پەیوەست دەبین لە گەڵیدا، پاشان بە ئەندازەی کارتێکردنیشمان لە لایەن قورئانەوە لێی سوودمەند و پێی بەهرەمەند دەبین ، کەواتە : ئەگەر هەر کەسێك بییەوێ چاك کارتێکراو بی بە قورئان و چاك لێی بەهرەمەند دەبێت ، دەبێ چاك خوای خۆمان بناسین وەکو لە پێش دا باسمان کرد ، وە زۆر مان خۆش بوێ و زۆری لێ بترسین ، وە چاك بە ناو سیفەتەکانی ئاشنا بین ، ئەوا بزانین کە پەروەردگارێتی خوا چییە و چۆنە ..؟! وە خاوەندارێتی خوا بۆ بوونەوەر یانی چییە ..؟! وە پەرستراوێتی خوا مانای چییە ..؟! ئیتر هەتا زیاتر بە ناسینی (خوای گەورە) دا قووڵ ببینەوە و هەتا زیاتر پابەند بین بەوەی کە (خوای گەورە) فەرموویەتی ، بەدڵنیایەوە زیاتر لە فەرمایشتەکانی بەهرەمەند دەبین ، وە زیاتر پێی کاریگەر دەبین و چاکتریش پێویستی قورئان دەبین ..؟! کەواتە : ئەگەر مرۆڤ هەستی کرد بەوەی کە وەك پێویست قورئان کاری تێ ناکا ، یان لەگەڵی دا کارلێك ناکا ، ئەوە با بە ئیمانەکەیدا بچێتەوە و لەوێوە چارەسەری بکا ، چونکە تۆ بۆ خۆت چۆن بی هەڵوێستت بەرانبەر خوای بەرستراوی تاك بە ئەندازەی ئیمانەکەتە ، وە هەڵوێستیشت بەرانبەر بە کتێبی خوا بە ئەندازەی ئیمانتە بە خاوەنەکەی ، وە بەو پێغەمبەرەش کە ناردوویەتی ، وە بە بەو ڕاستییانەش کە ئەو کتێبە بەرز بەپێزە گرتوونیەخۆی ..!!

چۆنیەتی کارتێکردن و پەندوەرگرتنی سەرجەمی موسڵمانان بە هۆی قورئانەوە :

١-لە ئایەتی (٢٣) سورەتی (الزمر) ، (خوای گەورە) چۆنیەتی کارتێکردن بوون و (منفعل) بوونی مرۆڤ ئیماندار بە هۆی قورئانی پیرۆزەوە بۆمان وێنا دەکات :

(خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالی: ﴿ٱللَّهُ نَزَّلَ أَحۡسَنَ ٱلۡحَدِيثِ كِتَٰبًا مُّتَشَٰبِهًا مَّثَانِيَ تَقۡشَعِرُّ مِنۡهُ جُلُودُ ٱلَّذِينَ يَخۡشَوۡنَ رَبَّهُمۡ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمۡ وَقُلُوبُهُمۡ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهۡدِي بِهِۦ مَن يَشَآءُۚ وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنۡ هَادٍ ﴿٢٣﴾﴾ [الزُّمَر : ٢٣] واتە : [اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ] خوای گەورە ئەو خوایەیە کە باشترین فەرموودەی دابەزاندووە کە قورئانە، (ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە قورئانی پیرۆز قسەو فەرموودەی خوای گەورەیەو دروستکراو نیە) [كِتَابًا مُتَشَابِهًا] کە ئەو قورئانە پیرۆزە ئایەتەکانی هەمووی موتەشابیهە واتە: لە جوانی و ڕێکی و تەواوی و بەهێزیدا هەمووی لە یەکتری ئەچێت [مَثَانِيَ] وە ئەحکام و چیرۆکەکانی، یان خوێندنەوەی دووبارە ئەبێتەوە [تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ] لە کاتی بیستنی قورئانی پیرۆزدا ئەو کەسانەی کە لە خوای گەورە ئەترسێن بە زانستەوە پێستیان گرژ ئەبێتەوە لە ترسی خوای گەورەدا [ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ] پاشان کە گوێیان لە قورئان دەبێت و بە ئومێدی ڕەحمەتی خوای گەورە دەبن پێست و دڵیان نەرم ئەبێ بۆ زیکرو یادی خوای گەورە کاتێك کە زیکری خوای گەورە ئەبیستن، (باوەڕداران بە بیستنی قورئان دڵخۆش و دڵئارام دەبن و تام و چێژ وەردەگرن، بەڵام خراپەکاران بە بیستنی قورئان دڵتەنگ و بێزار دەبن و بەگومانی خۆیان بە بیستنی گۆرانی و موسیقاو سەمفۆنیا چێژ وەردەگرن!!!) [ذَلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَنْ يَشَاءُ] ئەم قورئانە هیدایەتی خوای گەورەیەو هیدایەتی هەر کەسێکی پێ ئەدات بە فەزڵی خۆی کە ویستی لێ بێت و شایەنی هیدایەت بێ [وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ (٢٣)] وە هەر کەسێکیش کە خوای گەورە گومڕای بکات بە دادپەروەری خۆی و شایەنی گومڕایی بێ ئەوە هیچ کەسێك ناتوانێ هیدایەتی بدات...

٢-لە ئایەتی (٧٣) سورەتی (الفرقان) (خوای گەورە) بە شێوازێکی دیکە چۆنیەتی کارتێکردن و بەهرەوەرگرتنی ئیمانداران بە هۆی قورئانەوە بۆمان ڕوون دەکاتەوە :

(خوای گەورە) دفەرموویێت : قال تعالی: ﴿وَٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُواْ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمۡ لَمۡ يَخِرُّواْ عَلَيۡهَا صُمّٗا وَعُمۡيَانٗا ﴿٧٣﴾﴾ [الفُرْقَان : ٧٣] واتە : [وَالَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ] وە ئەو کەسانەی کاتێك کە ئایەتەکانی خوای گەورەیان یاد بخرێتەوە [لَمْ يَخِرُّوا عَلَيْهَا صُمًّا وَعُمْيَانًا (٧٣)] ئەوان کەڕو کوێر نابن لە ئاستیدا بەڵکو ئەیبیستن و سوودی لێ ئەبینن...

٣-لە ئایەتی (١٥-١٦) سورەتی (السجدە) دا (خوای گەورە) و کاربەجێ زۆر ڕوونتر بۆمان باسی چۆنیەتی کارتێکردنی مرۆڤی موسڵمان و چۆنیەتی بەهرەوەرگرتنی لە قورئان باس دەکات:

(خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالی: ﴿إِنَّمَا يُؤۡمِنُ بِـَٔايَٰتِنَا ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُواْ بِهَا خَرُّواْۤ سُجَّدٗا وَسَبَّحُواْ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡ وَهُمۡ لَا يَسۡتَكۡبِرُونَ ۩ ﴿١٥﴾ تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمۡ عَنِ ٱلۡمَضَاجِعِ يَدۡعُونَ رَبَّهُمۡ خَوۡفٗا وَطَمَعٗا وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ﴿١٦﴾﴾ [السَّجْدَة : ١٥ - ١٦] واتە : {هەندێك لە سیفاتی باوەڕداران} [إِنَّمَا يُؤْمِنُ بِآيَاتِنَا الَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِهَا خَرُّوا سُجَّدًا] تەنها بە ڕاستگۆیانە ئەو کەسانە ئیمان بە ئایەتەکانی ئێمە دێنن کاتێك کە یادیان بخرێتەوە یەکسەر ئەچنە سوجدەو کڕنوش بۆ خوای گەورە ئەبەن و گوێڕایەڵی دەکەن، واتە: نوێژە فەرزەکان دەکەن، یان نوێژی سوننەت دەکەن، یان هەر سوجدە بۆ خوای گەورە دەبەن [وَسَبَّحُوا بِحَمْدِ رَبِّهِمْ] وە تەسبیحاتی خوای گەورە ئەکەن و خوای گەورە بە پاك و مونەززەه ڕائەگرن لە هەموو کەموکوڕی و ناتەواوییەك، وە حەمدو سەناو ستایشی خوای گەورە ئەکەن، یاخود لە سوجدەدا دەڵێن: (سبحان ربي الأعلى وبحمده) [وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ (١٥)] وە خۆیان بە گەورە نازانن بەڵکو ملکەچن بۆ خوای گەورە..!! [تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ] لایەکانیان بەرز ئەبێتەوە لەسەر جێگا، واتە: هەڵئەستن بۆ شەونوێژ کردن، یاخود ناخەون تا نوێژی عیشا نەکەن، یان لە نێوان مەغریب و عیشادا نوێژی سوننەت دەکەن، یاخود نوێژی عیشاو بەیانی بە جەماعەت دەکەن، ئەنەسی کوڕی مالیك دەفەرمێت: ئەم ئایەتە لەسەر چاوەڕوانکردنی نوێژی عیشا دابەزی [يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا] لە خوای گەورە دەپاڕێنەوەو عیبادەتی دەکەن لە ترسی دۆزەخ و بە ئومێدی بەهەشت و ڕەحمەتی خوای گەورە [وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ (١٦)] وە لەوەیشی کە پێمان بەخشیون ئەوانیش لە پێناو خوای گەورەدا ئەیبەخشن.

شوێنکەوتن و گەردن کەچکردن (الإتباع والتسليم)

بەڵێ لەسەرتادا پێناسەی ئەم دوو وشانە دەکەین : مەبەستمان لە : شوێنکەوتن و گەردن کەچکردن (الإتباع والتسليم) چییە ..؟!

یەکەم : مەبەست لە شوێنکەوتن (الإتباع) بریتیە لە شوێنکەوتنی قورئان لە هەموو بوارەکاندا ، واتە: هەموو ئەو ڕاستییانەی کە قورئان گرتوونیەتە نێو خۆی ، وە هەموو ئەو یاسایانەی کە قورئان گرتوونیەتە خۆی ، وە هەموو حیکمەت و ئامۆژگاریی و ڕێنموونی و ئاراستەکردنانەی کە قورئانی بەهێز و پیرۆز گرتوونیە نێو خۆی ، پێویستە لەسەر بەندەی قورئانی خوێن ، لەسەر کەسێك کە ئیمانی بە قورئانە و شوێن قورئان دەکەوێ ، لە هەموو ئەو بوارانەدا شوێنی بکەوێ .

دووەم : مەبەستیش لە گەردن کەچکردن (التسليم) ئەوەیە کە لە ناخەوە بۆ قورئان ملکەچ بێت ، چونکە جاری وایە بەندە بە دوای شتێك دەکەوێ ، بەڵام لە ڕووی ناچارییەوەیە و قەناعەتی پێی نیە ، بەڵام خۆی ناچار دەبینێ ، بەڵام شوێنکەوتنی قورئان لەلایەن بەندەی موسڵمانەوە ، واتە : شوێنکەوتنی قورئان لە هەموو ئەو لایەنانەدا کە باسمانکرد ، کاتێك بە کەڵك دێ و لای خوای بەخشندە قبووڵ دەکرێت ، کە لەسەر بناغەی گەردن بۆ کەچ کردن و قەناعەت پێ بوون و قبوولّ کردن و خۆشویستن بێت .

بەڵێ بەندەی موسڵمان دەبێت زۆر خۆی بە سوپاسگوزاری (خوای گەورە) بزانێ خۆی بە قەرزدار بزانێ کە کتێبی بۆ ناردووە ، دوایش یارمەتی داوە کە بیخوێنێ و لێی تێبگا ، پاشان یارمەتی داوە کە ئەو قورئانە کاری تێ بکاو دوای بکەوێ و لێی بەهرەمەند بێ ، ئینجا بۆی گەردن کەچ بێ ..!! وە خۆی زۆر بە خاوەن نیعمەت بزانێ ، هەر بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ لە یەکێ لە فەرمایشتەکانی دا دەفەرموێت : (خيركم ممن تعلم القرآن وعلمه) صحيح البخاري . واتە : باشترینی ئێوە کەسێکە فێری قورئان بێت و قورئان فێری خەڵك بکات ...

کەواتە : کە تۆ فێری قورئان بووی (خوای گەورە) یارمەتی داوی فێری خوێندنەوەی ببی و فێری لێ تێگەیشتنی ببی ، فێری کار پێکردنی ببی ، مانای وایە چوویتە ڕیزی ئەو کەسانەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ مژدەی ئەوەی پێداون ، بە چاکترین کەس لە قەڵەم دراون ..!! جا کاتێك بەندەی موسڵمان وەبەر ئەو مژدەیەی پێغەمبەر ﷺ بکەوێ ، دیارە دەبێ زۆر خۆشحاڵ بێ و زۆریش سوپاسی (خوای گەورە) بکات و زۆر خۆی بەخاوەن نیعمەت بزانێ ..!!

(خوای گەورە) دەفەرموێت : قال تعالى: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدْ جَآءَتْكُم مَّوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَشِفَآءٌ لِّمَا فِى ٱلصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ۝ قُلْ بِفَضْلِ ٱللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُوا۟ هُوَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ۝﴾ [يُونُس : ٥٧ - ٥٨] واتە : {قورئان شیفاو هیدایەتو رەحمەتە} [يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَتْكُم مَّوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ] ئەی خەڵکی بەدڵنیایی لەلایەن پەروەردگارەوە پەندو ئامۆژگاریتان بۆ هاتووە کە قورئانی پیرۆزە [وَشِفَاءٌ لِّمَا فِي الصُّدُورِ] وە شیفایە بۆ ئەو دڵەی کە لەناو سینگەکانە بۆ هەر دوودڵی و گومانێك کە ڕووبەڕووتان بێتەوە قورئان شیفایە بۆی [وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ (٥٧)] وە هیدایەت و ڕێنمایی و ڕەحمەتە بۆ باوەڕداران...

چەند ئایەتێك لەبارەی پێویست بوونی شوێنکەوتن و گەردن کەچبوونی موسڵمانان بۆ کتێبی خوا و بەرنامەکەی

ئێستا با لەم ئایەتانە ڕامێنین کە (خوای گەورە) باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە چۆن ئەو کەسەی خۆی بە شوێنکەوتووی قورئان بزانێ و خۆی بە شوێنکەوتووی پێغەمبەر بزانێ و بیەوێ بە ئیماندار بە قورئان لە قەڵەم بدرێ ، دەبێ چۆن شوێن قورئان و چۆن بۆی ملکەچ بێ ..؟!

١-(خوای گەورە) دەفەرموێت : قال تعالى: ﴿الٓمٓصٓ ۝ كِتَـٰبٌ أُنزِلَ إِلَيْكَ فَلَا يَكُن فِى صَدْرِكَ حَرَجٌ مِّنْهُ لِتُنذِرَ بِهِۦ وَذِكْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ ۝ ٱتَّبِعُوا۟ مَآ أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ ۗ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ۝﴾ [الأَعْرَاف : ١ - ٣] واتە : سوورەتی (ئەعراف) (شوێنێکە لە نێوان بەهەشت و دۆزەخ بۆ ئەو کەسانەیە کە کردەوەی چاك و خراپیان یەکسانە بەڵام دواتر بە ڕەحمەتی خوای گەورە دەکرێنە بەهەشتەوە) سوورەتێکی مەککییەو (٢٠٦) ئایەتە بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ [المص (١)] سەبارەت بەو پیتانەی کە لە سەرەتای هەندێك لە سوورەتەکانی قورئانی پیرۆزدا هاتوون لە سوورەتی بەقەرەدا باسمان کرد..!! [كِتَابٌ أُنزِلَ إِلَيْكَ] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - ئەم قورئانە پیرۆزە کتابێکە خوای گەورە بۆ تۆی دابەزاندووە [فَلَا يَكُن فِي صَدْرِكَ حَرَجٌ مِّنْهُ لِتُنذِرَ بِهِ] با لە سینگ و دڵتدا هیچ گومان یان پێناخۆش بوون و دڵتەنگیەکت نەبێ، وە شەرمەزار مەبە کاتێك کە بەخەڵکی ئەگەیەنی و ئاگاداریان دەکەیتەوە لە ترسی ئەوەی کە خەڵکی بەدرۆت بزانن یان ئازارت بدەن خوای گەورە ئەتپارێزێ و پشت بە خوای گەورە ببەستە [وَذِكْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ (٢)] وە ئەم قورئانە پیرۆزە یادخستنەوەیەکیشە بۆ باوەڕداران..!! [اتَّبِعُوا مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ] ئێوە شوێن ئەو قورئانە پیرۆزە بکەون کە لەلایەن خوای گەورە بۆتان دابەزیوە، وە سوونەتی پیرۆزیشی لەگەڵدایە [وَلَا تَتَّبِعُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ] وە جگە لە خوای گەورە شوێن هیچ کەسانێکی تر مەکەون کە بیانکەن بە دۆست و خۆشەویستی خۆتان و بیانکەن بە شەریك بۆ خوای گەورە [قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ (٣)] بەڵام کەمێك لە مرۆڤەکان بیر لە حەق دەکەنەوە...

٢-وە هەر لەو بارەوە لە ئایەتی (١٠٦) سورەتی (الانعام) یشدا (خوای گەورە) دەفەرموێت : قال تعالى: ﴿ٱتَّبِعْ مَآ أُوحِىَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ۖ لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْمُشْرِكِينَ ۝﴾ [الأَنْعَام : ١٠٦] واتە : [اتَّبِعْ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ] ئەی محمد- صلى الله عليه وسلم - شوێنی ئەو وەحی یە بکەوە کە لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆت هاتووە، وە گوێ بەوان مەدەو خۆتیان پێوە سەرقاڵ مەکە، (ئەمە فەرمانکردنە بە ئێمەیش بە شوێنکەوتنی وەحی) [لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ] هیچ پەرستراوێك بەحەق نیە شایەنی پەرستن بێ تەنها زاتی پیرۆزی الله نەبێ [وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ (١٠٦)] وە تۆ پشت لە موشریك و هاوبەشبڕیاردەران بکەو لێیان ببورە، ئەمە پێش ئەوەی کە ئایەتی کوشتارو جەنگ دابەزێت، پاشان خوای گەورە فەرمانی کرد بە کوشتار کردنیان...

٣-وەلە ئایەتی (١٥٥) سورەتی (الانعام) (خوای گەورە) دەفەرموێت : قال تعالى: ﴿وَهَـٰذَا كِتَـٰبٌ أَنزَلْنَـٰهُ مُبَارَكٌ فَٱتَّبِعُوهُ وَٱتَّقُوا۟ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ۝﴾ [الأَنْعَام : ١٥٥] واتە : [وَهَٰذَا كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ فَاتَّبِعُوهُ] وە ئەم کتابەش کە قورئانی پیرۆزە دامانبەزاندووە کتابێکی موبارەك و پیرۆزو پڕ خێرو بەرەکەتە سوودی دونیاو قیامەتتانی تیایە بۆیە ئێوە شوێنی بکەون [وَاتَّقُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ (١٥٥)] وە تەقوای خوای گەورە بکەن وە خۆتان بپارێزن لەسەرپێچی کردنی فەرمانەکانی قورئان بەڵکو خوای گەورە ڕەحمتان پێ بکات...

٤-وە لە ئایەتی (١٠٩) سورەتی (یونس) یش دا ڕوو بە پێغەمبەر ﷺ (خوای گەورە) دەفەرموێت : قال تعالى: ﴿وَٱتَّبِعْ مَا يُوحَىٰٓ إِلَيْكَ وَٱصْبِرْ حَتَّىٰ يَحْكُمَ ٱللَّهُ ۚ وَهُوَ خَيْرُ ٱلْحَـٰكِمِينَ ۝﴾ [يُونُس : ١٠٩] واتە : [وَاتَّبِعْ مَا يُوحَىٰ إِلَيْكَ] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - تۆ شوێنی ئەو وەحیە بکەوە کە خوای گەورە بۆی ناردوویت [وَاصْبِرْ حَتَّىٰ يَحْكُمَ اللَّهُ] وە ئارام بگرە تا خوای گەورە خۆی بڕیار ئەدات لە نێوان تۆو کافراندا لە دونیاو قیامەت [وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ (١٠٩)] وە خوای گەورە باشترین و دادپەروەرترین حاکم و دادوەرە، والله أعلم...

چوارە مەرجی سەرەکی بۆ هاتنەدی شوێنکەوتن و گەردن کەچبوون

یەکەم : قەناعەتی عەقڵیی تەواو بێ لەرەلەر و دڵ لە دڵ دان ، وەیان بێ دوو دڵی دڵە ڕاوکێ ، بەوە کە هەرچی لە کتێبی (خوای گەورە) دا هاتووە پەیوەندی بە هەر لایەنێکەوە هەبێ لە : بوون ناسیی و ئیمان و عقیدە و عبیادەت و ڕەوشت و ڕفتار و سەرجەم هەڵس و کەوتە خێزانیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سیاسیەکان ... هتد لە سەدا سەد ڕاست و دروستن هیچ گومان هەڵناگرێ ..؟!

دووەم : بە دڵ پەسند و قبوڵکردنی هەرچی قورئانی پیرۆز یان کتێبی (خوای پەروەردگار) فەرموویەتی و خۆشویستنی بە دڵ و گیان وە دڵ پێخۆش بوون پێی ..؟!

سێ یەم : بە زمان دانپێداهێنان (إقرار)ی هەر چی قورئان فەرموویەتی و دەربڕینی ڕاشکاوانەی ئامادەیی (استعداد) بۆ جێ بەجێ کردنی ..؟!

چوارەم : بە کردەوە و ئەندامەکان جێبەجێ کردن و پڕاکتیزەکردنی هەموو ئەو شتانەی کە قورئان فەرمانی پێ کردوون لە هەموو بوارەکان تاکیی و حێزانیی و کۆمەلایەتی و سیاسیی دا ..؟!

شایەنی باسە کە مرۆڤ هەتا عەقڵی گەورەتر و زانیاری و شارەزایی و زیاتر بێ ، چاکتر لە قورئان تێدەگات و ، وە بە پێچەوانەی شەوە کەمتر ڕاز و نهێنی و ڕاستییەکانی قورئانی بۆ ئیستعاب دەکرێ و هەزم دەکرێن ، بەڵام ئەوەی زۆری بۆ ئیستعاب دەکرێ ئەوەش کەم بۆ ئیستعاب دەکرێ ، ئەوەی زۆری تێدەگا و ئەوەی کەم ، هەردووکیان دەبێ بڵێن : هەر چی لە قورئاندا هەیە مادام فەرمایشتی خوایە ، هەمووی ڕاستە ، با منیش تێی نەگەم ..!! ئا ئەوە هەڵوێستی موسڵمانە ، با حیکمەتەکەشی نەزانێ ، دەبێ قەناعەتی تەواوی بە تەواویی هەمووی هەبێ ، واتە : موسڵمان بۆی نیە کە هەر بیر لەوە بکاتەوە : بۆ بڵێی ئەو ئایەتە وابێ ..؟! تۆ بڵێ بەکەڵکی ئێستا بێ ..؟! نابێ ئەوە بە دڵی هیچ مرۆڤێك بێت یان هیچ دەستە و کۆمەڵێك بێت ، کە خۆی بە موسڵمان بزانێ ، ئەوە پەرەکەی دەتوانێ بڵێ : من تێی ناگەم ..!!

بەڵێ موسڵمان لە حیکمەتی حوکمە شەرعییەکان تێبگات ، یان نا ، هەر بۆیان ملکەچە ..!! دوای ئەوەی کە بۆی دەرکەوت کە (خوای گەورە) فەرموونی : هەروەها سەرجەم ڕاستییەکانی ئیسلام بە عەقڵ و دڵ قبووڵ دەکات و بە زمان دانیان پێدادەێنێ و بە کردەوەش لە خۆی دا بەرجەستەیان دەکات ، جا ئەوەی کە بەتاك دەکرێ ، بە تاکیی پێوە پابەند دەبێ ، وە ئەوەش کە کۆمەڵ بە هەرەوەزیی دەکرێ ، بەو شێوەیە هەوڵی جێبەجێ کردن و پڕاکتیزەکردنی دەدات ، وە زۆر بابەتی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سیاسیی و ... هتد ، کەواتە : پێویستە مرۆڤی موسڵمان وێرای پابەندیی تاکە کەسی و تایبەتی خۆی بە قورئانەوە ، هەڵیش بدات خەڵکی وەك خۆی پەیدا بکات ، وە ئەو ڕاستییانەی قورئان بڵاو کاتەوە ، تاکو ڕایەکی گشتی وا دروست بێ کە ئەو کۆمەڵگایە و ئەو دەوروبەرە ، ئەوەی کە قورئان فەرموویەتی هەموویان جێ بەجێی بکەن ..!!

لە کۆتای ئەم باسە دا دەڵێن : (خوای گەورە) لەو کەسانەمان بگێرێ کە بە تەواوی شوێن قورئان بکەوین ، ئەوەی کە بە تاکە کەسی و شەخسی بۆمان دەکرێ ، خۆمان ئەنجامی بدەین و ، ئەوەی کە بە کاری کۆمەڵ و دەستە تاقم و هەرەوەزییش بۆمان دەکرێ ، کۆمەڵگا و دەوروبەرمان وا لێ بکەین کە لە هەموو ڕوویەکی چیانەوە پابەندی قورئان بن ، وە (خوای پەروەردگار) تەفیقمان بکات کە ملکەچ بین بۆ هەرچی کە خوا فەرموویەتی لە کتێبی موبارەکی خۆیدا ، وە پێغەمبەرس پێشەوا ﷺ لە سوننەتی بە پیز و بەرەکەتی دا ...

هۆکارەکانی کاریگەر بوون بە قورئانی پیرۆز

بەلێ (خوای سبحانە و تعالی) قورئانی پیرۆزی دابەزاندووە بۆ ئەوەی ئێمە بەندەی موسڵمان بیخوێنینەوە و لێی تێرامێن و فکری لێ بکەینەوە ، بۆ ئەوەی کاریگەر بین و پێویست بێن و کردەوەی پێبکەین ، نەك بەتەنها بە پلە بیخوێنینەوە و بیکەینە هۆکارێك بۆ بەرژەوەندیەکانی دونیاو ، وەیان بۆ پارە پەیداکردن و ڕوو پەمایی و ریابازی هەڵخەڵەتاندنی خەڵك ، وە یان بۆ گشت و کوشتاری خەڵك بە نارەوا ، بەڵکو دەبێت ئەم خوێندنەوەیە کاریگەر بێت لە سەر کردەوە پێکردن لە ژیانی رۆژانەمان بەدی بێت ، بەلێ (خوای گەورە) قورئانی دابەزاندوە بۆ سەر پێشەوای مرۆڤایەتی پێغەمبەری ئاخر زمان بۆ ئەوەی ببێتە هۆکاری خۆشی و ئاشتی و ئارامی ئۆقرەیی دڵان ، جا لەبەر ئەوەی زۆر بەی خەڵك لەم سەردەمەدا پشتیان کردووە یان هیجرەتی قورئانیان کردووە لە بەر مشغولەتی ژیانی دونیادا ، ئەم پشتێکردنە لە قورئان هۆکارێکە بۆ لێ تێنەگەیشتنی یان بە هەڵە لێ تیگەیشتن ، هەر بۆیە لێرەدا حەزمان کرد بە کورتی کۆمەڵە خالێك بخەینە ڕوو کە یارمەتی بەندەی موسڵمان دەدەن بۆ دڵ کرانەوە و تێگەیشتن و کاریگەر بوونی دروست لە قورئان ئەمانە ی خوارەوەن :

یەکەم : حەز کردم لە سوود مەندبوون :

دەبێت خوێنەری قورئان حەزێکی ڕاستەقینەی هەبێت بۆ سوود بینین و کاریگەر بوون کار پێکردن لە ژیانی رۆژانەدا .

دووەم : پڕی دڵ لە بەگەورە ڕاگرتنی (خوای پەروەردگار) :

بەلێ تاکو خوێنەری قورئان زیاتر بیر لە گەورەیی (خوای پەروەردگار) بکاتەوە و ترسی لە خوا زیاتر بێت زیاتریش گرنگی بە واتای ئایەتەکان دەدات و خەمی کاریگەربوون و تێگەیشتنی واتاکەیەتی بۆ ئەوەی بزانێت پەروەردگارەکەی چی دەفەرموویێت تاوەکو گوێرایەڵی فەرمانەکانی بکات ، وە خۆی بە دوور بگرێت لەقەدەغەکراوەکانی .

سێ یەم : وازهێنان لە تاوان و گوناە و گوێرایەڵی کردنی فەرمانەکانی (خوای پەروەردگار) :

چونکە تاوان دڵ رەش دەکات و وە دەرگایی تێگەیشتن و کاریگەربوون دادەخات بە پێی زۆری و کەمیەکەی ، تاوان نەکردن و گوێرایەڵی کردنیش دڵ ڕووناك دەکات و توانای بیستن تێگەیشتن زۆر زیاد دەکات ، جا بە ویستی خۆت هەڵبژێرە بەڵام وریابە ژیانی دوارۆژ بۆ لە خوا ترسانە و رۆژی لێ پرسینەوەی کردەوەکانە .

چوارەم : کۆکردنەوەی دڵ و گوێراگرتنی تەواو :

کاتێك قورئان دەخوێنیت دەبێت دڵت بخەیتە لای ئایەتەکان و ئەو سەرقاڵیە زۆرانەی هەتە یان ئەو مشغولیەی هەتە لە کاتی خوێندنەوەکەتدا لە خۆتی دوور بخەرەوە و بەجوانی گوێ لە خوێندنەوەکە ڕابگرە بیری لێ بکەوە تێرامێ ، چونکە پەرتەوازیی دڵ وادەکات تەرکیزت لاوازبێت و سەرنجی ورد لە ئایەتەکان نەدەیت بەمەش لە بەشێکی زۆری کاریگەربوون ئەگەر نەڵێم هەمووی بێبەش دەبیت لە حیکمەتی پر بە نرخەکانی قورئانی پیرۆز .

پێنچەم : هەست کردن بەوەی ئایەتەکان تۆ دەدوێنن :

واتە کاتێك قورئان دەخوێنیت ئەو هەستە لای خۆت دروست بکە کە ئایەتەکە لەگەڵ تۆ دەدوێت ، وە فەرمانەکان بە تۆ دەکات و رێگری لە تۆدەکات ، بۆ نموونە کە (خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالی: ﴿وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱرۡكَعُواْ مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ ۝٤٣﴾ [البَقَرَةِ : ٤٣] واتە : [وَأَقِيمُوا الصَّلاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ] وە دوای ئەوەی کە موسڵمان ئەبن نوێژ بکەن و زەکات بدەن [وَارْكَعُوا مَعَ الرَّاكِعِينَ (٤٣)] وە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ئەچنە رکوع بە جەماعەت بچنە رکوع واتە: نوێژەکان بە جەماعەت ئەنجام بدەن..!!

شەشەم: زانینی واتاو ماناو مەبەستی ئایەتەکان :

دەبێت چەند ئایەتێك دووبارە بکەیتەوە کاریگەری زیاتری لەسەرت دەبێت لە مانا و مەبەستی واتاکانی تێ بگەیت ، چونکە کاتێك تۆ لە ماناو مەبەستی ئایەتەکان نەگەیت چون کاریگەر دەبیت لەسەرت ..؟!

حەوتەم : دووبارە کردنەوەی ئایەتەکەت بە تێڕامان یان تێفکر کردن :

چونکە هەر چەندە ئایەتەکان دووبارە بخوێنیەوە و تێڕامێنی و تێبفکری ، ئەوا زیاتر کاریگەری دەبێت لە سەرت ، بەتایبەتی ئەو ئایەتانەی کە باسی (عظمة) و گەورەیی (خوای پەروەردگار) دەکات ، وەیان ئەو ئایەتانەی باسی بەهەشت و دۆزەخ رۆژی دوایی دەکات ..؟!

هەشتەم : لە کاتی تەواو بوونی لە خوێندەوەی قورئان دەست کردن بە دوعاو پارانەوە :

چونکە پاش خوێندنەوەی قورئان دوعاو پارانەوە کردن لە (خوای سبحانە تعالی) ئەوا نزا بکەی کە دڵت بکاتەوە بە تێگەیشتن زیاد بکات ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویێت : ((أفضل العبادة الدعاء)) . السلسلة الصحيحة برقم (١٥٧٩).

نۆیەم : چاولێکردن تێرامان و سەیرکردنی حاڵی پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی — خوا لێیان رازی بێت — لە گەل ئەو فەرموودنانەی کە باسی فەزڵ گەورەیی قورئان دەکەن :

ئەمەش بە سەیرکردنی ئەوفەرموودە پیرۆز و ووتە بەنرخانە دەبێت کە لە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوڵان — خوا لێیان رازی بێت — وەیان لە پێشینانمانەوە گێردراونەتەوە و باسی کاریگەربوونیان دەکەن بە قورئانی پیرۆز ، وەکو لە فەرموودە صحیحدا هاتووە پێغەمبەری خوا ﷺ دەنگی گریان لە سنگیەوە هاتووە وەك دەنگی ئاوی گوڵاو لە ناو مەنجەڵدا ...

بۆ ئەوەی لەقورئان بگەین پێویستیمان بە زانیاریەکی هەمەلایەنەیە

بۆ ماوەی چەندان سەدە مرۆڤ بە بەردەم ڕاستی یەکان دەستەوەستان بوو ، وە نەیدەتوانی لەو ڕاستی یان بکۆڵێتەوە ، چونکە ئەو هۆکارێکی زانستی هێندەی بە دەستەوە نەبووە کە بتوانی بە کارە هەڵبستێ ، ئەوە تەنیا لەم رۆژگاریە لە چەرخی زانستی نوێ بەرە بەرە دەردەکەوێ کە چەندەها ئایەتی قورئانی پیرۆز لە دیاردەکانی سروست دەکۆڵنەوە و هەروەها بوونەتە چەمکێك بەتەواوی فام بکرێن ، لێرەدا پێویستە بە ڕاشکاوی بڵێین : کە لە چەرخی یان سەدەی بیستەم زانست گەیشتۆتە پۆیکەی مەزنێتی ، هەموو کات زانایەکی ئاسایی ناتوانێ هەرچی لە قورئاندا دەخوێنێتەوە دەربارەی هەندێك بابەت بە بێ ئیستیعانە کردن توێژینەوەی تایبەت مەندێتی یەوە بە سوو و ئاسانی لەو بابەتانەی قورئان بکات ، هەر بۆیە بوختەی قسەکەمان ئەوەیە بۆ تێگەیشتنێکی دروستی ئەو هەموو ئایەتانەی قورئانی پیرۆز مرۆڤ پێویستی بە دابین کردنی زانیاریەکی هەمەلایەنەی گشتگیری هەیە ، مەبەست لێی لە هەبگەی زانیاریە ، هەبگەی زانیاریش ئەوەیە کە زۆربەی یاساکان لە خۆ دەگرێت ، بێ گومان دەبێ زانست بەو واتایە بەکاربێنین کە ڕاست و دروست دامەزرابێت ، ئەو زانستەی کە لەبارەیەوە دەدوێن ئەو بیردۆزە تیۆرانە ناگرێتەوە خۆی کە بۆ ماوەیە هۆکارێکی یارمەتیدەر دەبین بۆ شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی چەند دیاردەیەك یاخود زنجیرە دەیاردەیە لە پاشان هەڵدەوەشێتەوە ، لێردە دا دەمەوێ بڵێم هەر خودی ڕاستی یە زانستی یە سەڵمێندراوەکانە کە ئەو تیۆرانە هەڵدەوەشێننەوە بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەمانەوەی تەنیا لایەنە لەیەك چووەکانی بەیانەکانی قورئان و زانستی نوێ دیراسە بکرێ ، وەیان ئەو زانستەی ئێمە دەمانەوێ سەڵماوە و چیتر ئەو هەڵناگرێ گفتوگۆی زیاتری لەسەر بکەی ، جا بۆیە لە هەر شوێنێك کە ڕاستی یە زانستی یەکان ، کە هێشتا ١٠٠٪ دانەمەزراون ، دەخەمە ڕوو بە دڵنیایی ئەو خاڵانە ڕوون دەکەمەوە لەمەش زیاتر ، دەبێت ئەوەش بڵێین کە هەندێ بەیانی دەگمەن لە قورئاندا هەن ، تاکو ئێستاش زانستی نوێ نەیتوانیوە ئیسپاتیان بکات ، بەڵام لە نەزەری زانایان ڕوودانی ئەو ڕاستی و حقیقەتە شاراوانە شتێکی نزیکە لە داهاتوودا : بۆ نموونە بۆ ئەو بەیانەی قورئان کە دەفەرمووێت : " ئاو سەرچاوەی ژیانە " وەیان " ژیان لە ئاوەوە سەرچاوەی گرتووە " وەیان نموویەکی تر دەفەرمووێت : لە شوێنێکی بوونەوەر ، زەوی یەکی دی وەك هی ئێمە هەیە "، وە لە گەل ئەوەشدا نابێ ئەو بۆ چوونە زانستی یانە وامان لێ بکەن ، ئەو ڕاستی یەی قورئان لە بیر بکەین کە قورئان کتێبێکی ئایینیە ، بەلێ بێ گومان قورئان کتێبێکی ئایینی زانستیە بۆ هەموو سەردەمێکە ، خاڵێکی دیکە ئەوەیە بێ گومان نابێ چاوەرێ بکەین کە قورئان تەنیان مەبەستێکی زانستی سەد لە سەدی هەبێ ..؟! هەر کاتێ مرۆڤ ویستی لە پرۆسەکانی دروست بوون و دیاردە سروشتیە بێ کۆتایی یەکان ورد بێتەوە ، بە شێوەیەکی سروشتی مەیلی بۆ ئەوە دەچێ کە دووپاتی تواناو قودرەتی (خوای پەروەردگار) بکاتەوە ، هەر بۆیە ئێمە لە نێوان ئەم هەموو سەڵماندنانەدا دەتوانین هێمایەکی ناڕاستەوخۆ بدۆزینەوە بۆ ئەو بەڵگەنەویستانەی لەگەڵ زانیاری زانستی نوێ یەك دەگرنەوە ، ئەوەش بێ گومان بەهرەیەکی دی (خوای گەورە) یە بۆ مرۆڤ کە دەبێ ڕووناکی ئایینەکەی لە چەرخێکدا بگەشێتەوە کە زانستیانە بنەچی داڕێژراوە ، وە ئیلحادی ماددی یەت دەیەوێ لەسەر حیسابی باوەڕ بە خوا نەبوون دەستی بە سەر دابگرێ ، بەلێ ئەوەش ڕوون دەکەینەوە لە سەردەمەکانی ڕابردوو کە مرۆڤ تەنیا لە واتا مانا ئاشکراکانی ئەو دەقە ئایەتانەی قورئان تێگەیشتوون ، لەوانەشە هەندێ کەس وا بیر بکاتەوە کە چۆن ئەو دەق و ئایەتە شاراوانەی نێو قورئان لە ژێر کارامەیی دەستی مرۆڤ ڕزگاریان بووە ..؟! هەر بۆیە ئەو بەیانەکانی قورئانی پیرۆز زۆر بەرێك و پێکی چەسپ کراون دەقاودەق لە چاودێرێکی پاك دەچێ ، ئەمەش رەسەنێتی قورئانی پیرۆز دەردەخات ..؟! چونکە قورئان کتێبێکی ڕێ نوێنی یە وەیان ڕێ نیشادەر و هیدایەتی مرۆڤە لە ڕێگای وەحی یەوە ، ئەم وەحی یەش (٢٣) ساڵی خەیاند پێش کۆچکردن و دوایی کۆچکردن ، (١٣) ساڵ وەحی لەشاری مککە دابەزی ، وە (١٠)یش وەحی لە شاری مەدینە دابەزی ، چونکە ئەش وای کردووە کە لایەنی زانستی لە نێو سەرپای قورئاندا ڕەنگ بداتەوە ، لە بارەی دیراسەکردنێکی وە ئەوەی ئێمە پێی هەڵساوین پێویستە دەقە قورئانی یەکان دووبارە بە گوێرەی بابەت سورەت دوایی سورەت پۆلین بکەین ..؟! کەوابێ چۆن دەقەکان دابەش بکەێن..؟!

بەلێ پێویستە کە بەراوردێك سابدەین لە نێوان ئەو ئایەتانەی کە ئاماژەبۆ مەسەلەی لە دایك بوون دەکەن لەگەڵ ئەو فیکرە گشتی یە زانستیانەی ئێستادا لە سەر دروست بوونی بوونەوەر دا هەن ، لە پاشاندا ئایەتەکان لە ژێر ئەو ناونیشانانە دا بەش بکەین بۆ نموونە : " ئەستێرە ناسی " و " زەوی ناسی " و جیهانی گیاندران " و "جیهانی ڕووەك و گژو گیا " و " دروست بوونی مرۆڤ بەشێوەیەکی تایبەتی " و " وە بێ گوما دەشێ ناونیشانی لاوەکیش زیا بکرێن ، بەلێ لە ڕوانگەی زانستی نوێ وە بەراوردێك لە نێوان چیرۆکەکانی قورئان وە کتێبەکانی ئینجیل و تەوراتدا ، لە بارەی بابەتی وەکو بەسەرهاتی پێغەمبەران – علیهم السلام – چیرۆکەکانیان ، وە هەروەها تۆفانی نوح دروست بوونی نەوەی زەوی دووبارە ... هتد

ناساندنی قورئانی پیرۆز و بڵاوبوونەوەی ڕاستیەکانی

به لێ ئەرکی سەرشانمانە بەرانبەر بە قورئان و ناساندن و بڵاو بوونەوەی لە نێو خەڵكی دا ، وە بریتیە لەوەی کە ئێمە قورئان بەخەڵكی بناسێنین ، ووشەی خەڵكیش بە بەست پێی ئەو خەڵکەی کە لە دەوربەری خۆمانەو ، مرۆڤ دەبێ لە خێزانی خۆیەوە دەست پێ بکات ، لە برا و خوشکەکانی و لە دۆست و ڕەفیقانی و لە خزمە و نزیکەکانی ، قورئانیان پێ بناسێنێت و ڕاستی یەکانی قورئانیان بخەینە ڕوو ، بەڵێ خوێنەری بەرێز ..!! ئەو کەسە لە (خوای پەروەردگار) نزیکترەو وە لە لای خوا خۆشەویسترە ، کە زیاتر لە گەڵ فەرمایشتی خوا دا سەر و کاری هەیە ، چونکە دوای خوا ، هیچ شتێك لە قورئان گەورەتر نیە لە سۆنگەی ئەوەوە کە قورئان سیفەتی خواو فەرمایشتی خوایە ، ئینجا ئایا ئێمە چۆن لەگەل (خوای سبحانه وتعالی) دەتوانین مامەڵە بکەین ..؟! لە ڕاستی دا بە هۆی فەرمایشتی خواوە دەتوانین مامەڵەی ڕاست و دروست لە گەڵ (خوای پەروەردگار) دا بکەین و بەندایەتی بۆ بکەین ، دیارە پێغەمبەری ئازیز محمد ﷺ و هەموو پێغەمبەران — علیهم السلام — دیکە پێش ئەویش هەر بە پێی فەرمایشتی خوا و بە پێی ئەو وەحی و پەیامەی خوا بۆی ناردوون ، لە گەڵ خوادا هەڵس و کەوتیان کردووە ، بۆیە بەڕاستی ئەوانە خوا پێداوو بەختەوەرن کە تەمەنی خۆیان زیاتر لە گەڵ فەرمایشتی خوادا بەسەر دەبەن چونکە هیچ شتێك لە فەرمایشتی خوا گەورەتر نیە و ، هیچ شتێك لە کەلامی خوا بە بەرەکەتدارتر نیە ، وە ئەگەر تەماشای زانایانی ئیسلام بکەین دەبینین ئەوانەیان کە زیاتر خەریکی فەرمایشتی خواو خەریکی کتێبی خوا بوون ، زیانتر توانیویانە خزمەت بەکە و زیاتر توانیویانە گۆڕانکاریی بەسەر خۆیاندا بێنن ، کە تێیدا ژیاون ، ئێستاش با تەماشای ئەم چەند ئایەت و فەرمایشتانە بکەین ، کە فەرمانمان پێ دەکەن قورئان بە خەڵك بناسێنین و ڕاستی یەکانی قورئان بە خەڵك بەگەیەنین :

یەکەم : (خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَادَةً ۖ قُلِ اللَّهُ ۖ شَهِيدٌ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ ۚ وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَٰذَا الْقُرْآنُ لِأُنذِرَكُم بِهِ وَمَن بَلَغَ ۚ أَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ اللَّهِ آلِهَةً أُخْرَىٰ ۚ قُل لَّا أَشْهَدُ ۚ قُلْ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ وَإِنَّنِي بَرِيءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ ﴿١٩﴾﴾ [الأنعام : ١٩] واتە : [قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَادَةً قُلِ اللَّهُ شَهِيدٌ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ] ئەی محمد- صلی الله علیه وسلم - پێیان بڵێ: چ شتێك گەورەترین شایەتیە؟ پێیان بڵێ: خوای گەورە شایەتە لە نێوان من و ئێوەدا وە زانایە بەو دینەی کە من هێناومەو لەلایەن خۆیەوەیە، وەزانایە بە وەڵام و قسەی ئێوە، کە ئەمە گەورەترین شایەتیە [وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَذَا الْقُرْآنُ لِأُنْذِرَكُمْ بِهِ وَمَنْ بَلَغَ] وە من ئەو قورئانە پیرۆزەم بەوەحی بۆ هاتووە تا ئینزاری ئێوەو هەموو ئەو کەسانە بکەم کە ئەم قورئانەیان پێ ئەگات بەهەموو نەتەوەو میللەتەکانەوە [أَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ اللَّهِ آلِهَةً أُخْرَى] ئایا ئێوە شایەتی ئەدەن کە لەگەڵ زاتی پیرۆزی الله دا خواو پەرستراوێکی تر هەیە کە شایەنی پەرستن بێ [قُلْ لَا أَشْهَدُ] ئەی محمد- صلی الله علیه وسلم - تۆ پێیان بڵێ: من ئەم شایەتیە ناحەقە نادەم و لەگەڵ خوای گەورە هیچ پەرستراوێکی تری حەق نیە کە شایانی پەرستن بێت، وە ئەمە بەتاڵترین و پوچەڵترین شایەتیە [قُلْ إِنَّمَا هُوَ إِلَهٌ وَاحِدٌ] بەڵکو پێیانبڵێ: خوای گەورە تەنها پەرستراوی حەقەو تاك و تەنهایەو هەر ئەو شایەنی پەرستنەو جگە لەو پەرستراوێکی تری حەق نیە شایەنی پەرستن بێت [وَإِنَّنِي بَرِيءٌ مِمَّا تُشْرِكُونَ (١٩)] وە من بەریم لەو شەریك دانانەی کە ئێوە ئەو بت و خوایانەی ترتان کردووە بە شەریك بۆ خوای گەورە..!!

دووەم : هەروەها (خوای گەورە) لە سورەتی (الزمر) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿إِنَّا أَنزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ لِلنَّاسِ بِالْحَقِّ ۖ فَمَنِ اهْتَدَىٰ فَلِنَفْسِهِ ۖ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا ۖ وَمَا أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ ﴿٤١﴾﴾ [الزمر : ٤١] واتە : [إِنَّا أَنْزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ لِلنَّاسِ بِالْحَقِّ] ئەی محمد -صلی الله علیه وسلم - ئێمە ئەم قورئانە پیرۆزەمان بۆ دابەزاندوویت بۆ ئەوەی ئەو حەقە بۆ خەڵكی ڕوون بکەیتەوە بە تێکڕا، یان بە حەق بۆ خەڵکمان دابەزاندووە [فَمَنِ اهْتَدَى فَلِنَفْسِهِ] جا هەر کەسێك ڕێگای هیدایەت بگرێتە بەر ئەوە سوودو قازانجی تەنها بۆ خۆیەتی [وَمَنْ ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا] وە هەر کەسێکیش ڕێگای گومڕایی بگرێتە بەرو گومڕا بێت ئەوە زەرەرو زیانی تەنها بۆ خۆیەتی [وَمَا أَنْتَ عَلَيْهِمْ بِوَكِيلٍ (٤١)] وە تۆیش داوات لێ نەکراوە کە بە زۆر هیدایەتیان بدەیت، بەڵکو تەنها ئەوەندەت لەسەرە دینەکەی خوای گەورەیان پێ بگەیەنیت..!!

سێ یەم : لە فەرموودەیی پێغەمبەری خوا ﷺ دەربارەی بانگەوازی کردن و بڵاو بوونەوەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز :

لە (عبدالله کوری عمرو) — خوا لێ رازی بێت — دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((بَلِّغُوا عَنِّي ولو آيَةً، وَحَدِّثُوا عن بَنِي إِسْرَائِيلَ وَلَا حَرَجَ، وَمَن كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا، فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ)) . صحيح البخاري برقم (٣٤٦١) واتە : ئەوی لە منی وەردەگرن ڕابگەیەنن بەیەك ئایەتی (قورئانیش) بێت ، وە لە نەوی ئیسرائیل شت (بەسەرهات و قسە) بگێرنەوە زیانی نیە ، هەر کەسێکیش بە ناوی منەوە درۆ بکات ، بە ئەنقەست ، ئەوا جێگای خۆی لە دۆزەخدا ئامادە بکات ..!!

بێ گومان مەبەستی پێ ئەو شتانەیە کە ڕاستی و هەڵەیی یان دیار نەبێ ، دیارە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕاستی یەکانی قورئانیش هەر کەس لە پێ توانای خۆی شتێکی پێ دەکرێ ، چونکە لەوانەیە یەکێ بلێ : جا خۆ من مەلاو زانا نیم ..؟! یان بلێ من شارەزانیم و خاوەن شەهادە و خوێندەوار نیم ..؟! بەڵام وانیە هیچ کەس نیە بە قەدرە یان توانای خۆی لە قورئان تێ نەگات و بەندازەی ئەو کە لێی تێگەیشتووە ، بەرپرسیاری و پێویستە ئەرکی ڕاگەیاندنی ڕاستیەکانی قورئان ئەنجام بدەی ، پێشتریش بسمان کرد کە (خوای گەورە) لە چەند شوێن و لە سەرتایی چەند سورەتێك دا کتێبی خۆی بە (مبین) واتە : ڕۆشن و ئاشکرا ، وسف کردووە ..؟!

چوارەم : وە لە سورەتی (القمر) ئایەتەکانی (١٧) و (٢٢) و (٣٢) (٤٠) (خوای گەروە) ئەم ڕاستییەی دووبارە کردۆتەوە کە دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ ﴿١٧﴾﴾ [القمر : ١٧] واتە : { قورئانی پیرۆز ئاسانکراوە} [وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ] وە بە دڵنیایی ئێمە قورئانمان ئاسان کردووە بۆ زیکرو یادکردن و پەندو ئامۆژگاری وەرگرتن، لەفزو ماناو خوێندنەوەو لەبەرکردنیمان ئاسان کردووە بۆ ئەوەی کە پەندو ئامۆژگاری لێ وەرگرن، ئەگەر خوای گەورە ئاسانی نەکردایە کەس نەیدەتوانی قسەو فەرموودەی خوای گەورە بخوێنێتەوە [فَهَلْ مِنْ مُدَّكِرٍ (١٧)] ئایا کەس هەیە پەندو ئامۆژگاری لێ وەربگرێ و لە تاوان خۆی پێ بپارێزێت..!!

(عبدالرحمن بن ناصر السعدی) لە تەفسیری (تیسیر الکریم الرحمن فی تفسیر کلام المنان) ص ٨٢٨ . دەڵێت : بێ گومان قورئان بەرزو بەرێزمان ئاسان و سێنا کردووە : ووشەکانی بۆ لەبەر کردن و خوێندنەوە ، وە واتایەکانی بۆ تێگەیشتن و زانین ، چونکە باشترین قسەیە لە ڕووی خوێندنەوە یان بیژەوەو ، ڕاسترینیەتی لە ڕووی ماناو ڕوونترینیەتی لە ڕووی لێکدانەوەو ، بۆیە هەر کەسێك بە ڕاستی ڕووی تێبکات ، خوا ئامەنجەکەی زۆر ئاسان دەکات و بۆی سێنا دەکات ، وە ووشەی (ذکر) یش گشتگیرە بۆ هەر شتێك کە زانایان پەندی لێوەردەگرن لە یاساکانی حەڵاڵ و حەڕام و فەرمانە کان و قەدەغەکراوەکان ، وە یاساکانی سزاو پاداشت و ، ئامۆژگاریی و پەندەکان و بیرو بروا سوود بەخشەکان و هەواڵە ڕاستەکان ، کەواتە : [وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ] واتە: قورئانمان ئاسانکردووە بۆ لەبەرکردن و بۆ خوێندنەوە و بۆ لێ تێگەیشتن جا ئایا خوا بفەرموویێت ئاسانم کردووە ..!! تاوان نیە ئەگەر کەسێك بلێ ئەم قورئانە قورسەو زەحمەتە ..؟! بەڵام هەڵبەت لێرەدا کە (خوای گەورە) دەفەرمووێ : ئاسانم کردووە ، لە گەڵ خۆ ماندووکردن دا ناکۆك و دژ بەیەك نییە ..!! چونکە بێگومان ئەگەر هیچ خۆت ماندوو نەکەی و عەرەبی نەزانی ، بێگومان لە قورئان تێناگەی ، بەڵام ئەگەر زمانی عەرەبی وەکو (نحو ، صرف ، بلاغە) بزانی و تەماشای قورئان بکەی ، لێی تێدگەی و زۆر ئاسان دەبێ ..؟!

شوێنەوارو کاریگەری قورئان لە سەر دۆست و دوژمنانی

بەڵێ قورئانی پیرۆز بەهۆی تین و بە هێزی و گەورەیی خۆی و جوانی و ڕێك و پێکی ووشەو دەربڕینەکانی بە ویستی (خوای پەروەردگار) توانی کاریگەری یەکی ئەو تۆ و شوێنەوارێکی وا دروست بکات کە ببێتە جێگای سەرنج و ڕاکێشانی دۆست و نەیارەکانی وەیان دوژمنانی و زیاتر پێوە پەیوەست بوونی دۆستانی قورئان ، بەڵێ قورئانب بەرز کاریگەری یەکەی بە شێوەیەکە تەنانەت ئەگەر (خوا

Nb ی گەورە) بۆ کێو و شاخەکان ڕەوانەی بکردایوایە و بۆ سەریان دایبەزاندبوایە ئەوا دووچاری لەرزین و لێك هەڵوەشان و توانەوە دەبوون ، هەروەکو (خوای گەورە) دەفەرموویت : قال تعالی:
﴿لَوْ أَنزَلْنَا هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ عَلَىٰ جَبَلٍ لَّرَأَيْتَهُۥ خَٰشِعًا مُّتَصَدِّعًا مِّنْ خَشْيَةِ ٱللَّهِ ۚ وَتِلْكَ ٱلْأَمْثَٰلُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾﴾ [الحَشر : ٢١] واتە : [لَوْ أَنْزَلْنَا هَذَا الْقُرْآنَ عَلَى جَبَلٍ لَرَأَيْتَهُ خَاشِعًا مُتَصَدِّعًا مِنْ خَشْيَةِ اللَّهِ] ئەگەر ئەم قورئانە پیرۆزەمان دابەزاندایەتە سەر شاخەکان ئەوا ئەتابینی ئەو شاخانە وردو خاش ئەبوون و تێکئەشکان لە ترسی خوای گەورە، لەبەر ئەوەی قورئانی پیرۆز ئایەتی زۆری تیادایە کە باسی گەورەیی خوای گەورەو سزای خوای گەورە ئەکات، بەڵام دیارە ئێوە دڵتان لەو شاخانە ڕەقترە [وَتِلْكَ الأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ (٢١)] وە ئێمە ئەم نموونانە بۆ خەڵکی ئەهێنینەوە بەڵکو خەڵکی بیر بکەنەوەو پەندو ئامۆژگاری وەربگرن..!!

بەڕاستی جێگای سەرنج و ڕامان کە ئەو شاخە سەخت و بەرز و مەزنانە ، وەیان ئەو شاخانە ڕەگ داکوتا و لە بن نەهاتوانە ئەگەر چی هیچ تەکلیفێکی (خوای گەورە)یان لەسەر نیە و بە هەشت و دۆزەخیشان بۆ ئامادە نەکراوە ..؟! وەیان سزاو پاداشت و لێ پرسینەوەشیان لەسەر نیە ..؟! کەچی لە ترسی (خوای پەروەردگار) دووچاری وورد و خاش بوون و توانەوە دەبن و دەکەونە ژێر کاریگەری قورئانی مەزن ..؟! جا لێرەدا وەکو باسمان کرد قورئانی پیرۆز شوێنەواری بە جێماوی لەسەر دوژمن و نەیارانی ، وەیان دۆستانی بووە و هەیە ، وە لە داهاتووشدا هەر بەردەوام دەبێ و دەمێنێ ، وە بۆ هەریەکێك لەم دوو دەستەیە واتە : دەستە ی دوژمنان یان نەیارنی قورئان ، وە دەستەی دۆستان و خۆشەویستانی قورئان ، چەند نمونەو بەسەرهاتێك هەن ئەم دوو دەستەیە ئەمانەن :

کۆمەڵەو دەستەی یەکەم : کە شوێنەوار و کاریگەری قورئانی پیرۆز لە سەر دوژمنان و نەیارانی قورئانی مەزن :

بەلێ کاریگەری قورئانی پیرۆز لەسەر سەرانی کوفر و تاغوت لە مککە و دەوروبەری هەراسان کردبوو ، جێ یان پێ جێ نەبوو ، بە شێوەیەکی وا نەیاندەهێشت هیچ کەسێك لە دەوروبەریان گوێبیستی قورئانی پیرۆز بێت و لەگەڵ هەڵگرانی قورئان هەڵس و کەوت بکات ، نەوەکو لە چڵکاو خۆری و بەندایەتی ئەوان ڕزگار بن و بەرەو بەندایەتی ڕاستەقینەی (خوای گەورە) یان بچن ، بەڵکو بەلای ئەوانەوە دەبێ خەڵکی هەرچی لە قورئاندایە بە شێ بەتاڵ و کەمی بزانن ، وەکو (خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَا تَسْمَعُوا۟ لِهَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ وَٱلْغَوْا۟ فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَغْلِبُونَ ﴿٢٦﴾﴾ [فُصِّلَت : ٢٦] **واتە : وە کافران هەندێکیان بە هەندێکیان دەوت: گوێ لەم قورئانە مەگرن و گوێڕایەڵی مەبن و نکوڵی لێ بکەن، وە کە خوێندرایەوە دەنگە دەنگ و هەراو ژاوە ژاوی تیادا بکەن بە چەپڵە لێدان و فیکە کردن تا گوێتان لێ نەبێت بەڵکو ئێوە زاڵ بن بەسەر قورئان و ئەهلی قورئاندا، (ئەمە حاڵی کافرە نەزانەکان بوو، بەڵام خوای گەورە فەرمانی بە باوەڕداران کردووە کە قورئان خوێندرایەوە بێدەنگ بن و گوآ بگرن و تێی رامێنن).**

بەڵام لەگەڵ ئەو هەمووو هەڵەێ دەم ڕاست و سەرانی کوفری ئەو کات ، بۆ دروورخستنەوەی خەڵکی لە قورئانی بەرز کەچی قورئان کاری کردبووە سە خۆشیان ، دەڵێن : شەوێکیان هەر یەك لە (ئەبو جەهل) و (ئەبو سفیان) پێش موسڵمان بوونی ، وە (ئەخنەسی کوری شەریق) لە ماڵی خۆیەوە بە نهێنی هەستا و هات بۆ لای ماڵی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەوەی هەریەکەیان بە نهێنییەوە گوێ لە قوڕئان خوێندنی پێغەمبەر ﷺ بگرێت کە لەو کاتەدا نوێژی دەکرد ، بێ ئەوەی کەسیان بەوەی تریان بزانێت ، ئەم سێ پیاوەی قورەیش تا بەرەبەیان وەکو پاسەوان هەریەکەیان لە ئاشکرابوون و کەوتنە سەرزەنشت کردنی یەکتری و بڕیاریاندا کە جارێکی تر کاری وا نەکەن ، چونکە ئەگەر خەڵکی بەمە بزانن دەچنە لای پێغەمبەر ﷺ و موسڵمان دەبن ئیدی لە یەکتری جیابوونەوەو چوونەوە ماڵە وە ، کاتێك شەو داهاتەوە هەریەکەیان وای دەزانی دەسلاتی بەسەر خۆیدا نی یە و قاچە کانی دەیبەن بەرێوە ، بەرەو شوێنەکەی دوێنی شەویان ، ئەو شەوەش گوێ یان گرت و بەیانی دووبارە بەیەك گەیشتنەوە و کەوتنەوە ڕەخنە و تانە و تەشەنە لە یەکتری ، ئابەم جۆرەیە سێ شەو گوێ یان گرت و لە بەیانی سێهەمدا گەیشتنەوە یەك و سوێندیان بۆ یەکتری خوارد پەیمانیاندا کە جارێکی ترشتی وا نەکەن نەچن گوێ نەگرن ..!! بەلێ جا دوای ئەم سێ شەوەدا کە گوێ یان لە قوڕئان گرت (ئەخنەسی کوری شەریق) چووە لای (ئەبو جەهل) و ووتی : (ئەبو الحکم) ڕات چی یە بەرامبەر ئەوەی لە شەوانەدا لە محمد مان بیست ..؟! (ئەبو جەهل) ڕام چی یە ..؟! چیم بیست ..؟! ئێمە و نەوەی (عبدالمناف) پێشبڕکێمان کرد لە گەورەیی و ڕێزدا ..!! ئەوان میوانداریان دەکرد ئێمەش دەمانکرد ، یارمەتی هەژارانیان دەدا و ئێمەش یارمەتیمان دەدان ، شتیان دەبەخشی و ئێمەش دەمان بەخشی ... هتد هەتا ئەوان گەیشتنە ئەوەی پێغەمبەریان هەیە سروشیان وەیان وەحی یان لە لای (خوای پەروەردگار) وە بۆ دێت ، ئێمە نازانین چۆن بەوە بگەین و پێیان بگەینەوە ..!! بە خوا هیچ کاتێك باوەری پێ ناهێنین و شوێنی ناکەوین و بە ڕاستی نازانین ، ئیدی (ئەخنەس کوری شەریق) لە لای هەستا و جێی هێشت . سیره ابن هیشام (١/٣١٥).

بەلێ بێ گومان خەیاڵی کوفر تاغوت خاوە دەبێت لە گۆرەکانیان نێن ، چونکە ویستی (خوای باڵادەست) لە سەروی ویستی ئەوانەوەیە و دەبێ چەند کەسانێکی شایستە ئیمان بهێنن و ببنە هەڵگری پایەمەکەی و تا دوا هەناسەیان ئامادەبن بۆ بڵاوکردنەوەی و چەسپاندنی ، با بێ باوەڕانیش دەست بار نەگرن و پێیان ناخۆش بێت ، ئەوەتا (خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿يُرِيدُونَ أَن يُطْفِـُٔوا۟ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفْوَٰهِهِمْ وَيَأْبَى ٱللَّهُ إِلَّآ أَن يُتِمَّ نُورَهُۥ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٣٢﴾﴾ [التَّوْبَة : ٣٢] **واتە : [يُرِيدُونَ أَنْ يُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ] کافران ئەیانەوێ بەفووی دەمیان نوورو ڕووناکی خوای گەورە بکوژێننەوە، نمونەی ئەمانە وەکو نمونەی کەسێك وایە بەفووی دەمی تیشك و روناکی خۆر بکوژێنێتەوە [وَيَأْبَى اللَّهُ إِلاَّ أَنْ يُتِمَّ نُورَهُ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ (٣٢)] بەڵام خوای گەورە ڕەتی ئەکاتەوەو نووری خوای گەورە ناکوژێتەوەو هەر نوورو دینەکەی خۆی ئەگەیەنێ با کافرانیش پێیان ناخۆش بێ...**

لە (محمد کوری جبیر کوری مطعم لە باوکیە وە) — خوا لێ رازی بێت — دە لێت : پێش ئەوەی وسڵمان بم گوێم لە پێغەمبەر بوو ﷺ لە نوێژی مەغریب سورەتی (الطور) ی دەخوێند ، جا گەیشتە ئەم چەند ئایەتە کە (خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿أَمْ خُلِقُوا۟ مِنْ غَيْرِ شَىْءٍ أَمْ هُمُ ٱلْخَٰلِقُونَ ﴿٣٥﴾ أَمْ خَلَقُوا۟ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ ۚ بَل لَّا يُوقِنُونَ ﴿٣٦﴾ أَمْ عِندَهُمْ خَزَآئِنُ رَبِّكَ أَمْ هُمُ ٱلْمُصَيْطِرُونَ ﴿٣٧﴾﴾ [الطُّور : ٣٥ - ٣٧] **واتە : [أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ (٣٥)] یاخود ئایا ئێوە بەبێ هیچ شتێك دروست کراون و لە هیچ دروست کراون؟ یاخود خۆتان خۆتانتان دروست کردووە؟ نەخێر هیچیان نیە بەڵکو خوایەك هەیە کە ئێوەی دروست کردووە..!! [أَمْ خَلَقُوا السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ بَلْ لا يُوقِنُونَ (٣٦)] یاخود ئایا ئێوە ئاسمانەکان و زەویتان دروست کردووە؟ نەخێر وانیە بەڵکو ئێوە یەقینتان نیەو لە گوماندا ئەژین..!! [أَمْ عِنْدَهُمْ خَزَائِنُ رَبِّكَ أَمْ هُمُ الْمُصَيْطِرُونَ (٣٧)] یاخود ئایا خەزێنەکانی خوای گەورە بە دەست ئێوەیە لە ڕزق و ڕۆزی و باران بارین؟ یاخود ئایا ئێوە زاڵ و باڵادەستن بەسەر ئەم شتانەدا یان بەسەر دروستکراوەکانی خوای گەورەدا؟ یان ئایا ئێوە لێپرسینەوە لەگەڵ خەڵکیدا ئەکەن؟ واتە: وانیەو هیچتان بەدەست نیە، (جوبەیری کوڕی موتعیم) لە دوای غەزای (بەدر) هاتە مەدینە بۆ ئازاد کردنی دیلەکانی قوڕەیش، دەفەرمێت: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - لە نوێژی مەغریب سورەتی (طور)ی دەخوێند گەیشتە ئەم ئایەتانە نزیك بوو دڵم بفڕێت و ئاگام لە خۆم نەمێنێت، وە هۆکار بوو بۆ موسڵمان بوونی..!!** نزیك بوو لە بەر دەنگ خۆشی پێغەمبەر ﷺ بەلاغەت و بەهێزی قوڕئان دڵم بفرێ ، لە ریوایەتێکی تردا : (ئەمە یەکەم جار بوو کە ئیمان جێگیر بوو لە دڵم).

کۆمەڵ و دەستەی دووەم : شوێنەوار و کاریگەری قورئانی پیرۆز لەسەر دۆستان و هاودەمانی قورئان :

بەڵێ ئەگەر ئەوەی لە پێشدا باسكرا كاریگەری قورئانی پیرۆز بێت لەسەر دوژمنانی ، ئەی دەبێ كاریگەری یەكەی چۆن و تا چ ئەندازەیەك بێت لەسەر دۆستانی هاودەمانی قورئانی پیرۆز ..؟!

جا چۆن وا نابێ ، ئەی سەرئەنجام چارەنووس و دوارۆژیان نەبەستراوە بە ئەندازەی پەیرەوكردنی قورئانی پیرۆز ..؟! ئەی باشە قورئانی پیرۆز رووح و نور و شیفا و ڕەحمەت و فرقان و هیدایەت و ڕێنموویی نیە ..؟! چۆن ئەم هەموو شەرەف و سەربەرزی یە لە دەست خۆیان دەدەن ..؟! بەڵێ هەموو ئەمانە زیاتر وا دەكەن قورئانی پیرۆز كاریگەری هەبێت لەسەر دۆستانی و هاودەمانی و بە هەر نرخێك ئامادەبن دەقاودەق بڕیار و فەمانەكانی لە مەیدانی ژیانی رۆژانەدا ڕەنگ بداتەوە ، ئەمانەی خوارەوەش چەند نموونەیەكن لە ژیانی دۆستانی قورئانی پیرۆز :

لە (ئەنسی كوری مالك) – خوا لێ رازی بێت – دەلێت :

((قالَ أَبُو بَكْرٍ رَضِيَ اللَّهُ عنْه بَعْدَ وَفَاةِ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ لِعُمَرَ: انْطَلِقْ بنَا إلى أُمِّ أَيْمَنَ نَزُورُهَا كما كانَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ يَزُورُهَا، فَلَمَّا انْتَهَيْنَا إلَيْهَا بَكَتْ، فَقالاَ لَهَا: ما يُبْكِيكِ؟ ما عِنْدَ اللهِ خَيْرٌ لِرَسُولِهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ، فَقالَتْ: ما أَبْكِي أَنْ لا أَكُونَ أَعْلَمُ أنَّ ما عِنْدَ اللهِ خَيْرٌ لِرَسُولِهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ، وَلَكِنْ أَبْكِي أنَّ الوَحْيَ قَدِ انْقَطَعَ مِنَ السَّمَاءِ، فَهَيَّجَتْهُما علَى البُكَاءِ، فَجَعَلاَ يَبْكِيَانِ معهَا)). صحيح مسلم برقم (٢٤٥٤).

واتە : لە دوای وەفات كردنی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەبو بكر بە عومەری ووت : وەرە با بچین بۆ سەردانی (ئوم ئەیمەن) هەروەك پێغەمبەر ﷺ دەچووە سەردانی جا گەیشتنە لای (ئەم ئەیمەن) دەستی كرد بە گریان ، ئەوانیش پێیان ووت : بۆ دەگری ..؟! لای خوا باشترە بۆ پێغەمبەر ﷺ ، ئەویش ووتی : خۆ لەبەرئەوە ناگریم كە ئەوە ئەزانم ، بەڵام بۆیە دەگریم چونكە ئیتر وەحی یان سروش لە ئاسمان نایەتە خوارەوە و بچڕا ، كە ئەمەی ووت : ئەمانیش دڵیان پڕبوو و لەگەڵیدا دەستیان كرد بە گریان ...

لە (شعبی) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەگێڕێتەوە دەلێت :

(عومەری كوری خەتاب) – خوا لێ رازی بێت – نامەی بۆ كاربەدەستەكەی خۆی لە شاری (كوفە) نارد كە (موغەیرەی كوری شوعبە) بوو ، نووسی و پێ ووت : هەموو شاعیرەكانی لای خۆت كۆبكەوە و داوایان لێ بكە چی شعریان لە سەردەمی جاهیلی و سەردەمی ئیسلامیدا گوتووە بیڵێن و پاشان لە سەرئەنجامەكەی ئاگادارم بكەوە ..؟! ئینجا (موغەیرە) هەموویانی كۆكردەوە و بە (لبیدی كوری ربیعە)ی ووت : لە شیعرەكانی سەردەمی جاهیلی و ئیسلام خۆت بلێ : (لبیدی كوری ربیعە) لە ولآمدا ووتی : (خوای گەورە) لە جیاتی شیعر سورەتی (البقرە) و (ال عمران) پێ بەخشیووم ..!! (موغەیرە) ئەمەی بۆ (عومەری كوری خەتاب) نووسیی و (عومەر)یش بۆی نووسی یەوە كە موچەی (لبید كوری ربیعە) پێنچ سەد (٥٠٠) دینار بۆ زیاد بكەن ..!!

لە (جعفری كوری سلیمان) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : لە (مالیكی كوری دینارم) بیست دەی ووت : (إن الصديقين إذا قرئ عليهم القرآن طربت قلوبهم إلى الآخرة) .

واتە : ئەوانەی لە باوەركەیاندا لە گەڵ خواو پێغەمبەر ﷺ ڕاست دەكەن ئەگەر قورئانیان بەسەردا بخوێندرێت دڵ یان بۆ قیامەت دەگەشێتەوە لە خۆشیاندا ...

لە (وهیب كوری ئەلورد) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : (قيل لرجل ألا تنام ..؟! قال : إن عجائب القرآن اطرن نومي)

واتە : بە پیاوێك ووترا ئایا ناخەوی ..؟! ئەویش ووتی : بەڕاستی سەیر و سەرسورهێنەرەكانی قورئانی پیرۆز خەویان لێ زراندوومەتەوە و خەو ناچێتە چاوم ..!!

دەلێن : (ئەبو حلال ئەلعتكی) – رەحمەتی خوای لێ بێت - هەمیشە ئەم پارانەوەی دە ووتەوە : تەنانەت لەسەرە مەرگیشدا هەر دەی ووت : ئەی پەروەردگارم قورئانم لێ نەسەنیتەوە .

دەلێن : بە (عامری كوری عەبدی قەیس) – رەحمەتی خوای لێ بێت – ووترا : (أتسهو في الصلاتك ..؟! فقال : أو حديث أحب إلى من القرآن حتى أشتغل به ..؟! هيهات ، مناجات الحبيب تستغرق الأحساس) واتە : ئایا تۆ لە نوێژەكەت سەهووت دەكەی ..؟! ئەویش ووتی : ئایا چ گفتوگۆ و قسەیەك هەیە لام خۆشەویستر بێ لە قورئانی پیرۆز هەتا سەر قاڵ بم پێیەوە ..؟! ئەستەمە ، ڕاز و نیازی خۆشەویست هەستەكان دادەپۆشێ ...

بەڵێ خوشەویستان و خوێنەرانی بەرێز : خوناسان دەیانزانی قورئانی پیرۆز زۆر كاریگەرو خەلاتێكی گەورەی (خوای گەورە) یە پڕ لە پیت و پەندو ئامۆگاری و حیكمەتە ، هەر بۆیە زۆر بە تەنگ ئەوە بوون كاتێك دەمرن و دەگەرێنەوە لای پەروەردگاریان و لەبەردەی ڕادەوەست قورئان تكایان بۆ بكا و لەگەڵیان دا بێت و دووریان بخاتەوە لە ئاگری دۆزەخدا ...

ئیمان پێهێنان و متمانە هەبوون بە قورئانی پیرۆز

بەڵێ بێ گومان ئەركی سەرشانی هەر موسڵمانێكە لە بەرانبەر قورئاندا ئەوەیە پاش ئاشنا بوون بە قورئان و ناسینی قورئان ، ئیمانی پێبێنین وە متمانەمان پێی هەبێ ، كە دیارە ئیمان پێهێنان و متمانە هەبوون بە قورئان ، دوو شتی تێكهەڵكێشن ، بەڵام یەك شت نین و لەیەك جیان ، هەر چەند هەردوو كیان بەیەكەوە پەیوەستن ، دیارە پوا هێنان بە قورئان واتە : ئیمان هێنان بەوە كە قورئان دوایین كتێبی ئاسمانی و دوایین كتێبی خوای (سبحانە وتعالى) و دوایین پەیامی خوایە ، بە پێغەمبەری كۆتایی خۆیدا ناردوویەتی و ، ئەویش لە (جبريل) — علیە السلام — وەری گرتووە ...

بەڵێ وە مەبەستیشمان لە متمانە و باوەڕ هەبوون بە قورئان ئەوەیە كە هەرچی قورئان گرتوویەتە خۆی لە سەدا سەد هەمووی ڕاستەو ، بەقەد نووكی دەرزی كەم كووریی تێدا نیە ، جا چ ئێمە لە هەمووی تێبگەیت ، چ لە هەندێكی تێنەگەین ، گرنگ ئەوەیە كە ئێمە ، مادام خۆمان بە موسڵمان بزانین ، دەبێ متمانەمان هەبێ بەوە كە هەرچی لە قورئان دا هەیە ، لە سەدا سەد ڕاستە و ، بەقەد نووكی دەرزی كەلێن و كەم و كوریی تێدا نیە ، دیارە متمانە هەبوون بە ڕاستێتی قورئانیش ، بەرهە و زادەی ئیمان هێنانە بە قورئان و ، هەر كەسێك بڕوای وابێ و قەناعەتی وابێ كە قورئان فەرمایشتی خوا و كتێبی خوایە (سبحانە وتعالى) ، ئەوە بە تەئكید ئەو قەناعەت و بڕوایە چەندە بە هێز بێ لە دڵیدا ، هێندەش متمانە هەبوون و باوەڕ هەبوون بە قورئان لە دڵیدا بە هێز دەبێ ،(خوای گەورە) بەرزترین و تەواوترین زاتە ، بەڵكو هیچ شتێ وەك زاتی خوا نیە ، هەر وەكو لە قورئانە پیرۆزەكەی دەفەرمووێت : ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ﴾[الشُّورَى : ١١] **واتە : هیچ شت و كەسێك لە خوای گەورە ناچێت، چونكە خوای گەورە تاك و تەنهایەو دروستكارە...**

دیارە ئەوەش هەم زاتی دەگرێتەوە و هەم سیفەتەكانیشی ، كەواتە : سیفەتەكانی خوا تەواوترین و چاكترین سیفەتن ، وەك چۆن زاتی خوا تەواوترین زاتەو ، هەر خوای (سبحانە و تعالى) بوونەكەی لە خۆیەوەیە و ، غەیری خوا هەمووی بوونەكەی پێدراوە ، ئەوەتا كاتێك فیرعەن لە (موسى) — علیە السلام — و (هارونی) برای — علیە السلام — دە پرسێ : دەفەرمووێت : ﴿قَالَ فَمَن رَّبُّكُمَا يَٰمُوسَىٰ ۝٤٩﴾[طه : ٤٩] **واتە : {گفتوگۆی موساو هارون (سەڵاتو سەلامی خوایان لەسەر بێت) لەگەڵ فیرعەون} [قَالَ فَمَنْ رَبُّكُمَا يَا مُوسَى (٤٩)] فیرعەون لەبەر ئەوەی خۆی بە خوا ئەزانی وتی: ئەی موسا پەروەردگاری ئێوە كێیە؟**

ئینجا (موسى) — علیە السلام — زۆر بە كورتی وەلامی پەروەردگاری خۆی دایەوە ، كە دەفەرمووێت : ﴿قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِيٓ أَعۡطَىٰ كُلَّ شَيۡءٍ خَلۡقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ۝٥٠﴾[طه :**واتە: موسى - صلى الله علیه وسلم - وتی: پەروەردگاری ئێمە ئەو خوایەیە كە هەموو شتێكی دروست كردووە پاشان ڕێنمایی كردوون بۆ ئەو شتەی كە سوودو بەرژەوەندی خۆیانی تێدابێت...**

كەواتە : (موسى) — علیە السلام — فەرمووی : پەروەردگارمان ئەوەیە بوونی هەموو شتێكی داوە ، پاشان ڕێنماییشی كردووە ، بەڵێ تەنیا خوا (سبحانە وتعالى) بوونەكەی لە خۆیەوەیە و غەیری خوا هەمووی بوونی پێدراوە ، بۆیە كاتێكیش دێ كە بوونەكەیان لێوەردگرێتەوە ، سیفەتەكانی خواش بە هەمان شێوە ، بەبێ سنوور، پەسند و چاك و تێر و تەواون ، واتە : كە باسی زانیاری خوا دەكەین ، زانیاری خزا سنووری نیە ، ئەوە نیە بلێین (خوای پەروەردگار) ئەو شتانە دەزانێ ، بەڵام شتێك هەیە نایزانێ ، بە ڵكو هیچ شتێك نیە نەیزانی هیچ شتێك نیە لێی وون بێ و هیچ شتێك نیە ئاگاداری نەبێ ویستی خوای لەسەر نەبێت ..؟! هەروەكو دەفەرمووێت : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ۝٧٥﴾[الأَنفَال : ٧٥] **واتە : بە ڕاستی خوای گەورە زۆر زانایە بە هەموو شتێك و زانیاری بەهەموو شتێك هەیە، والله أعلم...**

بەڵێ ئەگەر باسی رەحمەتی خوای پەروەردگار بكەین ، رەحمەتەكەشی بێ سنوورە ، وەكو دەفەرمووێت : ﴿وَرَحۡمَتِي وَسِعَتۡ كُلَّ شَيۡءٖۚ﴾[الأَعۡرَاف : ١٥٦] **واتە : بەڵام ڕەحمەتی من ئەوەندە فراوانە هەموو شتێكی گرتۆتەوە...** بێ گومان رەحمەتی خوا هەمووشتێكی گرتۆتەوە ، وە كە باسی ویستی خوا دەكەین ، دەڵێین : هیچ شتێك نیە لە ژێر كۆنترۆڵ و ئیرادەی خوا بچێتەدەر ، وە كە باسی دەسەڵاتی خوا دەكەین ، باسی دەسەڵاتی بێ سنووری دەكەین ، كە دەفەرمووێت : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ۝٢٠﴾[البَقَرَةِ : ٢٠] **واتە : وە بەدڵنیایی خوای گەورە تواناو دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێكدا هەیە...** بێ گومان خوای پەروەردگار لەسەر هەموو شتێ بە توانایە ، هەروەها ویستی خوا بێ سنوورە و هەرچی بیەوێ ئەنجامی دەدات و ویستی خوا هەموو شتێك دەگرێتەوە ... هەروەكو دەفەرمووێت : ﴿إِنَّ رَبَّكَ فَعَّالٞ لِّمَا يُرِيدُ ۝١٠٧﴾[هُود : ١٠٧] **واتە : بەراستی پەروەردگارت هەر شتێكی بوێت لە دونیاو قیامەتداو ویستی لە هەر شتێك بێت ئەنجامی ئەدات و كەس نیە ڕێگری لێ بكات...** هەروەها فەرمایشتی خواش كە بێ گومان قورئانە فەرمایشتی خوایە ، ئەویش وەك هەموو سیفەتەكانی خوا ، لەو پەری تەواویی دایە ، هەروەكو (خوای گەورە) دەفەرمووێت : ﴿وَتَمَّتۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدۡقٗا وَعَدۡلٗاۚ لَّا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِهِۦۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ۝١١٥﴾[الأَنۡعَام : ١١٥] **واتە : [وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًا] وە وشەو وەعدو بەڵێنی خوای گەورە هەمووی تەواو و ڕاست بوو، هەواڵەكانی لەوپەڕی ڕاستگۆییدایە، وە ئەحكامەكانیشی لەوپەڕی دادوەریدایە [لَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِهِ] وە هیچ گۆڕانێك بەسەر وشەو بڕیارو حوكمی خوای گەورەدا نایات [وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ (١١٥)] وە خوای گەورە زۆر بیسەرە بە وتەكانتان، وە زۆر زانایە بە كردەوەكانتان...**

بەڵێ فەرمایشتی پەروەردگات تەواوی كردووە لە ڕاستی و لە دادگەرییدا ، چونكە فەرمایشتی خوا دەبێتەوە بە دوو جۆر : یان هەواڵ دانە ، یاخود بڕیاردانە ، هەواڵەكانی خوا ئەوەی كە خوا هەواڵ پێ دەدا ، لە سەدا سەد ڕاستن ، هەروەها حوكم و بڕیارەكانیشی لە سەدا سەد داگەرانە یە یان داپەروەرانەیە ،وەیان بڕیارەكانیشی بە جێن ، هەروەها فەرمایشتی پەروەردگارمان ڕاستی دا لە داپەروەری یان دادگەری تەواویان كردووە ...

تەفسیری قورئانی پیرۆز



پێناسەی تەفسیر :

یەکەم : تەفسیری لەرووی زمانەوانییەوە:

ووشەی تەفسیر ووشەیەکی عەرەبییە ، کەواتە : بابزانین لە رووی زمانە وانییەوە چەمك و واتاکەی چۆنە ..؟!

(التفسير في اللغة : تفعيل من الفسر ، ومعناه : الإبانة والكشف) واتە : تەفسیر لە زمانی عەرەبی لەسەر کێشی (تفعيل)ە و لە (فسر)ە وە هاتووە ، ماناکەشی بریتیە لە : ڕوونکردنەوەو دەرخستن.

کەواتە : لە ئەصلی زماندا تەفسیر واتە : ڕوونکردنەوەو دەرخستن .

دووەم : لە رووی زاراوەی شەرعیەوە :

(علم يفهم به القرآن بمعرفة معانيه واستخراج أحكامه وحكمه وعظاتة و عبره) . کەواتە : لە رووی زاراوەییەوە : تەفسیر ، زانیارییەکە قورئانی پیٔ فام دەکریٔ یان تێگەیشتنی بۆ دەکریٔ ، بە زانینی واتاکانی و ، دەرهێنانی حوکمەکانی و حیکمەتەکانی و ، ئامۆژگاریی و پەندەکانی .

بەلیٔ ووشەی تەفسیر لە ئەصلی زماندا ، بە مانای دەرخستن وئاشکرا کردن و ڕوونکردنەوە دیٔ ، بەلاّم لە زاراوەی شەرعیدا : زانیارییەکە پیێی لە قورئان تێدەکەین ، هەم لە مەبەستە کانی حالّیی دەبین و حوکم و یاسایەکانی کە گرتوونیە خۆی دەریان دەهێنین ، هەروەها حیکمەتەکانی و پەندو ئامۆژگاریەکانی .

هەروەها زانایانی پێشین بەم زانیارییەیان گرتووە (علم التأويل) زانیاریی تەئویل ، لەو فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ ئەو ووشەیە بەکار هاتووە ، کە دوعا دەکا بۆ (عبدالله کوری عباس) دەفەرموویٔت : (اللهم فقهه في الدين و علمه التأويل) . اخرجه أحمد برقم (٢٣٩٧). واتە : ئەی خوایە ! لە ئاییندا شارەزای بکە و ، تەئویل فێر بکە ، واتە : ڕوونکردنەوەو تێگەیشتنی قورئان فێربکە .

(ابو جعفر طبري) ناسراوە بە ئیمامی (الطبري) کە پێشەوای ڕوونکەرەوانی قورئان (إمام المفسرين) ناسراوە ، هەمیشە ووشەی (التأويل) بەکاردێنی لە جیاتی ووشەی تەفسیر ، تەفسیرەکەی خۆیشی ناو ناوە (جامع البيان عن التأويل القرآن) واتە : کۆکردنەوەی ڕوونکردنەوە ، لەبارەی لێکدانەوەی ئایەتەکانی قورئانەوە .

جۆرەکانی تەفسیر :

تەفسیر چوار جۆرە ، وەك لە هەندێك شوێنەواران داهاتووە ، بەلاّم لە ڕووی سنەدەوە زۆر ڕاست نین .

بۆنموونە : (کوری عباس) – خوا لیٔ رازی بێت – دەلێت : (التفسير على أربعة أوجه : وجه تعرف العرب من كلامها ، و تفسير لايعذر أحد بجهالته ، وتفسير العلماء ، وتفسير لايعلمه إلا الله).جامع البيان أمامي (الطبري) (٣٤/١). واتە : تەفسیر چوار جۆرە ، جۆرێکیان عەرەب لەقسەی خویدا تێدەگا ، (واتە: هەر کەسێك عەرەبی بزانیٔ ماناکەی دەزانیٔ) و ، جۆرێکیان هیچ کەس پۆزشی بۆ ناهێنرێتەوە کە نەیزانیٔ (واتە: دەبیٔ هەولّبدا بیزانیٔ) و جۆرێکیان زانایان دەیزانن ، جۆرێکی ترشیان تەنیا (خوای گەورە) دەیزانیٔ .

جۆری یەکەم : عەرەب لە زمانی خۆیدا دەیزانیٔ :

بەلیٔ واتە : هەر کەسیٔ عەرەبیی بزانیٔ و ، لە زمانی عەرەبی شارەزابیٔ ، کەم و زۆر لە قورئان تیٔ دەگات ، بەلاّم بیٔ گومان بە مەرجێك ، لە ووتی قسەی زانایانی پێشین ، وە لەهاولاّن و شوێنکەوتوانیان و پێشەوایان ، لەو بازنەیە نەچێتە دەرو ، بە پێی ڕێزمانی عەرەبیش شارازابیٔ بزانێت ..!!

جۆری دووەم : ئەوەیە کە هیچ کەس پۆزشی بۆ نە هێنرێتەوە نەیزانیٔ :

ئەم جۆرەیان بریتیە لەوەی بۆ خۆی ڕوونە ، بیٔ ئەوەی ڕوون بکرێتەوە ، کە قورئان بە زۆریی بەو شێوەیە ، چونکە (خوای گەورە) ناوی لە کتێبەکەی خۆی ناوە (کتاب مبين ، قرآن مبين) واتە: ڕوونە ، یان ڕوونکەرەوەیە ..!!

جۆری سێیەم : ئەوەیە کە زانایان دەیزانن :

واتە : ئەوەیە کە کەسانێك لە زانایانی شەرع تێگەیشتنیان زۆر بۆ تەفسیر کردن و ورد بوونەوەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز ، ئەوانە دیزانن ..!!

جۆری چوارەم : ئەوەیە کە تەنیا (خوای گەورە) خۆی دەیزانیٔ :

کە مەبەست پیێی ئەو ئایەتانەن ، پێیان دە ووترێت (متشابە) و زیاتر لە واتایەك لە خۆ هەلّدەگرن ، یاخود واتا ڕوالّەتییەکەیان بۆ ئێمە ئیستیعاب ناکریٔ و ، عەقلّی ئێمە ناتوانیٔ بە خۆی بگریٔ ..!!

چۆنیەتی شێوازەکانی تەفسیر کردن

شێوازی یەکەم : ئەوەیە کە قورئان بە قورئان تەفسیر بکرێت :

کەواتە : زانایانی تەفسیر ووتویانە : (القرآن يفسر بعضه بعضا) واتە : قورئان هەندێکی بە هەندێکی ڕوون دەکاتەوە ..؟!

بەلێ بێ گومان ئەمە بنەمایەکی یەکجار گرنگە ، بۆ هەر کەسێك بیەوێ قورئان تەفسیر بکات ، لێکداتەوەو ڕوونی بکاتەوە ، چونکە (خوای گەورە) لە شوێنێك ئایەتێك دێنێ بە کورتیی ، بەلام ئەو مەبەستەی ئەو ئایەتە بە کورتیی لەبارەیەوە دەدوێ ، لە شوێنێکی دیکە ڕوونی دەکاتەوە ، بەڵکو جاری هەیە هەر لەیەك سیاقدا (خوای گەورە) ووشەیەك باس دەکات ، دوایی بە ئایەتەکانی دیکە ئەو ووشەیە ڕوون دەکاتەوە ، بۆ نموونە :

١-(خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿ٱلۡقَارِعَةُ ۝١ مَا ٱلۡقَارِعَةُ ۝٢ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡقَارِعَةُ ۝٣﴾ [القَارِعَة : ١ - ٣] **واتە: (الْقَارِعَةُ) ناوێکە لە ناوەکانی ڕۆژی قیامەت، پێی وتراوە: (الْقَارِعَةُ) چونکە بە ترسناکییەکانی لە دڵ ئەدات، یاخود بە سزا قورسەکانی لە کافران و بێباوەڕان ئەدات..!! [مَا الْقَارِعَةُ (٢)] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - تۆ چوزانی (قاريعه) چیە؟[وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْقَارِعَةُ (٣)] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - تۆ چوزانی ئەو ڕۆژە چ ڕۆژێکە؟ بۆ جەخت کردنەوەو بەگەورە زانین و ترسناکی ئەو ڕۆژەیە..؟!**

ئینجا دوو ئایەتی دواتر ڕوونی دەکاتەوە (خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿يَكُونُ ٱلنَّاسُ كَٱلۡفَرَاشِ ٱلۡمَبۡثُوثِ ۝٤ وَتَكُونُ ٱلۡجِبَالُ كَٱلۡعِهۡنِ ٱلۡمَنفُوشِ ۝٥﴾ [القَارِعَة : ٤ - ٥] **واتە : [يَوْمَ يَكُونُ النَّاسُ كَالْفَرَاشِ الْمَبْثُوثِ (٤)] ئەو ڕۆژە ڕۆژێکە کاتێك کە خەڵکی لە گۆڕەکانیان دەرئەچن و بەرەو ساحەی مەحشەر بەڕێ ئەکەون هەر یەکێك و بەلایەکدا ئەڕوات لەبەر ترسناکی دیمەن و هەڵوێست و مەوقیفەکە وەکو پەپولەی بڵاو وان، یاخود بەشێوازێکی گشتی وەکو حەشەرات کە هەر یەکیك بەلایەکدا ئەڕوات بەو شێوازە بڵاو ئەبنەوە لە جیاوازی و هاتن و چوون و سەرلێشێواندنیاندا کە نازانن بەرەو کوێ بڕۆن..؟!**

٢-هەروەها لە سورەتی (الفاتحە) دا ئێمە دەیخوێنین :

(خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ۝٤﴾ [الفَاتِحَة : ٤] **واتە : خاوەنی ڕۆژی سزاو لێپرسینەوەو قیامەتە، چونکە لەو ڕۆژەدا کەس بانگەشەی هیچ شتێك ناکات و کەس بەبێ ئیزنی خوا ناتوانێت قسە بکات ..؟!**

ئینجا ئایا ڕۆژی سزاو پاداشت چ ڕۆژێکە ..؟! ئەوە لە سورەتی (الانفطار) دا لە ئایەتەکانی (١٧) و (١٨) و (١٩) زۆر بە ڕوونی و ئاشکرا ڕوونی دەکاتەوە :

(خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا يَوۡمُ ٱلدِّينِ ۝١٧ ثُمَّ مَآ أَدۡرَىٰكَ مَا يَوۡمُ ٱلدِّينِ ۝١٨ يَوۡمَ لَا تَمۡلِكُ نَفۡسٞ لِّنَفۡسٖ شَيۡـٔٗاۖ وَٱلۡأَمۡرُ يَوۡمَئِذٖ لِّلَّهِ ۝١٩﴾ [الانفِطَار : ١٧ - ١٩] **واتە : [وَمَا أَدْرَاكَ مَا يَوْمُ الدِّينِ (١٧)] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - تۆ چوزانی ئەو ڕۆژە کە ڕۆژی قیامەتە چ ڕۆژێکی سەختە، بۆ بەگەورە زانینی ئەو ڕۆژەیە..!! [ثُمَّ مَا أَدْرَاكَ مَا يَوْمُ الدِّينِ (١٨)] دیسانەوە بۆ جەخت کردنە، تۆ چوزانی ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - ئەو ڕۆژە چ ڕۆژێکی گەورەو سەختە..!! {ڕۆژی قیامەت کەس سوود بەکەس ناگەیەنێت } [يَوْمَ لَا تَمْلِكُ نَفْسٌ لِنَفْسٍ شَيْئًا] ڕۆژی قیامەت ڕۆژێکە هیچ کەسێك توانای ئەوەی نیە کە سوود بەهیچ کەسێك بگەیەنێ مەگەر بە ئیزنی خوای گەورە بۆ کەسانێك کە خوا ویستی لێ بێت وە لێیان ڕازی بێت وە ئیزن بدات، ئەگەرنا بە شێوازێکی گشتی کەس ناتوانێ سوود بە کەس بگەیەنێ و کەس هیچی بەدەست نیە، پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - دەفەرمێت: (ئەی بەنی هاشم بە ئیمان هێنان خۆتان لە ئاگری دۆزەخ ڕزگار بکەن، چونکە من ناتوانم هیچتان بۆ بکەم و هیچم بەدەست نیە، ئەی فاتیمەی کچم لە ماڵەکەم داوای چی دەکەیت پێتدەدەم، بەلام لە ڕۆژی قیامەت ناتوانم هیچت بۆ بکەم و هیچم بەدەست نیە مەگەر بە کردەوەی چاکی خۆت) [وَالْأَمْرُ يَوْمَئِذٍ لِلَّهِ (١٩)] بەڵکو لەو ڕۆژەدا هەموو کارو فەرمان بەدەست خوای گەورەیە، بەڵکو لە دونیایشدا هەموو شتێك تەنها بەدەست خوای گەورەیە بەلام بۆچی بەتایبەت ئەفەرمووێ: لە ڕۆژی قیامەتدا هەموو شتێك بەدەست خوای گەورەیە؟ لەبەر ئەوەی لەو ڕۆژەدا هیچ کەسێك نیە بتوانێ قسە بکات، یاخود بانگەشەی موڵك بکات، یان بانگەشەی دەسەلات بکات وەکو لە دونیادا هەندێك کەس بانگەشەی ئەم شتانە ئەکەن، والله أعلم...**

شێوازی دووەم : تەفسیری قورئان بە سوننەت وفەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ :

ئەوەیە کە لەبەر رۆشنایی سوننەت وفەرموودە دا بە هۆی رێبازی پێغەمبەرەوە ﷺ تەماشای ئایەتەکانی قورئان بکەین ،هەڵبەت رێبازی پێغەمبەر ﷺ بە گشتی هەندێك لە دەقەکانی فەرموودەش لە بارەی هەندێك ئایەتی تایبەتەوە ، بەتایبەت چونکە پێغەمبەر ﷺ بە چەند جۆرێك قورئانی ڕوونکردۆتەوە ، هەڵبەتە قورئان بۆ خۆی ڕوونە ، بەڵام ئەگەر هەندێك شت کە لە هاوەڵان ئیشال بووبێ ، بۆی ڕوونکردوونەوە ، بۆ نموونە :

١-(خوای گەورە) دەفەرموێت : ﴿إِذِ ٱنۢبَعَثَ أَشۡقَىٰهَا ١٢﴾ [الشَّمس : ١٢] **واتە** : **کاتێك کە خراپترینی هۆزەکە کە (قەدداری کوڕی سالیف) بووە هەستا چوو ئەو حوشترەی سەربڕی کە خوای گەورە وەکو موعجیزەیەك لە تاوێرەکەوە بۆی دەرکردن..؟!** بەڵێ کاتێك خراپترین گەڵی سەموود دەرچوو بۆ پەیکردن و پاشان سەر بڕینی ووشترەکەی ...

لە (عبدالله کوری زمعە) — خوا لیٚ رازی بێت — دەلێت : لە پێغەمبەری خوام ﷺ بیست فەرمووی :

((وذَكَرَ النَّاقَةَ والذي عَقَرَ، فَقالَ رَسولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ: {إِذِ انْبَعَثَ أَشْقَاهَا} [الشمس: ١٢] انْبَعَثَ لَهَا رَجُلٌ عَزِيزٌ عَارِمٌ، مَنِيعٌ في رَهْطِهِ ، مِثْلُ أَبِي زَمْعَةَ. وذَكَرَ النِّسَاءَ، فَقالَ: يَعْمِدُ أحَدُكُمْ، فَيَجْلِدُ امْرَأَتَهُ جَلْدَ العَبْدِ، فَلَعَلَّهُ يُضَاجِعُهَا مِن آخِرِ يَومِهِ. ثُمَّ وعَظَهُمْ في ضَحِكِهِمْ مِنَ الضَّرْطَةِ، وقالَ: لِمَ يَضْحَكُ أحَدُكُمْ مِمَّا يَفْعَلُ)) . صحيح البخاري برقم (٤٩٤٢). واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ ووتاری دەدا باسی ووشترەکەی (صالح) و ئەو کەسەی کرد کە سەری بڕی ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : (کاتیٚ کە خرابترینیان هەستایەوە) پیاوێکی زۆر بە هێزی زۆر خراپی خاوەن بشتیوان بوو لە هۆزەکەیدا وە (ئەبی زمعە) وابوو ، هەستایەوە بۆ ووشترەکە و سەری بڕیٚ وە باسی ئافرەتانیشی کرد و فەرمووی : (کەسێکتان دەروات دارکاری ژنەکەی دەکات وەك چۆن دارکاری بەندەکەی دەکات ، کەچی لەوانەیە لە کۆتایی رۆژەکەدا لەگەڵی دا بخەویٚ (جووت بیٚ) ، لە پاشان ئامۆژگاری کردن لە بارەی پێکەنینیان (بە یەکتری) بە هۆی ترِلێدانەوە فەرمووی : (بۆچی کە سێکتان پێدەکەنێت (بە شتیٚ) کە خۆشی وا دەکات ..؟!

٢-هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەربارەی (السبع المثاني) بە فەرموودەی خۆی ڕوونی کردۆتەوە ...

(خوای گەورە)دەفەرموێت : ﴿وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَٰكَ سَبۡعٗا مِّنَ ٱلۡمَثَانِي وَٱلۡقُرۡءَانَ ٱلۡعَظِيمَ ٨٧﴾ [الحِجر : ٨٧] **واتە** : [وَلَقَدْ آتَيْنَاكَ سَبْعًا مِنَ الْمَثَانِي وَالْقُرْآنَ الْعَظِيمَ (٨٧)] **وە بە دڵنیایی سوورەتی فاتیحەو ئەو قورئانە گەورەیەشمان پێت بەخشیوە (سَبْعًا مِنَ الْمَثَانِي) وتراوە: مەبەست پێی سوورەتی فاتیحەیە کە ژمارەی ئایەتەکانی حەوتە، وە (الْمَثَانِي) لەبەر ئەوەی لە هەموو نوێژێکدا دووبارە ئەبێتەوە، یاخود وتراوە مەبەست پێی حەوت سورەتە درێژەکەی سەرەتای قورئانە (بەقەرەو ئالی عیمران و نساء و مائیدەو ئەنعام و ئەعراف و یونس، یان لە جێی یونس ئەنفال و تەوبە).**

لە (ابو سعید کوری المعلی) — خوا لیٚ رازی بێت — دەلێت : پێغەمبەری خوا دەربارەی ئەم ئایەتە فەرمووی :

((قالَ: (الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ) هى السَّبْعُ المَثانِى، والقُرْآنُ العَظِيمُ الذى أُوتِيتُهُ)). صحيح البخاری برقم (٥٠٠٦).

واتە : سورەتی (الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ) ئەو سورەتە حەوت ئایەتی دوبارە بووەویەوە ، ئەو قورئانی گەورەیە کە بە من بەخشراوە ...

٣-جاری واش هەبووە بە هۆی رێبازی پێغەمبەرەوە ، شتێك کە بە کورتیی هاتووە ، ئەو بە درێژیی ڕوونی کردۆتەوە بۆ وێنە (خوای گەورە) دە فەرموویێت : ﴿حُرِّمَتۡ عَلَيۡكُمُ ٱلۡمَيۡتَةُ﴾ [المَائـِدَة : ٣] **واتە** : [حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ] **ئەوانەی کە لەسەرتان حەرامە مردارەوە بووە تەنها ماسی و کوللە نەبێت..؟!**

بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ ڕوونی کردۆتەوە کە مرداربووی نێو دەریاو زەریاکان و رووبارەکان ڕەوایە یان دروستە بیخۆین ...هتد

لە (ابو هریرە) — خوا لیٚ رازی بێت — دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((هو الطَّهورُ ماؤُه، الحِلُّ مَيْتَتُه)) . سنن الترمذي برقم (٦٩). واتە : دەریا و زەریا و رووبارەکان ئاوەکەشی پاکە و مردارەوەبووەکەشی حەڵاڵە ...هتد .

٤-هەروەها لەبارەی ئەم ئایەتە پیرۆز کە (خوای گەورە) دەفەرموێت : ﴿يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلۡقَوۡلِ ٱلثَّابِتِ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ﴾ [إبۡرَاهِيم : ٢٧]

واتە : خوای گەورە باوەڕداران جێگیر ئەکات بە وشەی جێگیر کە وشەی لا إله إلا الله یە لە ژیانی دونیاو قیامەتدا، وە لەناو گۆڕیشدا ئەتوانن وەڵامی فریشتەکان بدەنەوە بە زمانی پاراو کە الله پەروەردگارمانەو محمد - صلى الله عليه وسلم - پێغەمبەرمانەو ئیسلام دینمانە، کە پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - دەفەرمێت: ئەم ئایەتە لەسەر سزای ناو گۆڕ دابەزیوە..؟!

لە (البراء کوری عازب) — خوا لیٚ رازی بێت — دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((المُسْلِمُ إذا سُئِلَ فى القَبْرِ، يَشْهَدُ أنْ لا إلَهَ إلاَّ اللَّهُ وأنَّ مُحَمَّدًا رَسولُ اللَّهِ، فَذلكَ قَوْلُهُ: {يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِى الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِى الآخِرَةِ} [إبراهيم: ٢٧]. صحيح البخاری برقم (٤٦٩٩). واتە: موسڵمان کاتێك لە گۆردا لێی دەپرسریٚ ، شایەدیی دەدا کە جگە لە خوا هیچ پەرستراوێك نیە و ، محمد ڕەوانە کراوی خوایە ، ئینجا ئەوە فەرمایشتی خوایە کە دەفەرموێت : {يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِى الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِى الْآخِرَةِ}واتە: خوا ئەوانەی بڕوایان هێناوە ، بەقسەی چەسپاو دەچەسپێنیٚ ، لە ژیانی دونیاو لە مەنزڵگەی کۆتاییشدا ...

شێوازی سێیەم : ئەوەیە کە ئێمە بە شوێنەوارەکانی هاوەڵان ، قسەکانیان و کردەوەکانیان و ڕفتارەکانیان لە قورئان تێبگەین :

بەڵێ بێ گومان لەو بارەیەوە زانایان مشت مڕیان زۆر بووە ، کە ئایا قسەی ڕاو بۆچوونی هاوەڵان چۆنەوە حوکمی چییە ..؟! بە گشتی تەفسیرکردنی هاوەڵانیان بۆ قورئان کردووە بە چەند بەشەوە :

بەشی یەکەم : گێرانەوەی ئەوەی کە لە ڕۆژگاری پێغەمبەردا بووە ﷺ وە کو هۆکاری هاتنە خوارەوەی ئایەتێك یان سورەتێك ، وە یان هەوڵدان لە بارەی شتێکەوە ، کە لەو کاتە دا بووە :

بۆنموونە :

لە (عائیشەی دایکی ئیمانداران) – خوا لێ رازی بێت – دەڵێت : کاتێك ئەم ئایەتە دابەزیە خوارەوە ﴿إِذْ جَآءُوكُم مِّن فَوْقِكُمْ وَمِنْ أَسْفَلَ مِنكُمْ وَإِذْ زَاغَتِ ٱلْأَبْصَٰرُ وَبَلَغَتِ ٱلْقُلُوبُ ٱلْحَنَاجِرَ وَتَظُنُّونَ بِٱللَّهِ ٱلظُّنُونَا۠ ۝١٠﴾ [الأحزاب : ١٠] ، مەبەست لێ ڕۆژی خەندەق بوو لە جەنگی ئەحزابدا . صحيح مسلم برقم (٣٨٧٧).

بۆ ئەم بەمەستە زانایانی فەرموودەناس دەڵێن : حوکمەکەی حوکمی فەرموودەی مرفوعە ، واتە : بەرزکرابێتەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ و بە بەڵگە دادەنرێ ، چونکە (عائیشەی دایکی ئیمانداران) – خوا لێ رازی بێت – ئاگاداری جەنگەکە بووە ، ئاگاداری حەڵەکە بووەو ، زانیویشیەتی ئەم ڕستە قورئانییە ، لە بارەی چ ڕۆژێك و چ بەسەر هاتێك و چ ڕووداوێکەوە دەدوێ ..؟!

بەشی دووەم : ئەمیش دیسان هەر حوکمی فەرموودەی مرفوعی هەیە ، کە بەرزکرابێتەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ بۆنموونە : ئەم قسەیەی (کوری عباس) – خوا لێ رازی بێت – دەڵێت :

((ليس في الدنيا شيء مما في الجنة إلا الأسماء)) واتە : لەوەی کە لە بەهەشتدا هەیە ، لە دونیادا هیچیان نین ، جگە لە ناوەکانیان لە دونیادا هەن . ابن جرير فی تفسير (١٧٤/١)

ئەمە حوکمەکەی ئەوەیە کە بەرز کراوەتەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ ..؟! چونکە بە ڕاو بۆچوون ، خۆ شتی وا نا گوترێ ...

بەشی سێیەم : لە جۆرەکانی قسەی هاوەڵان ئەوەیە کە ووشەیەکیان ڕوون کردبێتەوە لەو ڕووەوە کە عەرەب وایان بە کارهێناوە .

شێوازی چوارەم : بۆ تەفسیر کردنی قورئان ، ئەوەیە کە ئێمە تەفسیری قورئان بکەین وە ڕوونی کەینەوە ، بە ووتەی هاوەڵان و شوێنکەوتوان و ئەوانە دوای شوێن کەوتوان و زانایان :

بێ گومان ئەمەش زۆر زۆرە و زانایانێك ، کە لە دوای هاوەڵانەوە هاتوون لەوانە زانستیان وەرگرتووە ، بێ گومان قسەیان زۆر کردووە لە بارەی قورئانەوە ، بۆ مان هەیە لەوانیشەوە بەهەرمەند بین ، بەڵام بێ گومان جگە لە فەرموودە وقسەی هاوەڵان ئەو زانایان قسەی خۆشیان تێ کردووە ...

شێوازی پێنچەم : ئەوەیە کە تەماشای دەلالەتی زمانەوانیی بکرێت ، وە بشت بەستن لە زانایانی زمانەوانی بەتایبەتی زمانی عەرەبی ، تەماشای قیاسکردنی هاوێنەکان بۆ سەر یەکدی بکرێ :

ئەمەش بێ گومان شێوازێکی گرنگە و ، پێویستە تەماشا بکرێ : ئایا ئەو ووشەیە لە ئەصلی زمانی عەرەبییدا ، واتایەکی هەیە ، یان دوو واتایی هەن ، وەیان زیاتری هەن ..؟! چۆن بەکارهێنراوە..؟!

هۆکارەکانی دابەزینی هەندێك لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز

ئەم باسە لە دوو بڕگەدا دەخەینە ڕوو :

بڕگەی یەکەم : بێ گومان قورئان لەو بارەوە کە هۆی هەندێك لە هاتنە خوارەوەی ئایەتەکانی دیاری کردووە ، وەیان دیاری نەکردووە ئەمەش دوو بەشە :

١- زۆر بەی هەرە زۆری قورئان هۆکاری دابەزینی تایبەتیی دیار نیە ، دیارە (خوای گەورە) قورئانی پیرۆزی بۆ پێغەمبەر ﷺ دابەزاندووە ، کە بە بەندەکانی بگەیەنێ ، بە جن و مرۆڤ ، بە نێرو مێ ، بە ورد و درشتەوە ، بەڕەش و سپییەوە ، بە عەرەب غەیری عەرەبیشەوە ، بەڵام ئەوەیە کە ئەو ئایەتە یان ئەو کۆمەلە ئایەتە ، یان ئەو سووڕتەوە ، بە بۆنەوە هۆکارێکی دیاری کراوەوە هاتبێ و ، لە لە کتێب و سەرچاوەکاندا بە سەندێکی ڕاست بە ئێمە گەیشتبێ ، بەلێ زۆر بەی قورئان بەم شێوەیە نیە ، کە ئێمە هۆی هاتنە خوارەوەی سورەتێکی دیارییکراو یان چەند ئایەتێکی دیاریکراو بزانین ...هتد

١- بەڵام بەشێکی کەمێنە لە ئایەتەکانی قورئان هۆکاری هاتنە خوارەوەیان دیارە یان دیاریکراوە ، بە تایبەتی ئەو سورەت و ئایەتانەی کە لە شاری مەدینەدا دابەزیون ، کە پیان دەوترێت : سورەتە (مەدینیەکان) یان سورەتی (مەدینەیی) ، هەڵبەتە هەندێك لە سورەت و ئایەتەکانی (مەککەییش) ، هۆ کاری هاتنە خوارەوەیان دیارە ، بەڵام زۆربەی ئایەتە هۆکاری دابەزین دیارەکان ، لە سورەتە (مەدینەیی) کە لە چاو سورەتی (مەککەیی) دەڵێن : زۆر ، ئەگەر نا دیسان لە نێو سورەتی (مەدینەیی)یشدا ، ئەو ئایەتانەی کە هۆکاری هاتنەخوارەوەیان تایبەتیان هەیە هەر کەمینەن .

بڕگەی دووەم : لە ڕێیەکەوە دەتوانین هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان بزانین ..؟!

بێ گومان زانینی هۆکاری هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان ، یان دەبێت لە ڕێی پێغەمبەری خوا ﷺ بێ کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووبێ : ئەم سورەتە یان ئەم ئایەتە لەو بارەوە دابەزیوە ، وە یان لەرێ هاوڵانیەوە ئاماژەیان پێ کردبێ .

چونکە زانایان لەسەر ئەمە کۆدەنگن ئەگەر یەکێك لە هاوەڵان بلێن : (نزلت هذه الآية ، فهو بمنزلة حديث مرفوع إلى النبي ﷺ وإن لم يذكر فيه النبي) واتە : ئەگەر یەکێك لە هاوەڵان بڵێ : ئەم ئایەتە لەو بارەوە دابەزیوە ، ئەمە وەك فەرموودەی بەرز کراوە (مرفوع) وایە بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ با ناوی پێغەمبەریشی تێدا نە هاتبێ ... چەند نموونەیەك :

نموونەی یەکەم :

لە ابی مسعود ئەنصاری) — خوا لێ رازی بێت — دەلێت :

((لَمَّا أُمِرْنا بالصَّدَقَةِ كُنَّا نَتَحامَلُ ، فَجاءَ أبو عَقِيلٍ بنِصْفِ صاعٍ، وجاءَ إنْسانٌ بأَكْثَرَ منه، فقالَ المُنافِقُونَ: إنَّ اللَّهَ لَغَنِيٌّ عن صَدَقَةِ هذا، وما فَعَلَ هذا الآخَرُ إلَّا رِئاءً، فَنَزَلَتْ: {الَّذِينَ يَلْمِزُونَ الْمُطَّوِّعِينَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ فِي الصَّدَقَاتِ وَالَّذِينَ لَا يَجِدُونَ إِلَّا جُهْدَهُمْ} [التوبة: ٧٩] الآيَةَ.

واتە : فەرمانمان پێکرا بە ماڵ بە خشین ، ئێمە زۆرمان لە خۆمان دەکردو فشارمان بۆ خۆمان دەهێنا ، (کەم دەست بوون ، بۆ ئەوەی ئەو فەرمانەی خوا جێ بەجێ بکەن) ، (ئەبو عقیل) یەکێك لە هاوەڵان ، لە نیو ڕبەی هێنا ، -(صاع) چوار مستە ، بەکوردی دەلێن : (ڕبە) چوار پێنچ کیلۆیەك دەبێ ، ئایا جۆ بووە یان هەرزن بووە یان مێوژ بووە ، یان خورما بووە نیو ڕبەی هێنا ، کە ئەندازەیەکی کەمە- ، کەسێکی دیکەش ئەندازەیەکی زۆر تر لەوەی هێنا ، مونافیقەکەکان یان دڵ بۆگەنەکان ، ووتیان : بە دڵنیایی خوا لە خێرو بەخشینی ئەمە ، (ئەم نیو ڕبەیە) بێنیازە ، (هیچ نیە ، چ کە لێنێك ناگرێ) ، بەوی دیکەیشیان ووت : بەمە تەنیا بۆ ڕوو پەمەیی و بەرچاوی خەڵك وایکردووە ، بەڵام ئەگەر کەمی هێنابایە دەیان ووت : ئەوەندە هیچ کە لێن ناگرێ و خوا نایەوێ و لێی بێنیازە ، کەسێکیش زۆری هێنابایە ، دەیان ووت : بۆ ڕیابازیی وادەکات ، ئینجا (خوای گەورە) لەو بارەیەوە ئەم ئایەتەی دابەزاند ، ﴿ٱلَّذِينَ يَلۡمِزُونَ ٱلۡمُطَّوِّعِينَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ فِى ٱلصَّدَقَٰتِ وَٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ إِلَّا جُهۡدَهُمۡ﴾ [التَّوۡبَة : ٧٩] **واتە : [الَّذِينَ يَلْمِزُونَ الْمُطَّوِّعِينَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ فِي الصَّدَقَاتِ] (عبدالرحمن ی کوڕی عەوف) چل ئۆقە ئاڵتونی هێنا بۆ خێر هەندێك لە مونافیقان وتیان ئەمە بۆ ڕیایەتی بۆیە زۆری هێناوە، وە پیاوێکی تر صاعێك خورمای هێنا، وتیان خوای گەورە پێویستی بە خێری تۆ نیە ئەمە زۆر کەمە، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند، ئەو مونافیقانەی کە تانەو تەشەر لەو باوەڕدارانە ئەدەن کە خێریان بکردایەو شتێکی کەمیان بهێنایە پێیان ئەوتن خوای گەورە بێ پێویستە لەم خێرە کەمەی تۆ، وە ئەگەر زۆریان بهێنایە ئەیانوت: ئەمە بۆ ڕیایەتی [وَالَّذِينَ لا يَجِدُونَ إِلاَّ جُهْدَهُمْ] وە هەیشە هیچ شتێکی نیە بیکات بەخێر تەنها هەوڵ و تێکۆشانی خۆی نەبێت...**

نموونەی دووەم :

له (عبدالله كوری مسعود) — خوا لیّ رازی بیّت — دەلیّت :

((سَأَلْتُ -أَوْ سُئِلَ- رَسولُ اللَّهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم: أَيُّ الذَّنْبِ عِنْدَ اللَّهِ أَكْبَرُ؟ قالَ: أَنْ تَجْعَلَ لِلَّهِ نِدًّا وهو خَلَقَكَ . قُلتُ: ثُمَّ أَيٌّ؟ قالَ: ثُمَّ أَنْ تَقْتُلَ ولَدَكَ خَشْيَةَ أَنْ يَطْعَمَ معكَ. قُلتُ: ثُمَّ أَيٌّ؟ قالَ: أَنْ تُزَانِيَ بحَلِيلَةِ جَارِكَ. قالَ: ونَزَلَتْ هذِه الآيَةُ تَصْدِيقًا لِقَوْلِ رَسولِ اللَّهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم: {وَالَّذِينَ لاَ يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلاَ يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلاَّ بِالْحَقِّ وَلاَ يَزْنُونَ} [الفرقان: ٦٨] صحيح برقم (٤٧٦١).

واته : پرسیارم كرد ، یاخود پ رسیار كرا له پێغەمبەری خوا ﷺ چ گوناهو تاوانێك له لای (خوای گەورە) گەورەترە ..؟! ئەویش فەرمووی : ئەوە كە شریك هاوتا بۆ خوا دابنێی له حالێكدا ئەو تۆی بەدی هێناوە ، ووتم : ئەدی دوای ئەوە ، چ گوناهو تاوانێك گەورەترە ..؟! ئەویش فەرمووی : ئەوە كە منداڵە كەت بكوژی له ترسی ئەوەی نانت له گەڵ بخوات ، ووتم : دوای ئەوە ..؟! فەرمووی : ئەوە كە لەگەڵ ژنی هاوسێكەتدا زینا بكەی ، (عبدالله) دەڵێ : وەكو بەڕاست دانانی ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم ئایەتەی قورئانی پیرۆز دابەزی له سورەتی (الفرقان)

﴿وَٱلَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ يَلْقَ أَثَامًا ﴿٦٨﴾﴾ [الفرقان: ٦٨]

واته : [وَالَّذِينَ لا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ] (ئیبنو عەبباس) دەفەرمێت: كەسانێك لە هاوبەشبڕیاردەران خەڵكیان كوشتبوو بە زۆری، وە زینایان كردبوو بە زۆری، هاتنە لای پێغەمبەری خوا - صلى الله علیه وسلم - وتیان ئەی محمد - صلى الله علیه وسلم - ئەوەی تۆ دەیڵێیت و بانگەوازی بۆ دەكەیت شتێكی چاكە بەڵام پێمان بڵێ ئایا ئەو تاوانانەی پێشتر كردوومانە دەسڕێتەوەو خوا لێمان خۆش دەبێت؟ خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: وە ئەو كەسانەی كە لەگەڵ خوای گەورەدا دوعا ناكەن لە خوایەكی ترو لە خوایەكی تر ناپاڕێنەوە تەنها لە خوای گەورە ئەپاڕێنەوە [وَلا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلاَّ بِالْحَقِّ] وە ئەو نەفسەی كە خوای گەورە حەرامی كردووە نایكوژن تەنها بە حەق نەبێ: مەگەر كەسێك لە دوای زەواجی شەرعی زینای كردبێت، یان كەسێكی بە ناحەق كوشتبێت، یان لە دین هەڵگەڕابێتەوە ئەمیش حاكمی موسڵمان ئەیانكوژێ [وَلا يَزْنُونَ] وە زیناش ناكەن [وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ] وە هەر كەسێك كاری وا بكات [يَلْقَ أَثَامًا (٦٨)] ئەوا تووشی تاوان و سزای خوای گەورە ئەبێت، یاخود دۆڵێكە لە دۆزەخ سزای زیناكارانی تێدا دەدرێت...

نموونەی سێیەم :

له (عبدالله كوری مسعود) — خوا لیّ رازی بیّت — دەلیّت :

((أَنَّ رَجُلاً أَصَابَ مِنَ امْرَأَةٍ قُبْلَةً، فأتَى رَسولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ فَذَكَرَ ذلكَ له، فَأُنْزِلَتْ عليه: {وَأَقِمِ الصَّلاَةَ طَرَفَيِ النَّهَارِ ، وزُلَفًا مِنَ اللَّيْلِ إنَّ الحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ، ذلكَ ذِكْرَى لِلذَّاكِرِينَ} قالَ الرَّجُلُ: أَلِيَ هذِه؟ قالَ: لِمَن عَمِلَ بهَا مِن أُمَّتِي)) . صحيح البخاري برقم (٤٦٨٧).

واته: پیاوێك ماچێكی ئافرتێكی كردبوو ، ئینجا هات بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ و ئەوكارەی بۆ باس كرد ، ئەوسا ئەم ئایەتەی بۆ دابەزاند ، {وَأَقِمِ الصَّلاَةَ طَرَفَيِ النَّهَارِ ، وزُلَفًا مِنَ اللَّيْلِ إنَّ الحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ، ذلكَ ذِكْرَى لِلذَّاكِرِينَ} واته: (لەم سەرو ئەوسەری رۆژ و له بەشێك له شەودا نوێژ ئەنجام بدە ، بیّ گومان كردەوە چاكەكان كردەوە خراپەكان دەسرێتەوە پەندو ئامۆژگاری یە بۆ پەند وەرگران) پیاوەكە ووتی : ئەمە هەر بۆ منە ..؟! پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی : بۆ هەر كەسێكە كاری پیّ بكات لە ئوممەتم ...

كەواتە لێرەوە بۆ مان دەردەكەوێت كە هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە رەفتاری پیاوێكی دیاریكراو بووە ، بەلاّم حوكمەكەی ئەویش و هەموو ئەوانەی دیكەیش كە وەك ئەو ئەم كارە دەكەن دەگرێتەوە ...

چەمکی ئیعجاز

پێناسەی ئیعجاز : لەڕووی زمانەوانیەوە :

-(العجز) لە رووی زمانەوانییەوە پێچەوانەی (الحزم)ە ، (التعجز) واتە: دەستەوەستان کردن ، وە چاکی (أعجز) بریتیە لە (الاعجاز) دەستە واژەی (معجزة)ش هەر لەوەوە هاتووە کە یەکێکە لە موعجیزەکانی پێغەمبەران – علیهم السلام – کەوا پاڵپشتی پێغەمبەرایەتیان دەکات ...

- لە قورئانی پیرۆزدا دەستەواژەی (أعجاز) یاخود (معجزة) هاتووە و هەروەك چۆن زانایانی پێشنەکانیش بە کاریان نەهێناوە بەڵکو لە جیاتی ووشەی (معجزە) ووشەی (آیة) واتە : بەڵگە یان (کرامة) تیان بە کار هێناوە ...

-(عجز) وەرگیراوە کە بەواتای بێ توانای و لاوازی دێت لەبەرانبەر شتێکدا ، وە دەڵێن (عاجز عن اتیان) بێ توانایە لە هێنانی شتێك لەو جۆرە ، وە دەڵێن (عجز) (عجزا) وە (عجوزا) ، وە (عجزانا) وە (معجزا) ، وە (عجز) کۆیی (أعجاز) ، هەروەها لەسەر ئەم بنەمایە ووشەی (أعجزە) و کۆیی (المعجزات) وەرگیراوە ...

-کەواتە : (المعجزە) هەر ڕووداوێکی نائاسای ، کە مرۆڤ دەستەوسان بێت لەوەی بتوانێت لاسایی بکاتەوە ، ئەو کارانەی پەروەردگاری دروست کەرو هەڵسوڕێنەریان بووە بۆ پشت گیری پێغەمبەران – علیهم السلام – وە سەڵماندنی راستی بانگەشە کانیان نیشانی مرۆڤەکانی داون کە دەڵێن: (خارق العادة) واتە : مرۆڤەکان توانایان نیە و لەبەرانبەری دا دەسەوسان دەوەستێت ...

-پێناسەی (اعجاز قورئانی پیرۆز) ئەوەیە واتە : بێ توانایی و لاوازی هەموو بوونەوەرە گیانلەبەرەکان جا چ (ئادەمیزاد بێت یان چن) کە بتوانن شتێك بهێنەوە وەك ئەم قورئانە پیرۆزە .

(خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿قُل لَّئِنِ ٱجۡتَمَعَتِ ٱلۡإِنسُ وَٱلۡجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأۡتُواْ بِمِثۡلِ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ لَا يَأۡتُونَ بِمِثۡلِهِۦ وَلَوۡ كَانَ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٖ ظَهِيرٗا ٨٨﴾ [الإسْرَاء : ٨٨] **واتە : {قورئان تەحەددای مرۆڤ و جن دەکات} [قُلْ لَئِنِ اجْتَمَعَتِ الإِنْسُ وَالْجِنُّ عَلَى أَنْ يَأْتُوا بِمِثْلِ هَذَا الْقُرْآنِ لا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - پێیان بڵێ: ئەگەر مرۆڤەکان و جنیەکان هەر هەموویان کۆببنەوە بۆ ئەوەی هاوشێوەی ئەم قورئانە بێنن ناتوانن هاوشێوەی قورئان بێنن [وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا (٨٨)] ئەگەر هەندێکیان پشتیوان و سەرخەری هەندێکی تریان بن و یارمەتی هەندێکی تریان بدەن (چونکە قورئان کەلامی خوایەو چۆن قسەی مرۆڤ وەکو قسەی خوای گەورە دەبێت؟!) .**

(خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿أَمۡ يَقُولُونَ ٱفۡتَرَىٰهُۖ قُلۡ فَأۡتُواْ بِعَشۡرِ سُوَرٖ مِّثۡلِهِۦ مُفۡتَرَيَٰتٖ وَٱدۡعُواْ مَنِ ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ١٣ فَإِلَّمۡ يَسۡتَجِيبُواْ لَكُمۡ فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَآ أُنزِلَ بِعِلۡمِ ٱللَّهِ وَأَن لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ فَهَلۡ أَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٤﴾ [هُود : ١٣ - ١٤] **واتە : قورئان تەحەددای کافران دەکات} [أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ] یاخود ئەڵێن: ئەم قورئانەت لەلایەن خۆتەوە هەڵبەستووەو قسەی خوای گەورە نیە [قُلْ فَأْتُوا بِعَشْرِ سُوَرٍ مِثْلِهِ مُفْتَرَيَاتٍ] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - پێیان بڵێ: ئەگەر ڕاست ئەکەن ئێوەش دە سوورەت هاوشێوەی قورئان بێنن [وَادْعُوا مَنِ اسْتَطَعْتُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ (١٣)] وە جگە لە خوای گەورە کێیشتان مەبەستە لە دۆستەکانی خۆتان بانگیان بکەن بۆ ئەوەی یارمەتیتان بدەن لەسەر هێنانەوەی دە سوورەتی بچووك وەکو سوورەتەکانی قورئان ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن لەوەی کە ئەڵێن: ئەم قورئانە کەلام و فەرموودەی خوای گەورە نیەو قسەی منە..!! [فَإِلَّمْ يَسْتَجِيبُوا لَكُمْ] ئەگەر ئەم شتەیان نەکردو وەڵامیان نەدایەتەوە لەبەر ئەوەی توانایان نیەو هەرگیز قسەی مرۆڤ وەکو قسەی خوای گەورە نابێت، هەروەکو چۆن هیچ کەس لە خوای گەورە ناچێت بە هەمان شێوە قسەی هیچ کەسێکیش لە قسەی خوای گەورە ناچێت بۆیە تا ئێستا نەیانتوانیوە تەنها سورەتێکی بچوکی هاوشێوەی قورئان بێننەوەو تارۆژی قیامەتیش ناتوانن [فَاعْلَمُوا أَنَّمَا أُنْزِلَ بِعِلْمِ اللَّهِ] ئەوە ئەی باوەڕداران بزانن و یەقینتان هەبێ کە ئەم قورئانە پیرۆزە بە زانیاری خوای گەورە دابەزیوەو خوای گەورە ئاگای لێیە [وَأَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ] وە هیچ پەرستراوێك بەحەق نیە شایەنی پەرستن بێ جگە لە زاتی پیرۆزی الله [فَهَلْ أَنْتُمْ مُسْلِمُونَ (١٤)] ئایا ئێوە جێگیرو بەردەوامن لەسەر ئیسلام، واتە: بەردەوام بن و گوێ بە قسەی کافران مەدەن...**

(خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَقُلِ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ سَيُرِيكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ فَتَعۡرِفُونَهَاۚ وَمَا رَبُّكَ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعۡمَلُونَ ٩٣﴾ [النَّمْل : ٩٣] **واتە : [وَقُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ] وە ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - بڵێ: حەمدو سەناو ستایش بۆ خوای گەورە لەسەر نیعمەتە زۆرەکانی لە پێغەمبەرایەتی و زانست و جگە لەوە [سَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ] خوای گەورە نیشانەی تواناو دەسەڵاتی خۆیتان پێ نیشان ئەدات [فَتَعْرِفُونَهَا] وە ئێوەش ئەو کاتە ئەزانن کە ئەمە تواناو دەسەڵاتی خوای گەورەیە بەڵام ئەو کاتە سوودتان پێ ناگەیەنێ لە کاتی ڕوح کێشاندا [وَمَا رَبُّكَ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ (٩٣)] وە پەروەردگارت بێ ئاگا نیە لەو کردەوانەی کە ئەیکەن کە ئەمەیش هەڕەشەی تیایە بۆ کافران، والله أعلم..**

مەرجەکانی بوون بە موعجیزە :

١-ئەو ڕووداوی ڕوویداوە کە لە توانای هیچ مرۆڤێك نەبێت ، جگە لە خودای پەروەردگاری باڵادەست کە دەسەڵاتی بۆ هەبێ و بەس لە توانایی زاتی ئەو دابێت .

٢-ئەو ڕووداوە کە ڕووددات ئاسایی نەبێت و لە دەورەبەری سروشتی ژیاندا نەبێت ، واتە بە پێی بارودۆخ تەبیعەتی سروشت نەبێت تەنها قودەرتی خوایی بێت .

٣-ئەو ڕووددات لە گەڵ قورئانی پیرۆزدا بگونجێت ، بە پێ دەقە ئایەتەکانی قورئان لە هەموو ڕووەکانیەوە .

حوکم کردنی قورئان

پێناسەی (تحكيم) :

ووشەی (تحكيم) بە کورتیی واتای : دادگەری وەیان دادوەری کردن لە حوکمڕان ، ئینجا کە ئێمە باسی قورئان دەکەین ، لێرەدا مەبەست لە (تحكيم) ئەوەیە ، کە کتێبی (خوای گەورە) بکەینە دادگەر یان دادوەر (حکم) وە بیکینە حوکمڕان (حاكم) دادوەر ، ووشەی (تحكيم) یش لە قورئان دا هاتووە ، بە صیغەی (يحكموك) وە خوای کاربەجێ ملدان و ڕازیبوون بە حەکەمێتی و حوکمڕانێتیی لە قورئانی ، لە لایەن موسڵمانانەوە کردۆتە سەنگی مەحەك و پێوەر و تەرازووی وسڵمانەتیی و ئیمانداریێتییان وەك (خوای گەورە) دەفەرمووێت : ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤۡمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيۡنَهُمۡ ثُمَّ لَا يَجِدُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ حَرَجٗا مِّمَّا قَضَيۡتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسۡلِيمٗا ٦٥﴾ [النِّسَاء : ٦٥] **واتە : [فَلا وَرَبِّكَ لا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ] ئەی محمد- صلى الله عليه وسلم - سوێند بێ بە پەروەردگارت ئیمان ناهێنن تا تۆ نەکەنە حاکم و دادوەر لەو ناکۆکیانەی کە لە نێوانیاندا ڕوو ئەدات [ثُمَّ لا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ] پاشان کە تۆ بڕیارت دا لە نێوانیاندا نابێ لە نەفس و ناخیشیاندا هیچ پێ ناخۆش بوونێك هەبێ لەو بڕیارەی کە تۆ داوتە، وە ئەبێ لەناخی دڵیاندا پێی ڕازی بن و دڵیان پێی خۆش بێ [وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا (٦٥)] وە خۆیان تەسلیم بکەن بەو بڕیارەی تۆ تەسلیم بوونێکی تەواو بەبێ ڕەتکردنەوە، ئەم ئایەتە لەسەر (زوبێری کوڕی عەوام) و پیاوێکی ئەنصاری دابەزی لەسەر ئاودانی دار خورما، پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: ئەی (زوبێر) تۆ ئاوی باخەکەت بدە پاشان ئاوەکە بەربدەوە بۆ هاوسێکەت، ئەنصاریەکە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - بۆیە بڕیارەکەت بۆ ئەودا چونکە پورزای خۆتە، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند...**

بەڵێ لێردەدا (خوای گەورە) پێغەمبەری خوی دەدوێنی و ، کورتەکەی ئەوەیە کە دوو نەفر پێکەوە دەمەقالێیەکیان بووە و ، ئامادە نەبووە ، کە و کێشەیەی خۆی بەرێتە لای پێغەمبەری ﷺ و ، ووتویەتی : دەیبەین بۆ لای یەکێکی دیکە ، ئیدی (خوای گەورە) ئەم چەند ئایەتی ناردووتە خوارەوە ، کە لە ئایەتی کوتاییاندا فەرموویەتی : ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤۡمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ﴾ [النِّسَاء : ٦٥] واتە : نەخێر هەر چەندە بانگەشەی ئیمان دەکەن ، بەڵام سوێند بە پەروەردگارت ئیمان ناهێنن ، هەتا نەتکەنە دادوەریان ..

کەواتە : هەر کەسێك بە حوکمێکی خوا ڕازی نەبێت ، هەر چەندە لافی ئیمان و ئیسلام لێ بدات ، بڕوادارو موسڵمان نیە ، بەڵێ : نوێژ دەکەم و ، ڕۆژوو دەگرم ، بەڵام مادام یەك حوکمی (خوای گەورە) ڕەت دەکاتەوە ، ئیماندار نیە ، چونکە ئەو کەسەی ، کە ئایەتەکەی دەربارە هاتۆتە خوارێ ، نەچووە بلێ : بەهیچ شتێکی ئایین و بەنامەی خوا ڕازی نیم ..!! بەڵکو مەسەلەکە هەر ئەوە بووە ، کە کێشەیەك و گرفتێك لە نێوانیان دابووە ، لایەنێك ووتویەتی : با بچین بۆ لای پێغەمبەر ﷺ ئەوەی دیکە ووتویەتی : نەخێر ، با بچین بۆ لای (کەعبی کوری ئەشرف) کە ئەو پیاوە سەرۆکی جوولەکەکانی خەیبرە بوو ...

کەواتە : ئەگەر کەسێك بە هیچ لە شەریعەتی (خوای گەورە) ڕازی نەبێ ، هەر بە هیچ کام لە حوکمەکان ، دیارە ئەوە کافرە و حەوت جار کافرە ، کوفرەکەی هێدە تۆخە و هێندە زەقە ، هەر کۆتایی نیە بۆچی ..؟! چونکە ئەگە (خوای گەورە) سوێند بخوات بە پەروەردگاێتیی خۆی ، کە هەر کەسێك بە یەکێك لە حوکمەکانی من ڕازی نەبێ و ، لە یەکێك لە کێشەکانی دا ئامادە نەبێ ، شەریعەتی من بکا بە دادگەر یان دادوەر و ، پێغەمبەری من ﷺ بکات بە حەکەم یان دادوەر ، ئەوە ئیماندار نیە ، ئەدی کەسێك کە لە هیچ شتێکدا بە شەریعەتی خوا ڕازی نەبێ ، حوکمی چۆنە ..؟! بە دڵنیایەوە وەك باسمان کرد ئەوە هەر کافرێکی زۆر سەر سەختە ، ئینجا وەك باسمان کرد با نوێژ بکات و ڕۆژووش بگرێ ..!! ئەوا هیچ لە مەسەلەکە ناگۆرێ ، چونکە نوێژ و ڕۆژووی وا هیچ سوودێکی نابێ ..!! چونکە ئەگەر نوێژو ڕۆژووی ڕاستەقینە بووایە و ، کاتێك مرۆڤ سەر بۆ خوا دەخاتە سەر زەوی ، بزانێ چی دەکات و کاتێك ، کە دەڵێ : خوایە ! هەر تۆ دەپەرستم ! بزانێ چی دەڵێ ..؟! چۆن هەڵوێستی وادەبێ ..؟! ئاخر ئەگەر بەس خوا دەپەرستێ ، بۆچی بە شەریعەتەکەی ڕازی نابێ ..؟! بەڵێ پەرستنی خوا ، ئەوەیە کە مرۆڤ ئەوپەری ملکەچیی بۆ خوا هەبێ ، جا ئەوە چ ملکەچییەکە بلێ : ئەی خوایە ! تۆ دەپەرستم ، بەڵام بە شەریعەتەکەت ڕازی نیم ..؟! موسڵمانم بەڵام شەریعەتی تۆم ناوێ ..؟!

کەواتە : (تحكيم) ی کتێبی خوا، ئەوەیە کە بیکەیە حەکەم یان دادوەر و حوکمڕان ، واتە : هەر ئەو چارەسەرکار و دادوەر بێ ، بۆ یەکلاکردنەوەی کیشە و گرفتەکان و مشت و مڕەکات و بەس ئەویش بەرنامە بێ ، چونکە (خوای گەورە) لە قورئاندا هەم خۆی بە حەکەم یان دادوەر ناو بردوە و ، هەم خۆیشی بە حوکمڕان ناو بردووە ...

ئینجا هەندێك لە زانایان دەڵێن : (حَكَمْ) و (حاكِم) هەر یەکن ، بەڵام وا پێ ناچی ، چونکە (حاكم) واتە : ئەو کەسەی ، کە بەرنامە دادەنێ ، یان حوکمڕانیی دەکات ، دەیارە خوای بێ هاوتا ، بۆ خی حوکمڕانیی ناکات ، بەڵام بەنامەی داناوە بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ حوکمڕانیی کردووە ، لە دوای ئەویش جێ نیشینەکانی ، لە دوای ئەوانیش هەر کەسێك دەسەڵاتی ئیسلامی گربێتە دەست ، دەبێ حوکمڕانیی بکات ، بە پێی بەنامەی (خوای گەورە) بەڵام وە چۆن خوا حاکمە بە مانای بەرنامە ڕێژ (مشرع) دیسان حەکەمیشە ، (خوای گەورە) هەردووکیانی فەرمووە لە بارەی (حاكم) بوونیەوە دەفەرمووێت : ﴿أَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِأَحۡكَمِ ٱلۡحَٰكِمِينَ ٨﴾ [التِّين : ٨] **واتە : ئایا خوای گەورە دادوەرترین دادوەر نیە؟ بەڵێ، واتە: هیچ دادوەرێك وەکو خوای گەورە دادوەرو دادپەروەر نیە کە مسقالە زەڕەیەك زوڵم و ستەم لە هیچ کەسێك ناکات، بەڵکو خوای گەورە بە دادپەروەری بڕیار لە نێوان هەموو کەسێکدا ئەدات، بەڵام ئەم فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - کە (وَالتِّينِ وَالزَّيْتُونِ)ی خوێندبێ و گەیشتبێ بە کۆتاییەکەی (أَلَيْسَ اللَّهُ بِأَحْكَمِ الْحَاكِمِينَ) کە وتبێتی با هەر کەسێك گەیشتە ئەوێ بڵێ: (بلى وَأَنَا عَلَى ذَلِكَ مِنَ الشَّاهِدِينَ) ئەو فەرموودەیە صەحیح نیە زەعیف و لاوازەو هیچ شتێك ناڵێیت، والله أعلم.**

هەروەها لە بارەی (حکم) بوونییەوە (خوای گەورە) فەرموویەتی : ﴿أَفَغَيۡرَ ٱللَّهِ أَبۡتَغِي حَكَمٗا وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ إِلَيۡكُمُ ٱلۡكِتَٰبَ مُفَصَّلٗا﴾ [الأَنۡعَام : ١١٤] **واتە : ئەهلی کتاب دەزانن قورئان حەقە} [أَفَغَيْرَ اللَّهِ أَبْتَغِي حَكَمًا] کاتێ داوایان لە پێغەمبەر کرد- صلى الله عليه وسلم - حەکەم و ناوبژیوان و دادوەرێك بخاتە نێوان خۆی و کافرانەوە، خوای گەورە فەرمووی: پێیان بڵێ ئایا لە غەیری خوای گەورە ئەتانەوێ من کەسێکی تر بکەم بە حەکەم و دادوەر لە کاتێکدا دادوەرترین دادوەر خوای گەورەیە [وَهُوَ الَّذِي أَنْزَلَ إِلَيْكُمُ الْكِتَابَ مُفَصَّلاً] وە خوای گەورە ئەو کتابەی بەدرێژی و ڕوونکراوی بۆ ئێوە دابەزاندووە...**

چەند حوكمێك لە قورئانی پیرۆزدا

بێ گومان لە ناو هەر كۆمەڵگایەك چەند كردەوەیەكی خراپە هەیە كە ڕوودادات لە لایەن هەندێك لە سنوور دەرچوان یان پیاو خراپان و بە كردەوەیەكی بەدرەوشت كە لە ناو كۆمەڵگاكان ڕوودەدات دەبێتە هۆكاری فیتنە ئاشووب لە نێو تاكە كانی ئەو كۆمەڵگایە ، هەر بۆیە ئایینی ئسیلام بۆ بەر بەست كردنی هەر یەك لە خراپانە سزایەكی تایبەتی داناوە كە ئەبێت ڕووی تێبكرێتە ئەو كە سانەی ئەو خراپانە ئەنجام دەدەن ..!!

هەر بۆیە ئەوانەی دژایەتی شەریعەتی ئیسلام دەكەن وەك ئەوانەی مولحیدەكان و مونافیقەكان كافرەكانی ئەم سەردەم ڕەخنە لە سزاكانی ئیسلام دەگرن بە ڕانبەر بە خراپكاران و بەدرەوشتان وتاوانكاران ، لە كاتێك دا دەبێت سزایەك هەبێت ئەوانەی كە تاوان بەرامبەرانبەر بە مرۆڤایەتی دەكەن ، سنوورێكیان بۆ دابنرێت كە كەسانێكی تر هاوشێوەی ئەو خراپەكارانە دووبارە نەكەنەوە، ئینجا ئێمە هەندێك لەو حوكم و سزایانە ڕوون دەكەینەوە ، ئەو كەسانەی ئەو كردەوە خراپانە و تاوانانەدەكەن دژ بە مرۆڤایەتی ، سزاكان دەخەینە ڕوو سزاو حوكمە كانیش ئەمانەن :

یەكەم : حوكمی سزای كوشتن :

هەر كەسێك بەبێ هیچ حەقێك بە غەدر دەستی كوشتن بۆ یەكێك درێژ بكات و بی كوژێت ، ئەوا كەس كارەكەی حەقیان هەیە داوای تۆڵە سەندن لەو كەسە بكەن تا دادگا بۆیان ئیعدام بكات ، ئینجا دادوەر یان دادگەر ، وەیان دادگا یان مەحكمە ئەم داواكردنە یان بێنێتە دێ ..!! چونكە كوشتنی هەر كەسێك بە بێ تاوان یان بە بێ حەق و ڕەوا دوو تاوان یان خراپەكاری دەبەخشێ ، خراپەیەكێیان ڕوو دەكاتە كوژراوەكە و كەس و كاری كورژاوەكە ، خارپەیەكی تریشیان ڕوو دەكاتە كۆمەڵگا ئاشوون فیتنە ناونەوە دژومنكاریكردن دێتە دێ ..؟!

هەر بۆیە كوشتنی بە ناحەق نارەوا ڕووی لە گیانێكە لە ناو كۆمەڵگا كە بەشێكە لە گیانی ئەو كۆمەلگایە ، كە هەموو دانیشتوەكانی ئەو كۆمەڵگایە تێدا بەشدارە ، چونكە ئەوەی بە ناحەق و ناڕەوا ڕوو بكاتە گیانی یەكێك وەكو ئەوە وایە ڕووی كردبێتە گیانی هەموو گۆمەڵگای مرۆڤایەتی ، هەروەك چۆن باسمان كرد جگە لە حەقی كوژراوە كەو كەس وكارەكەی حەقی هەموو گۆمەڵگاشی لەسەرە..؟!

هەربۆیە (خوای گەورە) لە بارەی باسی كوشتنی (هابیل) لە لایەن براكەی (قابیل) دەفەرمووێت : ﴿مِنۡ أَجۡلِ ذَٰلِكَ كَتَبۡنَا عَلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ أَنَّهُۥ مَن قَتَلَ نَفۡسَۢا بِغَيۡرِ نَفۡسٍ أَوۡ فَسَادٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا وَمَنۡ أَحۡيَاهَا فَكَأَنَّمَآ أَحۡيَا ٱلنَّاسَ جَمِيعٗاۚ وَلَقَدۡ جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُنَا بِٱلۡبَيِّنَٰتِ ثُمَّ إِنَّ كَثِيرٗا مِّنۡهُم بَعۡدَ ذَٰلِكَ فِي ٱلۡأَرۡضِ لَمُسۡرِفُونَ ٣٢﴾ [المَائـِدَة : ٣٢] **واتە : [مِنْ أَجْلِ ذَلِكَ كَتَبْنَا عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنَّهُ مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ] لە پێناو ئەم كوشتنەدا كە یەكەم كوشتن بوو لەسەر ڕووی زەوی ڕوویدا، وە لەبەر ئەوەی یەكەم خوێن لەناو ئەواندا ڕژا، وە ئەوان زیاتر خوێنڕێژی لەناویاندا بووەو پێغەمبەرانیان كوشتووە: لەسەر هەموو خەڵكی و بەتایبەتی بەنو ئیسرائیلمان نووسی وە تەشریعمان كردو رامانگەیاند كە هەر كەسێك بەناحەق كەسێك بكوژێ كە تۆڵە سەندنەوە نەبێت و كەسێكی بە ناحەق نەكوشتبێت، یاخود فەسادی لەسەر زەوی نەنابێتەوە، واتە: شەریكی بۆ خوا دانەنابێت، یان كوفری نەكردبێت، یان ڕێگری و چەتەیی نەكردبێت (ئەوەی ئەمانە بكات دەكوژرێت بەڵام حاكمی موسڵمان دەیانكوژێت نەك تاكە تاكی خەڵكی) [فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا] یەك كەسێك بكوژیت وەكو ئەوە وایە كە هەموو خەڵكت كوشتبێت لە تاواندا [وَمَنْ أَحْيَاهَا] وە ئەگەر كەسێكیش بژێنیتەوەو ئەتوانی بیكوژی بەڵام لەبەر خوا لێی خۆش ئەبیت، یان كەسێك ڕزگار ئەكەیت لە خنكاندن و سووتاندن و تیاچوون [فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا] وەك ئەوە وایە كە هەموو خەڵكی سەر ڕووی زەویت ژیاندبێتەوەو ڕزگار كردبێت لە ئەجرو پاداشتدا [وَلَقَدْ جَاءَتْهُمْ رُسُلُنَا بِالْبَيِّنَاتِ] وە پێغەمبەرانی ئێمە بەبەڵگەی ڕوون و ئاشكرا بۆ لای خەڵكی هاتوون و ناردوومانن [ثُمَّ إِنَّ كَثِيرًا مِنْهُمْ بَعْدَ ذَلِكَ فِي الْأَرْضِ لَمُسْرِفُونَ (٣٢)] پاشان زۆرێك لە خەڵكی لە دوای ناردنی پێغەمبەران لەسەر زەویدا ئیسراف و خراپەكاری ئەكەن لە كوشتندا...**

بەڵێ لە (حكم) كردن بە قورئان بڕیاردان بە تۆلە وەرگرتن ، بە ئیعدام یان كوشتنەوەی بكوژەكە كە كەسێكی كوشتووە بە ناحەق ، چونكە كەسێكی كوشتووە گیانی تێدا بووە ، ئەویش حوكمەكەی ئەوەیە كە (خوای گەورە) دەفەرمووێت : ﴿وَلَكُمۡ فِي ٱلۡقِصَاصِ حَيَوٰةٞ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٧٩﴾ [البَقَرَة : ١٧٩] **واتە : [وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ] لە تۆڵە سەندنەوەدا ژیان بۆ ئێوە هەیە ئەی ئەو كەسانەی كە عەقڵتان هەیە، كاتێك كە بكوژەكە ئەكوژرێتەوە كەسانێك پێی ئەژێنەوەو كوشتن كەم دەبێت [لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ (١٧٩)] بەڵكو تەقوای خوای گەورە بكەن بۆ ئەوەی ئیتر دەستتان نەچێتە خوێنی یەكتری بۆیە خوای گەورە تۆڵەسەندنەوەی داناوە...**

هەر بۆیە ئەو بڕیاردانە یان ئەم (حوكمە) ئعدامە یان كوشتنەوەیە بۆ ئەو كەسەی ئەیەوێت كەسێك بە غەدرو ناحەق و ناڕەوا بكوژێت ..!! چونكە ئەزانێت بەو كوشتنەی كەسی بێ تاوان بە ناحەق ژیانی خۆی لەناو ئەبات و دەكوژرێتەوە یان ئیعدام ئەكرێت ، چونكە ژیان لە لای مرۆڤ شیرینە تا بۆ بكرێت ئەم تاوانە گەورەیە ئەنجام نەدات ، هەڵبەتە حوكمەكەی یان بڕیاردان بە كوشتنەوە زۆر كارێكی گرنگە و دادوەرانەیە ، چونكە زۆر كەس لەم تاوانە گەورەیە دوور دەخاتەوە ئەنجامی نادات ..؟! هەروەك لە فەرمایشتی (خوای گەورە) لە كۆتایی ئایەتەكەدا دەفەرمووێت : ﴿يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ﴾ [البَقَرَة : ١٧٩] واتە : ئەی ئەو كەسانەی كە عەقڵتان هەیە ، ئەمەش مانایەكی زۆر ورد و قوڵی هەیە ، چونكە فەرمانەكە یان فەرمایشتەكە بۆ ئەوە ئەبێت بیر لە ئەمن و ئاسایشی گومەڵگا و وڵات و میللەت بكرێتەوە ، ڕێگا نەدرێت تاوانكاری بەم شێوەیە ڕوو بدات لە نێوان خەڵكی دا ، چونكە دەبێتە ئاشووب فیتنە و ئاژاوەو دوژمنكاری نێو تاكە كاری كۆمەڵگا ، هەر بۆیە نابێت بە چاوی بەزەیی تەماشای بكوژ بكرێت ..!! كە كەسێكی كوشتووە مرۆڤێكە لە مرۆڤەكانی نێو كۆمەڵگادا ، بە ناحەق گیانی لێوەرگرتووە ، هەر بۆیە فەرمایشتەكەی (خوای گەورە) ڕوو دەكاتە ئەو كەسانەی كە كاربەدەست حاكم و دادوەرو بڕیار بەدەستی نێو گۆمەڵگان ، چونكە بڕیاردانیان دەبێت بە پێ عەدالەت و تەرازوی ڕاست و تەواو بێت ، هەرچی لە خزمەتی ئایین شەریعەت مرۆڤایەتی دابێت ئەبێ ئەمەی لێ ڕوویدات ..!! بەڵێ ئەگەر دادوەر یان كاربەدەستی و بڕیار بەدەست تۆلەكە نەسەنێتەوە بۆ كەسە كوژاراوەكە یان خاوەنی كەسە كوژاوە ، ئەوا دەستی بە خوێنی كوژراوەكە سور دەبێت ، دەبێت ئیجتهادی لە كارەكەی خۆی دابكات ، حەقی كوژراوەكەی وەربگرێتەوە ...

دووەم : سزای داوێن پیسی (زینا) :

بەڵێ (خوای گەورە) بۆ بەردەوام بوونی ژیانی ئادەمیزادی نێرو مێی هێناوەتە دێ ، هەورەکو ئەم وایە لە هەموو گیان لەبەرەکانی دیکە ، چ گەورە بن چ بچووك ، چ بێ باڵ بن چ بەباڵ ، چ لە ناو ئاو بن چ لە دەشتایی و چۆلای دا بژین ، ئەمە سروشتی ژیانە ، ئادەمیزادیش بەم سروشتە یاساو ڕێسایی بۆ دانراوە جگە لە بوونەوەرانی دیکە ، هەر بۆیە بەردەوام بوونی ژیان لە ئادەمیزاد بە یەکگرتنی دوو ڕەگەزە ئەویش ڕەگەزی نێرو ڕەگەزی مێیە ، وە دەبێت ئەو یەکگرتنە بە یاساو ڕێسایی سورشتی ژیانی ئادەمیزاد بێت کە (خوای گەورە) لە قورئانەکەی بۆ مانی دەرخستوە ، نەك بە شێوەیەکی بەرەڵلایی بێت هەروەکو گیان لەبەرەکانی دیکە ..!! جا چ پیاو یان ئافرەت دەبێت دەست بە سەر شەرف و ناموسی خۆی بگرێت ، نابێت وەکو گیان لەبەرەکانی دیکە هەریەکە هەر ڕۆژە ڕوو لە یەکێك لەوەکەی دیکە بکات و لە گەڵی جووبێت یان جیماع بکات ، بێ گومان بەشێکی زۆری لە کافرو مولحیدەکان و مونافیقەکان بەناوی ئازادی تاکە کەسی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەو دیاردەیە بەربڵاوە هەستی پێ دەکرێت ، خێزانە کان لێك ترازاون و ، مندالەکان بە ئەستەم باوکیان دەدۆزنەوە ، ئەمەش دیاردەیەکی زۆر خراپەکاری بەهایی مرۆڤایەتی نەماوە ، بەدرەوەشتی چۆتە قیمە کەس کەس ناناسێتەوە ، هەر بۆیە ڕێدان بەم دیاردەیە بناغەی کۆمەلاتی ئەهەژێنی و شیرازەی خێزانداری دەشێوێنی ، ریشەی خزم و خزمایەتی دەپچرێنی ، میهرەبانی باك و دایك لە ناو دەبات ، هەروەها ژمارەی دانیشتوانی جیهان لە جیاتی ڕوو لە زیاد بوون بکات ، بە پێچەوانەوە ڕوو لەکەم بوون دەکات ، ئەم دیاردە ئاشکرایە لە هەندێك وەڵاتەکانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی ڕوو لە زیاد بوونە ، وە تێکەڵ بوونی نێرو مێی ئەوەی لە نێوانیان ڕوودەدات ، بێ گومان ئەمە بێ فەرمانی خوداو پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ ،وە یان لە ڕوویی شەریعەتەوە ڕێگە پێدراو نیە ، هەر پەیوەندیەکی نێرو مێ ئەگەر بە پێی شەریعەت نەبێت ، ئەوا بێ گومان سەر دەکێشی بۆ (زینا) یان داوێن پیسی نێوان پیاو ئافرەت ..!!

بەڵێ (خوای گەورە) لە قورئانی پیرۆزداسزایەکی تایبەتی بۆ دیار کردووە فەرمانی داوە بە سزادانی ئەو کەسانەی کە ئەو داوێن پیسەیە ئەنجامدەدە لە پیاوان و ئافرەتان کە (زینا) دەکەن هەروەك (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿ٱلزَّانِيَةُ وَٱلزَّانِي فَٱجۡلِدُواْ كُلَّ وَٰحِدٖ مِّنۡهُمَا مِاْئَةَ جَلۡدَةٖۖ وَلَا تَأۡخُذۡكُم بِهِمَا رَأۡفَةٞ فِي دِينِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۖ وَلۡيَشۡهَدۡ عَذَابَهُمَا طَآئِفَةٞ مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ۝٢﴾ [النور : ٢] **واتە : {سزای زیناکار پێش هاوسەرگیری} [الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ] کچی زیناکار یان کوڕی زیناکار پێش ئەوەی کە زەواجێکی شەرعی بکەن ئەگەر بە ویستی خۆیان زینایان کرد هەر یەکێك لەوانە سەد جەڵدەو قامچیان لێ بدەن، وە لەسوننەتیشدا هاتووە بۆ ماوەی ساڵێك لەو شوێنە دوریان بخەنەوە، ئەگەر خۆیان دانیان پێدا نا، یان چوار شایەت هەبوو، یان کچەکە حەملی هەبوو [وَلَا تَأْخُذْكُمْ بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ] وە بەزەیشتان پیادا نەیەتەوە لە ئەنجامدان و جێبەجێ کردنی ئەم سنوورەی خوای گەورە (بەزەیی وا لە حاکم نەکات ئەم حوکمەی خوای گەورە جێ بەجێ نەکات) [إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ] ئەگەر ئێوە ئیمانتان بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەیە [وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ (٢)] وە با کۆمەڵێك لە باوەڕدارانیش ئامادەی ئەم سزایە ببن وە لە پێش چاوی خەڵکی بە ئاشکرا جێبەجێ بکرێت بۆ ئەوەی ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی خەڵکی لەو تاوانە دوور بکەوێتەوە (بە یەك کەس و سەروتر دەوترێت: طَائِفَة).**

بەڵێ مەبەست لە بڕیاردان یان ئەو فەرماندانە بەو سزایە بە ڕاستی پێش ئەوەی مەبەست پێی سزای هێنانە دێ ئەو کارە تاوان و گوناهە بەخشە بێت ، مەبەست پێی دەرخستنی خراپی و ڕوو کردنە ئەم کارە قێزەونە ، کە ئابڕوو چوونی تێدایە و حەیاچون ئەیەخشێ بە تایبەتی بۆ ئافرەتان ، چونکە نابێت پیاو ئافرەتی ئیماندار بە خوداو بە پێغەمبەرەکەی ﷺ نزیکی ئەم کارە ئابروو چوونە ببنەوە ، وەیان ڕوویان بۆ لای ئەم کارە قێزە وونە وەرگێرن ، هەروەها مەبەست پێی دەرخستنی زۆر گەورەیی و خراپی ئەو کارەیە (زینا) یان داوێن پیسی ، چونکە کاری زۆر خراپی لێ ڕوو ئەدات ، بۆ نموونە : وەك ئەوەی ئافرەتەکە زەکی پردەبێت و لای خەڵك ئەو کردەوەیە عەیبدارو ئابروو چوونە ، کاتێك لێ ئاشکرا دەبێت سەر شۆڕو ریسوا دەبێت لەلای خەڵکدا ، هەروەها پیاوەکەش بە هەمان شێوە عەیبدار دەبێت ، بەم هۆیەوە نازانێت ناوەکەی کوێیە یان ئایان لەم مندالە هی خۆیەتی یان هی کەسێکی ترە ، هەروەها ئافرەتەکەش کە مندالە کەی دەبێت نازانێت باوکی کامەیە ، وەیان کێ دەبێتە بە خێو کەری ئەم مندالە ..؟! هەندێك جاریش وا ئەبی کەس کاری ئافرەتە بۆ ئەوەی ئابروویان نەچێت تاوانەکە بە نهێنی دەهلێنەوە مندالەکە کە بێ تاوان لە دایك بووە دیکوژن ..؟! وەیان لە پەرۆیەکی دەپێچن دەیبەن بۆ سەر شەقامێك بە زیندووی فرێدەدەن ..؟!

بەڵێ پێغەمبەری خوا ﷺ دەربارەی ئەم کارە فەرموویەتی : هەر کەسێك چ پیاوبێت یان ئافرەت ئەگەر ڕووی کردە ئەم کارە خراپە (زینا) یان داوێن پیسی ، ئەوا با هەر لای خۆی بە نهێنی بمێنێت لای کەس باسی نەکات ..!! هەڵبەت لە م زەمانەی ئێستا (زینا) یان داوێن پیسی بە ئاشکرا دەکرێت لەسەر شەقامەکان باغ و باغچەکان و شوێنە تاریکەکان یانە کانی لەش فرۆشی شەوانە ، ئینجا کەسی وا هەیە حەیا ئابرووی نەماوە ئەم کارە خراپە قیزەونە شانازی پێدەکان لەلای هاورێکانی باس دەکات ، بێ شەرم مانە لای فی پێ لێدەدات ..؟! وەیان وێنەو فیدیوی خۆی ئەم کارە خراپە لە گەل ئافرەتەکە بڵاو دەکاتەوە بێ شەمانە شانازی پێوە دەکات ..؟!

سێیەم : سزای دزی کردن :

بەڵێ دزی کردن کارو کردەوەیەکی زۆر خراپ و قێزە ونە ، جا چ پیاو بێکات یان ئافرەت ، هەر بۆیە خراپییەکەی روو ئەکاتە ئەو کەسەی دزیەکەی لێ دەکرێت ، وە تووشی زەرەو زیان و خەمێکی قووڵ دەبێت بە هۆی ئەو دزیەی کەلێی کراوە ، هەروەها خراپەییەکەی ڕوودەکاتە ئەمن ئاسایشی کومەڵگا ، چونکە ئەگەر سەیر بکەین کەسێك بە هەموو ژیانی ڕوودەکاتە کار کردنی حەڵاڵ بە هۆیەوە بڕ پارەیەکی یان ماڵێکی کۆدردۆتەوە ، کەسێکیش دێت بێ بەزەیانە دەست دەگرێت بەسەر ماڵ سامانەکەی دەیبات بە دزی ، ئەو کەسەی کە دزیەکەی دەکات زۆر بەئاسانی بێ رەنج و ماندوو بوون ئەو بڕە پارەیە یان ماڵە بەدەست دەهێنی بە دزی کردن ، زۆر جار دز چۆتە نێو ماڵێك خاوەن ماڵ بە خەبەر بووە لە پێناوی بەرگری لە ماڵەی خۆی دزەکەی کوشتووە ، واش بووە دزەکە چۆتە نێو ماڵێك خاوەن ماڵەکە دەسەلاتی نەبووە بەسەری دا ، ئەویش بە ئاسانی دزی لە ماڵەکە کردووە ، هەر بۆیە دز جگە لەوەی زەرەرو زیان بە خاوەن ماڵ دەگەیەنێ ، بەڵکو باش دزیکردنەکە فیتنەو ئاشووب ئاژاوەش ڕوو لەماڵەکە دەکات ، چونکە هەموو کەسێك دەخاتە نارەحەتی دڵەراوکێ ترس بیمە ، جا ئەگەر سەرنجێك بدەین کە دزی کردن چ کردەوەیەکی خراپە ئاشووب فیتنەی لە دوای خۆی دەهێنیت بۆ سەر کۆمەڵگا ، هەروەك دزی کردن لە هەموو سێکتەرەکانی ژیاندا ، جا ئەوەی کە کاربەدەستە ئامانەتیکی لایە یان ئەوەی فەرمانبەر یان ئەوەی خاوەن کارێك یان ئەوەی بەقاڵ و دووکاندارێکە دزی لە پێوانە کێشان دەکات ، وەیان ئەو کەسەی دزی لە ماڵی دەوڵەت دەکات ، ئەمانەت سپاردەی لەبەردەستیەتی پارێزگاری لێ ناکات ، دزیکردن بە هەموو جۆرەکانیەوە کردەوەیەکی خراپ و قێزەون بەد رەوشتی خراپەکاریە لە نێو کومەڵگا ، هەروەها بناغەی هەر دەولەتێك بە ئەمانەت پارێزیەوە بەندە ، ئەگەر دزی کردن و ئەمانەت پارێزی نەمان ئەو وڵات بەرەو خراپەکاری و گەندەلی دەچێت ، تووشی هەزمەی یان قیرانی ئابووری برسیەتی دەچێت ، ئەوەی ئێستا کە ڕوودەدات لەم سەردەمەدا کە ئەمانەت نەماوە ، خەڵکی ئەوەندە بەدوایی ماڵ پارەی حەرامە ئەوەندە بەدوای کاسبی حەڵاڵەوە نیە ..؟! هەر بۆیە دزی کردن زۆر بووە کەسیش تێدا لێ پرسینەوەی لەگەڵ ناکرێ ، بەڵکو دزەکانی ئەم سەردەم لە جومگەی دەلەت دان خۆیان حەشارداوە ، وەیان دزی کردنیان کردووە بە یاسایێك خۆیان پێ دەپارێزن ، هەر بۆیە قورئانی پیرۆز سزای دزی کردنە بۆ موسڵمانان داناوە ، ئایینی ئیسلام بۆ بەرامبەر وەستانی ئەم کارە خراپە زیان و ترس بەخشە لەمەچەکەوە دەست بڕینی بۆ دز داناوە ، هەروەك (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقۡطَعُوٓاْ أَيۡدِيَهُمَا جَزَآءَۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلٗا مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ٣٨﴾ [المَائـِدَة : ٣٨] واتە : {دەستی دز ببڕن}

واتە : {دەستی دز ببڕن} [وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا] دز چ پیاو بێ یان ئافرەت ئەوە دەستی ڕاستیان ببڕن تا مەچەکیان نەوەکو قۆڵ، ئەگەر ئەو ماڵەی دزیویانە نرخەکەی لە ڕوبعە دینارێکی ئاڵتوون زیاتر بێت، واتە: ڕوبعە مسقاڵێکی ئاڵتوون زیاتر بێ، وە ماڵەکە پارێزراو بێت و چووبێتن بۆی [جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالًا مِنَ اللَّهِ] ئەوە وەکو سزایەك بەهۆی ئەو کردەوە خراپەی خۆیان کە دزیەو کردوویانە، وە وەکو سزایەکە لە خوای گەورەوە ببنە پەندو عیبرەت بۆ خەڵکی تر [وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (٣٨)] وە خوای گەورە زۆر بەعیززەت و کاربەجێیە...

بەڵێ ئایینە کانی غەیری ئیسلام ئەوانەی بانگەشەی مافی مرۆڤ دەکەن ، عەلمانی و ڕۆژئاواییەکان و مونافیقەکانی ئەم سەردەمە ، رەخنە لە ئایینی ئیسلام دەگرن ، تەماشایی ئەم سزایە یان ئەبڕیارە دەکەن کە بۆ دزی کردن دانراوە ، ئەویش دەست بڕینە لە مەچەکەوە هەر کەسێك بەم کارە خراپە هەستێت ، ئەوان دەلێن : دەبێت دز حەپس بکرێت ، یان لە زینداندا بێت تاکو سزاکەی تەواو دەبێت ، خۆ ئەگەر تەماشای بەندیخانەکان ڕۆژئاوا بکەین یان ئەو بەندیخانەی ئەو وڵاتە ئیسلامیانە کە ئەم سزایە جێ بە جێ ناکات ، بۆ نموونە وڵاتی خۆمان ئەگەرسەیری تۆماری ئەو دزانە بکەین لە بەندیخانە کان دا هەن دەبینی هەر یەکەو چەندین جار بەند کراوە لە سەر دزی کردن ، هەروەها ئەو بەندیخانانەی وڵاتی ڕۆژئاوا بە تایبەتی وڵاتی ئەمریکا بەندیخانە کانیا پڕ بووە لە کەسانێك کە دزی دەکەن ، ژمارەیان بەرەو زیاد بوون دەچێت ، هەیانە چەندین جار بەربووە دووبارە دزی کردۆتەوە هەر بەند کراوە ، ئەم بێ گومان دیاردەی دزی کردن زیاتر دەکات ، چونکە ئەو دزی خۆی کردووە و دواتریش لە بەندین خانە شوێنی خەوتن و خواردنی بۆ ئامادە دەکرێت بۆ ماوەیەك ئینجا خەرجی زۆر زیاتر دەکەوێتە سەر ئەم وڵاتە بۆ ئەوەی بەندیەکەی پێ تەواو بکات ..؟! ئینجا کاتێکیش بەر دەبن هەر هەلە پێشوو تر دووبارە دەکەنەوە ، کەواتە : ئەم دیاردەیە بن بڕناکرێ بەڵکو زیاتر دەبێت ، چونکە بەند کردن هیچ جارێك ئازاری پێناگەیەندرێ تا ببێتە پەند و عیبرەت بۆی جارێکی تر دزی نەکاتەوە ..؟!

بەڵام ئەگەر سزای دزی کردن ئەو سزایە بێت کە (خوای گەورە) لە قورئاندا بۆی داناوە ، ئەوا دزی لە ناو کۆمەڵگا وڵات بەتەواوی بنبڕ دەبێت ، ڕووتێکردنەکەی زۆر کەم دەبێتەوە ، چونکە زۆر کەس لەوانەی دەیانەوێ دزی بکەن لێ دەترسێن بە سزادانی دەست بڕینیان لەمە چەکەوە ..؟! وە دەست یان لە کیس ئەچێت ، لە ناو خەڵکی دا شەرمەزارو عەیبدار دەبێت بە بڕنی دەستی لە مەچەکیەوە ، هەر بۆیە خەڵکی بە گشتی لەم کارە دوور دەکەونەوە ، چونکە ئەزانێت دەستی خۆی لە کیس ئەچێت و لە ناو خەڵکیشا بە چاوێکی نزم و کەم تەماشا ئەکرێت ..؟! هەر بۆیە لە وڵاتی (سعودیا) پێش ئەوەی نەوتی تیا دەرکەوێت وڵاتەکە ئابووری تێدا ببوژێتەوە خەڵکی هەژاری زۆر بوو ، لە گەل ئەمەش دا دزی زۆر کەم بوو بە بەراوورد بە وڵاتانی تر ، چونکە ئەوەی ویستی دزی کردنی بوایە لە بەر سزاکەی کە دەست بڕین بوو ، نە دەوێرا ئەم کارە قێزەونە بکات ، بەڵێ بێ گومان لە سزای دزی کردن بۆ دەست بڕین چەند مەرجێك هەیە ئەویش بۆ دەست بڕینە ، ئەم مەرجانە هەندێکیان پەیوەندی بە دزەکەوە هەیە هەندێکی تریش پەیوەندیان بە وڵاتەوە هەیە ، هەندێکیان پەیوەندیان بە شوێن و کاتی دزی کردنە کەوە هەیە ، هەندێکیش بە پەیوەندی بە خاوەن ماڵەکە وە هەیە ، هەر بۆیە (ئیمامی ئەبن حەجەر) — ڕەحمەتی خوای لێ بێت — دەڵێت : بە درێژایی حوکمی ئیسلام لە وڵاتانی ئیسلاما تەنیا لەبەر دزی شەش دەست ڕاوە ، لە سەردەمی خۆی ، ئەمەش لەبەر چی وابووە لەبەر دووشت : یەکەمیان : بڕیاردان بە دەست بڕین لە هەموو ئەو ماوەیە بۆ تە هۆی ئەوەی دزی کەم ڕووبدات ..؟! دووەمیان : ئەوەیە کە بەشی زۆری ئەو دزیانە ڕوویدابێت مەرجی دەست بڕینی تێدانە هاتۆتە دێ تا دەست ببڕدرێت ..؟! بەڵێ یەکێك لەو مەرجانەی کە دزی کردن سزاکەی لەسەر جێ بەجێ ناکرێ ئەوەیە کەسی دزی کر لە برسیەتی دزییەکەی بکات ، هەروەك (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡمَيۡتَةَ وَٱلدَّمَ وَلَحۡمَ ٱلۡخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ بِهِۦ لِغَيۡرِ ٱللَّهِۖ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ١٧٣﴾ [البَقَرَة : ١٧٣]

واتە : [إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ] ئەو شتانەی کە خوای گەورە لێتانی حەرام کردووە بزانن مردارەوە بووی وشکانی نەك دەریا هی دەریا حەڵاڵە [وَالدَّمَ] وە خوێنیش جگە لە جەرگ و سپڵ کە حەڵاڵە [وَلَحْمَ الْخِنْزِيرِ] وە گۆشتی بەراز کە حەرامە بەهەموو شێوازێك [وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللَّهِ] وە هەر ئاژەڵێك کە بۆ جگە لە خوا سەر ئەبڕێت یان ناوی جگە لە خوای لەسەر ئەهێنرێت [فَمَنِ اضْطُرَّ] لەم مردارەوەبوو لە خوێن و لە گۆشتی بەرازو لە ئاژەڵێك کە بۆ جگە لە خوا سەربڕابێ ئەگەر کەسێکیش ناچار بوو لە ناچاری و زەرورەتدا لێی بخوات بۆ ئەوەی لە برسا نەمرێت دروستە [غَيْرَ بَاغٍ] بەڵام زیادڕەوی نەکات و تێری لی نەخوات بەڵکو ئەوەندە بخوات کە نەمرێ [وَلَا عَادٍ] وە جارێکی تریش نەگەڕێتەوە سەری [فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ] ئەوە تاوانبار نابێ خوای گەورە ڕوخسەتی پێداوە بۆ زەرورەت و ناچاری یە [إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ (١٧٣)] بەڕاستی خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو و بەڕەحم و بەزەییە...

ڕێگای ڕووناکی

بەرچاوڕوونییەک بۆ ژیانێکی قورئانی

کتێبی : ڕێگای ڕووناکی: بەرچاوڕوونییەک بۆ ژیانێکی قورئانی

لە نێو کار و بەرهەمە بەپێزەکانی نووسەر (قاسم موحسین عولا)، کتێبی "ڕێگای ڕووناکی: بەرچاوڕوونییەک بۆ ژیانێکی قورئانی" وەک پرشنگدارترین وێستگەی ئیمانی و فیکری دەردەکەوێت. ئەگەر بەرهەمەکانی پێشووی نووسەر هەوڵێک بن بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن لە چەمکە جیاوازەکانی کۆمەڵگا و ژیان، ئەوا ئەم کتێبە تێکرای ئەو هەوڵانە چڕ دەکاتەوە و دەیانکاتە نەخشەڕێگایەک بۆ گەڕانەوە بەرەو سەرچاوە ڕەسەنەکە، کە قورئانی پیرۆزە. نووسەر لەم بەرهەمەیدا تەنها دیدگایەکی تیۆری و رووکەش ناخاتە ڕوو، بەڵکوو بەرچاوڕوونییەکی پراکتیکی و ڕۆحی پێشکەش بە خوێنەر دەکات تاوەکوو بتوانێت بنەماکانی قورئان بکاتە پێوەری مامەڵە و ژیانی ڕۆژانەی. بەمەش، "ڕێگای ڕووناکی" تەنها کتێبێک نییە بۆ خوێندنەوە، بەڵکوو تاجی کاروانە نووسراوەکانی قاسم موحسین عولایە، کە تێیدا خوێنەر لە تاریکی و ئاڵۆزییەکانی سەردەمەوە بەرەو ڕووناکی و ئارامییەکی قورئانی ئاراستە دەکات و دەبێتە ڕێبەرێکی ڕۆحی بۆ بنیادنانی ژیانێکی دروست.



1447کۆچی 2026زایینی